# ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی

## پێشەکییەک بۆ تیۆری

چارلز برێسلێر

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

**عەبدولخالق یەعقووبی**



**بۆ (نەشمیل) و (هۆنیا) و عیشقی بێ بڕانەوەیان**

-وەرگێڕ-

ناوی کتێب: ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی- پێشەکییەک بۆ تیۆری
دانانی: چارلز برێسلێر
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی
ناونیشانی ئەسڵیی کتێبەکە: This book is a kurdish translation of Bressler, Charles, English literary Criticism: An introduction to theory (New Yourk: Prentice, Hall, Inc, 1994) chapters 1-7
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٥٧٥
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی بەرگ: مریەم موتەقیان
پیت لێدان: تریسکە ئەحمەد
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل، لوتفی عەبدولفەتاح
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی دووەم، هەولێر- ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٣٢٤)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

## ڕۆشنبیری کوردی و سازدانی گوتاری ناوین

١- زاراوەی (غیابی گوتار) یەکەم جار لە چوارچێوەی پەیڤی فیمینیستەکاندا، بەشێوەییێکی تیۆریک، خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە. بەڵام ئەو چەمکە بەربڵاوە کە ئەم زاراوەیە دەیگرێتە خۆی، هەر لە سنووری پەیڤی فیمینیسمدا نامێنێتەوە و بەشێوەییێکی مەنتیقی، پەلهاوێژی دەکا بۆ هەموو ئەو هەرێمە فیکرییانەی تێیاندا، (گوتاری تایبەت بەکەمایەتییەکان)، مەوزووعییەتی هەیە.

فیمینیستە لیبراڵەکان، لەسەر ئەم بڕوایەن پێکهێنانی دەرفەت و دەرەتانی وەک یەک بۆ ژنان - لە چاو پیاوان - لە زەمینەکانی پیشەیی و ئابووری و سیاسیدا، مافی یەکسان بەشێوەییێکی یەکجارەکی بۆ ژنان دابین دەکا و، ستەمی مێژوویی، لەسەر ئەم بەشە لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، دەسڕێتەوە.

بەڵام فیمینیستەکانی ڕادیکاڵ، ئەم بۆچوونە ڕەت دەکەنەوە و لەسەر ئەم بڕوایەن کە تا ئەو کاتەی گوتاری پیاو سالارانە. بەئاشکرا و نائاشکرا، کار دەکاتە سەر زمان و زەینییەت و بۆچوونەکانی ڕەسمی و غەیرە ڕەسمی ناو کۆمەڵی مرۆڤایەتی. دابینکردنی دەرەتانی یەکسان بۆ ژنان، هەرگیز ناگا بەئەنجامی وەدیهاتنی مافی خوازراو و دوایی ئەوان، بەڵکو دەسپێکی بزووتنەوەی ژنان دەبێ بێزارکردنی زەمینەی پێکهێنانی گوتارێکی غەیری پیاو سالارانە و بڵاوکردنەوەی ئەم گوتارە لە کۆمەڵگادا بێ. بەم پێیە باڵی ڕادیکاڵی فیمینیستەکان، داواکاریی ژێرسازی بزووتنەوەی ژنان، بەبزاڤێکی ڕۆشنبیری خاوەن گوتار دەکەن و چالاکی حقوقی و سیاسی ڕووت بەجووڵانەوەییێکی وەڵامدەر نازانن.

بەپێی بەروبووەکانی ئەم باسە، لە گەڕیانی بەرەوڕووبوونەوەی پەراوێزی بەهێند نەگیراو و ناوەندی خۆ بەزلزان لە جڤاتەکانی سەردەمی مۆدێرندا، ئەو کەرەستەیەی کۆمەڵگای بۆ کەنار - ڕادراو دەبێ پێی تەیار بێ، - لە بناغەییترین ئاستی ئەم پرۆژەی بەرەوڕووبوونەوەیەدا - چەک و چۆڵ و



شتومەکی تری مادی نییە، بەڵکو گوتارێکی هەمە لایەن-ە کە کۆمەڵی پەراوێز بتوانێ تەواوی ڕوخسارەبەندییەکانی زانایی خۆی تێدا بەرێوە ببا و، بەرە بەرە بپەرژێتە سەر بەدەستەوەدانی مۆدێلێک بۆ نەخشکێش کردنی هێڵەکانی - بگۆڕ یان نەگۆڕی - شوناسی تایبەتی خۆی.

وەک دیارە، ناوکی ئەم باسە، مەسەلەی گوتارە، بەڵام خودی ئەم مەسەلەیە لە چ باسێکی تیۆرێکدا شەقڵ دەگرێ و ڕایەڵکەی پێوەندییەکانی ئەم باسە، کامە دەستە لە چەمکە بناغەییەکان دەگرێتە خۆی؟ بەکورتی (گوتار) چۆن پێناسە دەکەین و هێڵی پێوەندییەکانی لەگەڵ مەبەستەکانی تر چۆن وێنا دەکەین؟

گوتار (discoarse) لە تەعبیرەکانی جیاوازدا، پێناسەی جیا جیای بۆ کراوە. بەبڕوای ئێمیل بنوەنیست (١٩٥٣ - ١٩٧٦) گوتار، بەشێکی زمانە کە پێوەندی بەقسەبێژ و شوناسەکەی (identity) و هەڵکەوتی کاتی و شوێنی ئەو هەیە. لەم بۆچوونەدا گوتار بریتییە لە لایەنی کۆمەڵایەتی و شوناس -سازی زمان.

لە پەیڤی میشێل فۆکۆدا (١٩٢٦-١٩٨٤) مانای گوتار، بەچەمکی «ئەپیستمە»وە دەبەسترێتەوە. ئەپیستمە یان ڕوخسارەبەندی زانین، چەشنێک زانست نییە، بەڵکو ئەو کۆمەڵە پێوەندییەیە کە لە سەردەمێکی تایبەتدا، لە نێوان زانستەکان و لە ئاستی یاساکانی گوتاریدا هەیە.

گوتار بەم پێیە، ڕایەڵکەی پێوندیی زمانی، ڕوخسارەبەندیێکی تایبەتی زانینە. بەڵام ئەپیستمە، خۆی پێوەندییێکی پتەوی لەگەڵ دەسەڵات هەیە. لە هەر شوێنێکدا، دەسەڵاتێک لە ئارادابێ، بێگومان جۆرێک لە زانینیش بەرهەم دێ.

گوتار، چ بەمانا شوناسسازەکەی و چ بەمانا دەسەڵاتسازەکەی، ئەو پانتازمانییەیە کە بەجێیە دەنگی ئاشکرا بوون و دۆزرانەوەی یاسا شاراوەکانی، یەکەوڕێ گوێی کەمایەتییەکان بزرنگێنێتەوە.

ئەگەر کەمایەتییەکان، تووشی پەتای (غیابی گوتار) بوونە، لەولاوە دەبینین کۆمەڵگاکانی زۆرینە خاوەنی سامانێکی فیکری و زمانێ کە

دەکرێ بە«داپەستراوی گوتار» ناوی ببەین. بەم شێوەیە دەبینین دیالۆگی نێوان زۆرایەتی و کەمایەتی یان دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵات کە هەمان دیالۆگی نێوان کۆمەڵگای خاوەن گوتار و کۆمەڵی بێبەری لە گوتارە، لە ڕاستیدا، بریتییە لە تاکبێژیی خاوەن گوتار و دووپاتکردنەوەی بەستەزمانانەی هەمان تاکبێژی لە لایەن کۆمەڵی بێبەری لە گوتار و وەرگرتنی شوناسی بێگانە و توانەوە لە ناو دەسەڵاتی ئەودا. کەواتە تەنیا ئەو دوو لایەنە دەتوانن پێکەوە دیالۆگ ساز بکەن کە هەردووکیان لە باری داپەستراوی گوتارەوە خاوەنی سامانێکی کەم و زۆر وەک یەک بن. گوتارسازی گەرچی نابێ وەکو پرۆژەیێک چاوی لێ بکرێ کە هەموو بەشەکانی بەموهەندیسییەکی تایبەتی وەک موهەندیسی کۆمەڵایەتی یان فەرهەنگی بەڕێوە دەچێ، بەڵام بەم حاڵەشەوە ناتوانێ پێوەندی بەویست و خواست و ڕادەی وشیاری و ڕۆشنبیری کۆمەڵەوە نەبێ.

٢- با لە ئاقاری چەمکی گوتارەوە، قەڵەمبازێک بدەین بۆ دەڤەری باسی (شوناس) چۆنیەتی بیچم گرتنی شوناس، هۆکارەکانی مێژوویی و فەرهەنگی و سیاسی ئەم پرۆسەیە و قەیرانی شوناس و گۆڕان و دینامیک بوونی پارامێترەکانی شوناس، لە ئاراستەکانی جیا جیادا، بەشێوەی جیاوازەوە خراونەتە بەر سەرنج و تیۆریان بۆ داڕێژراوە. ئاخۆ ئەم بابەتە چۆن دەبەسترێتەوە بەمەسەلەکانی ئەدەب و ڕەخنە و نووسین و وەرگێڕان؟

د. عەبدولکەریمی سرووش، ڕۆشنبیری بەناوبانگی ئێرانی بۆ نیشاندانی پێوەندی پتەوی نێوان شوناس و زەینییەت، ئەم تیۆرییە دەردەبڕێ:

«زەینییەتی ئاڵۆز، دەبێتە هۆی بیچم گرتنی هۆویەتی ئاڵۆز و بەپێچەوانە، شوناسی هەرا و پتەو و ڕێکوپێک، بەرهەم هاتووی زەینییەتێکی ڕێکوپێک و نیزام دارە»[١].

ئەگەر ئەو زاراوانەی لە ئاخاوتن یان لە نووسیندا بەکاریان دێنین، بخەینە بەر سەرنج، دەبینین بەدوو دەستە دابەش دەبن واتە تێرمەکانی بەرهەست و تێرمەکانی تیۆریک. وشەکانی دەشت و کێو و سارد و گەرم، دەلالەت بۆ شتی بەرهەست دەکەن. بەڵام تێرمەکانی ئەتۆم، ئەلکترۆن،



دیاردەناسی، پێکهاتەخوازی و... بەتیۆری و زەمینەی زانستی تایبەت بەخۆیانەوە پێناسە دەکرێن[٢].

بەم پێیە، تەواوی ئەو تێرمە تیۆریکانەی بەهۆی وەرگێڕانەوە، لە فەرهەنگ و فەلسەفەیێکی تایبەتەوە، دەگوێزرێنەوە بۆ ناو فەرهەنگێکی تر، ئەگەر وێڕای تیۆری و پێناسە بەربڵاوەکانی خۆیانەوە، نەگوێزرێنەوە، ئاڵۆزییێکی زۆر لە زەینییەتی گشتی و بەکۆمەڵی کەلتووری وەرگێڕدا ساز دەکەن و هەر لە ئاکامی ئەم زەینییەتە ئاڵۆزەشەوە، زەبرێکی گورچکبڕ لە شوناسی تایبەتی پێوەندیدار بەو فەرهەنگە دەوەشێنن و بەئاشکرا تووشی قەیرانی دەکەن و ئەگەریش لەمەوپێش ئەو قەیرانە هەبووە، بەشێوەیێکی چەند قات، پەرەی پێ دەدەن.

دیارە چەمکە قووڵەکانی فەلسەفی لە زاتی خۆیاندا، تەمومژاوین، کە بەشێوەیێکی ناپسپۆڕانەش وەردەگێڕدرێن، یان قسەیان لێ دەکرێ، بەجارێک سەقەت دەبن و کەڵکی فیکرییان پێوە نامێنێ و ئەم ڕەوتەش دەگا بەئەنجامی لە نێوچوونی هاوسەنگی و ڕاوەستاویی لە پانتای فەرهەنگ و شوناسدا.

ڕۆشنبیری و بیری کورد بەگشتی و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا، لەم لایەنەوە. هەم خزمەتی پێکراوە و هەم سیمای داڕووشاوە و تووشی ئازار و ئاڵۆزی بووە. ئاخۆ خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ڕۆشنبیری کوردی، بەگشتی لە پانتای گوتارسازیدا، چی بوونە و چۆن ڕسکاون؟

٣- یاکوبسن، لە دەستەبەندی کردنی شێوەکانی وەرگێڕاندا، سێ جۆری وەرگێڕان لێک هەڵداوێرێ:

أ: وەرگێڕانی ناو زمانی واتە ڕاڤەی سیستمێکی زمانی بەکۆمەڵە نیشانەیێکی تری سەر بەهەمان زمان. دەتوانین بۆ خۆمان بۆ ئەو چەشنە وەرگێڕانە، نموونەی گۆڕینی دەقی کۆنەی (مەسحەفا ڕەش) بۆ سەر زمانی کوردی ئەوڕۆ بێنینەوە.

ب: وەرگێڕانی نێوان زمانی، یان ئەوەی بەگشتی نێوی وەرگێڕانی

لەسەر دادەنرێ. واتە گۆڕینی نیشانەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر.

پ: وەرگێڕانی نێوان نیشانەیی واتە ڕاڤەی سیستمێکی زمانی بەسیستمێکی تری نیشانەیی وەکو دروستکردنی فیلمی سینەمایی لە شوێنەوارێکی ئەدەبی(٣).

دەستەبەندی کردنەکەی یاکوبسن: لێرەدا کۆتایی پێدێ. بەڵام ئێمە دەتوانین هەر لەسەر بناغەی کاری ئەو بەهێنانەگۆڕی باسی (جیاوازی گوتارەکان) پەرە بەم پۆلێنکردنە بدەین و ئاماژە بەچەشنە وەرگێڕانێک بکەین کە دەکرێ بەوەرگێڕانی (نێوان گوتاری) ناودێر بکرێ؛ واتە ڕاڤەی ئەو تێڕوانین و تیۆریانەی لە ناو چوارچێوەیێکی زمانی تایبەتدا شەقڵیان گرتووە، بەشێوەی گواستنەوەیان لە گوتارێکی خاوەن کۆ - ڕێسای تایبەتی خۆیەوە بۆ گوتارێکی دووهەم یان ناوین بەکۆ - ڕێسایێکی جیاوازەوە.

دیاریکردنی چەند هەرێمێکی زمانی وەکو پانتای گوتاری ناوین، مەرجێکی پێویستی بڵاوبوونەوەی کاڵاکانی فیکری و ڕۆشنبیری لە ناو خەڵکدان. دەتوانین لەم بارەوە، بەراوردێک لە نێوان لقەکانی جیاوازی چالاکی بەشەری بکەین:

لە ڕوانگەی سیاسەتەوە، چینی ناونجی ناو کۆمەڵ، وەکو هۆی سەرەکی گواستنەوەی دەسەڵات لە حکوومەتی پاوانخواز، بۆ حکوومەتی دێموکرات چاوی لێ دەکرێ، واتە هەتا چینی نێونجی لە باری حەشیمەتەوە بەشێوەیێکی دڵخواز هەڵی نەدابێ، زەمینەیێکی لەبار بۆ سەقامگیر بوونی دێموکراسی پێک نایە. لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە، وەچەکانی نێونجی ڕەهەندی گواستنەوەی فەرهەنگ. لە وەچەکانی بەساڵاچوو، بۆ وەچەکانی لاوترن. هەر بەم پێیە لە بواری ئەندێشە و ڕۆشنبیرییەوە، بڵاوبوونەوەی گوتارەکانی ناوین، دەتوانن بەرە بەرە چەمکی نوێ و بۆچوونەکانی مۆدێرن، لە ناو پانتاکانی فیکری بتەننەوە و ببنە هۆی توێکڵ دەرکردن و تازە بوونەوەی چوارچێوەکانی ڕۆشنبیری.

لێرەدا با ئەو باسە بێنینە گۆڕێ کە بەرهەمەکانی ڕۆشنبیری چۆن جێگای خۆیان لە ناو خەڵکدا دەکەنەوە و شوێنی پێویست دادەنێن؟ بۆ وەڵامی ئەو



پرسیارە دەکرێ سێ قۆناغی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە و دەکارکردن بۆ باسەکانی تیۆریک دەسنیشان بکەین.

کاڵاکانی فیکری و ڕۆشنبیری لە ئاستی یەکەمدا لە لایەن ڕۆشنبیرانەوە و لە ناو چوارچێوەیێکی گوتاری هەڵبڕاو لە گوتاری خەڵکی ڕەشۆکیدا بەرهەم دێن. دیارە لۆژیکی تایبەتی باسوخواسەکانی فیکری و فەلسەفی داوای ئەم چەشنە گوتارە دەکا. لەم ناوەدا خوێندەوارانی باڵا کە لە باری ژمارەوە، چەند قاتی ئەو ڕۆشنبیرانەن کە داهێنانی تیۆریک دەکەن، بەڵام زۆر کەمتر لەو خەڵکەن کە کاڵاکانی فیکری دەکار دەکەن، لە ئاستی دووهەمدا بەشێوەیێکی ڕێکوپێک، باسەکانی تیۆری لە گوتارێکی قورسەوە، وەردەگێڕن بۆ گوتارێکی ناوین و دەیگەیەنن بۆ ئاستی سێهەم و لەبەر دەستی دەکارکەرانی ئەم کاڵا فیکرییانە، واتە زۆرینەی خەڵکی دەنێن.

ڕۆشنبیری کوردی، لەو جێگایانەدا، کە لە ئاستی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی فیکری و لە کاری وەرگێڕانی نێوان گوتاریدا سەرکەوتووە و توانیوێتی کارکردی ئیجابی و شوێن دانەرانەی خۆی هەبێ و لەو جێگایانەشدا کە لە کاری وێناکردنی چوارچێوەی گوتارەکانی ناوین و کارکردن لە ناو ئەم چوارچێوەیەدا بێ دەسەڵات بووە، بۆتە هۆی شێواندنی زەینییەتی خۆی و خەڵکی و تەریک خستنەوەی بەرهەمەکانی ڕۆشنبیری و، هەر بەم هۆیەشەوە ڕەنج بەخەسار بووە.

بێگومان ئێمە لە پانتای بیری کوردیدا، هەردووک نموونەمان پێ شک دێ. کارل پۆپێر (١٩٥٣-١٩٩٤)، بابەتی هەڵسووڕان لە دەرەوەی گوتارەکانی دژوار، دەبەستێتەوە بەباسی کۆمەڵگای کراوە و دێموکراسی. پۆپێر لەم بارەوە دەڵێ: (بەبڕوای من ئەوە یەکێک لە گەورەترین و خێراترین بەرپرسایەتییەکانی زانایانە و ڕەنگە تەنانەت لە هەمووشیان گەورەتر بێ. چونکە ئەم ئەرکە «واتە نووسین و پەیڤین بەزمانی ناپێجیاو» پێوەندی بەمانەوەی کۆمەڵگای کراوە و دێموکراسییەوە هەیە. ئەگەر زانست ببێتە پاوانی کۆمەڵێکی داخراو لە پسپۆران، کۆمەڵگای کراوە، «واتە کۆمەڵگایێک نەک هەر بۆ تەحەمولی بۆچوونەکانی جودابیرانە، بەڵکو

بۆ ڕێزلێنانیشیان» و دێموکراسی «واته شێوەیێکی حکوومەت کە تەرخان کرابێ بۆ پاراستن و چاوەدێری لە کۆمەڵگای کراوە» ناتوانێ ڕەگاژۆ بکا و پێ بگا)[٤].

٤- هەروەک چۆن دژوارنووسین دەبێ سنووری بۆ دابنرێ، سادەنووسینیش خاوەنی سنووری تایبەتی خۆیەتی. بۆچی ئێمە ناتوانین شێوەی سادە نووسین بۆ قەوارەدان بەهەموو جۆر باس و بابەتێک بەکاربێنین؟

با گەلاڵەی وڵامەکەمان، لەو ڕستەوە دەست پێبکەین: (پێداویستی تێک هەڵچوون لەگەڵ تێگەیشتنی باو، تێک هەڵەنگوتن لەگەڵ گوتار و زمانی تێگەیشتنی باوە)

نیزامی دەلالەتی و چوارچێوەیێکی گوتاریی تایبەت، هەر بۆی هەیە نیزامی فیکری تایبەت بەخۆی دابهێنێ. سیستمی ئەندێشەیی نوێژەن، دامەزراو لەسەر گوتارێکی نوێژەنە. هۆی ئەم پێوەندییە ئەوەیە کە زمان هەرگیز لە باری ئایدۆلۆژیکەوە، بێ لایەن نییە. واتە ئایدۆلۆژییەکانی جیاواز، بەنهێنی بەڵام بەقووڵی، نەخش و نیگاری تایبەت بەخۆیان لە ناو پێکهاتەی زمانی باوی خۆیان هەڵدەکەنن و ئاخێوەران بەدەکارکردنی ئەم زمانە. زەینییەتیان بەپێی ئەو ئایدۆلۆژییەی لە ناو زمانیاندا هەڵکەندراوە، بیچم دەگرێ. یەکێتی سێ کۆچکەی زمان - ئایدۆلۆژی - زەینییەت، دەبێتە هۆی سروشتی و بەڵگە نەویست نواندنی ئەو تێڕوانینە دەسکردانە کە لە نیزامێکی دەلالەتی جیاوازدا، بەشێوەیێکی بەڵگە نەویست، چاویان لێ ناکرێ. کەواتە ناکرێ بەهۆی گوتاری تایبەت بەتێڕوانینێکەوە، گریمانەکانی تایبەت بەهەمان ئەو تێڕوانینە ڕەت بکەینەوە. (کاترین بلزێن)، نووسەری کتێبی (عمل نقد)، (critical prac-tice) لەم بارەوە دەڵێ:

(نووسراوەی نووسەرانی پاش - سۆسۆری وەکو لوویی ئالتووسێر، ڕۆلان بارت، ژاک دریدا و ژاک لاکان، گەرچی لە زۆر بارەوە، جیاوازییان هەیە، بەڵام لە باری دژواربوونەوەدا، وەکو یەکن و ئەو دژوار بوونەش. هەر بەتەنیا بەهۆی تامەزرۆییێکی نەخۆش ئاسا بۆ تەمومژ و تاریکایی نییە،



بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ گریمانە و بایەخەکانی باو، ناکرێ بەهۆی گوتارێکەوە بەڕێوەبچێ کە لەبەر سادە بوون، دووبارە هەمان ئەو گریمانە و بایەخانە بەرهەم دێنێتەوە)[٥].

کەچی ئەو نووسەرە، سەرەڕای ئەو بۆچوونە، دەڵێ من خۆم هەوڵی ئەوە دەدەم تا ئەو جێگایەی مەنتیقی گوتاری نووسەرانی پاش - سۆسۆری هەڵدەگرێ و سیمای داناڕووشێ، تێڕوانینەکانیان، سادە بکەمەوە. کەواتە وەکو ئەنجام گیرییەک. دەتوانین زۆر ڕوون و بێ گرێ و گۆڵ، چوارچێوەکانی گوتاری ناوین دیاری بکەین:

گوتاری ناوین، ئەو گوتارەیە لە دوو لایەنەوە سنووری بۆ دانراوە واتە تێیدا سنووری دژوار نووسین. تێنەپەڕاندن لە چوارچێوەکانی وەرگێڕانی نێوان گوتاری-یە و سنووری سادە نووسین، خۆ پاراستن لە کەوتنە ناو چوارچێوەیێکە کە بۆی نییە گوتارێکی مۆدێرنی لێ بەرهەم بێ.

٥- جیاوازی دانان لە نێوان دوو چەمکی (کارکردن لە ناو) گوتارێکی تایبەت و (کارکردن بەهۆی) گوتارێکی تایبەت، دەمانگەیەنێ بەئەنجامێکی بەکەڵکی تر و دەرگای باسێکی پێویستی ترمان بۆ دەخاتە سەرپشت.

کارکردن لە ناو پەیڤێکی تایبەت، ناتوانێ لە ئاکامی بەرهەم هێنانەوەی گریمانە و بایەخە باوەکانی ئەو گوتارە بترازێ. بەڵام کارکردن بەهۆی پەیڤێکەوە، بەمانای هەڵێنجان و کەڵک وەرگرتن لە زەرفییەتەکانی زمانیی گوتارێکی تایبەتە، بێ ئەوەی خۆمان بخەینە ناو قەفەسی بیر و بۆچوونەکانیەوە.

بۆ نموونە ئەو پەیڤەی حەسەنی قزڵجی تێیدا نووسیوە، سیستمێکی دەلالەتییە کە بۆ تێڕوانینێکی (مارکسیستی و ڕادیکاڵ و نەتەوەخوازانەی سەدەی بیستەمی «مرۆڤی کورد ساز دراوە ئەگەر نووسەرێک بەتێڕوانینێکی کوردی و لیبراڵی و غەیری ئایدۆلۆژیکی سەدەی بیست و یەکەمی» بیهەوێ تەواو لە ناو گوتاری قزڵجیدا هەڵسووڕێ، ناتوانێ بەتەواوی پێملی بۆچوونەکانی خۆی بێ. بەڵام هەمان ئەو نووسەرە، بۆ سازدانی هەرێمێکی زمانی لە بار بۆ گوتاری خۆی، دەتوانێ کەڵک لە

زەرفییەتەکانی گوتاریی، زمانی قزڵجی وەرگرێ.

کەواتە دەکرێ دوو جۆرە هەڵوێستی ناوە - گوتاری (درون گفتمانی) و دەرە - گوتاری (برون گفتمانی) لێک هەڵاوێرین. هەڵبەت لە هەڵوێستی جۆری دووهەمیشدا، وانییە خاوەنەکەی لە دەرەوەی هەر چەشنە گوتارێک، سیستمی ڕوانینی خۆی بەرهەم بێنێ. دابەشکردنی ئەو هەڵوێستانە، دابەشکردنێکی ڕێژەییە. واتە ئەو کەسەی لە بەرامبەر گوتارێکدا خاوەنی هەڵوێستێکی دەرەگوتارییە، سەبارەت بەپەیڤێکی تردا، بێگومان هەڵوێستێکی ناوەگوتاری هەیە. فۆکۆ و دریدا، هەر کامە بەشێوەی خۆیان، ڕەخنە لە گوتاری گشتی مۆدێرنیتە دەگرن، بەڵام لە ئاکامدا گوتارێکی فۆکۆیی یان دریدایی بەرهەم دێنن و تێیدا هەڵدەسووڕێن.

مەبەستی من لە هێنانە بەرباسی ئەو بابەتە، ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی سازدانی کارلێک و پێوەندی ئیجابی نووسەرانی مۆدێرنی کورد لەگەڵ بیرمەندانی هەڵکەوتەی نەریتخوازە. نووسەری ئەمڕۆی کورد - لەبەر ئەو هۆیانەی باسمان کردن - ناتوانێ هەڵوێستێکی ناوە - گوتاری لە بەرامبەر پەیڤی کارپێکراوی کەسانێکی وەکو هەژار و هێمن و قزڵجی ڕەچاو بکا. بەڵام ئەگەر نەتوانێ بەرەچاوکردنی هەڵوێستێکی دەرە - گوتاری زیرەکانە. بەسەر سامانی زمانی نووسەرانێک وەک ئەو ناوانەی گۆرین یان کەسانێکی وەک مەسعوود محەمەد و شوکر مستەفادا زاڵ بێ، بێگومان لە کاری پێکهێنانی گوتارێکی ناوینە و لە دامەزراندنی سیستمێکی بیریی بۆ مرۆڤی کوردی ئەوڕۆ سەرناکەوێ. هەربۆیە ئەوەندەی پێویستە نووسەرانی لاوی ئێمە، بۆچوونەکانی بارت و باختین و هایدگێر و گادامێر و... بخوێننەوە و دووبارەیان بکەنەوە و فێریان بن و دەکاریان بکەن، ئەوەندەش پێویستە خۆیان بەخوێندنەوە و دەکارکردنی بەلێشاوی ئەو نووسراوانە ڕابهێنن کە سامانەکانی زمانی و گوتاری کوردییان تێدا پەستراوەتەوە.

٦- با جارێکی تر، سەرلەبەری وتارەکەمان بەسەرکەینەوە. باسەکەمان لە مەسەلەی (غیابی گوتار)ەوە دەست پێکرد، غیابی گوتار، ئەو بارودۆخەیە کە بیرمەندی کورد لەوێوە دەستی پێکردووە، بەڵام



بەدڵنیاییەوە ئێستا لەو دۆخەی تێپەڕاندووە. تەنانەت دەکرێ بڵێین ئەو دەستپێکردنە، لە لایەن نووسەرانی سوننەتی کوردەوە بەڕێوەچووە.

بەراوردکردنێکی ئەو زمانە کوردییەی فیکر و فەلسەفەی نوێی پێ دەنووسرێ، لەگەڵ زمانی شیعری و ڕۆمانتیکی نیو سەدە لەمەوبەر، بۆچوونی تێپەڕاندن لە دۆخی گۆرین، پشت ئەستوور دەکا.

گوتاری ڕۆشنبیری کوردی دەبێ کۆمەڵەی پەیڤەکانی جۆراوجۆری فەلسەفی و کۆمەڵناسی و سیاسی و ڕەخنەیی و ئیدی بگرێتەوە و لە هەر کام لەم زەمینانەدا، پسپۆران ئەو گوتارە دەوڵەمەند کەن.

بەڵام هەڵسووڕان لە پانتای گوتاردا، مەترسییەکانی تایبەت بەخۆی هەیە و ئەگەر ئەو چالاکییە بەڕێکوپێکی و بەپێی بەرنامە و تیۆری بەڕێوە نەچێ، تەنانەت زیانەکانی تا ئەو جێگایە پەرەدەسێنێ کە شوناسی نەتەوەیی تووشی ئاڵۆزی بکا. بۆ بەرگریکردن لەو خەسارە، تیۆرییەک پێشنیار کراوە کە ئەو هیوایەی بۆ دەکرێ بمانگەیەنێ بەهەرێمە بەزەڕەکانی چالاکی زمانی.

ناوئاخنی ئەو تیۆرییە، بریتییە لە پێناسەکردنی هەرێمێکی گوتاری بەربەند کراو بەدوو سنووری تایبەت و، دەوڵەمەندکراو بەهەڵوێستێک. سنووری سەرووی ئەو دەڤەرە بەپێی تیۆری وەرگێڕانی نێوان گوتاری و سنووری خوارووی بەپێی بۆچوونی بارگاوی بوونی پەیڤە جیاوازەکان لە ڕووی ئایدۆلۆژیکەوە، وێنا کراون. لە نێوان ئەو دوو سنوورەدا، مەودایێکی ئاسۆیی پێک دێ. بەڵام ڕەچاوکردنی هەڵوێستێکی دەرە - گوتاری بۆ هەڵێنجانی زەرفییەتی بەکەڵکی زمانی پێش مۆدێرن، حەرەکەتێکی ئەستوونی بۆ قووڵایی سامانی زمانی و فیکری کوردی پێک دێنێ. گرینگی وەرگێڕانی نێوان گوتاری ئەو کاتە دەرکەوێ کە قەناعەت بەو ڕاستییە بێنین، ئەمڕۆ تەنانەت تێفکرینیش سروشتێکی تەرجەمەیی هەیە. چونکە چوارچێوە گشتییەکانی عەقڵانییەتی نوێ، لە لایەن ناوەندەکانی شارستانی جیهانی مۆدێرنەوە دیاری کراون و ئێمە پێمان خۆش بێ یان نا لە دەرەوەی ئەو چوارچێوە گشتییانەدا خاوەنی

سیستمێکی فیکری تایبەتی نین. لە ڕاستیشدا عەقلانییەتی ئەورۆ، هەر بەتەنیا موڵکی ڕۆژئاوا نییە، بەڵکو موڵکی تەواوی مرۆڤایەتییە.

مرادی فەرهاد پوور، لە بارەی کۆمەڵە وتارێکی نووسراوی خۆی ئاوا دەڵێ:

(گیانی زاڵ بەسەر ئەم وتارانە، گیانی وەرگێڕانە... وەرگێڕان نەک هەر هانە و سەرچاوە؛ بگرە ڕەوشت و ڕێسای نووسینی ئەم وتارانەی پێک هێناوە. من زۆر داکۆکیم لەسەر ئەوە کردووە کە لە دەورەی هاوچەرخدا، وەرگێڕان - بەبەربلاوترین مانای وشەوە - تاقە شێوازی ڕاستەقینەی تێفکرینمانە)(٦).

***

ئەگەر پێویستی یەکەمی کورد لە باری ڕۆشنبیرییەوە، کارکردنی زمانی لە لقە جیاوازەکانی فیکر و زانست بێ و پێویستی دووهەم ناسینی شێوە شیاوەکانی وەرگێڕان - وەکو ڕەهەندێکی تێفکرین و داهێنانی فیکری بێ، بایەخی دەق گەلێکی لە گوێن ئەو وەرگێڕاوەی ئێستا لەبەر دەستمان دایە، وە دیار دەکەوێ.

با بزانین قەڵەمی بەتوانای هاوڕێی ڕەخنەگر و وەرگێڕ، کاک عەبدولخالقی یەعقووبی، لەم بەستێنەدا، چۆن هەڵسووڕاوە و پسپۆڕایەتی خۆی سەلماندووە.

ڕەهبەر مەحموود زادە

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

١ ، ٢- عبدالکریم سروش، اخلاق خدایان، چاپ اول، تهران، طرح نو، ص١٥٧-١٧٤

٣- بابک احمدی، ساختار و تأویل متن، چاپ اول، تهران، نشر مرکز، ص٧٢

٤- جرمی شی یرمر، اندیشه سیاسی کارل پوپر، ترجمه عزت الله فولادوند. چاپ اول، تهران، طرح نو، ص١٥

٥- کاترین بلزی، عمل نقد، ترجمه عباس مغبر، چاپ اول. نشر قصه، تهران، ص١٧

٦- مراد فرهادپوور، عقل افسرده، چاپ اول، تهران، طرح نو، ص١٥



## وتەی وەرگێڕ

(١) وەرگێڕان ئەو - بەناو - خەیانەتە بووە کە بەدرێژایی مێژووی نووسینی کوردی کورد پێی نەکراوە، ئەو خەیانەتە پیرۆزەی کە لێرەدا نەدەرفەتی باسکردن لە هۆیەکانیم هەیە، نەدەرەتانی دوان لە دەرەنجامەکانی، بەڵام ئەوەندە دەڵێم لە ساتە وەختی ئێستای ئەدەبەکەماندا وەرگێڕان ئەرکی هەرە پێویستی ئەو کەسانەیە وا لەم خاڵە گرینگە گەیشتوون کە داهێنانی ڕووت بەبێ پشت بەستن بەکولتووری دەوڵەمەندی ئەدەبەکانی دیکەی دنیا لە ڕێگای وەرگێڕانەوە، داهێنانێکە بەکەمترین ڕێژە و ڕادەی زانست و مەعریفە، کە دواجار تووشی وشکە ساڵی و قاتوقڕی فیکر و جوانی دێت.

(٢) «ڕەخنەی ئەدەبی (و قوتابخانەکانی)» وەرگێڕانی حەوت فەسڵی ئەو کتێبەیە کە چارلز برێسلێر زیاتر لەوەی بۆ خوێنەرانی شارەزای ئەدەب و تیۆری ئەدەبی نووسیبێ، بۆ ئەو کۆمەڵە خوێنەرەی نووسیوە کە لە سەرەتای قۆناغی ئاشنایەتی لەگەڵ تیۆری ئەدەبیدان، ئەوانەی دەیانەوێ ئەلفوبێی تیۆری بەزمانێکی ساکار و بێ گرێوگۆڵ بخوێننەوە، بۆیە وێدەچێ ئەم بەرهەمە بۆ زۆرینەی ئەو خوێنەرانەی خۆیشمان کە تامەزرۆی ناسیاری تیۆری بەشێوەیەکی سەرەتایی، بەڵام کامڵ و پڕ بەپێستن شایانی خوێندنەوە بێ، هەر لەبەر ئەوەشە هەندێ ڕەخنەی پراکتیکی کە لەم بەرهەمەدا لەسەر چەند دەقێکی بیانی پێشکەش کرابوون لە وەرگێڕانەکەم دەرهاویشتوون. زۆربەی هەرە زۆری دەستەواژەکانی ئەم وەرگێڕانە هەر ئەوانەن کە لە نێوماندا دەستا و دەست دەکرێن و برەویان هەیە، بەڵام چەند دەستەواژەیەک هەن کە بەهەندێ هۆ، خۆم دام هێنان و لە کارم کردوون. بۆ نموونە لە بری (Structuralism) کە تا ئێستاش بەبونیادگەری یان بنەماخوازی تەرجەمە بۆتەوە، (پێکهاتەخوازی)م داناوە. من پێم وایە structure نە بونیادە نە بنەما، structure بەسەرلەبەری ئەو پاژانە دەگوترێ کە لە هەناوی سیستمێکدا پێکەوە و بەشێوەیەکی دینامیکی دەکەونە گەڕ. بەوتەیەکی دیکە structure تەنیا بونیاد یان بنەما نییە، بەڵکو کۆی

پێکهاتەی سیستەمە. (پێکهێنان) یان (پێکهاتن) لە زمانی کوردیدا، جگە لەو مانا خۆماڵییەی کە بۆ نموونە دوو کەس لەسەر بابەتێک پێکدێن، بەمانای (ساختن) لە فارسی و construct لە ئینگلیزیدا بەکار دەبرێ. فارسەکان لە نێو دڵی چاوگی (ساختن) (ساختار)یان بۆ stracture دەرکێشاوە و stracturalism –یان بە(ساختارگرایی) وەرگێڕاوە، وەکو چۆن لە ناخی چاوگی (to construct) –یشدا stracture ئامادەیە، بۆیە منیش بەرەچاوکردنی ئەم سەرنجانە لە چاوگی (پێکهێنان) یان (پێکهاتن) (پێکهاتە)م بۆ ساختار دانا و بۆ stracturalism (پێکهاتەخوازی)م لە کارکرد. دیارە هەر بەم هۆیەش بۆ deconstraction (ساختار شکنی یان ساختار فکنی) پێکهاتە هەڵوەشێنی–م داناوە.

لەو شوێنانەی هەستم کرد زیادکردنی هەندێ واژە بۆ تێگەیشتنی وردتری بابەتەکە دەستی خوێنەر دەگرن ئەم زیادکردنەم خستۆتە نێو نیشانەی ( )، سەرلەبەری پەراوێزەکانیش ئی خۆمن.

(٣) وەرگێڕانی تیۆری ئەدەبی، ئەویش بەزمانی کوردی و لە ئەدەبی کوردیدا و بۆ خوێنەری کورد، ئەوەندەی ئەرکێکی مەترسیدار بێ، سەد هێندە کارێکە پڕ لە دەرەتانی بەهەڵەداچوون و ئیمکانی لە ڕێگا لادان، بۆیە نە لافی ئەوە لێدەدەم بڵێم لە وەرگێڕانی ئەم دەقە نەترساوم، نەمافی ئەوەشم هەیە بێژم ئەم کارە بێ هەڵەیە و پێویستی بەڕێنوێنی نییە.

(٤) سپاس بۆهاوڕێی ڕەخنەگر بەختیار سەجادی کە سەرچاوەی ئەم کارەی خستە بەردەستم.

سپاس بۆ دۆستی ڕەخنەگرم ڕەهبەر مەحموود زادە کە بۆ ئەم وەرگێڕانە بەپیر هەموو ماندووبوونێکمەوە هات.

سپاس بۆ مامۆستای شاعیر و تۆژەرمان محەمەد حەمە باقی کە لەم هەوڵەشدا دەستە گەرمەکانی لە بیریان نەکردم.

عەبدولخالق یەعقووبی

بانەمەڕی ١٣٨١

May 2002



# 1

## ڕەخنە و تیۆری و ئەدەب

(جارێکیان) بەخۆم وت ئەگەر قەرار وابوو (جیم) کۆیلە بێ هەزار جار زیاتر وای بەقازانج بوو لە نێو شار و لە لای بنەماڵەکەی بێ، کەوایە وا باشترە نامەیەک بۆ (تام سایر) بنووسم و پێی بڵێم بەمیس واتسۆن ڕابگەیەنێ و پێی بڵێ جیم لە کوێیە. بەڵام دەسبەجێ لەم بڕیارە پەشیمان بوومەوە، ئەویش بەدوو هۆ: یەکیان ئەوەی میس واتسۆن لە خەیانەت و لاساریی جیم کە لە دەستی ڕای کردبوو زۆر دەهری دەبوو و دیسان دەستاوبەجێ هەر لە خوار ئەم ڕووبارە دەیفرۆشتەوە، هۆی تریان ئەوە بوو ئەگەریش نەیفرۆشتبایەوە، خۆ هەموو عالەم ڕقی لە قولەڕەشێکی ناشوکر و ڕاکردووە و دایم سەرکۆنەی دەکەن، هەر بۆیە جیم زۆر سووک و بێ حورمەت دەبوو. جا ئەوجار بابێینە سەر باسی خۆم! لە هەموو جێیەک لە قاوی دەدەن و دەڵێن ئەوە هاک فین بوو یارمەتی قولەڕەشێکی دا ڕابکا و ئازاد بێ. ئەوجار لە هەر شوێنێ خەڵکی ئەو شارە ببینم لە شەرمان ناتوانم سەر هەڵێنم. هەمیشە هەر وایە، پیاو خراپەیەک دەکا، کەچی حازر نییە دانی پیابنێ، وا دەزانێ تا ئەو کاتەی بتوانێ بیشارێتەوە، ئابڕووی دەپارێزرێ. ئەمە ڕاست حاڵ و باڵی منە، ئەوەندەی زیاتر لە مەسەلەکە ورد دەبوومەوە، ویژدانم زۆرتری ئازار دەدام و زیاتر خۆم سەرکۆنە دەکرد و هەستم بەسووکایەتییەکی زۆرتر دەکرد. دواجار لە ناکاو زانیم ئەوە دەستی قەزا و قەدەری خوایە شەقەزللەیەکی لێداوم، بۆ ئەوەی بزانم خوا هەر لە سەرەتاوە، لەو بانەوە، لە ئاسمانەوە چاوی لە کار و کردەوەم بووە. من قولەڕەشی پیرێژنێکی بەستەزمانم دزی کە هیچ خراپەیەکی دەرهەق بەمن نەکردبوو. ئێستاش ئەوە دەبینم خوا هەموو کات ئاگای لێمانە و نایەڵێ ئەم جۆرە کارانە سەر بگرێ و هەر لێرەدا پێشی پێدەگرێ. هێند لەم فیکر و خەیاڵانەی خۆم ترسام لەوانە بوو بەلادا بکەوم. کورتی ببڕمەوە بۆ ئەوەی

بارێکم لە سەر شانم سووک کردبێ، گوتم ڕەنگبێ منیان هەر وا لاسار بارهێنا بێ، هەر بۆیە خۆم زۆر تاوانبار نیم، بەڵام شتێک بەردەوام لە نێو دڵمدا دەیگوت: (مەگین بەو قوتابخانەیەی کلێسات نەدەزانی؟ خۆت دەتتوانی بچییە قوتابخانەی کلێسا، ئەگەر چووبایەتە ئەوێ، دەرسیان پێدەخوێندی. دەیان گوت هەر کەس لەو کارانەی من بۆ ئەم قولەڕەشەم کردووە بکا لە نێو ئاوری جەحەننەمدا دەیسووتێنن.)

بەسەرهاتەکانی هاکلبری فین، بەشی ٣١

لەشم سڕ بوو...

لەم دیمەنەی ڕۆمانی (مارک تواین)دا کە کێشەکە گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی، قارەمانی سەرەکی، واتە هاکلبری فین، دەبێ بڕیاری خۆی بدا کە ئایا بۆ خاتوون واتسۆن نامە بنووسێ بۆ لە شوێنی جیم، کۆیلە هەڵاتووەکەی، ئاگاداری کاتەوە یان نا. هاک یارمەتی جیمی داوە لە ماڵی خاتوون واتسۆن دەرباز بێ و، پاشان چەند ڕۆژ و شەو پێکەوە سواری کەڵەک بوون و بەرەو خوار چەمی (می سی سی پی) لێیان خوڕیوە. هاک بۆتە هاڤاڵی جیم، پێکەوە نان دەخۆن و کایە دەکەن و تەنانەت لە بارەی دروستبوونی مانگ و ئەستێران فەلسەفە دەڕێسن.

هاک و جیم لە نێوەڕاستی بەسەرهاتەکانیاندا، جاری وایە لەسەر کەڵەکەکە و جاری واشە لە وشکایی، تووشیان بەتووشی دوو پیاوی فێڵەزانەوە دەبێ بەناوەکانی (دیرک) و (داوفین). لە جەنگەی چەند ڕووداو و بەسەرهاتێکدا کە ئەم کەڵەکبازانە گەلاڵەیان بۆ داڕشتبوو، جیم جارێکی تر بەکۆیلێتی دەفرۆشرێ، ئەمجارەیان بەچل دۆلار، هاک کە بەئەم چارەنووسەی جیم دەزانێ، دەبێ بڕیار بدا ئایا نامە بنووسێ بۆ خاوەنی بەهەقی جیم و پێی بڵێ کە کۆیلەکەی لە مەزرای سیلاس فێلپ ڕاگیراوە یان نا، بێدەنگی لێ بێنێ و باسی ڕێگا و جێگای جیم نەکا.

لەم دیمەنەدا، ئێمەی خوێنەر دەبینین هاک لەگەڵ بڕیارەکەی خۆیدا کێشەی هەیە. ئێمەش لەگەڵ هاک دۆش دادەمێنین... ئایا باشتر وایە جیم بگەڕێتەوە بۆ لای ماڵ و خزموکەسوکاری یان نا، چونکە وەکو هاک باسی



دەکا هەر چییەک بێ جیم هەر دەبێ بەکۆیلێتی بمێنێتەوە. سەرەتا هاک بڕیار دەدا نابێ نامە بۆ خاتوون واتسۆن بنووسێ، بەدوو هۆ:

١) خاتوون واتسۆن بەخاتری ئەو بێ حورمەتییەی جیم پێی کردووە زۆر تووڕە دەبێ، چونکە لە دەستی ئەو ڕای کردووە و، وەهای خستۆتە دەردی سەرییەوە کە هەر دەستاوبەجێ لەوانەیە بڕیار بدا بیفرۆشێتەوە بەکۆیلەدارێکی تر، یان هەر وا ڕای بگرێ، کە لەم بارودۆخەشدا جیم لەم شارەدا هەست بە(بێ حورمەتی و بێ ڕێزی خۆی دەکا)، چونکە (شتێکی سەیر نییە، هەموو کەس قولەڕەشێکی بێ قەدر و حورمەت بەچاوی سووک چاو لێدەکا.).

٢) نامەی هاک دەبووە هۆی ئەوەی خۆی بەخراپە نێو دەرکا، و وەک کەسێک چاوی لێدەکرا کە یارمەتی کۆیلەیەکی داوە ئازادی خۆی وەدەس بێنێ، بۆیە بۆ هەمیشە لە چاوی خەڵکی شار دەکەوت. سەرەتا ڕەنگە لێکدانەوەی هاک بەلێکدانەوەیەکی مەنتقی بزانین، بەڵام پاش وردبوونەوەیەکی زێتر لەوانەیە (ئەمجار) لە ئاست هاک و کۆمەڵگاکەی سەرمان سووڕبمێنێ. ئایا ئەم کۆمەڵگایە، جیم و ڕەشپێستەکانی تر بەموڵک و ماڵ و میراتی خۆیان دەزانن، نەک بەمرۆڤ کە ئاوایان لەگەڵ دەجووڵێنەوە؟ یان لەوانەیە پێویست بێ بپرسین ئایا تواین دیمەنێکی ورد و ڕاستی ڕوانگەی ئامریکاییە چینی نێونجییە سپیپێستەکان لەمەڕ ڕەشپێستان لە ساڵی ١٨٥٠دا نیشانی ئێمە دەدا؟ ئایا لێکدانەوە و (بۆچوونی) نووسەر لەمەڕ کۆمەڵگا و هەست و ئیحساس و باوەڕ و دەمارگرییەکانی ژیانی خەڵکەکەی ڕاست و دروستە، یان تواین هەروا ڕوانین و تێبینی خۆی دەخاتە سەر زمانی کەسایەتییەکانی؟ سەرەڕای ئەمانە ڕەنگە پێمان سەیر بێ (ئەگەر بزانین) خەڵکی سەردەمی تواین چۆن چۆنی لە ئاست ئەم دیمەنە دێنە دەنگ، ئایا ئەوان بەنیشانەی هاوڕایی لەگەڵ هاک فین و لێکدانەوەکانی لەمەڕ خەڵکی شار و خاتوون واتسۆن سەر ڕادەوەشێنن، یان پێیان وا دەبێ ئەوە هەر وا خەریکی خەیاڵ ڕستن و کایە کردنە، بۆ ئەوەی بۆچوونی خۆی جوان بنوێنێ یان هیچ نەبێ (کارێک

بکا) ڕێژەی فرۆشی ڕۆمانەکەی بەرێتە سەرێ؟

هاک هەروا کە درێژە بەکێشەی نێو دڵ و دەروونی دەدا، ڕاستییەکی بۆ ڕوون دەبێتەوە: پێی وایە لەبەر ئەوەی کە کۆیلەیەکی بەستەزمانی خاتوونێکی دزیوە خوا شەقەزللەیەکی تێدەسرەوێنێ. ئێستاکە هاک بەئازاری ئەم هەستەوە دەتلێتەوە، وای بۆ دەچێ کە خوایەکی تاقانە لەو ئاسمانە، سرنجی بەتاوانی ئەو داوە، هاکلبری فینیش هیچ بیانوویەکی (بۆ ئەم تاوانە) بەدەستەوە نییە. ئێمەش، وەک هاک، لە بارەی ئەم وەک دەڵێن تاوانەوە پرسیار دەکەین. ئایا بەڕاستی هەر لەبەر ئەوەی کە جیمی ڕفاندووە و لە کۆیلایەتی ڕزگاری کردووە، دەبێ هاک بەدز بزانین؟ ئایا هۆی هەست بەئازار کردنی هاک (کەسێکە) لە ئاسماندا، یان بەسادەیی شتێکی دەروونییە لە کاریگەرێتی و بەرنامە داسەپاوەکانی کۆمەڵگاکەی؟ سەرەتا (با بزانین) ئایا بەڕاستی (کەسێک) هەیە لە ئاسماندا؟ ئایا تواین خۆی بوونی خوا لە ئاسمان دەسەلمێنێ یان نا؟ جگە لەمانە، ئایا بیر و بۆچوونی تواین لەمەڕ بوونی هەر چەشنە خوایەک کاریگەری بەسەر، یان پێوەندی بە ئێمەی خوێنەرەوە هەیە؟ بەوەڵامدانەوەی هەر کام یان سەرلەبەری ئەم پرسیارانە، یان هەر چەشنە پرسیارێکی تر کە دەقی تواین بیهێنێتە گۆڕێ، وەک ئەوە وایە بڵێین بووینەتە ڕەخنەگری پراکتیکی (کردەوەیی) ئەدەبی.

**ڕەخنەی ئەدەبی چییە؟**

ماتیۆ ئارنۆلد(1)، ڕەخنەگری سەدەی نۆزدە، بەم جۆرە پێناسەی ڕەخنەی ئەدەبی دەکا: (ڕەخنەی ئەدەبی) هەوڵێکی بێ لایەنانەیە بۆ فێربوون و برەو پێدان بەباشترین بابەتێک کە لە جیهاندا دەناسرێ و دەزانرێ... ئەوەی لەم پێناسەیەدا بەشێوەیەکی شاراوە ئاماژەی پێکراوە ئەوەیە کە ڕەخنەی ئەدەبی کارێکی خاوەن بەرنامەیە کە هەوڵی ئەوە دەدا بەرهەمێکی ئەدەبی بخوێنێتەوە و لێکبداتەوە و ڕاڤەی بکا و هەڵیسەنگێنێ. ماتیۆ ئارنۆلد

(1) Matthew Arnold



پێی وایە ئەم کارە بەبەرنامەیە بەپێی پێویست تێدەکۆشێ چەمکگەلێکی جوانی ناسانە و شێواز ناسانە لەسەر ئەو بنەمایەی کە ڕەخنەگر توانای ئەوەی هەیە دەقێک هەڵبسەنگێنێ، بەدی بێنێ.

ئەگەر بێین ئەرکی دەق و پێوەندی نێوان دەق و ڕەخنەی ئەدەبی لەبەر چاو بگرین، زۆرجار ناکرێ ڕەخنەی ئەدەبی خۆی وەک بەرنامەیەکی ڕێکوپێکی لە ناو خۆدا سەیری بکەین، چونکە ڕەخنەی ئەدەبی دەبێ لەگەڵ شتێکی تردا پێوەندی هەبێ، ئەو شتەش پێی دەڵێن بەرهەمی هونەری. بەبێ بەرهەمی هونەری کاری ڕەخنەیی بوونی نییە. ئەمەش بەهۆی ئەو چالاکییەوەیە کە نیشان دەدا ئێمە دەتوانین بەدوای ئەو پرسیارانەدا بگەڕێین و بیاندۆزینەوە کە یارمەتیمان دەدەن مرۆڤایەتی پێناسە بکەین و هەوڵ و دەولەکانی خۆمان هەڵسەنگێنین، یان هیچ نەبێ بەشێوەیەکی ساکار ڕێژەی تێگەیشتن و چێژمان بۆ خوێندنەوەی بەرهەمێکی ئەدەبی، یان بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ هاڤالانمان بەرینە سەرێ.

کاتێک ڕەخنەگری ئەدەبی بیانەوێ بەرهەمێکی هونەری هەڵسەنگێنن، کۆمەڵێک پرسیاری بنەڕەتی لەمەڕ گەوهەری فەلسەفی، دەروونناسی، کار کردی و وەسفی ئەو دەقە دێننە ئاراوە. هەر لە سەردەمی فەیلەسوفانی یۆنانەوە، واتە ئەفلاتوون و ئەرەستۆ، وەڵامی ئەم پرسیارانە زۆر بەوردی خراونەتە ژێر تیشکی باس و لێکۆڵینەوەوە. لە ڕێگای ئەو پرسیارانەی ڕۆمانی تواین یان هەر دەقێکی تر دەیکا و، هەروەتر لە ڕێگای چەند وەڵامێکی بیرمەندانەوە، ئێمەش دەتوانین لەم باسوخواسانەدا بەشدار بین. ئەگەر بێت و بپرسین ئایا چونکە هاکلبری فین نامەی بۆ خاتوون واتسۆن نەنووسیوە تاوانی کردووە، یان ئەگەر بێت و بمانەوێ بزانین چ شتێک لەسەر خود ئاگای هاک کاریگەر بووە، ئەوە وەک ئەوە وایە بڵێین ئێمەش لەو باسانەی کە پێوەندییان بەبەها و بایەخ و چێژی ڕۆمانی تواینەوە هەیە بەشداری دەکەین. هاوکات لەگەڵ ئەمانەش تێکەڵ بەباسی ڕەخنەی ئەدەبی دەبین و، لەولاشەوە دەوری ڕەخنەگرێکی پراکتیکی ئەدەبی دەگێڕین.

بەشێوەی سوننەتی (وا باوە) ڕەخنەگری ئەدەبی لە هەردوو بەشی

رەخنەی تیۆریک و رەخنەی پراکتیکدا کار بکا. رەخنەی تیۆریک(2) لەو تیۆری و ئەسڵ و چەمکانە پێکدێ کە سەرنج دەدەنە گەوهەر و بەهای هونەر. رەخنەی تیۆریک لە رێگای پێداچوونەوە و لێدوانی کۆمەڵێک چەمکی جوانی ناسانە و، ئەخلاقی هونەرەوە مەیدانی کاری رەخنەی پراکتیک خۆش دەکا. رەخنەی پراکتیکی،(3) کە بەرەخنەی کاربردی-یش (4) ناسراوە، پاشان دێ و تیۆری و ئەسڵەکانی رەخنەی تیۆریک دەگوازێتەوە بۆ کارکردن لەسەر بەرهەمێکی تایبەت - وەک بۆ نموونە هاکلبری فین -. ئەوە رەخنەگری پراکتیکە کە پێوانە و کێشانەی چێژی (دەق) دەستنیشان دەکا و، هەروەتر (پاژێک لە ئەدەب) (*) راڤە دەکا و هەڵی دەسەنگێنێ یان پاساوی بۆ دێنێتەوە. جیاوازییەکی تر، کە ئەویش پێویستە ئاماژەی پێبکرێ، جیاوازی نێوان دوو جۆر رەخنەگرە، لە یەک لاوە ئەو رەخنەگرە پراکتیکییەی کە پێی وایە بەتەنیا هەر تاقە یەک تیۆری یان بەتەنیا هەر کۆمەڵێک چەمک (ی رەخنەیی) بەدی دەکرێ کە رەنگە رەخنەگر بێت و بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمێکی ئەدەبی بەکاری بێنێ.

بەمجۆرە رەخنەگرە دەڵێن (رەخنەگری موتڵەقخواز)، لە لایەکەی تر (رەخنەگری رێژەیی خوازە) کە بۆ دابەزاندنی کاری رەخنەیی لەسەر پاژێکی ئەدەب لە کۆمەڵێک تیۆری جۆراوجۆر و جیاواز و تەنانەت جاری واشە دژواز(5) کەڵک وەردەگرێ، هەر چۆنێک بێ بنەمای کاری هەردووک رەخنەگر، یان هەر چەشنە رەخنەیەک، تیۆری ئەدەبییە. بەبێ تیۆری ئەدەبی رەخنەی پراکتیکیمان نییە.

**تیۆری ئەدەبی چییە؟**

ئێمە کاتێک رۆمانی هاکلبری فین دەخوێنینەوە، بەپێی پێویست

(2) Theoretical criticism
(3) Practical criticism
(4) Applied criticism

(*) بێگومان مەبەستی نووسەر دەقێکی ئەدەبییە.

(5) contradictory



هەڵسوکەوتمان لەگەڵ ئەو دەقە دەبێ، هەر بۆیە هێندێک پرسیار لە خۆمان دەکەین کە پێوەندیان بەدەقەکەوە هەیە، بۆ نموونە، هەستی تاکە کەسی هاک لە ئاست جیمدا چییە؟ چەمکی کۆیلایەتی لەو سەردەمەی هاک تیا ئەژیا هەڵگری چ مانایەک بوو؟ لایەنی بەها بۆ خۆ دانانی جیم چۆن دەکەوێتەوە؟ ئەمجۆرە پرسیارانە هانمان دەدەن بۆ ئەوەی لە رەوتی رەخنەی ئەدەبیدا بەشداری بکەین. ئێمەی خوێنەر، لە رەوتی راستەقینەی خوێندنەوەدا، پێمان خۆشە ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی کە لەمەوپێش خوێندوومانەتەوە لە بیر خۆمانی بەرینەوە. هەڵوێستی(*) ئێمە لە بەرامبەر دەق، یان هەر ئەسڵ و باوەڕێکی رەخنەی پراکتیکی، کە بۆ خوێندنەوەی دەق بەکاری دێنین، زۆرتر هەڵوێست و ئەسڵ و باوەڕێکن بەپێی بارودۆخ و بەرنامەی خۆمان. واتە ئەوە ئەزموونەکانی خوێندنەوەی رابردووی خۆمانە کە تا رادەیەک چۆنێتی هەڵکراندنی مانا لە (بۆ نموونە) چیرۆکێکدا دەستنیشان دەکەن. ئێمە بۆ خوێندنەوەی رۆمان، کورتە چیرۆک، شیعر یان هەر چەشنە دەقێکی ئەدەبی تر چوارچێوەیەکی زەینیمان هەیە کە بەشێوەی خودئاگا یان ناخودئاگا، چاوەڕوانیەکانمانی تێدا گونجاوە. هەروەها ئەو شتەی کە لە دەقێکدا هەڵی دەبژێرین و دەی نرخێنین و وەک دوو لایەنی چاک یان خراپ، ئەخلاقی یان نائەخلاقی و جوان یان ناحەز دەیسەلمێنن، ئەوەی راستی بێ، دەبەستریتەوە بەم چوارچێوە زەینییەی کە بەردەوام لە حاڵی بەر فراوانبوونەوە دایە. پێکهێنانی چوارچێوەیەکی لەم دەستە و لە پەنایەکدانانی رەگەزە جۆراوجۆرەکانی رەخنەی پراکتیکی، بۆ سازکردنی پەیکەرەی زانستێکی یەک پارچە و یەکگرتوو بەمانای پێکهێنانی تیۆری ئەدەبییە.

هەر کەس دەقێکی ئەدەبی شوێنی لەسەر دانابێ هەر پێشاوپێش بەرەخنەگرێکی ئەدەبی کارا لە قەڵەم دەدرێ، هەر بۆیە سەرلەبەری خوێنەران پشتیوانی لە جۆرێک لە جۆرەکانی تیۆری ئەدەبی دەکەن. جگە

(*) response-م بەپێی شوێن بە (هەڵوێست)، (هەڵسوکەوت) و (جوابدانەوە) وەرگێڕاوە- وەرگێڕ.

لەمە، تیۆری خوێنەر ڕەنگبێ خودئاگا یان ناخودئاگا، کامڵ یان نیوەچڵ، لەباری زانستەوە تێروتەسەل یان ڕەشوڕووت و، دواجار تێکەڵاو و جۆراوجۆر یان یەکدەست و یەکجۆر بێ. هەر بەم پێیە تیۆرییەکی ئەدەبی ناکامڵ و ناخودئاگا، ڕاڤەو (ڕوانگە)یەکی نامەنتقی و چەوت و مەترسیدار بەرهەم دێنێ. لەولاوە، تیۆرییەکی باش پێناسەکراو و مەنتقی و ڕوون خوێنەر وا لێدەکا پەرە بەشێوازێکی (خوێندنەوە) بدا کە لە ڕێگای ئەم شێوازەوە چەندین ئەسڵ و یاسا دابمەزرێنێ و لەسەر بنەمای ئەم ئەسڵ و یاسایانەش، بەشێوەیەکی بەردەوام، بەها و بایەخی دەق هەڵسەنگێنێ و ڕێکوپێکیان بکا و ڕوونیان کاتەوە.

ئەو تیۆرییە ئەدەبییەی کە بەباشی دارێژرابێ پێی وایە خوێندنەوەیەکی دەسبەسراوانەی دەق، یان هەڵسوکەوتێکی سەرڕێژ لە سۆز و عاتیفە، یان خود بەخودی، لە ئاست بەرهەمێکی (ئەدەبی)دا بوونی نییە، چونکە تیۆری لە بارەی گریمانە و باوەڕ و هەستی خوێنەر پرسیار دێنێتە گۆڕێ و، لەوە دەکۆڵێتەوە... باشە خوێنەر بۆچی بەشێوەیەکی تایبەت لە ئاست دەقێک دێتە دەنگ. بەپێی بۆچوونی تیۆرییەکی ئەدەبی شایان، هەڵسوکەوتێکی شهوودی یان عاتیفی ساکار لە ئاست دەقێک ناتوانێ باس لەو هۆکارە بنەڕەتییانە بکا کە دەبنە هۆی دژکردەوەیەکی(*) لەم چەشنە. کێشەکە ئەوەیە چی لەم هەڵسوکەوتە دەسدەکەوێ، یان خوێنەر چۆن چۆنی مانا لە دەق هەڵدەکرێنێ.

ئەم ڕاستییەی کە ئێمەی خوێنەر چلۆن لە هەناوی دەقەوە مانا هەڵدەهێنجین بەو چوارچێوە زەینییەوە بەستراوەتەوە کە هەر کام لە ئێمە بەپێوەندی لەگەڵ گەوهەری واقیع پەرەمان پێداوە. ئەم چوارچێوە، یان ئەم جیهانڕوانی-یە[6] بریتییە لەو «گریمانە و پێش فەرزانەی کە ئێمە لە زەینی خۆماندا هەمانە (بەشێوەی خودئاگا یان ناخودئاگا) و، پێوەندییان

(*) دژکردەوە-م لە بەرامبەر (reaction) ئینگلیسی و (واکنش)ی فارسی داناوە- وەرگێڕ.

(6) Worldview



بەتایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی جیهانەوە هەیە.». بۆ وێنە، ئێمە هەموو بۆ دۆزینەوەی وەڵامی کۆمەڵێک پرسیاری لەم دەستە هەوڵ دەدەین: چ شتێک بنەمای ئەخلاق یان زانستی ئەخلاق پێکدێنێ؟ مێژووی مرۆڤ هەڵگری چ واتایەکە؟ ئایا ئامانجێکی ڕەگ داکوتاو بۆ بوونی مرۆڤایەتی لە ئارادا هەیە؟ جوانی و ڕاستی و چاکی چین؟ تۆ بڵێی دوایین واقعێک هەبێ؟ بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش. وەڵامی ئێمە بۆ ئەم پرسیارانە و پرسیاری تری لەم چەشنە وەڵامێکی نەگۆڕ و داخراو نین، چونکە ئێمەش، وەکو خەڵکانی تر، لەگەڵ ژینگە و دەوروبەر و (تەنانەت) فەلسەفە شەخسییەکانی خۆیشماندا تێکەڵاویمان هەیە، هەر بۆیە بەردەوام بەمجۆرە کێشانەوە خەریکین و، زۆربەی جاریش دەبنە هۆی ئەوەی بیر و بۆچوونمان بگۆڕدرێن. بەڵام ئەوە زۆرتر وەڵامی خودی ئێمەیە کە دواجار چلۆنایەتی هەڵسوکەوتی ئێمە لەگەڵ دەق دەسنیشان دەکا.

لە نێو چوارچێوەیەکی چەمکیی[7] لەم جۆرەدایە کە تیۆری ئەدەبی جێی خۆی دەکاتەوە. لەم ڕوانگەیەوە کە ئەم چوارچێوەیە بەپێی مەنتیقێک ڕەنگڕێژ کراوە یان نا، چوارچێوەیەکی عادەتییە و بەپێی یاسا و ڕێسای کۆن دانراوە، خوێنەر لە ڕێگای جیهانڕوانی خۆیەوە لەگەڵ کاری هونەری هەڵسوکەوتی دەبێ. لە نێو دڵی ئەم چەشنە بۆچوونە فەلسەفییانەوەیە کە هەڵسەنگاندن و نرخاندنی خوێنەر لە بابەت کێشەی وەک باشبوون، بەکەڵک هاتن و، بەها و بایەخی هونەر خۆی سەرهەڵدەدەن. خوێنەر خودئاگا یان ناخودئاگا، لە ڕێگای کەڵک وەرگرتن لە جیهانڕوانی خۆی وەک پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندن و نرخاندنی تەجرەبەی خۆی، لەگەڵ بەرهەمە تایبەتەکانی ئەدەبدا هەڵسوکەوتی دەبێ و، بەپێی سیستمی ئەو باوەڕانەی کە لە نێو چوارچێوەی جیهانڕوانی خۆیدا سەقامگیر بووە، ئەزموونی گشتی یان شەخسی خۆی ڕێکوپێک دەکا و دەینرخێنێ.

کە دەست دەکەین بەخوێندنەوە ئەم پرۆسەیە ڕوون و ئاشکرا دەبێ، چونکە لە کاتی خوێندنەوەدا خوێنەر بەردەوام لەگەڵ دەق هەڵسوکەوتی

(7) Conceptual framework

دەبێ. (لوییز ڕۆزێنبلات)(8) لە کتێبی (خوێنەر، دەق، شیعر) (١٩٨٧)دا دەڵێ لە کاتی کردەوە یان ڕووداوی خوێندنەوەدا:

*خوێنەر ئەزموونی ڕابردووی و کەسایەتی هەنووکەی خۆی دەگوازێتەوە بۆ نێو دەق. دوای ئەوەی خوێنەر سەرنجی بۆ لای نیشانە ڕێکوپێکەکانی دەق ڕادەکێشرێ، بابەتەکانی خۆی پۆلێن دەکا. ئینجا لە هەوێنی بیر و بیرەوەری و هەستی خۆی، تەکووزییەکی نوێ، تەجرەبەیەکی تازە بەدی دێنێ و پەردەیان لەسەر لادەدا، بەجۆرێک کە ئەم تەکووزی و تەجرەبە تازەیە بەشیعر لە قەڵەم دەدا. ئەم ڕەوتە دەبێتە پاژێک لە گەڕیانی بەردەوامی تەجرەبەی ژیانی خوێنەر تا (ئەم ڕەوتە بۆ خوێنەر)، لە سۆنگەی ئەوەی مرۆڤە، لە هەر شوێنێک کە بۆی گرینگە ڕەنگ بداتەوە.*

هەر بۆیە ڕۆزێنبلات ئەم ڕاستییە دەدرکێنێ کە پێوەندی نێوان خوێنەر و دەق پێوەندییەکی هێڵی و (یەک لایەنە) نییە، بەڵکو پێوەندییەکی (سەرتاسەری و چەند لایەنەیە)،(9) واتە ئەم پێوەندییە ڕەوت یان ڕووداوێکە کە لە کات و شوێنێکی تایبەتدا ڕوو دەدا، کات و شوێنێک کە خوێنەر و دەق لەسەر یەکتر شوێن دادەنێن. ڕۆزێنبلات دەڵێ خوێنەر و دەق تێکەڵ بەیەک دەبن و یەک دەگرن و، ئینجا مانا لەم ئاوێتەبوونەیەوە سەر هەڵدەدا، چونکە مانا، وا نییە بڵێی هەر بەتەنیا لە دەق یان زەینی خوێنەردا هەیە، بەڵکو لە نێو کارلێکی نێوان خوێنەر و دەق دایە. خوێنەر بۆ ئەوەی بگا بەڕاڤە و (مانا)ی دەق (گەوهەر و کەسایەتی و هەروەتر گەنجینەی زانست و زانیارییەکانی خۆی دەگوازێتەوە بۆ نێو دەق و، لە نێو ڕەوتی پڕ بەهای تۆژینەوە و شیکردنەوەی بارودۆخ و بیر و بۆچوون و کەسایەتی و دژوازیگەلی نوێدا دەژی. خوێنەر دەتوانێ حاشا لەو سەرچاوانە بکا کە لە ڕێگای ئەوانەوە جیهانی خۆی پێناسە دەکا، سەرلەبەر پێیاندا بچێتەوە یان لە باوەڕی خۆی نیزیکیان بکاتەوە. خوێنەر لە ڕێگای تەجرەبەی ئەم ئاوێتەبوونەیەوە، خودئاگا یان ناخودئاگا،

(8) Louise Rosenblatt
(9) transactional



جیهانڕوانی خۆی وردبینانەتر و بەرفراوانتر دەکا.

لە سۆنگەی ئەوەی کە هیچ تیۆرییەکی ئەدەبی وا بەدی ناکرێ کە بۆ گشت ئەو هۆکارە جۆراوجۆرانەی کە لە چوارچێوەی چەمکیی زەینی خوێنەردان پاساو بێنێتەوە و، هەروەها لەبەر ئەوەی کە ئێمەی خوێنەر تەجرەبە و ئەزموونی ئەدەبی جیاواز و هەمە جۆرمان هەیە، میتاتیۆری – یەکی –(10) تیۆرییەکی ئەدەبی ڕەگ داکوتاوی – وامان بەدەستەوە نییە کە بتوانێ سەرومڕی ئەو ڕاڤە و ڕوانینانەی کە ڕەنگە دەقێک خاوەنیان بێ و، لە لایەن خوێنەرەوە پێشنیار دەکرێن، بگرێتە خۆی. کەوایە هیچ تیۆرییەکی (تەواوەن) دروست و پڕ بەپێست شک نابەین، چونکە هەر تیۆرییەکی ئەدەبی خۆی لە ناو خۆیدا و سەبارەت بەخۆیشی پرسیارگەلێکی بەنرخ لە دەق و لە بابەت دەق دێنێتە ئاراوە، هیچ تیۆرییەکی ئەدەبیش وا نییە ئەو تواناییە لە خۆیدا بەدی بکا کە سەرپاکی ئەو پرسیارە ڕەوایانەی کە دەبێ لە دەقێک بکرێ بێنێتە ئاراوە.

گەلێ جار ئەو پرسیارە بەنرخانەی تیۆری ئەدەبییە جۆراوجۆرەکان دەیهێننە گۆڕێ، لە زۆر لایەنەوە لەگەڵ یەک جیاوازن. هەر تیۆرییەک لە لایەنێکی ڕەخنەیی جیاواز پشتیوانی دەکا و، پتر لەسەر تاقە ڕەگەزێکی ڕەوتی ڕاڤەکردن پێ دادەگرێ، ئەگەرچی لەوانەیە تیۆری پراکتیکی جۆراوجۆر چەندین لایەن و ڕوانگە بۆ (خوێندنەوە) و ڕاڤەی دەق بەکاری بێنن. بۆ نموونە، تیۆریمان هەیە لەسەر خودی بەرهەمی ئەدەبی سوورە و پێی وایە تەنیا دەق هەڵگری سەرلەبەری ئەو زانیارییە پێویستانەیە کە دەمانگەیەننە دەڤەری ڕاڤەکردن. تیۆرییەکی لەم دەستە دەق لە چوارچێوە و زەمینە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکەی خۆی دادەبڕێ و سەرنج دەداتە فۆرمە ئەدەبییە جۆراوجۆرەکانی دەق، وەک زاراوە، وشە بژێر و شێواز، تیۆرییەکی تر دێت و هەوڵ دەدا دەق بەپێی زەمینە مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵناسی و ئایینی و ئابوورییەکانی بخوێنێتەوە. ئەگەر تیۆرییەک دەق لە چوارچێوە مێژووییەکەی خۆیدا بگونجێنێ، ئەوە ئەم ڕاستییە دەدرکێنێ کە

(10) metatheory

لایەنگرانی ئەم تیۆرییە دەتوانن دەق بەشێوەیەک ڕاڤە بکەن کە هەم لە نووسەری دەق، هەمیش لە خوێنەرانی داکۆکی بکەن. تیۆرییەکی تریش هەیە کە سەرنجی سەرەکی خۆی داوەتە خوێنەری دەق. ئەم تیۆرییە ئەم پرسیارە دێنێتە گۆڕێ کە هەست و عاتیفە و پێشینەی کەسایەتی خوێنەر چۆن لەسەر خوێندنەوە و ڕاڤەی دەق شوێن دادەنێن؟ سەرنجی سەرەکی هەر تیۆرییەکی ئەدەبی، چ دەروونناسی بێ، چ زمانناسی و، چ ئوستوورەیی بێ، چ مێژوویی، ئەوەیە (هەوڵ بدا) سەرەتا بناغە تیۆریکەکانی خۆی دامەزرێنێ و، دواجار ڕێگای پەرەپێدانی ڕەوشتناسی(11) خۆی بگرێتەبەر، بەچەشنێک کە خوێنەر بتوانن ئەم تیۆرییە بۆ (خوێندنەوەی) دەقێکی ڕاستەقینە بەکاربێنن.

ئەگەرچی ئەو تیۆری و جۆرە ڕەوشتناسییانەی کە خوێنەر بۆ گەیشتن بەڕاڤەی دەق هەڵیان دەبژێرێ، جیاواز و جۆراوجۆرن، بەڵام درەنگ و زوو، وای لێدێ کۆمەڵێک خوێنەر و ڕەخنەگر پشت بەتاقە یەک ناوەندی فیکریی هاوبەش دەبەستن و (لەم ناوەندەدا) یەک دەگرنەوە. ئا بەمجۆرەیە قوتابخانەی ڕەخنەیی جیاواز و جۆراوجۆر پێکدێن. بۆ نموونە ئەو ڕەخنەگرەی پێی وایە دەشێ قامک لەسەر کێشەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی دەق دابنرێ و روون بکرێنەوە، پێی دەڵێن ڕەخنەگری مارکسیستی، کەچی ڕەخنەگری (هەڵوێستی خوێنەر)(12) لەسەر هەڵوێست و جوابدانەوەی تاکە کەسیی خوێنەر (لە ئاست دەقدا) پێ دادەگرێ. لە سۆنگەی ئەوەی کە ئەو بیر و بۆچوونانەی پێوەندییان بەبەرهەمی ئەدەبییەوە هەیە بەردەوام لە حاڵی گەشەونەشە دان، قوتابخانەیی ڕەخنەیی نوێ و، دوا بەدوای ئەو تیۆری ئەدەبی تازەش (پێکدێن) و پەرە دەستێنن. تازەترین قوتابخانەی ڕەخنەیی، واتە مێژووگەری نوێ، کە لەم دواییانە و لە ساڵانی ١٩٨٠و١٩٩٠دا سەری هەڵداوە، باوەڕی وایە کە دەق دەبێ لە ڕێگای لێکۆڵینەوەی مێژووییەوە لێک بدرێتەوە و، پێی وایە چیرۆک و مێژوو لێک جیا نابنەوە. ئەندامانی ئەم قوتابخانەیە کە بەڕەخنەگرانی

(11) Methodology
(12) Reader - Rseponse



مێژووگەری نوێ ناسراون، دەیانەوێ سنووری نێوان ئەدەب و مێژوو تێک بشکێنن و، لەم ڕێگایەوە ڕەخنەیەک بخوڵقێنن کە ڕەنگدانەوەی ڕاست و دروستی ئەو شتە بێ کە بۆ خۆیان پێی دەڵێن پێوەندی پڕ بەپێستی نێوان دەق و زەمینە مێژووییەکەی.

لەبەر ئەوەی کە قوتابخانە جۆراوجۆرەکانی ڕەخنە و (هەروەها ئەو تیۆرییانەی کە بەبناغەی کاری ئەو قوتابخانە ڕەخنەییانە دێنە ئەژمار) پرسیاری جۆراوجۆر و جیاواز سەبارەت بەبەرهەمێکی ئەدەبی دێننە ئاراوە، ئەو قوتابخانە تیۆریکانە زنجیرەیەکی بە ڕواڵەت بێ کۆتایی لە مافی هەڵبژاردن و هەڵبواردنی (ڕاڤەی دەق) دەخەنە بەردەستی خوێنەر. خوێنەریش لە ڕێگای ئەم زنجیرە مافەوە بۆی هەیە ڕێژەی تێگەیشتنی خۆی نەک هەر سەبارەت بەدەق، بەڵکو سەبارەت بەکۆمەڵ و کەلتوور و مرۆڤایەتی خوێشی بەرێتە سەرێ. ئێمە لە ڕێگای بەکارهێنانی تیۆری ئەدەبییەوە نەک هەر هێندێک شت لە بارەی ئەدەبەوە فێر دەبین، بەڵکو لەم ڕاستییەش دەگەین کە دەبێ لە ئاست باوەڕی خەڵکانی تردا دان بەجەرگی خۆماندا بنێین. ئەگەر بێت و حاشا لە تیۆری (ئەدەبی) بکەین، یان وەپشت گوێی بخەین، ئەوە مەترسییەک هەڕەشەمان لێدەکا: مەترسی ئەوەی خۆمان بەپیرۆز و پیری ئەدەبی لە قەڵەم بدەین و وای دانێین خاوەن زانستێکی ئاسمانین و توانای ئەوەمان هەیە تاقە یەک ڕاڤە و ڕوانگەی ڕاست و دروست (کە ئەویش ئی خۆمانە) بۆ کاری ئەدەبی پێشکەش بکەین. دژایەتی کردن لەگەڵ تیۆری ئەدەبی هەروەتر بەمانای دژایەتی کردنە لەگەڵ (خۆ تاقیکردنەوەی «خوێنەر»)، دژایەتی کردنە لەگەڵ سەرهەڵدان و دۆزینەوەی ئەو پرسیارانەی کە دەیانەوێ بزانن دەق و خودی (خوێنەر) و کۆمەڵگا چۆن و بۆ قازانجی کێ پێکدێن و دەسەلمێندرێن. لە ڕێگای بەکارهێنانی تیۆری ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبییەوە (ڕێبازی پراکتیکی تیۆری ئەدەبی) دەتوانین بەڕواڵەت، لە وتوێژێکی بێ کۆتاییدا بەشداری بکەین، گەوهەر و سروشتی مرۆڤایەتی و، ئەو بابەتانەی لە خودی ئەدەبدا باسیان لێدەکرێ، بخەینە ژێر تیشکی (شیکردنەوە) و لێدوانەوە.

## ئەدەب چییە؟

لە سۆنگەی ئەوەی کە ڕەخنەی ئەدەبی پێی وایە بەرهەمێکی ئەدەبی بۆ ئەوەی ڕاڤە بکرێ بەدەستەوەی دەگرین، (زۆر جار) وای بۆ دەچین پێناسە کردنی ئەدەب کارێکی سادە و سانایە. کەچی ئەوەی ڕاستی بێ وا نییە. زۆر لەمێژە نووسەر و مێژووزانی ئەدەبی و چەندان کەسی تر لەسەر ئەم باسە دەمەتەقەیانە، بەڵام نەیانتوانیوە بۆ پێناسە کردنی ئەم زاراوەیە بەڕایەکی هاوبەش بگەن. هەندێ پێیان وایە شتەکە زۆر سادەیە، هەر شتێک نووسراوە بێ، دەکرێ بەئەدەبی بزانین. جا بەم پێودانگە بێ، دەفتەرچەی تەلەفۆنی شار و کتێبی ئاشپەزی و نەخشەی ڕێگاوبانان چەندە ئەدەب بن، (ڕۆمانی) دەیوید کاپێرفیلد و هاکلبری فین -یش ئەوەندە ئەدەبن. Literature (ئەدەب) لە واژەی لاتینی littera – وە گیراوە، بەواتای letter (پیت). هەر بۆیە بنج و بناوانی مانای ئەدەب زێتر ئاماژە بەوشەی نووسراوە دەکا و، ئەم بۆچوونەش وێدەچێ پشتیوانی لەو پێناسەیەی سەرەوە بکا. جیا لەوانە ئەم پێناسەیە دابونەریتی گرینگی (ئەدەبی) زارەکی وەپشت گوێ دەخا، ئەو ئەدەبە زارەکییەی بناغەی بەشێکی هەرە زۆری ئەدەبی ئێمەی لەسەر دامەزراوە. بەپێی ئەم پێناسەیە، بۆ نموونە، ئۆدیسە(13) و ئیلیادی(14) هۆمێر و حەماسەی ئینگلیسی بیۆلف(15) و زۆربەی هەرە زۆری ئەفسانە خۆماڵییەکانی ئەمریکایی ناچنە خانەی ئەدەبەوە.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە هەندێکی تر هاتن وتیان با ئەدەب بەهونەر بزانین و لەمەگەڕێین داخۆ دەبێ (ئەم هونەرە) نووسراوە بێ یان زارەکی. ئەم پێناسەیە مانای ئەدەبی بەرتەسکتر کرد و، ئەدەبی هاوسەنگی بەرهەم و نووسراوەی خەیاڵکرد و خولقێنەرانە دانا. بەگوێرەی ئەم پێناسەیە، بەرهەمی نووسراوەی لە چەشنی دەفتەرچەی تەلەفۆن یان کتێبی

(13) Odyssey
(14) Iliad
(15) Beowulf



ئاشپەزی چیتر ناکەونە خانەی ئەدەبەوە و، لە بری ئەمانە شیعر و شانۆ و چیرۆک و جۆری تری نووسراوەی خەیاڵکرد دەچنە ژێر باڵی ئەدەب.

هەرچەند وێدەچێ پێناسەیەکی لەم دەستە کە هات و مانای ئەدەبی بەرتەسک کرد و، شان بەشانی هونەری دانا، بەڕواڵەت گرێ پووچکەی کاری ئێمەی، بۆ ئەوەی بڵێین چی ئەدەبە و چی ئەدەب نییە، کردۆتەوە، بەڵام کێشەکە هەمووی هەر ئەمە نییە. شک لەوەیدا نییە کاتالۆگی (بنانا ڕیپابلیک)(16) نووسراوەیەکی خەیاڵکرد و (ڕەنگینە)، بەڵام ئایا دەبێ بەرهەمێکی لەم چەشنە بەئەدەب بێنینە ئەژمار؟ تۆ بڵێی (کتێبی) مەدۆنا(17) کە ناوی Sex–ی لەسەرە یان شیعری لیریکی گۆرانی دەستەی Rap بەناوی (کۆپ کیلێر)(18) بەبەرهەمی ئەدەبی ناودێر بکەین؟ ئایا دەقی مەدۆنا یان سترانی دەستەی Rap بەرهەمێکی خولقێنەرانە و خەیاڵکردن؟ ئەگەر وایە ئایا بۆیان هەیە هەردووکیان بەکاری ئەدەبی لە قەڵەم بدەین؟ پێناسەکردن و پاوانکردنی ئەم پێناسەیە تا ئەو ڕادەیەی کە بڵێین ئەدەب بریتییە لە بەرهەمێکی هونەری، ناتوانێ دەسبەجێ قانوونێکی نەگۆڕ و پڕ بەپێستیان بۆ دابنێ کە بەپێی ئەم قانوونە مرۆڤ بتوانێ ئەدەب لە نائەدەب هەڵبوێرێ.

لەسەر ئەم بابەتە کە داخۆ دەبێ پێناسە بەربڵاوەکەی ئەدەب قبووڵ بکرێ، یان پێناسە پاوانکراوەکەی، زۆر کەس ئەم باسەیان هێنایە ئاراوە کە هەر دەقێک بەر لەوەی بیخەینە خانەی ئەدەبەوە، دەبێ خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکی خۆی بێ. بۆ نموونە ئەو شتەی هونەرمەند دەیخولقێنێ، یان با بڵێین جیهانی دووهەم، ڕەنگدانەوەی جیهانی سەرەکی داهێنەرەکەیەتی، ئەو جیهانەی کە هونەرمەند تێیدا دەژی و دەبزوێ و هەناسە دەدا. لەبەر ئەوەی کە واقیع یان جیهانی سەرەکی بەشێوەیەکی باڵادەست پێکدێ، دەبێ بەجیهانی دووهەمی بێنینە ئەژمار. بۆ

(16) Banana Republic
(17) Madonna
(18) Cop killer

دامەزراندنی بنەمای ئەم پێکهاتەیە، نووسەر دەبێ زنجیرەیەک گەلاڵە و کەسایەتی و شێوە قسە و هێما و دژوازی و چەندین ڕەگەز یان پاژی تری کاری هونەری دروست بکا و، لە ڕێگای گشت ئەم ڕەگەزانەوە کە بەشێوەیەکی دینامیکی پێکەوە پێوەندییان هەیە، بەرهەمێکی ئەدەبی بخولقێنێ. هەندێ باسی ئەوە دەکەن کە لە ئارادا بوونی ئەمجۆرە ڕەگەزانە دەسنیشانکەری ئەو ڕاستییەن کە ئایا نووسراوەیەک بەئەدەب بزانین یان نا.

سەرەڕای ئەمانە، هەندێک ڕەخنەگری تر پێوانەی (تاقیکردنەوەی زەمان)یش بەپێرستی پاژە پێویستەکانی ئەدەبەوە زیاد دەکەن. ئەگەر بەرهەمێکی وەک (کۆمیدی خوایی)[19] (دانتێ) لە بەرامبەر تێپەڕ بوونی زەماندا خۆ ڕادەگرێ و، مل نادا و، هێشتاش چەندین سەدە دوای داهێنانی، هەر دەخوێندرێتەوە، ئەوە دەبێ بەتایبەتمەندییەکی باش و بەنرخی بزانین و، جێی خۆیەتی بەئەدەبی لە قەڵەم بدەین. ئەم پێوانەیە هەروەتر بەها و بایەخی کولتووری و کارکردیی ئەدەب دەسنیشان دەکا: ئەگەر هات و خەڵکی، بەرهەمێکی نووسراوەیان، بەهەر هۆیەک پێ باش بوو، ئەوە ڕێک حوکمی ئەدەببوونی بەسەر دادەبڕن، جا ئەو بەرهەمە خاوەنی ئەو، وەک دەڵێن، پاژە نوسخە پێچ کراو یان پێویستانە دەق بێ یان نا.

ئەو شتەی کە ڕەنگە ئەمجۆرە بەرهەمە هەیبێ تایبەتمەندییەکی جوانی ناسانەی سەربەخۆیە کە ئەم کارە لە جۆرەکانی تری نووسین جیا دەکاتەوە. (جوانیناسی)، کە لقێکی فەلسەفەیە و لە چەمک و کێشەی «جوان» و (جوانی) دەدوێ، تێدەکۆشێ پێوانە و کێشانەیەک بۆ جوانیی بەرهەمێکی هونەری دابین بکا. تیۆریستی وەک ئەفلاتوون و ئەرەستوو پێیان وایە سەرچاوەی جوانی لە ڕێگای خودی بابەتە هونەرییەکەوە بەمیرات پێمان دەگا، کەچی ڕەخنەگرانی دیکەی وەک (دێیوید هیوم)[20] حوکمی ئەوە دەدەن کە جوانی لە چاوی وەرگرەکە (یان بینەرەکە)دایە. هەروەها هێندێک

(19) The Divine Comedy

(20) David Hume



لە تیۆریستانی سەدەی بیستەم باسی ئەوە دەکەن کە تێگەیشتنی مرۆڤ لە کێشەی جوانی نیو دەقێک، بەستراوەتەوە بەپێوەندی دینامیکیی نێوان بابەت و وەرگر، ئەویش لەو چرکەساتە پێدراوەی (کاتی وەرگرتن)دا. دواجار پێوانەی هەڵسەنگاندنی جوانی بەرهەمێکی هونەری هەرچییەک بێ، ڕەخنەگران لەسەر ئەم ڕایە کۆکن کە بەرهەمی ئەدەب دەبێ خاوەنی تایبەتمەندییەکی جوانی ناسانەی بەرچاو بێ.

ئەم تایبەتمەندییە جوانی ناسانە بەرچاوەی (بەرهەمی ئەدەبی)، کە وەک وتمان ئەدەب لە جۆرەکانی تری نووسین جیا دەکاتەوە، ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئامانجی سەرەکی ئەدەب، واتە گێڕانەوەی چیرۆکێک(*)، یەک دەگرێتەوە. هەرچەند ڕەنگبێ ئەدەب لە هەمان کاتیشدا ڕاستییەکان بدرکێنێ و ئاڵوگۆڕیان پێبکا، بەڵام ئامانجە سەرەکییەکەی گێڕانەوەی چیرۆکێکە. هەوێنی ئەم چیرۆکە بەتایبەتی مرۆڤە. ئەم چیرۆکە لە دنیایەک ئەزموونی مرۆڤ، نەک هەقیقەتی نەگۆڕ و وردە زانیاریگەلێکی (بێ بایەخ) ورد دەبێتەوە و شییان دەکاتەوە. بۆ نموونە ئەدەب نایات وشەی (ئازادیی) پێناسە بکا، بەڵکو لە (چیرۆکێکدا) کەسایەتییەکی ئازامان نیشان دەدا کە بەئازایی دەجووڵێتەوە و، لەم ڕێگایەوە دێت و زنجیرەیەک بەها و بایەخ و هەست و سۆز و کار و کردەوە و بیر و بۆچوونی مرۆڤ لە قەوارەی چیرۆکێکدا دەخاتە بەر چاومان. بەم شێوەیە ئێمەی خوێنەر ڕێگامان پێدەدرێ ژیانی ژمارەیەک لە کەسایەتییەکانی چیرۆک ناڕاستەوخۆ بژین. ئێمە لە ڕێی ئەم کەسایەتییانەوە خەڵکانێک لە جموجۆڵ و لە کاتی کردەوەدا دەبینین کە بۆ پاراستنی (هەستی) مرۆڤایەتی خۆیان و زۆرتر لە بارودۆخێکی نائینسانیدا بڕیار دەدەن و ململانێ دەکەن، بەم شێوەیە کۆمەڵێک بەها و کەسایەتیی مرۆڤانەی جیا جیا دەخولقێنن کە لەوانەیە ئێمە پەسندیان بکەین یان تووڕیان هەڵدەین، چێژیان لێ وەرگرین یان ڕقمان لێیان بێ.

(*) مەبەستی نووسەر لە چیرۆک –هەڵبەت لێرەدا– کۆمەڵێک ڕووداو و بەسەرهاتە نەک چیرۆک بەمانای تایبەتی خۆی واتە هەمان story .

پاشـان با ئەم پرسـیـارە بکەین، ئایا ئەدەب هەر وا سـووک و سـانا بەچیرۆکێک لە قـەڵەم بدەین کە هەڵگری چەندین تایبـەتمەندی ئەدەبی و جوانی ناسانەیە کە سەرجەمیان بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش لە بەرهەمێکی هونەریدا بەئەوپەڕی توانایی خـۆیان دەگـەن؟ با لە ڕوانگەیەکی ترەوە پرسـیـارەکە بێنینە گـۆڕێ، ئایا بەرهەمی ئەدەبی کـارێکی بوون ناسـانەیە؟ واتە ئەوەی ئایا بوونی ئەو بەرهەمـە لە نێـو خـۆیدا و بۆ خـۆیەتی، یان بەر لەوەی وەک ئەدەب بناسـرێ پێـویسـتـە کـۆمـەڵێک کـەس، واتە خـوێنەر، چاویان پێی کەوتبێ؟ هەرچەند وەڵامدانەوەیەکی لەم دەستەی ئەم پرسیارە جێی لێدوان و باسکردنێکی فرەترە، بەڵام زۆربەی بۆچوونەکان لەسەر ئەم ڕایە کۆکن کە تاقیکردنەوەی بارودۆخی هونەری و گشتی دەق دەستمان دەگرێ بڕیاری خـۆمـان (لەسەر ئەم کێشـەیە) بدەین. ئەم وێنە گشـتـییـەی بەرهەمـێک ڕەگـەزەکـانی ژێرەوە دەگـرێتـە خـۆی: خـودی بەرهەمـەکـە (تاقـیکردنەوەی چیـرۆکی بوون، یان جـیـهـانی دووهەم کـە لە هەناوی چیرۆکەکەدا دەخولقێ)، هونەرمەند، جیـهـان یان ئەو دنیـایەی بەرهەمەکە بەخەیاڵ نیشانی دەدا و، کۆمەڵێک وەرگر یان خوێنەر. ئەگەرچی خوێنەر و ڕەخنەگـر لەسـەر یەک، دوو، یان سێ دانە لەم ڕەگـەزانە پێ دادەگـرن و، لەولاشەوە گرینگییەکی ئەوتۆ بۆ ئەوانی تر قایل نابن، بەڵام دەبێ بڵێین ئەمـجـۆرە بۆچوونە لەهەمبـەر دۆخی هونەری دەق، دەمـودەست مـەیدانی پێناسـەی ئەدەب بەرفـراوان دەکـا، واتە ئەوەی ئەدەب لەو (هەڵوێست) و چەمکە بەرتەسکەی کە دەبێـژێ ئەدەب هەروا سووک و سانا بریتـییـە لە نووسـراوەیەکی خاوەن چەند خـەسڵـەتێکی تایبـەت دەگـوازرێتـەوە بۆ ئەو پێناسەیەی کە دەڵێ ئەدەب دەبێ پێوەندییەکی نێـو خۆیی دینامیکی نێوان دەقی ڕاستەقینە و خوێنەرەکەی بێ.

کەوایە لەوانەیە ئەو توانا ئەدەبییـەی کە خـوێنەر لە ناخی خۆیدا هەڵی گرتووە یارمەتی بدا، بۆ ئەوەی بتوانێ ئەدەبییـەتی بەرهەمێک دەسنیشـان بکا. ئەگـەر مـەسـەلەکە وابێ، کەوایە بەرهەمێکی ئەدەبی لەوانەیە زیاتر



لەوەی بوونناسانە بێ کارکردییە و، بوون و بەهای لەسەر دەستی خوێنەران دەسنیشان دەکرێ نەک بەرهەمی ئەدەبی خۆی.

بەگـشـتـی پێناسـەی ئەدەب، ئەوەی ڕاسـتـی بێ، بەو قـوتابخـانە ڕەخنەییـیەوە بەستراوەتەوە کە خوێنەر و یان ڕەخنەگر پشتی پێدەبەستن. بۆ نموونە لای فۆرمالیسـتەکان ئەوە تەنیا و تەنیا دەقەکە خاوەنی خەسڵەتی تایبـەتە و، پاژێکی تایبـەت لە ئەدەب پێکدێنێ. کـەچی بۆ ڕەخنەگـری (هەڵوێستی خوێنەر) کارلێک(*) و پێوەندیگەلی دەروونناسانەی نێوان دەق و خوێنەر دەستی دەگرن، بۆ ئەوەی بتوانێ نووسراوەیەک (بەدەقێکی) ئەدەبی بێنێتە ئەژمار.

سـەرەڕای ئەمـانە، (بەردەوام) هەوڵ دەدرێ ئەدەب پێناسـە بکرێ و، بێ شک، ئەم چەشنە هونەرە دنیـایەک کـات و سـاتی خـۆش لە ڕێگای خولقاندنی پڕ لە خەیاڵی جیهانی دووهەمەوە و لەسەر دەستی وشەکان بۆ خوێنەری خۆی پێک دێنێ.

(*) کـارلێک-م لە بەرامبـەر (interaction)ی ئینگلیسـی و (تعـامل)ی فـارسی داناوە.

# 2

## پێداچوونەوەیەکی مێژوویی بەسەر ڕەخنەی ئەدەبیدا

پرسیارگەلێک کە پێوەندییان بەبەها و بنەما و تەنانەت پێناسەی ئەدەبەوە هەیە، بێ شک لە نێو هەموو ئەو کولتوور و (کۆمەڵگایانە)دا سەرهەڵدەدا کە خەڵکانیان باسی هونەریان بیستووە یان بەرهەمی هونەرییان خوێندۆتەوە. ئەم چەشنە ڕەخنە پراکتیکییە لەوانەیە هاوکات لەگەڵ یەکەمجار بیستن یان یەکەمجار خوێندنەوەی یەکەمین بەرهەمی ئەدەبی دەستی پێکردبێ. بەم حاڵە ئەوە یۆنانییەکانی سەدەی پێنجی پێش زایین بوون کە بۆ یەکەمجار (باسی) فەلسەفەی هونەر و ژیانیان دامەزراند، کە ئەم باسەش خۆی بەبنەمای زۆربەی هەرە زۆری ڕەخنە پراکتیک و تیۆریکەکان دێتە ئەژمار. پرسیاری ئەم یۆنانیانەی سەدەی پێنجی (پێش زایین) بەدەوری هەمان کردەوەی خوێندنەوە و نووسیندا دەخولێنەوە و، لە هەمان کاتدا بیر لە ئامانجی ئەدەبیش دەکەنەوە. بەمجۆرە ئەم ڕەخنەگرە پێشەنگانە دەستیان دایە باسێک کە لەسەر گەوهەر و کاری ئەدەب دەدوا و، ئەم باسە تاکو ئیمڕۆش درێژەی هەبووە. ئەو شتەی ئەوان درگایان بۆ خستە سەر پشت تۆژینەوەی ڕەسمی لە بابەت ڕەخنەی ئەدەبی بوو.

لە سەدەی پێنجی پێش زایینەوە تاکو ئێستا، ڕەخنەگرانێکی (زۆر) و هەمە جۆر، وەک ئەفلاتوون، دانتێ، وردز ورس و چەند دەستە و دایرەیەکی تر پەرەیان بەچەمکە جۆراوجۆرەکانی ڕەخنە داوە و، ئەم کارەشیان شوێنێکی زۆری لەسەر باس و خواسەکانی دواتری تیۆری و ڕەخنەی ئەدەبی داناوە. ئەگەر بەبیر و بۆچوونەکانی ئەم ڕەخنەگرانەدا بچینەوە، ئەوە هەم لێیان تێگەیشتووین، هەمیش لەو باس و دەمەتەقە ڕەخنەییانەدا بەشداریمان کردووە، هاوکات لەگەڵ ئەمانەش زانستێکی بەکار و توانایەکی باش بۆ سەنگ و سووکردنی ڕەخنەی تیۆریکی و پراکتیکی وەدەست دێنێن.



### ئەفلاتوون (٣٤٧-٤٧٢ پێش زایین)(1)

ئالفرێد نۆرس وایت هێد،(2) فەیلەسووفی نوێخوازی بریتانی، جارێکی بەتەوسەوە گوتی: «سەرلەبەری فەلسەفەی ڕۆژاوایی چ نییە جگە لە پەراوێزێک، ئەویش بۆ (باوەڕەکانی) ئەفلاتوون». هەرچەند لە ڕاستیدا، خەڵکانێکی تریش لە (فەلسەفە) و فیکری ڕۆژاواییدا دەستیان هەبووە، بەڵام ئەو بۆچوونانەی ئەفلاتوون کە لە (کۆمار)(3) و (یۆن)(4) و (کریتۆ)(5) و کارەکانی تریدا ڕەنگیان داوەتەوە ئەو بۆچوونانەن کە بەبەردی بناغەی، ئەگەر نەڵێین زۆرترین، بەڵام زۆربەی باسە بنەڕەتییەکانی فەلسەفە و ئەدەب دێنە ئەژمار: چەمکی هەقیقەت، جوانی و چاکی، گەوهەری واقیع، بنەمای کۆمەڵگا، گەوهەر و پێوەندییەکانی بوون (بوونناسی)، ئەو پرسیارانەی لەوە دەکۆڵنەوە ئێمە چۆن دەزانین چی دەزانین (مەعریفەناسی)(6) و زانستی ئاکار و ڕەفتار. لە ڕۆژگاری ئەفلاتوونەوە تا ئێستا، ئەم بیر و بۆچوونانە دەمەتەقەیان لەسەر دەکرێ، جا یان بەلاف و گەزافیان داناون، یان هەروا سووک و سانا پەسند کراون. بەڵام سەرەڕای ئەمانە هیچیان وەپشت گوێ نەخراون.

پێش ئەفلاتوون بەتەنیا چەند بیر و بۆچوونێکی کاڵوکرچ سەبارەت بەگەوهەر و بەهای هونەر بەدی دەکرا. ئاریستۆ فانس(7)، کۆمێدی و شانۆنووسی هاوچەرخی ئەفلاتوون، هەندێ کێشەی بچووک، بەڵام گرینگی ڕەخنەی پراکتیکی هێنایە بەر باس و لێدوان، بەڵام ئاشکرایە تیۆرییەکی ئەدەبی ئەوتۆی دانەهێنا. ئەوە ئەفلاتوون بوو کە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک تۆژینەوەی لە بابەت ڕەخنە و تیۆری ئەدەبی دەسپێکرد.

(1) Plato
(2) Alfred North Whitehead
(3) Republic
(4) Ion
(5) Crito
(6) epistemology
(7) Aristo phanes

کاکڵی بیروباوەڕی ئەفلاتوونی لە ئەسڵەکانی ئەفلاتوون لە بابەت کێشەکانی بوون و بیرۆکە، یان فۆرمەکاندا گونجاوە. ئەفلاتوون دەڵێ: دوایین واقیع (شتێکی) ڕۆحییە (یان مەعنەوییە). ئەم پانتاییە مەعنەوییە (تاک) (The One) لەو فۆرم یان موتڵەقە زەینییانە پێکهاتووە کە لە ڕاستیدا هەن، جا زەین چ بوونیان بسەلمێنێ، چ نەیسەلمێنێ، یان تایبەتمەندییەکانی بخاتە ڕوو یان نەیخاتە ڕوو. ئەوە ئەم فۆرمە زەینییانەن دەبنە هۆی ئەوەی جیهانی فیزیکی ئێمە دەق بگرێ. چونکە جیهانی ماک (material world)چ نییە جگە لە تاپۆی نموونەیەک لەو فۆرمە موتڵەقانەی کە لە هەرێمی مەعنەوی یان (ڕۆحی)دا بەدی دەکرێن. ئێمە لە جیهانی ماکدا بۆیە دەتوانین کورسی بەکورسی بزانین چونکە کورسییەکی زەینی لە نێو قەڵەمڕەوی مەعنەویدا بەدی دەکەین، تەنانەت بوونەکەشی (بوونی ئەم کورسییە زەینییە) دەکەوێتە پێش بوونی کورسییە ماکییەکە. بەبێ بوونی کورسی زەینی، کورسییە ماکییەکە مانای نییە، ئەو کورسییە ماکییەی کە چ نییە جگە لە تاپۆی نموونەیەک لەو کورسییە زەینییە.

پێداگرتن لەسەر زەینییەتێکی فەلسەفی لەم دەستە بەسەرەتای ڕێبازی تیۆری ئەدەبی لە قەڵەم دەدرێ و (ئەم زەینییەتە فەلسەفییە) بوو بەبەردی بناغەی ڕەخنەی ئەدەبی. بەر لە ئەفلاتوون و قوتابخانەکەی، جیهانی کولتووری یۆنانی لە هونەری شیعر و خەیاڵی شاعیرانە پێکهاتبوو، واتە یۆنانییەکان لە ڕێگای خوێندنەوە و لە نێو بەرهەمگەلێکی وەکو ئیلیاد و ئۆدیسەدا، پاڵەوانێکیان دەبینی کە بەکردەوە واقیعی باش و (بەکەڵکیان) دەخولقاند. یۆنانییەکان تیۆرییەکانی خۆیان، سەبارەت بەچاکە و پێوری تری لەم جۆرە، لەسەر دەستی ئەم چیرۆکانەدا دادەڕشت. ئەم چیرۆکانە بەردەبازێک بوون بۆ دۆزینەوەی هەقیقەت. هەر چۆنێک بێت، لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەفلاتوون و قوتابخانەکەی، لێکۆڵینەوەی فەلسەفی و بیرکردنەوەی سەڵت(*) دەستی بەسەر چیرۆک داگرت و، (چیرۆک) بەشێوازی دۆزینەوەی هەقیقەت لە قەڵەم درا، هەر بۆیە ئەفلاتوون

(*) سەڵت–م لە بەرامبەر (abstract)ی ئینگلیسی و (تجریدی) فارسیدا هێناوە.



بەئەنقەست ئەم دروشمەی بەسەر دەرگای قوتابخانەکەیەوە هەڵواسیبوو: (ئەوەی هەندەسە نەزانێ هەقی نییە بێتە ژوورێ.). قوتابی ئەفلاتوون، هەروەک خۆی، دەبوایە بەپێچەوانەی ڕێبازی باوی دۆزینەوەی هەقیقەت، هونەری عەقڵ و بیری سەڵتیان بنرخاندبا.

ڕوانگەیەکی میتافیزیکییانەی لەم دەستە نەک هەر ئەرکی ئەدەب بۆ ئەوە تەرخان دەکا ببێتە پێوانەیەک بۆ بینینی هەمە لایەنەی هەقیقەت، بەڵکو ئەوەی ڕاستی بێ سەرکۆنەشی دەکا. ئەگەر دوا واقیع لە پانتایی جیهانێکی مەعنەویدایە و، جیهانی ماک چ نەبێ جگە لە تاپۆی نموونەیەک لە جیهانی زەینییەتەکان، ئەوە بەپێی باوەڕی ئەفلاتوون و پەیڕەوانی، شاعیر (ئەو کەسانەی ئەدەبی خەیاڵکرد دەخولقێنن) لەسەر هەر چەشنە بابەتێکی جیهانی ماک شت بنووسن، تەنیا لاسایی لاساییکردنەوەیەکیان کردۆتەوە. هەر بەم پێودانگە ئەفلاتوون دەڵێ: دەسەڵاتی شاعیر (پیاوێکی کەم عەقڵە، ژنێکی کەم عەقڵ دێنێ و، منالێکی کەم عەقڵیشی دەبێ). هەنووکە شاعیر هەردوو هەنگاو یان دوو پلە لە خودی واقیع دوورە.

ئەفلاتوون سەرەڕای ئەوەی شاعیر بەوە شەرمەزار دەکا هونەرێک بەرهەم دێنن چ نییە جگە لە ڕوونووسی ڕوونووسێک (کە هەمان واقیع بێ)، باسی ئەوەش دەکا کە شاعیر هونەرەکەیان بەشێوەیەکی نامەنتقی دەخولقێنن و بۆ (خەستوخۆڵ کردنی) زەوقی شاعیرانەیان پتر لەوەی پشت بەعەقڵ و (ئاوەز) ببەستن، دەستی یارمەتی هەست و سۆزێک دەکوشن کە هیچ جێگای متمانە نییە. ئەفلاتوون نووسیویەتی: «هەر بۆیە شاعیر بەشەوچرا و (فریشتەی) باڵدار و کەسێکی پیرۆز دێتە ئەژمار. شاعیر تا ئەو چرکەساتەی زەوق و مرخی شاعیرانەی نەکەوتبێتە گەڕ و، لە دەرەوەی هەستە (ئاساییە)کانی خۆیدا نەبێ هیچ داهێنانێکی لە دەست نایەت. دیارە دوای ئەمەش چیتر عەقڵ و ئاوەزی پێ نامێنێ.» جا لە سۆنگەی ئەوەی کە زەوق و مرخێکی لەم چەشنە دژی عەقڵ و ئاوەزی مرۆڤە و، پیشاندەری ئەوەیە کە دەکرێ هەقیقەت بەشێوەیەکی شهوودی وەدەستبێ، ئەفلاتوون دێت تێکڕای شاعیران بەتاوانبار لە قەڵەم دەدا.

شاعیر چونکە هەم جێی باوەڕ نین، هەمیش تووکیان لێکراوە، بەرهەمیان چیتر نابنە بنەمای ئایین و ئاکاری یۆنانییەکان. هەر بۆیە ئەفلاتوون باسی ئەوە دەکا بەرهەمی شاعیر لە بابەت (گەوهەر) و سروشتی دوا واقیعی (ئەم جیهانە) زۆر درۆ دەکەن. بۆ نموونە لە (ئیلیاد)دا خێوان(*) هەر خەریکی درۆ و دەلەسە و فێڵ و فەرەجن. هەر بۆیە دەبنە یەکێک لە هۆیە سەرەکییەکانی ئازار و ئەشکەنجەی مرۆڤان. لەم بەرهەمانەدا تەنانەت مرۆڤەکانیش خەریکی قەڵسە لەیەک گێڕان و دزی و فزین و، ڕقیان لە یەکترە. ئەفلاتوون پێی وایە نووسراوەی لەم دەستە نموونەی (ئاکار و ڕەوشتی) خراپ دەخەنە بەردەست خەڵکی یۆنان، تەنانەت لەوانەیە، بەشێوەیەکی ئاسایی، وا لە خەڵکی بێ ورە و (نەفس بچووک) بکا کە بەرە دۆڵ و دەرەی جادووبازی و ئاکار پیسی لە ڕێ لادەن. ئەفلاتوون دواجار، لە (کۆمار)دا بەم ئاکامە دەگا کە دەبێ حاشا لەو کەسانە، واتە لەو شاعیرانە، بکرێ و (پێویستە) شاربەدەر بکرێن.

وێدەچێ ئەفلاتوون لە بەرهەمی دواتریدا، هەستی بەپێداویستی کۆمەڵگا بەشاعیر و لێهاتوویی شاعیر بۆ بەڕێوەبردنی (جێژنی قارەمانانی وڵات) کردبێ. کەچی سەرەڕای ئەمە تەنیا ئەو شاعیرانە بەشاعیر دەزانرێن کە «خۆیان باش بن و مایەی شانازی وڵاتەکەشیان بن». ئەفلاتوون بەم شێوەیە ئەرک و بەهای شاعیر لە نێو کۆمەڵگای خۆیدا دەسنیشان دەکا: شیعر هۆنینەوە لە پێناوی پێداهەڵگوتن بەیۆنانییە بەئەمەگەکان. شاعیر دەبێ (پشتیوان) و پارێزەری وڵاتەکەیان بن دەنا لە ماڵوحاڵیان شاربەدەر دەکرێن. دەبێ ئەم پسپۆرانە و کار و دەسکردیان (کە شیعرە) بەوردی بکەونە ژێر چاوەدێری و (چەقۆی) سانسۆرەوە.

ئەفلاتوون و قوتابخانەکەی، لە ڕێگای پێکەوە گرێدانی سیاسەت و ئەدەبەوە لە نێو جیهانڕوانییەکی بەڕواڵەت عەقڵانی و ئەخلاقیدا، بنەمای تیۆرییەکی پڕ پێچوپەنای ڕەخنەی ئەدەبییان دامەزراند، ئەو ڕەخنە ئەدەبییەی کە باسە بەردەوامەکانی خۆی، لە لێدوان سەبارەت بەبەها و

(*) واژەیەکە مامۆستا هێمن لە بری (رب النوع) یا(God) بەکاری هێناوە.



گەوهەر و بایەخی هونەرمەند و خودی ئەدەبەوە دەستپێکرد.

**ئەرەستوو** (٣٨٤-٣٢٢ پ.ز)

هەروەک چۆن ئەو چەشنە ڕەخنە ئەدەبییەی کە پێوەندی بەئاکار و ئەخلاقەوە هەبێ لە (بیر و بۆچوونی) ئەفلاتوونەوە دەسپێدەکا، هەر بەم شێوەیەش، پێداگریی ئەم جۆرە ڕەخنەیە لەسەر ئەو ڕەگەز و تایبەتمەندییانەی بەرهەمێکی ئەدەبی پێک دێنن لە (بیر و بۆچوونی) ئەرەستوو، قوتابی بەناوبانگی ئەفلاتوونەوە دەسپێدەکا. ئەرەستوو هەندێک لە بیر و بۆچوونەکانی ئەفلاتوون لە بابەت سروشت و گەوهەری واقیع ڕەت دەکاتەوە و، لێکۆڵینەوەیەکی وردەکارانە لەسەر جیهانی ماک دەستەبەر دەکا.

ئەرەستوو کە کوڕی پزیشکێکی خەڵکی (تراس) (Thrace) بوو، لە نێو جیهانی فیزیکی خۆیدا خۆشی ڕادەبوارد. پاش ئەوەی لە زانکۆ (Acad-emy) خوێندی و بەسەر ئەو شتانەی کە لەوێ فێریان دەکردن، واتە فەلسەفە و شێوازی پرسیارکردندا زاڵ بوو، ئینجا هات و قوتابخانەکەی، بەناوی لیسیۆم (Lyceum)، بۆ لێکۆڵینەوە و ئەندێشەی فەلسەفی و زانستی کردەوە. ئەرەستوو ڕێبازی زانستییانەی لێکۆڵینەوەی خۆی بۆ (تۆژینەوە) و خوێندنەوەی ئەدەب بەکارهێنا و، لە زنجیرە وتارێکدا بەناوی بوتیقا(8)، وەڵامی ئەو تاوانانەی داوە کە ئەفلاتوون دژی هونەری شیعر باسی کرد بوون. بەپێچەوانەی (بەرهەمی ئاسایی)(9) کە زێتر بۆ بڵاوکردنەوەی گشتی تەرخان دەکرا، بوتیقا (بەرهەمێکی تایبەتی)یە(10) کە تەرخان دەکرا بۆ بڵاوکردنەوەی هەڵبژاردە و، بۆ ئەو کەسانەی کە لە (قوتابخانەی) لیسیۆمدا بەشداریان دەکرد. ئەگەرچی ئەم کارە (واتە بوتیقا)، لە چاو کارەکانی تری ئەرەستوو، یەکێتی و ڕێکوپێکییەکی ئەوتۆی تێدا بەدی ناکرێ، بەڵام وەک یەکێک لە هەرە گرینگترین و

(8) Poetics (هونەری شیعر)

(9) Exoteric work

(10) Esoteric work

کاریگەرترینی ئەو بەرهەمانەی لەسەر ڕەخنە و تیۆری ئەدەبی دەدوێن (بۆ هەمیشە) دەمێنێتەوە.

بوتیقای ئەرەستوو لە ڕێگای وەگەڕخستنی توانای تۆژەرانەی خۆی، بۆ پێناسەکردنی تراژیدیا، بۆتە بەردی بناغەی ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆژاوایی. ئەرەستوو لە بوتیقادا، لە بابەت پاژە (11) پێکهێنەرەکانی بەرهەمی ئەدەبی باسێکی هێنایە ئاراوە کە تا ئیمرۆش ئەم باسە درێژەی هەبووە. بەداخەوە زۆربەی ڕەخنەگران و پسپۆرانی ئەم بوارە بەهەڵە پێیان وایە بوتیقا کتێبێکە لە چۆنێتی پێناسە و دەستەبەرکردنی هەتا هەتایی پێوانەکانی ئەدەب (بەتایبەت تراژیدیا) دەدوێ. بەڵام ئامانجی ئەرەستوو لە پاڵ یەک دانانی کۆمەڵێک یاسای موتڵەق بۆ هەڵسەنگاندنی تراژیدیا نەبوو، بەڵکو مەبەستی ئەوە بوو، بەو شێوەیەی بۆ خۆی لە سەردەمی خۆیدا لە کێشەکە گەیشتبوو، باسی چەند ئەسڵی گشتی تراژیدیا بکا، هاوکات جوابی ئەو بیر و بۆچوونانەی ئەفلاتوونیش بداتەوە.

تەنانەت (شێوەی) هەڵبژاردنی ناوی کتێبەکە، واتە بوتیقا، پیشاندەری مەبەستی ئەرەستووە، چونکی لە زمانی یۆنانیدا وشەی (Poetikes) بەواتای (ئەو شتانەی ساز کراون یا بەدەست دروست کراون) دێ. ئەرەستوو، هەروەک کاری بیۆلۆژیستێک (ژین ناسێک) لە کێشەی تراژیدیا دەکۆڵێتەوە بۆ ئەوەی پاژە پێکهێنەر یان بەشە دروستکراوەکانی بدۆزێتەوە.

لە دەسپێکی بوتیقادا، ئەرەستوو ئاماژە بەخاڵێک دەکا و دەڵێ: «شیعری حەماسی، تراژیدیا، کۆمیدیا، شیعری (دیتی ئامبیک)(12)(*)

(11) Component
(12) dithyambic

(*) دیتی ئامبیک بەدوو مانا بەکاردێ:
١- گۆرانی و جۆرە سەمایەکی تایبەت کە لە یۆنانی کەونارا بەخۆشی یەکێک لە خێوان (دیۆنیسۆس) دەیان گوت یان دەیان کرد.
٢- گوتە یان شیعری سەر ڕێژ لە هەست و سۆز. لە قامووسی ئینگلیسی - فارسی (حییم)دا بە(ساقی نامە) تەرجەمە کراوەتەوە.



و زۆربەی ئەو شانۆیانەی بەعود و فلوت بەڕێوە دەچن، تێکڕا لاسایی کردنەوەن». وێدەچێ بەڕواڵەت (ئەم ژانرانە) لەوەدا جیاواز بن کە چۆن چۆنی و لاسای چی دەکەنەوە، کەچی سەرەڕای ئەمە، ئەرەستوو لێرەدا لەگەڵ ئەفلاتوون یەک دەگرێتەوە و پێی وایە هەر هونەرێک خۆی (جۆرە) لاسایی کردنەوەیەکە. بەتایبەت هونەری شیعر بۆیە لە ئارادایە چونکی خەڵک خۆیان ئەو بوونەوەرە لاساییکەرەوانەن کە حەز بەلاساییکردنەوە دەکەن. ئەفلاتوون پێی وایە حەزێکی لەم جۆرە ژێرخانی کۆمەڵگا و سەرومڕی بەهاکانی تێک دەڕووخێنێ، بەڵام ئەرەستوو ئەم بۆچوونەی پێ ڕاست نییە. دژوازی نێوان ئەفلاتوون و ئەرەستوو، لە بنەڕەتدا، دەگەڕێتەوە بۆ باسێکی میتافیزیکی، واتە باسی سروشت و گەوهەری خودی (کێشەی) لاساییکردنەوە. ئەفلاتوون پێی وایە لاساییکردنەوە هەر دوو هەنگاو لە هەقیقەت یان (هەرێمی ئایدیال)(13) دوورە «لاساییکردنەوەی شاعیر بابەتێکە خۆی لاساییکردنەوەی ئایدیالە»، کەچی ئەرەستوو لەو باوەڕەدایە هونەری شیعر جیهانیتر و گشتیترە لەو شتانەی کە هەر (بەشێوەی واقیع) هەن. چونکی خۆ «ئەوە ئەرکی سەرشانی شاعیر نییە کە بێت و ئەو شتانەی ڕوویان داوە بەیەکەوە ببەستێتەوە، بەڵکو ئەرکی ئەو ئەوەیە ئەو شتانە بەیەکەوە گرێ بدا کە لەوانەیە ڕوو بدەن، ئەو شتانەی کە دەگونجێ بەپێی قانوونی شیمانە(*)، یان قانوونی پێداویستی ڕوو بدەن. ئەوە مێژوونووسە، نەک شاعیر، کە لەسەر ئەو شتانەی لەوە پێش ڕوویان داوە شت دەنووسێ». بەگوێرەی گوتەی ئەرەستوو، ئەرکی شاعیر ئەوەیە لەسەر ئەو شتانەی بۆیان هەبوو ڕوو بدەن شت بنووسێ: «بەم پێودانگە، شیعر لە چاو مێژوو (بابەتێکی) فەلسەفیتر و شتێکی بەرزترە، چونکی شیعر پێی خۆشە دیاردە (هەمەکی) و جیهانییەکان بدرکێنێ و، مێژوو بابەتە (هەندەکی) و تایبەتییەکان». لەسەر کێشەی ئەوەی شاعیر شت وەک «چۆن (لە واقیعدا) هەن» باس

(13) realmof the ideal

(*) (شیمانە) لە بەرامبەر (probability) یان (احتمال) دانراوە.

ناکەن بەڵکو بەشێوەی (دەبێ چۆن بن) لێیان دەدوێن، ئەرەستوو پشتی کردە ئەم چەمکەی ئەفلاتوون کە دەڵێ، شاعیر هەر تەنیا لاسایی لاساییکردنەوەیەک دەکاتەوە، چونکی ئەو شاعیرەی ئەرەستوو مەبەستێتی لە چاو ئەو شاعیرەی ئەفلاتوون باسی دەکا، ئەوەی ڕاستی بێ زێتر لە شاعیرێکی ئایدیال نیزیک دەبێتەوە، سەرەڕای ئەوەی لەسەر دەربڕینی شتە جیهانییەکانیش پێ دادەگرێ.

بەڵام وا نییە بڵێی لاساییکردنەوەی هەرچی شاعیرە وەک یەک وا بێ، چونکی «نووسەری خاوەن شان و شکۆی بەرز و بەرچاو لاسایی کردەی شایستەی قارەمانی شایستە دەکەنەوە، کەچی ئەو نووسەرانەی گەورەیی و گرینگییەکی ئەوتۆیان نەبێ چاولێکەری ئینسانی دەبەنگ و نەفس چکۆلە دەکەن.». بەڕای ئەرەستوو «کۆمیدی، لاساییکردنەوەی ئینسانی بێ قەدر و قیمەتە... وا نییە بڵێی بنەمای کەسایەتی ئەم جۆرە ئینسانانە لەسەر هەموو چەشنە خراپەیەک دامەزرا بێ، بەڵام کەسایەتییان (زێتر) و بەتایبەت لە گەپجاڕی و جۆرە هەڵە یان ناحەزییەکدا چڕ دەبێتەوە کە زەڕی بۆ کەس نییە و زەرەر و زیان لە کەس نادا.». ئەو شتەی ئەرەستوو چاوی سرنجی تێدەبڕێ ئەو تراژیدییانەن شاعیرانێک دەیاننووسن کە لاسایی ئاکاری شایستە و (کردەی) قارەمانی شایستە دەکەنەوە.

پێناسەی ئەرەستوو بۆ تراژیدی سەری لە زۆر خوێنەر شێواندووە و زەینییەتی زۆریشی ئاڵۆزکاندووە:

> کە وایە تراژیدی لاساییکردنەوەی ئاکارێکی شایستە و کامڵە و گرینگی و گەورەییەکی شایانی هەیە. تراژیدی جۆرە زمانێک بەکاردێنێ، کە بەشێوەیەکی هونەری و لەسەر دەستی هەموو چەشنە جوانکارییەکی زمانەوانی هەڵدەدا و باڵا دەکا. ئەم جوانکارییە زمانەوانییە بەجیا لە بەشە جۆراوجۆرەکانی شانۆدا بەکار دێ و بەشێوەی دراماتیک (14) و (کردەیی)، نەک گێڕانەوەیی(15)،

(14) dramatic
(15) narrative



> پێشکەش دەکرێ و، لە ڕێگای پیشاندانی ڕووداوی ترسهێنەر و بەزەیی هێنەر و، لە ڕێگای هەست و سۆزی (دوا بەدوای دیتنی) ئەم جۆرە ڕووداوانەوە وەدەس دێ.

کاتێک ئەم بیرۆکەیە لەگەڵ بیرۆکەکانی تری بوتیقادا بەراورد بکەین و هەڵی سەنگێنین، دەبینین پێناسەیەکی پڕ پێچوپەنای لەم دەستە ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئەرەستوو تێکەڵاوییەکی تەواوی لەگەڵ ڕەخنەی ئەدەبیدا هەبووە:

١- تراژیدی، یان بەرهەمێکی هونەری، لاساییکردنەوەی سروشتە و ڕەنگدانەوەی شێوەیەکی بەرزتری هونەرە کە دێت و کەسایەتی شایستە و کار و کردەی شایستەمان نیشان دەدا. کردەی لاساییکردنەوە خۆی چێژ و خۆشیمان پێدەخشێ.

٢- هونەر خاوەن (ڕوخسار) و فۆرمە. واتە ئەوەی تراژیدی، بەپێچەوانەی ژیان، دەسپێک و نێوەڕاست و کۆتایی هەیە و سەرلەبەری ئەم پاژانەش خۆیان پێکەوە پێوەندییان هەیە. کە وایە تراژیدی، بەتێکڕای پاژە جۆراوجۆرەکانییەوە، کە (وەک ئاڵقەی زنجیر) لێک گرێدراون، گشتێکی ئۆرگانیکە.(16)

٣- لە تراژیدیدا فۆرم چەندەی پێوەندی بەکەسایەتییەوە هەیە، دەبێ ئەوەندەش سرنجی بەپێکهاتەی(17) شانۆکەدا بێ، چونکی قارەمانی تراژیدی دەبێ (مرۆڤێک بێ کە بەشێوەیەکی ئاشکرا و زەق پیاو چاک و دادپەروەر نەبێ، سەرەڕای ئەوە وا نییە بڵێی خراپە و ئاکاری ناحەزی بوونەتە هۆی بەدبەختییەکەی، بەڵکو هەڵە و سستیی خۆی دەبنە مایەی ڕۆژە ڕەشی ئەو. قارەمانی تراژیدی دەبێ کەسێکی بەختەوەر بێ و ناویشی بەچاکە زڕا بێ.). جگە لەمانە، هەموو قارەمانێکی تراژیدی دەبێ کەموکورتی یان (هامارشیا)یەکی(18) تراژیکیان هەبێ، بەجۆرێک کە

(16) organic whole
(17) structure
(18) hamartia (فارسەکان لە بری ئەم واژەیە (نقطة ضعف)یان داناوە.)

ببێته هۆی (شکست) و هەرەسهێنانی ئەو قارەمانە. ئەم هەرەسهێنانەش دەبێ جۆرێک بێ نەبێتە هۆی ئازاری گیانی دادپەروەری جەماوەری (بینەر).

٤- تراژیدی دەبێ هەست و سۆزی بینەر ببزوێنێ و، لە ڕێگای (هەستی) بەزەیی و ترس و دڵەڕاوکەوە ببێتە هۆی بێ غەلوغەش کردنی دڵ و دەروونی بینەر و، لەسەر (کاتارسیس)[19]یان کاریگەر بێ، واتە ئەوەی تا کۆتایی پێهاتنی شانۆ، دەبێ هەست و سۆزی بینەر (لە هەر چی پیسی و پۆخڵییە) پاک بکرێتەوە و بپاڵێودرێ. (هەڵبەت ئەو شتەی ئەرەستوو لە ڕاستیدا مەبەستێتی، شیاوی دەمەتەقە و باسوخواسە.)

٥- دەبێ لەسەر بابەتە هەمەکییەکان[20] پێدا بگیرێت نەک هەندەکییەکان[21]، چونکی بەپێچەوانەی مێژوو کە خۆی بەو شتانەوە خەریک دەکا کە ڕوو دەدەن، شیعر (یان تراژیدی) باسی (دەگونجا چی ڕوو بدا) دەکا. هەر بۆیە (شیعر یان تراژیدی) لە هەقیقەت یان (قۆناغی کامڵبوون) نیزیکترن.

٦- نووسەر دەشێ سرنجێکی ورد بداتە خودی (شێوەی دەربڕین)[22] یان زمانی بابەتەکەی، جا ئەو بابەتە چ شیعر بێ، چ پەخشان و گۆرانی، بەڵام دواجار ئەو شتەی دەبێ ببێتە گەورەترین کێشەی نووسەر ئەو بیر و بیرۆکانەن کە لە ڕێگای زمانەوە دەریان دەبڕێ.

خاڵی سەرنجڕاکێش لەوەدایە لە سەرتاپای بوتیقادا نابینی ئەرەستوو ئاوڕی لە بەها و بایەخی (باری) پەروەردەکردنی شیعر و ئەدەب دابێتەوە. بەپێچەوانەی ئەفلاتوون کە کێشەی گەورەی مەسەلەی (چۆنێتی) بابەتی شیعر و کاریگەرێتی شیعر بەسەر خوێنەرەوەیە، ئەرەستوو لەسەر فۆرم یان پێکهاتەی ئەدەبی پێ دادەگرێ و، خۆی بەتاوتوێ کردنی پاژە

(19) Catharsis .(لە فارسیدا لە جیاتی ئەم زاراوەیە (احساس شفقت)یان داناوە

(20) universal

(21) particular

(22) diction



پێکهێنەرەکانی تراژیدییەوە خەریک دەکا و، دەیەوێ بزانێ دەبێ ئەم پاژانە چلۆن پێکەوە بکەونە کار و (ئەرکی خۆیان وەعۆدە بگرن) بۆ ئەوەی گشتێکی یەکگرتوو پێک بێنن.

لە ڕێگای نووسراوەکانی ئەم دوو هونەرمەند و فەیلەسووفەوە، واتە ئەفلاتوون و ئەرەستوو، ئەو کێشە و پرسیار و باسوخواسانە بوون بەباو کە (بەردەوام) بۆ پەرەپێدان و پێشکەوتنی زۆربەی هەرە زۆری قوتابخانە ڕەخنەییەکان، هەوڵی بێ وچانیان داوە. هەر لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە تاکو ئێستا، زۆر ڕەخنەگر (هەوڵیان داوە)، بەئاوڕدانەوە لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی هزر و ئەندێشەی یۆنانیانی سەدەی پێنجی پێش زایین، کۆمەڵێک تیۆری ڕەخنەی ئەدەبی دابهێنن کە هانمان بدەن بۆ ئەوەی پرسیارگەلێکی هەمە چەشن و، لە هەمان کاتیشدا ڕەوا و بەجێ سەبارەت بەدەق بێنینە ئاراوە. بەڵام سێبەری ئەفلاتوون و ئەرەستوو دەکشێتە سەر زۆربەی ئەو بابەتانەی کە تیۆریستەکانی دوای خۆیان پشتی پێدەبەستن.

**هۆراس (٦٠-٨ پ.ز.)**

پاش ئەوەی گەورەیی و شانوشکۆی یۆنان و هونەرمەند و فەیلەسووفەکانی دوایی پێهات، پیاوێک هاتە مەیدانەوە کە بوو بەمایەی مەزنایەتی میللەتی ڕۆم و، شێوازناسێکی گەورەی لێدەرهات. ئەو پیاوە (کوونیتوس هۆراتیوس فلاکوس)[23] یان بەکورتی هۆراس بوو. هۆراس کە دۆستی هەرەنیزیکی ئیمپراتۆر ئۆگستوس و زۆربەی میر و مەزنانی ڕۆم بوو، هەم خاوەن سامان و سەرمایەکی زۆر بوو، هەمیش لە دەسەڵات وەدەستڕۆیشتوویی ئەم هەڤاڵانەی کەڵکی وەردەگرت. هۆراس لە نامەیەکدا بۆ کوڕەکانی یەکێک لەو هەڤاڵ و هاوڕێیانەی، باسی هەندێک شتی کرد کە دواتر لە سەدەکانی ناوەڕاست و ڕێنسانس و زۆرینەی چاخی نیئۆ کلاسیک، بوو بەپێوانەیەکی ڕەسمی بۆ (سەنگ و سووک کردنی) چێژی ئەدەبی. هەر میرێکی ڕۆمی، هەر خان و دەرەبەگێکی سەدەکانی ناوەڕاست

(23) Quintus Horatius Flaccus

و، هەتا خودی ئەلیکساندر پاپ دەیانتوانی لە ڕێی خوێندنەوەی ئەم نامەیە و (Ars Poetica) کەی، یان (هونەری شاعیری)کەیەوە ئاگاداری پێوەرەکانی ئەدەبی باش، یان ئەدەبی شایان بن.

هەرچەند لەوانەیە هۆراس لەگەڵ بەرهەمەکانی ئەرەستوودا ئاشنایەتی هەبووبێ، بەڵام بابەت و باسەکانی ئەو یەکسەر (لە ئی ئەرەستوو) جیاوازن. لە کاتێکدا هەم ئەفلاتوون، هەمیش ئەرەستوو، حوکمی ئەوە دەدەن شاعیر دەبێ حەتمەن لاسایی سروشت بکاتەوە، هۆراس پێی وایە شاعیر دەبێ لاسایی شاعیرانی تر و بەتایبەت شاعیرانی ڕابردوو بکاتەوە. هۆراس کە لە چاو پێشینیانی خۆی، هۆگری بەمیتافیزیکەوە کەمتر بووە، هەندێک داب و دەستووری پراکتیکی بۆ شاعیران دەسنیشان کردووە. هۆراس دەڵێ: بۆ ئەوەی کەسێک بەنووسەرێکی باش بێتە ئەژمار، دەبێ بەشێوەیەکی نوێ لەسەر بابەتگەلی سوننەتی(*) شت بنووسێ. جگە لەمە شاعیر دەبێ لە سنووری باسی وەکو کێشەی بابەت، وشەبژێری (word choice)، گەنجینەی واژەی زمان (vocabulary) و شێواز نیزیک نەبێتەوە و خۆ ببوێرێ. جا گەر کەسێک هات و ویستی لەم بوارانەدا نووسەرێکی کارزان و کارامەی لێدەربێ، ئەوە دەبێ شوێن هەندێ نموونەی (شوێنەواری) نووسەرانی ڕۆم و یۆنان بکەوێ و بیانخوێنێتەوە. بۆ وێنە، لە سۆنگەی ئەوەی کە نووسەرانی پێشوو حەماسە-یان لە نێوەڕاستی(24) شتەکانا دەسپێدەکرد، ئیتر هەرچی حەماسەیە دەبێ لە نێوەڕاستی شتەکانا دەسپێبکا. لە هەمووان گرینگتر، نووسەر دەبێ لەوەی کە ببێتە مایەی گاڵتە پێکردنی (ئەم و ئەو) و، دواجار وای لێبێ ڕێبازێکی بەرتەسک و (بچووک) بگرێتەبەر خۆ بپارێزێ و هەروەتر نابێ هەوڵی ئەوەش بدا ببێتە ویرژیل یان هۆمێرێکی نوێ.

هۆراس پێی وایە دوا ئامانجی ئەدەب ئەوەیە کە (dulce et utile)، یان

(*) من لەم وەرگێڕانەدا لە بری واژەی (tradition)، (سوننەت)م داناوە، هەرچەند لە شوێنی تر (نەریت) و خودی (ترادیسیۆن)یان بەکارهێناوە.

(24) medias res



بەچێژ و بەکەڵک بێ. بەبڕوای هۆراس باشترین (جۆری) نووسین هەم فێر دەکا، هەمیش چێژ دەبەخشێ. بۆ گەیشتن بەم مەبەستە، شاعیر دەبێ لە وەرگری بابەتەکەی بگا و (بیناسێ): خوێنەری لێزان و لێهاتوو لەوانەیە پێیان خۆشبێ فێرە شت بن و، خوێنەری تریش (واتە خوێنەری ئاسایی و عادەتی) پێیان خۆشبێ هەروا سووک و سادە بابەتەکە بخوێننەوە و سەری خۆیانی پێوە بخافڵێنن. ئەرکی شاعیر ئەوەیە، لە بەرهەمی ئەدەبیدا، ئەم دوو لایەنە، واتە بەکەڵک بوون و چێژ بەخشینی بابەتەکە تێکهەڵکێش بکات.

هۆراس کە زۆرجار کێشەکانی (بەنیوەچڵی باس کردووە، یان بەهەڵە تێیان گەیشتووە، بۆ (پەرەپێدانی توانایی) و لێهاتوویی داهێنەر ڕێنوێنییەکی پراکتیکی بخاتە بەردەست نووسەری خوازیار، کەچی لە هەمان کاتدا خۆی لە قەرەی زۆربەی کێشە فەلسەفییەکانی ئەفلاتوون و ئەرەستوو نەداوە، بەبڕوای هۆراس پێداهەڵگوتنی خەڵک بەشاعیر گەورەترین شاباشی شاعیرە.

**لانگینیوس (سەدەی یەکەمی زایین)**(25)

ئەگەرچی مێژووی لە دایکبوون و شوێن و زێدی لانگینیوس قسە و باسی زۆری لەسەرە، بەڵام لە سایەسەری وتارێکیدا بەناوی (لە بارەی سابلایم-ەوە)،(26)(*) جێگە و پێگەیەکی گرنگی لە مێژووی ئەدەبیدا بۆ خۆی دۆزیوەتەوە. لانگینیوس کە ڕێی تێدەچێ لە بنەڕەتەوە یۆنانی بێ، زۆرتر دەستەواژەی عیبری دەکاتە هەوێنی نووسراوە بەزمانی یۆنانی و ڕۆمییەکانی، کەواتە بۆی هەیە بەیەکەمین ڕەخنەگرێک لە قەڵەم بدرێ کە لە سوننەتی ئەدەبیی جۆراوجۆر بابەت بەقەرز وەردەگرێ. هەروەتر مافی ئەوەی پێدەدرێ بەیەکەمین ڕەخنەگری بەراوردکار لە مێژووی ئەدەبیدا بێتە

(25) Longinus (لانجاینس-یش دەخوێندرێتەوە)

(26) Sublime

(*) تایبەتمەندییەکی شیعرییە، کە لانگینیوس گوتەنی، ئەگەر لە شیعرێکدا بەدی بکرێ، دوای خوێندنەوەی ئەو شیعرە، ڕوومەتی مرۆ سوور دەبێتەوە. لە وەرگێڕانە فارسییەکاندا هەم (اسلوب عالی) بەکار براوە، هەمیش (شکوه سخن).

ئەژمار.

بەپێچەوانەی ئەفلاتوون و ئەرەستوو و هۆراس کە هەر کام بەنۆبەی خۆیان لەسەر گەوهەری کاری ئەدەبی و پاژە بنەڕەتییەکانی بەرهەمی ئەدەبی و چێژی ئەدەبی پێدادەگرن، لانگینیوس سرنجی سەرەکی خۆی دەداتە ڕەگەزە (element) تاکەکانی بەرهەمێکی ئەدەبی. لانگینیوس یەکەمین ڕەخنەگرە کە (تایبەتمەندییەکانی) پسپۆرێکی ئەدەبی پێناسە دەکا.

لانگینیوس دەڵێ، کەس ناتوانێ بەدروستی بەرهەمێکی ئەدەبی هەڵسەنگێنێ، مەگەر ئەوەی خوێنەوارێکی زۆر باش بێ، ڕەخنەگرێک کە خوێنەوارییەکی باشی هەبێ توانای ئەوەی هەیە بەرهەمی گەورە، یان ئەو شتەی هۆمێر پێی دەڵێ (بەرهەمی بەرز و بەشکۆ) بناسێ و سەنگ و سووکی بکا: «چونکی (بەرهەمی ئەدەبی) بەڕاستی شتێکە گەورە و گران کە تاقیکردنەوەیەکی بەردەوام دووپات کراوە لە ناخی خۆیدا هەڵدەگرێ. خۆڕاگری (خوێنەر) لە بەرامبەریدا ئەستەمە، یان هەر مومکین نییە و، بیرەوەرییەکەی وا (لە دەروونداا) ڕەگ دادەکوتێ گرانە لە بیر بچێتەوە.». هۆمێر ئەوە دەسەلمێنێ کە سەرومڕی خوێنەران هەر لە هەناوی خۆیاندا توانایی ئەوەیان هەیە بەبەرز و بەشکۆ بوونی (بابەتێک) بزانن، لەبەر ئەوەی کە «سروشت ئێمەی مرۆڤی وا ڕاهێناوە بوونەوەرێک نەبین شەرم لە (بوونی) خۆمان بمان گرێ و شانازی بەخۆمان (وەک مرۆڤ) نەکەین، چونکی عەشق و ئەوین، نەمری و ئەبەدییەتی سەرلەبەری ئەو شتانەی بەرز و بەنرخن و لە خۆماندا خوداییترن دەترنجێنێتە نێو ڕۆح و گیانمانەوە.». ئەو کاتەی عەقڵ و هەست و ئیرادەمان، هەموویان بەتێکرایی و شان بەشانی یەک، لە ئاست کارێکی هونەری دێنە دەنگ، پەی بەم ڕاستییە دەبەین کە ئەوە گەورەیی و بەشان و شکۆ بوونی ئەو بەرهەمەیە کار دەکاتە سەر ئێمە.

تا دوایین سالآنی سەدەی حەڤدە کەم کەس هەبوو وتاری (لە بارەی سابلایم-ەوە)ی لانگینیوس بەگرینگ لە قەڵەم بدا، یان هەر نەبێ



بیخوێنێتەوە. کەچی لە سەدەی هەژدەهەمدا بەگرینگی ئەم بابەتەیان زانی و ئەمجار زۆر نووسەری بەناوبانگ ئاماژەیان پێدەکرد و باسیان لەسەر دادەمەزراند. شێوازی ڕەخنەیی لانگینیوس کە لەسەر نووسەر و خودی بەرهەمەکە و هەڵوێستی خوێنەر پێدادەگرێ، سێبەری بەسەر ڕەخنەی نوێ و هەڵوێستی خوێنەر و قوتابخانەکانی دیکەی ڕەخنەی ئەدەبی سەدەی بیستەمدا کشاندووە.

### دانتێ ئالیجییری (١٢٦٥-١٣٢١)(27)

دانتێ کە لە شاری فلۆرێنسی ئیتاڵیا و لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە دایک بووە، تاکە کەسێکە لە سەردەمی لانگینیوس و بڵاوبوونەوەی وتارەکەیەوە، (لە بارەی سابلایم-ەوە) (بەم لاوە) کە دەورووبەری هەزار ساڵ دەگرێتەوە، لە ڕەخنەی ئەدەبیدا دەستی هەبووە. دانتێش، وەکو لانگینیوس، لەسەر ئەم باوەڕەیە شیعر پێویستی بەزمانی شایستە و پڕ بەپێستی خۆی هەیە. دانتێ کە لە سۆنگەی هەندێ هۆی سیاسی، لە زێدی خۆی، فلۆرێنس، شاربەدەر کرابوو، زۆربەی بەرهەمەکانی خۆی لە تاراوگەدا نووسی کە یەک لەوان شاکارەکەیەتی بەناوی (کۆمیدی خوایی)(28). دانتێ نامەیەکی بۆ (کان گراندێ دێلا سکالا)(29) نووسی و، تێیدا باسی تیۆری ئەدەبی خۆی بۆ کرد. ئەم نامەیە، لە ڕاستیدا پێشەکییەک بوو بۆ بەشی سێهەم، واتە دوایین بەشی کتێبی (کۆمیدی خوایی) لە ژێر سەردێڕی (پارادیزۆ)(30) (بەهەشت). ئەم نامەیە کە ئیمڕۆ بە(نامە بۆ کان گراندێ دێلا سکالا) ناسراوە، باسی ئەوە دەکا، ئەو زمانەی خەڵک پێی دەدوێن (زمانی عەوام، باو، یان خۆماڵی) زمانێکی جوان و شایانە بۆ نووسین.

تا بەر لە بڵاوبوونەوەی ئاسەواری دانتێ، لاتین زمانێکی هەمەکی و

(27) Dante Alighieri
(28) Divine Comedy
(29) Can Grande della Scala
(30) Paradiso

جیهانی بوو، هەرچی بەرهەمی نووسراوەی گرینگ هەبوو، هەر لە بەڵگەی کڵێسا و مێژووەوە بیگرە تا دەگەیە تەنانەت حوکمی دەوڵەتیش، سەرلەبەریان بەم زمانە کڵێساییە ڕەسمییە دەنووسران. بەتەنیا هەر بەرهەمی ئاسایی یان ئاسەواری عەوام پەسند بەزمانی عامیانەی باوی نێو جەماوەر دەنووسران. بەڵام لەم نامەیەدا دانتێ پێ لەسەر ئەم باوەڕەی دادەگرێ و دەیسەلمێنێ کە بۆ بەرهەمی ئەدەبی زمانی خۆماڵی و عامیانە کەرەسەیەکی زۆر باش و پەسند کراوە.

هەروەها لەم نامەیەدا دانتێ ئاماژەی بەوە کردووە کە لە (کۆمیدی خوایی)دا چەندین ئاستی ڕاڤە، یان (مانای هێماخوازانەی)[31] بەکارهێناوە. لە سەردەمی ئۆگۆستینی پیرۆزەوە و بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست، قەشەی کڵێسا داب و دەستووری (خوێندنەوەیەکی تەمسیلی)[32] کتێبی پیرۆزیان ڕەچاو کرد بوو کە (ئەم جۆرە خوێندنەوەیە) زۆربەی یاسا و چیرۆکەکانی ئینجیلی (بەڵێنی کۆن)[33] وەک هێما یان تەمسیلی (allegory) ئاکاری عیسا ڕاڤە دەکرد. (ڕاڤەیەکی نیشانە ناسانە)ی[34] لەم دەستە – واتە خوێندنەوەی نیشانەکان – هەر تەنیا بۆ کتێبی پیرۆز بەکار دەبرا. تا پێش (کۆمیدی) دانتێ هیچ بەرهەمێکی غەیرە ئایینی ئەم (چەمک) و ئەسڵانەی سەر بەڕاڤەی هێماخوازانەی بەکار نەهێنابوو.

دانتێ شیعری لیریکی (Lyric) خۆش دەویست و بەباڵایدا هەڵدەگوت، بەڵام لە باسکردنی ژانرەکان (جۆرە ئەدەبییەکان) خۆی دەپاراست. جا هەرچەند ناکرێ بڵێین دانتێ تاکە شاسواری مەیدان بوو، بەڵام (بێگومان) وەک ڕەخنەگرێکی پێشەنگ و گەورە و گرینگی سەدەکانی ناوەڕاست خۆی ناساند. لە سایە سەری ئەم بۆچوونەی دانتێ کە دەیگوت زمانی باوی نێو

(31) symbolic meaning

(32) allegoric reading

(33) Old Testament

(34) Semiotic interpretation



عەوام بۆ (نووسین) و دەربڕینی ئەدەب زمانێکی پەسند کراوە، ڕێژەی خوێنەری بەرهەمی ئەدەبی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پەرەی ئەستاند.

### سێر فیلیپ سیدنێی (١٥٥٤-١٥٨٦)[35]

بەدرێژایی سەرلەبەری سەدەکانی ناوەڕاست، کاری تیۆری و ڕەخنەی ئەدەبی ئەوەندە کەم و بەدەگمەن کراوە کە هێشتاش ناتوانێ ئەو هەموو چالاکی و تێکۆشانەی زۆری کاری ڕەخنەیی سەردەمی ڕێنسانس قەرەبوو کاتەوە. یەک لە ڕەخنەگرانی ئەم قۆناغە کە زۆر لەوانی دیکە هەڵکەوتەتر بوو (سێر فیلیپ سیدنێی)یە. سیدنێی کە وەک نوێنەرێکی شایستە و نووسەر و پسپۆری ڕێنسانسی ئینگلستان چاوی لێدەکرێ، زۆرجار بەیەکەم شاعیر و ڕەخنەگری گەورەی ئینگلیسی لە قەڵەم دەدرێ. بەرهەمێکی سیدنێی بەناوی (عوزرمایی خواستنێک بۆ شیعر)[36] جاروبارە پێی دەڵێن (بەرگری ئەدەب))[37] بە(پوختەی ڕەخنەی ئەدەبی ڕێنسانسی ئیتاڵیایی) و یەکەم دەقی کاریگەری ڕەخنەی ئەدەبی لە مێژووی ئینگلیسی دێتە ئەژمار. سوننەتی ئینگلیسی و مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی لە سیدنێییەوە دەسپێدەکا.

سیدنێی لە تیۆری ڕەخنەگرانەی خۆیدا، هەر وا کە لە (عوزرمایی خواستێک بۆ شیعر)یشدا بەئاشکرایی دەبینرێ، بیر و بۆچوونەکان گوڵبژێر دەکا، هەر بۆیە دەبینین تیۆرییەکانی ئەفلاتوون و ئەرەستوو و هۆراس و هەندێک ڕەخنەگری ئیتالیایی هاوچەرخی خۆی بەقەرز وەردەگرێ، یان زۆر جار (دەستیان تێوەردەدا) و ساغیان دەکاتەوە. سیدنێی ڕەخنەی خۆی لە قسەکانی ئەرەستووەوە دەسپێدەکا و دەنووسێ:

(کەوایە (poesy) هونەری لاسایی کردنەوەیە، بۆ ئەمەش ئەرەستوو وشەی (memesis) بەکار دێنێ، بەواتای پیشاندان و لاسایی کردنەوە و نواندن)،

(35) Sir Philip Sidney

(36) An Apology for poetry

(37) Defence of poesy

بەڵام پاشان هەشت دێڕ دواتر سرنجێکی هۆراسی پێ زیاد دەکا و مەبەستی سەرەکی (poesy) بەم چەشنە دەسنیشان دەکا:

(فێر کردن و چێژ وەرگرتن). سیدنێی هەر ڕێک وەک ئەرەستوو، شیعر لە چاو قانوون و فەلسەفە و مێژوو زیاتر دەنرخێنێ، بەڵام هەنگاوێ لە ئەرەستوو زیاتر دەچێتە پێشێ و، پێی وایە شیعر پتر لە هەر هونەر و زانستێک هەقیقەت لە ئامێز دەگرێ.

بەپێچەوانەی پێشینیانی خۆی، سیدنێی بەباشترین شێوە قۆناغی ڕێنسانس پێناسە دەکا، (بەتایبەت) ئەو کاتەی دێت و یاسا و ڕێسا ئەدەبییەکانی خۆی دەنووسێتەوە. دوا بەدوای ئەوەی ژانرە ئەدەبییە جۆراوجۆرەکان پۆلێن دەکا و هەر هەموویان دەخاتە خانەی ئەدەبی فێرکارییەوە، باسی ئەوە دەکا کە شیعر دەکەوێتە ژوور هەموویانەوە و (لە هەمووان بەنرخترە). سیدنێی ژانرەکانی دیکە (بۆ نموونە تراژیکۆمیدی) بەهیچ دانانێ و، لە ڕێگای پێ داگرتنی لەسەر یەکێتی و کردە و کات و شوێن، چەند سرنجێکی تر بەتراژیدی ئەرەستوویی زیاد دەکا.

سیدنێی لە (عوزرمایی خواستنێک بۆ شیعر) بەدژی ئەوانەی پێیان وابوو شیعر کردەیەکی بێ عەقڵانە و غەیرە ئەخلاقییە، بەدڵ و گیان پشتی شیعر دەگرێ. لە دوا بەشی وتارەکەدا، شاعیرێکی عاتیفی و تا ڕادەیەک ئەفلاتوونیانەی هەست وەخرۆش هاتوو تووک و نزا لە تەواوی ئەو کەسانە دەکا شیعریان خۆش ناوێ. زایەڵەی دەنگی عاتیفەگەراییەکی لەم چەشنە، بەدرێژایی سەدەکان، لە گوێی ئەدەبی ئینگلیسی و بەتایبەت نووسینە ڕۆمانتیکەکانی بریتانیدا دەزرینگێتەوە.

### جان درایدن (١٦٣١-١٧٠٠)[38]

جان درایدن-ی سەرتۆپی شاعیران و شانۆنامەنووس و ڕەخنەگر، پتر لە هەموو نووسەرێک هەڵگری ڕۆح و ئامانجە مەزنەکانی نیوکلاسیسمە، ئەو

(38) John Dryden



قۆناغە ئەدەبییەی دوا بەدوای سیدنێی و ڕێنسانس سەری هەڵدا. دکتۆر ساموئیل جانسۆن[39] بەم چەشنە درایدن دەناسێنێ: «درایدن بووە هۆی باشتر بوون یان ڕەنگە کامڵبوونی کێشی (شیعر) و، پڕ و پاراو بوونی زمانەکەمان و، ڕاست و دروست بوونی هەست و عاتیفەمان.».

درایدن کە بەماندوو نەناسترین نووسەری قۆناغی (هاتنەوە سەرکاری پاشایەتی)(*)(Restoration) ناسراوە، کەم و زۆر لە هەموو ژانرەکاندا دەستێکی باڵای هەبوو. دوایین خەڵاتێک کە درایدن پێشکەشی ڕەخنەی ئەدەبی کرد، (وتارێک لەسەر ئەدەبی دراماتیک)[40]، پێشاندەری مرخ و زانایی درایدنە لە ئاست زۆربەی هەرە زۆری ئەم ژانرانە.

پێکهاتەی (وتارێک لەسەر ئەدەبی دراماتیک) پێشاندەری ئازایەتی درایدنە: بەدرێژایی شەڕی زەریایی نێوان ئینگلیس و هۆلەند، پیاوانی ئێمەی (ئینگلیسی) پاپۆڕێک لەسەر ئاوی چەمی (تامز) (Thames) وەڕێ دەخەن و، هەر کامەیان، لە نێو ئەو کەسانەی بەشێوەیەکی سرنجڕاکێش لایەنگری لە ڕێنسانس و ڕەخنەی ئەدەبیی نیوکلاسیک دەکەن، پشتیوانی خۆیان لە تیۆرییەکی جوانی ناسانە دەربڕی. باسەکە لە دەمەتەقەیەکی ئەرەستوویی و ئەفلاتوونییەوە کە لە بابەت بوونی هونەر، وەک لاسایی کردنەوەی سروشت دەدوێ، دەسپێدەکا. یەکێک لەم دوو لایەنە پێی وایە کە دەشێ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لاسایی سروشت بکرێتەوە، کەچی لایەنەکەی تر دەڵێ: نووسەر دەبێ لاسایی کاری داهێنەرانی کلاسیکی وەکو هۆمێر بکەنەوە، چونکی هەرچییەک بێ ئەم نووسەرە دێرینانە باشترین لاساییکەرەوانی سروشت بوون. لە ڕێگای دەنگی نیئاندێرەوە (Neander)، درایدن باسی تایبەتمەندییە باشەکانی هەردوو لایەنەکە دەکا.

(39) Dr. Samuel Johnson

(*) دامەزراندنەوەی پاشایەتی بریتانیا، لە ساڵی ١٦٦٠، ئەو کاتەی چارلزی دووهەم بوو بەپاشا.

(40) An Essay of Dramatic Poesy

دوا بەدوای ئەمە، باسێکی درێژ خایەن لەسەر چەمکی ئەرەستوویی سێ یەکەی کات و شوێن و کردەوەی شانۆ دێتە ئاراوە. ئایا دەبێ گەڵاڵەی (plot) شانۆ لە ماوەی یان دەورێکی ٢٤ سەعاتیدا ڕوو بدا؟ هەر لە یەک شوێن و جێگەشدا؟ ئایا ئەم شانۆیە دەبێ هەر تاکە یەک گەڵاڵەی هەبێ، ئیتر بەبێ هیچ وردە گەڵاڵە، یان کردەوەیەکی تر؟ ئەو دۆخەی کە شانۆیەک دەشێ ئەم سێ یەکەیە بەیەکەوە گرێ بدا و (لەگەڵ یەک کۆیان کاتەوە)، بێگومان گرەوی باسەکە دەباتەوە.

کێشەکانی تر سەرنج دەدەنە (١) زمان، یان (شێوە دەربڕینی)(41) زمانی شانۆ، بەپێداگرتن لەسەر ئەم ڕاستییە کە دەبێ (ئەم زمانە) لە ئاخافتنێکی (باش)دا جێی خۆی بکاتەوە. (٢) کێشەی گونجاو بوون، بۆ وێنە، ئایا دەبێ بەگژداچوون و تووڕە بوون لەسەر سەکۆ بنوێندرێ؟ وەک دوایین قسە باسکردنی ئەم حاڵەتانە لە بنەڕەتەوە نەگونجاو و (نامناسب)ە.

(٣) جیاوازییەکانی شانۆی فەرەنسەیی و شانۆی ئینگلیسی، لەگەڵ ئەم ڕاستییە کە شانۆی ئینگلیسی بەهۆی هەمەجۆر بوونی، بەهۆی کەڵک وەرگرتنی (بەجێی) لە سەکۆ، بەهۆی سوننەتی شیکسپیریی و، بەها و بایەخی شیعری سەرواداری، لە بەرامبەر شیعری ئازادی(*) نێو دراما و، بەهۆی ئەوەی شیعری سەروادار شیعرێکی باشترە، هەر لەبەر هەموو ئەو هۆیانە سەرکەوتووە، هەرچەند درایدن دواتر حاشای لەم بۆچوونانەی کرد و زۆربەی تراژیدییەکانی خۆی بەشیعری ئازاد نووسی.

درایدن کە بارودۆخی ڕۆژگاری خۆی لە کارەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە پشتگیری ئەم تایبەتمەندییە چاوەدێریکەرانەی بەرهەمی ئەدەبی دەکا: ئاکار جوانی، ئاشکرایی، تەکووزی،(42) گونجاو و (مناسب) بوون، ناسکی و

(41) diction

(*) (blank verse) ئەو شیعرانەی هەر دێڕە و دە بڕگەیان هەیە و بێ سەروان. لێرەدا لە بەرامبەر (شیعری سەروادار) (rhymed verse) هاتووە.

(42) order



تورتی (زەریف بوون) و وریایی و وشیاری.

**ئەلیکساندر پۆپ (١٦٨٨-١٧٤٤)**

ئەلیکساندر پۆپ(43) لە بنەماڵەیەکی کاتۆلیکی ئەسڵە ڕۆمی و لە ئینگلستانی ژێر دەسەڵاتی پرۆتێستانت لە دایک بوو. سەرەتا مناڵێکی ساغ و سەلیم بوو، بەڵام هەر زوو بەهۆی نەخۆشی سیلی مۆرەی پشتی، لەشی تێک قوپا و (بەجارێک) عەیبدار بوو. پۆپ کە لە سەرەتای قۆناغی نیوکلاسیکدا لە دایک بوو، (دواتر) لە بیست ساڵاندا بوو بەدەنگی (دیاری) ئەدەبی ئەو چاخە و، لە ڕێگای نووسراوەکانییەوە باسی (زۆر بابەتی) فیکر و ڕەخنەی ئەدەبیی سەدەی هەژدەهەمی دەکرد. پۆپ بەبڵاوکردنەوەی شیعرە سەرەتاییەکانی، وەک (دەسدرێژی بۆ زوڵف)(44)، (لە ئیلۆسیاوە بۆ ئابێلارد)(45)، (شوان نامەکان)،(46) وەک یەکێک لە شاعیرە سەرەکییەکانی بریتانیا ناسرا، بەڵام کە (وتار لەسەر ڕەخنە)ی(47) نووسی، ئیتر لە سۆنگەی ئامانجە پراکتیکییەکانی ئەم کارەوە، بوو بە(پۆپی ئەدەبی) ئینگلستان.

پۆپ لە وتارەکەیدا، بەپێچەوانەی تیۆریست و ڕەخنەگرانی پێشوو، لە بری ئەوەی ڕووی قسەی لە شاعیر بێ، ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕەخنەگرێتی، لە هەمان کاتیشدا بەتایبەتمەندییەکانی ڕەخنە و تیۆری ئەدەبیی نیوکلاسیکدا دێتەوە و (دەستێکیان پێدا دێنێ) و ڕێکوپێکیان دەکا. بەم حاڵە تا لە دوا بەشی وتارەکە نیزیک دەبێتەوە ڕووی قسەی بەرەو ڕەخنەگر هیچ، بەرەو شاعیریش وەردەسوورێ.

بەباوەڕی پۆپ سەردەمی زێڕینی ڕەخنە سەردەمی کلاسیکە، سەردەمی هۆمێر و ئەرەستوو و هۆراس و لانگینیوس. ئەمانە نووسەرانێکن یاسا و

(43) Alexander pope
(44) The rape of the Lock
(45) Elosia to Abelard
(46) Pastorals
(47) Essay on criticism

قانوونەکانی سروشتێکی ڕێکوپێک و هاوئاهەنگیان دۆزیوەتەوە. یەکەم ئەرکی ڕەخنەگر و شاعیر ئەوەیە ئەم نووسەرانە بناسن و پاشان لاسایی ئەوان بکەنەوە، نەک سروشت، چونکی (لاسایی کردنەوەی سروشت)، لاسایی کردنەوەی ئەوانە (واتە نووسەرانی کلاسیک).

پۆپ بەپێداگرییەوە دەڵێ: پێداویستی سەرەکی شاعیرێکی باش ئەوەیە خاوەن مرخێکی خوا پێداو بێ و (ئەو مرخە) تێکەڵاوی زانیاری لەسەر سەردەمی کلاسیک و، ئاوێتەی تێگەیشتن لە یاساکانی شیعر (ئەدەب) بێ. جا زانیاری و تێگەیشتنێکی لەم دەستە دەشێ بەخووی جوان و ڕەفتاری باش برازێتەوە، چونکی (هەقیقەت بێ ئاکاری جوان هەر تاقە پووشێک ناهێنێ، ئەوە ئاکاری شیرینە عەشقی مەزن دەخولقێنێ.) پۆپ دەڵێ: پاش ئەوەی مرخی خوا پێداو و ئاکاری جوان دابین کران، ڕەخنەگر و شاعیر دەبێ لە هەندێ یاسای تایبەت ورد ببنەوە و، سرنجیان پێبدەن. بۆ ئەوەی کەسێک ببێتە ڕەخنەگر، یان شاعیرێکی باش دەبێ پەیڕەوی لە سوننەتە سەقامگیر کراوەکان بکا، ئەویش بەو جۆرەی پێشینیان ناساندوویانە. سەیر نییە ئەگەر پۆپ حوکمی ئەوە دەدا ئەم یاسایانە چین و دەبێ چۆنا و چۆن لە پێناوی پەخشانی سەدەی هەژدەهەمدا بەکارببرێن. پێداگرتنی زۆر لەسەر شێوە دەربڕینی شاعیرانە، واتە سەقامگیر بوونی (بەیتی موتەقارب)(48) وەک پێوانەیەکی باو بۆ شیعر و، هەروەها ڕۆح بەبەرداکردنی بیرۆکە سەلتەکان، بوونە پێوانە و کێشانەیەکی نەگۆڕ، کەچی هەڵچوونی عاتیفی و شیعری ئازاد، نائاسایی لە قەڵەم دەدران و، وەک (ڕەوشتێکی) نەپاڵێودراو چاویان لێدەکرا.

وەکی پۆپ باسی دەکرد، شیعر لەژێر چاوەدێری یاسا و پاوان و چێژ و زەوقی باش، بەدوای سەلماندن و ناساندنی ئەو هەقیقەت یان یەقینانەدا دەگەڕێ کە نووسەرانی کلاسیک دۆزیبوویانەوە. ئاشکرایە وەزیفەی ڕەخنەگر چییە: پاراو کردن و پاراستنی بەها کلاسیکییەکان لە نێو گێژەنی (کۆمەڵێک) ئاڵوگۆڕی کولتووریدا. ئەوەی ڕاستی بێ ڕەخنەگر دەبێتە

(48) heroic couplet



پارێزەر و بەرگریکەری چێژی باش و بەها کولتوورییەکان.

پۆپ لە ڕێگای ناساندن و سەلماندنی (پێداویستی) لاسایی کردنەوەی نووسەرانی کلاسیک و لە ڕێی ئەوانیشەوە لاسایی کردنەوەی سروشت و، هەروەها لە ڕێگای چەسپاندنی (ئەسڵی) پێوەری سەلمێنراو یان ستانداردی زمانی شاعیرانە، ڕەخنەی خۆی لەسەر بنەمای دوو چەمک دامەزراند: (mimetic) (لاساییکردنەوە) و تیۆریگەلی ئەدەبیی زانستی جوانکاری(49) (نموونەی پێکهاتە) (یان زانستی «بدیع»). بەم حاڵەشەوە، لە ئاخر و ئۆخری دەیەی یەکەمی سەدەی حەڤدە گۆڕانکارییەکی سەرەکی لە تیۆری ئەدەبی بەسەر داهات.

**ویلیام وردز ورس** (١٧٧٠-١٨٥٠)(50)

دەوروبەری سەدەی هەژدە، جیهان چەندین شۆڕشی سیاسی گەورەی بەخۆیەوە بینی، وەک شۆڕشی ئەمریکا و فەرەنسە، لەگەڵ ئەوانیش چەند بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵێک گۆڕانکاری گرینگ لە فیکری فەلسەفی هاتە ئاراوە. بەدرێژایی ئەم سەردەمە پڕ لە شۆڕشەدا، شێوەی ڕوانینی جەماوەر بۆ جیهان، گۆڕانکارییەکی نموونەیی(51) بەسەردا هات. لە حاڵێکدا سەدەی هەژدە ڕێکوپێکی و عەقڵانییەتی دەنرخاند، سەرهەڵدانی جیهانڕوانی سەدەی نۆزدە، هاوکات بوو دەگەڵ پێداگرتن لەسەر شهوود (intiuition)، وەک ڕێنوێنییەکی کامڵ بۆ (دۆزینەوەی) هەقیقەت. عەقڵی سەدەی هەژدە جیهانی بەماشێنێکی گەورە دەشوبهاند کە سەرلەبەری پاژەکانی پێکەوە کار دەکەن و (ئەرکی خۆیان بەجێ دێنن)، بەڵام بۆ تێگەیشتن لە سەدەی نۆزدە، (دەبێ بزانین) جیهان چەشنی ئەندامێکی زیندوو بوو کە هەمیشە لە حاڵی باڵا کردن و هەتا هەتا لە حاڵی بوون دایە. لە هەمان حاڵدا کە شارەکان بۆ زەینییەتی عەقڵ خوازی سەدەی هەژدە، ناوەندی هونەر و ئەدەبیان دەسنیشان دەکرد و، پێوەری

(49) metoric
(50) William Words worth.
(51) Paradigmatic shift

دروستیان پێدەناساند، شارنشینیی سەدەی نۆزدەهەم، فەزا و حاڵ و هەوای گوندی بەشوێنێک دەزانی کە خەڵک دەتوانن تێیدا فێرە شت بن و (هەقیقەتی) دەروونی خۆیانی تێدا بدۆزنەوە. بەپێچەوانەی ڕەوشتناسی عەقڵانی و ئەزموونگەرایی (empirical) سەدەی هەژدە، بیریاری سەدەی نۆزدە لەسەر ئەو باوەڕەیە، هەقیقەت لە ڕێگای چوونە نێو ناخی مرۆڤایەتی یان سروشتی شهوودیمانەوە وەدەست دێ.

گۆڕانکارییەکی بنچینەیی لەم چەشنە لە قسەکانی ویلیام وردزورسەوە دەستی پێکرد. ویلیام لە کۆکێرماوس کامبێرلەند شایر ,Cockermouth) (Cumber land shire لەدایک بوو. لە ناوچەی لیێکی (Lake) ئینگلستان گەورە بوو. خوێندنی ڕەسمی خۆی لە زانکۆی st. John –ی کەمبریج، لە ساڵی ١٧٩١ تەواو کرد. دوای سەفەرێک بۆ سەرتاسەری ئەوروپا -De) (scriptire Sketchesی بڵاوکردەوە و، پاشان لەگەڵ یەکێک لە ستایشکەرانی ئەدەبی خۆی، واتە (سامۆئیل تایلێر کۆلریج)[52] بوو بەئاشنا و هەر زوو بوون بەهاڤاڵ و هاوکاری نیزیک. ساڵی ١٧٩٨، وردز ورس و کۆلریج (سترانە لیریکییەکان)–یان[53] بڵاو کردەوە. ئەم کتێبە لە کۆمەڵێک شیعر پێکهاتبوو کە هەواڵی دەسپێکردنی ڕۆمانتیسیزمی ئینگلیسی پێدەداین. وردز ورس بەدرێژایی پازدە ساڵی پاش ئەم کتێبە، زۆربەی شیعرە هەرە باشەکانی خۆی نووسی کە بریتین لە (کۆمەڵێک شیعر لە دوو بەرگدا)، (سەیران)، (شیعرە جۆراوجۆرەکان) و، (پێشەکی) -pre) (lude. بەڵام هەر (سترانە لیریکییەکان)ە کە بەپێشەنگی ئەدەبی ئینگلیسی لە سەردەمی ڕۆمانتیک دێتە ئەژمار.

وردز ورس لەو پێشەکییە پڕ لە باسوخواسەی کە وەکی پێناسەیەک بۆ چاپی دووهەمی (سترانە لیریکییەکان) نووسیبووی، پشتیوانی لە جۆرە ڕوانگەیەکی نوێ بۆ شیعر و دەسپێکی بنچینەیی لە تیۆری ئەدەبی دەکا. وردز ورس دەڵێ: مەبەستی من ئەوەیە: (هەڵبژاردنی کۆمەڵێک ڕووداو و

---

(52) Samuel Taylor Coleridge.

(53) Lyrical Ballads



باروودۆخی ژیانی عادەتی و...، باسکردنیان بەزمانێک کە لە ڕاستیدا خەڵکان لەو باروودۆخانەدا بەکاری دێنن... بەو شێوەیەی کە ئێمە لە حاڵەتی شاگەشکە بووندا، ڕێز بۆ هزر و بیرۆکەکان دادەنێین.). وردز ورس وەکو ئەرەستوو و سیدنێی و پۆپ خۆی بەڕەگەز و بابەتگەلی ئەدەبەوە خەریک دەکا، بەڵام لەسەر شتێکی تریش پێدادەگرێ: ژن و پیاوانی ڕەشۆکی، نەک شا و شاژن و ساماندااران، برەو بەشیعر دەدەن، چونکی شاعیر لە (ژیانی ساکار و دێهاتیانە)دا پەی بەو ڕاستییە دەبات کە (هەست و سۆزە پێویستەکانی دڵ و دەروون شوێنێکی باشتریان دۆزیوەتەوە کە لەودا دەتوانن گەورەیی و کامڵبوونی خۆیان وەدەس بێنن، کەمتر پاوان دەکرێن و، بەزمانێکی سادەتر و پێ داگرانەتر دەدوێن.).

وردزورس نەک هەر پێشنیاری گۆڕانکارییەکی بنەمایی لە بواری بابەتی شیعری دەدا، بەڵکو بەکردەوەش شوێنی سەرنجی شیعر، کە (زمانی گونجاو) بێ، دەگۆڕێ. وردزورس بەپێچەوانەی پۆپ و پێشینیانی، ئەو زمانە هەڵدەبژێرێ کە لە ڕاستیدا خەڵک بەکاری دێنن، واتە ئاخافتنی ڕۆژانە، نەک ئەو زمانە شاعیرانە هەڵمساوە موتەقاربە، یان گەلاڵەی پڕ لە گرێ و گۆڵی سەروا، یان کۆمەڵێک ڕەگەزی ئەو ئاخاوتنە پڕ پێچوپەنایانەی کە ئاخنراونەتە نێو دەمی کەسایەتییە نموونەییەکانی سەدەی هەژدەهەمەوە. کەسایەتییە گوندنشینەکانی وردزورس، وەک (مایکێل) و (لوک)، لە حەقایەتە شاعیرانەکەیدا بەناوی (مایکێل) (Michael) بەزمانێکی ساکار و شێوە دەربڕینێکی ڕۆژانەی پێوەندیدار بەکار و پیشەیان دەدوێن. وردزورس سەرەڕای دەستێوەردان و ساغکردنەوەی شوێنی سەرنجی بابەت و زمانی شیعر، خودی شیعریشی دیسان (سەرلەنوێ) پێناسە کردۆتەوە: (شیعری زۆر باش بریتییە لەسەر ڕێژ بوونی خود بەخودی هەست و سۆزە بەبڕشتەکان.). بەپێچەوانەی سیدنێی و دانتێ و پۆپ کە حوکمی ئەوە دەدەن، شیعر دەشێ سنووری بۆ دابنرێ و (پەرژین بکرێ) و بکەوێتە ژێر ڕکێفی شاعیر و عەقڵی ئاوێتە بێ، هەنووکە وردزورس تیشک دەخاتە سەر چۆنێتی عاتیفی شیعر. خەیاڵ، نەک عەقڵ یان فیکرێکی ڕێکوپێک، دەبێتە کاکڵی شیعر. پاش

ئەوەی وردزورس بابەت و زمان و پێناسەی شیعری تووشی گۆڕانکاری کرد، ئینجا دێتە سەر ئەرکی شاعیر و ئەمیش دەناسێنێ. (بەباوەڕی ئەو شاعیر چیتر پارێزەری بەها شارستانییەکان، یان سەنگی مەحەکی زەوق و سەلیقەی گونجاو و (باش) نییە، بەڵکو (ئەویش مرۆڤێکە لەگەڵ مرۆڤەکانی تر قسە دەکا: مرۆڤێک... کە هەست و سۆزێکی زیندووتر و، ئیلهام و، ئارەزوویەکی زیاتری پێبەخشراوە، مرۆڤێکە زانیارییەکی پتری لە بابەت گەوهەری مرۆڤەوە پێیە و، ڕۆحێکی کامڵتری هەیە لەچاو ئەو شتەی لە نێو مرۆڤی ئاساییدا بەدی دەکرێ).

شاعیرێکی لەم دەستە (ئامادەیی و وزە و توانایییەکی پتری هەیە بۆ دەربڕینی ئەو شتەی تێی دەفکرێ و هەستی پێدەکا، بەتایبەتی (بۆ دەربڕینی) ئەو هزر و هەستانەی لە دەروونییەوە هەڵدەقوڵێن، بێ شاگەشکە بوونێکی خێرای دەرەکی، جا ئەو هزر و هەست و سۆزانە بەپێی هەڵبژاردنی خۆی بن، یان هەر لە بنج و بناوانی زەین و دەروونی خۆیەوە سەرهەڵدەن. شاعیرێکی وا ئیتر پێویست ناکا چاو لە دەستی کۆمەڵێک یاسای ڕێپیشاندەر بێ، چونکی ئەم هونەرمەندە لەوانەیە سەربەخۆیانە باسی (هەستی) تاکە کەسێتی و (توانای) بەها پێدان و نووسین لەسەر ئەو هەست و سۆزانەی کە بەشێوەیەکی تایبەت ئی خودی هونەرمەندن بکات.

لە سۆنگەی ئەوەی کە وردزورس پێی وایە شیعر (بریتییە لە سەرڕێژ بوونی خود بەخودی هەست و سۆزە بەبڕشتەکان و... ڕەگوڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەست و سۆزانەی کە لە حاڵەتی هێمنی و هێوریدا کۆدەبنەوە.)، ئەو شاعیرە نوێخوازەی ئەو مەبەستێتی، شیعر لە ڕێگای دەروونی کردنی دیمەنێک، بارودۆخێک، یان ڕووداوێکەوە دەخولقێنێ و، دواتر ئەم حاڵەتە لەگەڵ هەست و سۆزی خۆی کۆدەکاتەوە، ئا لێرەدایە هونەر دەتوانێ بیرەوەری ئەم حاڵەتە بیخاتە قاڵبی واژە و دایبڕێژێتەوە. کەوایە شیعر، بەپێچەوانە ژینناسی (biology)، یان هەر جۆرە زانستێکی تر دەجووڵێتەوە، چونکی شیعر بەشتێکەوە خەریک نابێ کە دەشێ پارچە



پارچە بکرێ، و لێک هەڵبوەشێتەوە و، دواجار پاژەکانی لێک جیا بکرێتەوە، بەڵکو زۆرتر بەو شتەوە ماندوو دەبێ کە پێی دەڵێین هەست و خەیاڵ (لە شیعردا) شهوود دەسەڵاتی هەیە نەک عەقڵ.

بەڵام خوێنەر چی؟ لەم پرۆسەیەدا جەماوەری خوێنەر چ دەورێک دەگێڕن؟ وردزورس لە ئاخر و ئۆخری (preface) (پێشەکی)دا دەنووسێ: «من بۆ ئامادە بوونی خوێنەری خۆم پێشنیارێکم هەیە، ئەویش ئەوەیە کە لە (نرخاندن) و هەڵسەنگاندنی ئەم شیعرانەدا دەبێ زیرەکانە پشت بەهەست و سۆزی خۆی ببەستێ و، نابێ هەڵسەنگاندنەکەی ڕەنگدانەوەی ئەو باوەڕانە بێ کە لەوانەیە خەڵکانێکی تر خاوەنی بن.». وردزورس بەڕاشکاوی ئاواتی ئەوە دەخوازێ کە بیروبۆچوون و هەڵوێستی خوێنەرەکانی لە ئاست شیعری ئەودا پشت ئەستوور بە(بیروچوونی) ئەو ڕەخنەگرانە نەبێ کە هەروا سەرخود هەڵسەنگاندنەکانیان چەشنی نوشتە دەنووسن. وردزورس داوا لە خوێنەرانی دەکا باوەڕیان بەهەست و سۆز و خەون و خەیاڵی خۆیان بێ، کێشەی ئەوان لەگەڵ هەمان هەست و سۆز بێ کە شاعیر هەستی پێدەکا، ئەو کاتەی یەکەم جار بەچاو (لە شتەکان) دەڕوانێ و دواتر بابەت یان دۆخی شیعرەکە خۆی لە هێمنایەتی و (بەهێوری) کۆدەکاتەوە. وردزورس ئاماژە بۆ ئەو ڕاستییە دەکا کە شاعیر و خوێنەر، لە ڕێگای شیعرەوە، لە هەستێکی لەم جۆرەدا شەریک و برا بەشن.

ئەم ئەزموونە زەینییە لە بابەت شەریکایەتی (شاعیر و خوێنەر) لە هەست و سۆزدا، وردزورسی لە تیۆرییە ڕەخنەییەکانی زانستی جوانکاری و، لاساییکردنەوەی سەدەکانی پێشوو دابڕی و، بەرەو پێشکەوتێکی نوێی تیۆری ئەدەبی پاڵی پێوەنا: قوتابخانەی ئیکسپرێسیو (expressive school)، قوتابخانەی ئەو ڕەخنەگرانەی لەسەر تاکە کەسێتی[54] هونەر و مافی خوێنەر بۆ بەشدار بوون و شەریکایەتی کردن لەم تاکە کەسێتییەدا. وردزورس لە ڕێگای دەربڕین و باسکردنی تاکە کەسێتییەکی لەم چەشنە

(54) individuality

و، بەها پێدان بەخەیاڵ و هەست و سۆز وەک سەرجەمی ئەو شتانەی کە ڕەوایە لە شیعردا باسیان بکرێ، بەردی بناغەی ڕۆمانتیسیزمی ئینگلیسی دانا و، سنووری مەملەکەتی ڕەخنە و تیۆری ئەدەبی سەدەی نۆزدە و بیستی بەرفراوان کرد.

### هیپۆلیت ئادۆلف تاین (١٨٢٨-١٨٩٣)(55)

بەدرێژایی سی ساڵی سەرەتای سەدەی نۆزدە دەسەڵاتی ڕۆمانتیسیزمی وردزورس بەسەر ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیدا زاڵ بوو، ئەو دەسەڵاتەی کە لەسەر (ئەسڵی) شهوود وەک ڕێنوێنێک بۆ تێگەیشتن لە دوا هەقیقەتەکان و، هەروەها لەسەر ئەم باوەڕە کە هەست و سۆز و خەون و خەیاڵ کاکڵی ناوەڕۆکی شیعر پێک دێنن، پێدادەگرێ، بەجۆرێک کە ئیمڕۆکە هێشتاش ئەم کاریگەرێتییە جێ پەنجەی دیارە. هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی سەردەمی ویکتۆریا لە دەیەی سێهەمی سەدەی نۆزدەدا (١٩٣٠)، عەقڵ و زانست و (هەستی جەبرخوازی مێژوویی)(56) جێیان بەبیرۆکەی ڕۆمانتیکی لێژ کرد. شێوەی دەسەڵاتدارانە و، لووتکەی کاریگەرێتی هەستی پەرەپێدراوی جەبرخوازی مێژوویی و زانستی، دواجار لە ڕەخنەی ئەدەبی و زۆر باسی دیکەدا ڕەنگی داوە، وەک دەقەکەی چارلز داروین بەناوی (The origin of species)(*) کە ساڵی ١٨٥٩ بڵاوبۆوە. هەنووکە مرۆڤ و (ژیانی مرۆڤ) لە هەرچی ئەفسانە بوو دەشۆراوە، چونکی دواجار ئێمە بەڕیشە و ڕەچەڵەکی خۆمان دەزانی و لە پێشکەوتی فیزیۆلۆژیکی خۆمان ئاگادار دەبووین. ویدەچوو زانست شاکلیلی (قوفڵی دەروازەی) ڕابردوو و، تێگەیشتنی هەنووکەی بۆ دۆزیبونەتەوە و، ئەگەریش لە هەموو هەوڵ و تەقالاکانماندا پشت بەڕێگا و ڕەوشتێکی زانستییانە ببەستین، ئەوە بۆ دابینکردنی داهاتووشمان یاریدەمان دەدا.

هیپۆلیت تاین، مێژوونووس و ڕەخنەگری فەرەنسەیی بوو بەدەنگێکی

(55) Hippolyte Adolph Taine
(56) a sense of historical determinism
(*) ڕەنگە بتوانین بە(ڕەچەڵەکی جنس)ی وەربگێڕین.



بەهێز و هاوڕێیەکی دڵسۆز بۆ هەردووک پاژی ڕەوشتناسی زانست، واتە هەم چەمکە فەلسەفییەکانی، هەمیش لایەنە کاربوردییەکانی. تاین لە ڤووزیرسی (vouziers) فەرەنسە لە دایک بوو. لە (Ecole Normale su-peieure)ی پاریس قوتابییەکی بوێر، بەڵام غەیرە ئۆرتۆدۆکس بوو. پاش تەواوکردنی خوێندنی ڕەسمی، گەلێ قوتابخانەی فەرەنسەی کرد و فێرە شت بوو، لە هەمان کاتیشدا درێژەی بەخوێندن و لێکۆڵینەوەکانی خۆی دا (لە هەردوو لقی) جوانیناسی و مێژوو. لە پەنجاکانی سەدەی نۆزدەدا گەلێ وتاری جۆراوجۆری لە بواری فەلسەفە و جوانیناسیدا بڵاو کردەوە، بەڵام سەرەکیترین بەرهەمی لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی و مێژوودا، کتێبی (مێژووی ئەدەبی ئینگلیسی)یە کە ساڵی ١٨٦٣ بڵاوی کردەوە. لەم بەرهەمەدا تاین تیشکی خستە سەر ئەو شتەی کە ئێستا پێی دەڵێین، ڕوانگەی مێژوویی بۆ لێکدانەوەی ئەدەبی.

تاین، لە پێشەکی (مێژووی ئەدەبی ئینگلیسی)دا و، بۆ ڕوونکردنەوەی بۆچوونی خۆی لە بابەت ڕەخنەی ئەدەبی لەسەر مەشقێکی زانستی کەڵک وەردەگرێ و دەڵێ:

> کاتێک کە لاپەڕەی ویشک و قەبەی کتێبێکی کۆن یان ڕووپەڕی زەرد هەڵگەڕاوی دەسنووسێک هەڵدەدەیتەوە، تۆ بڵێی یەکەم بۆچوونت چی بێ؟ لەوانەیە بڵێی هەر تەنیا هەڵدانەوەی چەند لاپەڕەیەک چ بۆچوونێک بەرهەم ناهێنێ. ئەم شتانە هەر قاڵبێکن و بەس، وەک نیشانەی سەر توێکڵی فۆسیلێک (fossil)، هەر ڕاست وەک ئەو ئاژەڵەی سەردەمایەک ژیاوە و پاشان مردووە و، وێنەکەی لە سەر بەردێک دەنەخشرێ و بەجێ دەمێنێ. لە ژێر توێکڵی ئەو فۆسیلەدا ئاژەڵێک بەدی دەکرێ، وەک چۆن لەو دیوی ئەم (دەسنووس) و بەڵگانەدا هەست بەبوونی مرۆڤێک دەکرێ. تۆ لەو توێکڵە ورد نابیتەوە، مەگەر ئەوەی بتەوێ بەبوونی ئاژەڵێک بزانی. هەر بۆیە ئەو بەڵگانەش دەپشکنی بۆ ئەوەی مرۆڤ بناسی.

کەوایە بەباوەڕی تاین دەق توێکڵی فۆسیلێکە بەشێوەیەکی سروشتی

شەقڵ و شێوازی کەسێکی پێوە دیارە، کە ئەگەرکو بەم پێودانگە بێ ئەو کەسە نووسەر خۆیەتی. هەر بۆیە بەتەنیا لێکدانەوەی دەق (بۆ نموونە پێزانین بەمێژووی نووسین یان پەیبردن بەڕاستی و دروستی ڕاز و ڕەمز یان سەرچاوە مێژوویییەکانی دەق) بەبێ لەبەر چاوگرتنی نووسەر و حاڵەتی دەروونی و زەینییەکەی، لێکۆڵینەوەیەکی نیوەچڵ و ناتەواو بەرهەم دێنێ. تاین پێی وابوو بۆ ئەوەی بەوردی و دروستی لە بەرهەمێکی ئەدەبی بگەین، دەبێ هەم لە دەق، هەمیش لە نووسەر بکۆڵدرێتەوە.

تاین بەڕاشکاوی دەڵێ، بۆ تێگەیشتن لە دەقێکی ئەدەبی دەشێ لەو هۆکارە دەوروبەری و ژینگەییانە ورد بینەوە کە لە خولقاندنی ئەو دەقەدا دەستیان بووە. تاین ئەم هۆکارانە بەسەر سێ دەستەی سەرەکیدا دابەش دەکا: ڕەگەز، ژینگەی کۆمەڵایەتی و زەمان. مەبەستی تاین لە ڕەگەز ئەوەیە کە ئەو نووسەرانەی کە سەر بەیەک ڕەگەز یا نیژادن، یان ئەو نووسەرانەی کە لە یەک وڵاتدا لە دایک دەبن، لە زۆر باوەڕ و هەست و شێوە تێگەیشتنی ڕۆشنبیری تایبەتدا (لێکدەچن) و شەریکن. بەباوەڕی تاین لە ڕێگای لێکدانەوەی کەسایەتی تاکە کەسیی میراتی و ڕۆشنبیری نووسەرەوە دواتر دەتوانین زۆر وردتر و پڕ و پاراوتر لە دەقی ئەو نووسەرە بگەین. جگە لەم لایەنە، دەبێ لە ژینگەی (milieu) نووسەر بکۆڵینەوە. تاین پێی وابوو هەڵوێستی خەڵکی ئینگلیس لە ئاست ژیان، جیاوازە لە هەڵوێستی خەڵکی فەرەنسە یان خەڵکی ئیرلەند. تاین دەبێژێ، هەر بەم جۆرە لە ڕێگای لێکدانەوەی کولتووری نووسەرەوە، دەتوانین باشتر لەو هۆکارە کولتووری و ڕۆشنبیرییانە بگەین کە بەشێوەیەکی حاشا هەڵنەگر بەرووبەری دەقی نووسەرەوە دیارن. دواجار تاین دەڵێ، دەبێ لەسەردەم یان زەمانی نووسەریش، واتە ئەو قۆناغە زەمانییەی کە دەقەکەی تێدا نووسراوە بکۆڵینەوە. زانیارییەکی لەم چەشنە بۆ ئێمەی ڕوون دەکاتەوە لەو زەمان و سەردەمە تایبەتە چ باوەڕێک زاڵ بووە، یان جیهانڕوانی خەڵک چۆن و چی بووە. هەر بۆیە زانیارییەکی وا دەستمان دەگرێ، لە بری ئەوەی لەم شتانە بێ ئاگا بین، زۆر باشتر لە ئاکار و ئامانج و کەڵکەڵەی کەسایەتییەکان بگەین و بتوانین پێناسەیان بکەین.



دواجار لای تاین دەق دەبێتە (بابەت) و ئۆبژەیەکی ئەدەبی، بەشێوەیەک کە بۆ دۆزینەوەی مانا (کانی)، دەکرێ لە پاژەکانی ورد بینەوە. لە ڕێگای لێکدانەوەی دەقی ڕاستەقینە خۆیەوە، واتە هەلومەرجی شوێن یا ژینگە و ڕەگەز و، هەروەها ئەو سەردەمە مێژوویییەی دەقی تێدا نووسراوە، دەتوانین بەم ڕاستییە بزانین هیچ دەقێک لە بۆشاییدا نانووسرێ، بەڵکو هەر دەقێک حاسڵ و بەرهەمی مێژووی خۆیەتی.

**ماتیو ئارنۆڵد (١٨٢٢-١٨٨٨)**(57)

لە (پێشەکی لەسەر سترانە لیریکییەکان)(58) وردزورس بەڕاشکاوی دەڵێ: «شیعر هەناسە و ڕۆحی پیرۆزی تێکڕای زانیارییەکانە، شیعر (شێوە) دەربڕینێکی پڕ هەست و سۆزە کە دەبێتە ڕوخساری هەموو زانستێک.». بۆچوونێکی وا بەرزەفڕانە کە سروشت و ئەرکی شیعری دەگرتەوە لە لایەن ماتیو ئارنۆڵدەوە پشتیوانی لێکرا. ماتیو ئارنۆڵد دەنگێکی خۆکردی ویکتۆریانیزمی ئینگلیسی بوو، ئەو دەنگە ئەدەبییەی کە دەستاوبەجێ دوا بەدوای ڕۆمانتیسیزمی وردزورس ئاشکرا بوو. ماتیو ئارنۆڵد لە ئینگلستانی قۆناغی ڕۆمانتیک لە دایک بوو، کوڕی مامۆستایەکی قوتابخانە بوو، ڕێگای باب و باپیرانی بەرنەدا و ئەویش چوو بۆ زانستگای ئاکسفۆرد و، پاش تەواوکردنی خوێندنەکەی کورسی دەرس وتنەوەی کۆلیژی ئۆری (Orie Collage) قبووڵ کرد. تەمەنێکی درێژی ژیانی پیشەیی خۆی (نیزیکەی ٣٥ساڵ) بازرەسی قوتابخانەکان بوو. تا سی و پێنج ساڵی. ئارنۆڵد زۆربەی شیعرەکانی خۆی نووسیبوو، کە هەندێک لە شیعرە بەناوبانگەکانی بریتین لە: (کەناری دۆوێر)،(59) (قەرەجی زانا)(60) و (سۆهراب و ڕۆستەم).(61)

(57) Mattew Arnold
(58) Preface to Lyrical Ballads
(59) Dover Beach
(60) The scholar Gipsy
(61) Sohrab and Rustum

لە سەرەتاکانی کاری (ئەدەبی) ئارنۆڵددا، هەڵوێستی دژ بەڕۆمانتیسیزمی وردزورس و پشتیوانی هاتبووە ئاراوە. نووسەران و فەیلەسووفان و پسپۆرانی بواری زانست بۆ دۆزینەوەی سروشت و (گەوهەری) جیهان، پشتیان زیاتر بەشێوازی عەقڵی و تەجریبی دەبەست تا بەچەمکی هەست و سۆز و تاکە کەسێتی و شهوودی ڕۆمانتیسیزمی وەک ڕاستە ڕێی (دۆزینەوەی) هەقیقەت. هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی چارلز داروین (The Origin of species) لەساڵی ١٨٥٩دا و، هەروەها نووسراوەکانی هێربێرت سپێنسر[62] و دەیوید فریدریک ستراوس-ی[63] فەیلەسووف، بەڕواڵەت وێدەچوو زانست دەسەڵاتی لە دەس ئایینی سروشتی وردزورسی و باوەڕگەلی زۆربەی ئایینە سوننەتییەکانی تر ساندبێتەوە، هەرچەند فەلسەفە ئەوەندە پڕ لە ڕاز و ڕەمز و گرێ و گۆڵ بوو کە کەمتر وەک کەرەسەیەک بۆ تێگەیشتن لە هەقیقەتی ویکتۆریای نێونجی پشتی پێدەبەسترا. ئارنۆڵد کە بەدەسەڵاتی لەڕولاوازی فەلسەفەی زانیبوو، پێی وابوو شیعر دەتوانێ هەقیقەت و بەها و ڕێنوێنی پێویست بخاتە بەردەستی کۆمەڵگا.

لایەنی بنەڕەتی تیۆری و ڕەخنەی ئەدەبیی ئارنۆڵد بەکارهێنانی کێشانە و پێوانەی کلاسیکییە بۆ ئەدەب. ئەو بیرۆکانەی ئارنۆڵد لە ئەفلاتوون و ئەرەستوو و لانگینیوس، نووسەرانی تری کلاسیک وەری گرتوون، یان پشتی پێبەستوون، تاموچێژێکی تایبەتییان بەڕەخنە بەخشیوە. بۆ نموونە ئارنۆڵد دێت باوەڕێکی خۆی دێنێتە ئاستی بوتیقای ئەرەستوو، ئەو باوەڕەی کە دەڵێ، باشترین شیعر لەچاو مێژوو، یان لەچاو هەر چەشنە کێشەیەکی تری لە جۆری بابەت یان کردەوەی مرۆڤ، سەر بەهەقیقەتێکی باڵاتر و جیدییەتێکی زیاترە. هەروەک ئەفلاتوون، ئارنۆڵدیش پێی وابوو ئەدەب ڕەنگدانەوەی ئەو کۆمەڵگایەیە کە (ئەو ئەدەبەی) تێدا نووسراوە و، لەم ڕێگایەوە ئەدەب خۆی بەها و کێشەکانی کۆمەڵگا ڕادەگەیەنێ و

(62) Herbert spencer
(63) David Friedrich Strauss



(دەیانهێنێتە گۆڕێ). ئینجا وێنەی لانگینیوسیش هەوڵ دەدا پێناسەی بەرهەمێکی کلاسیک بەدەستەوە بدا و حوکمی ئەوە دەرکا کارێکی لەم چەشنە باڵاترین کارە و لە باشترین خانەدا جێی بۆ دەکرێتەوە. ئارنۆڵد هەروەتر لە پێناوی پشت ئەستوورتر کردنی بیروباوەڕەکانی خۆی هەمیسان لە زاری نووسەرانی دواتری کلاسیک وەکو دانتێ و شیکسپیر و میلتۆن، هەندێ گوتە و قسە دەقۆزێتەوە.

بەبڕوای ئارنۆڵد شیعر، نەک ئایین، زانست یان فەلسەفە - کردەیەکی بەرز و بەنرخ و تەواو و کاملّی مرۆڤە. ئارنۆڵد دەڵێ: (مرۆڤ ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر پەی بەم ڕاستییە دەبا نەک دەبێ بۆ ڕاڤەکردنی ژیانمان و بۆ دڵدانەوە و پاراستنی خۆمان ڕوو بکەینە شیعر.)

ئارنۆڵد دەڵێ: لە باشترین جۆری ئەم شیعرانەدا دەشێ (هەقیقەت و جیدییەتێک) بدۆزینەوە، ئەویش (لە باڵاترین ڕادەی خۆیدا). ئارنۆڵد کە جیدییەت و مەزنایەتی ئەخلاقی بەدوو شتی هاوسەنگ و بەرامبەر دەزانێ، لەسەر ئەم ڕاستییە پێ دادەگرێ کە باشترین جۆری شیعر دەتوانێ و، بەدڵنیاییەوە دەتوانێ ببێتە پێوانەیەک بۆ مەزنایەتی، پێوانەیەک کە ئارنۆڵد و کۆمەڵگاکەی دەشێ لە ڕێگای ئەوەوە خۆیان هەڵسەنگێنن.

ئارنۆڵد لە وتارە سەرەکییەکانیدا بەناوی (لێکۆڵینەوەی شیعر)[64] و (ئەرکی ڕەخنەی ئەم سەردەمە)،[65] شوێن و دۆخی ڕەخنەگرانەی خۆی ڕوون دەکاتەوە. وەکو ئەفلاتوون، ئارنۆڵدیش دەوری کۆمەڵایەتی ڕەخنە دەسەلمێنێ، بەڵام بەهێوری و، هەندێ بابەتیش ساغ دەکاتەوە: (ئەویش لە ڕێگای) خولّقاندنی (شەپۆلێک لە بیرۆکەی تازە و دروست.). بۆ پێکانی ئەم مەبەستە ڕەخنەگر نابێ لابەلای سیاسەت یا هەر چەشنە چالاکییەکی تر بکاتەوە، لاکردنەوەیەک کە دواجار کێشەی بۆ ساز بکا و بیخاتە تەنگانەوە، چونکی ڕەخنەگر دەبێ بەبێ لایەن لە کۆمەڵگای خۆی بڕوانێ و لە کێشە بێ بەهاکانی جیهان خۆ بپارێزێ. بێ لایەن بوونێکی لەم چەشنە،

(64) The study of poetry
(65) The function of criticism at the present time

بەنۆبەی خۆی، بۆ تێکڕای کۆمەڵگا بەکەڵکە، چونکی (لە دۆخێکی وادا) ڕەخنەگر توانای ئەوەی دەبێ ڕێگا بۆ کولتوورێکی باڵادەست خۆش بکا، دۆخێکی پێویست بۆ شاعیر و بۆ نووسینی جوانترین شیعر.

بەڵام چۆن دەکرێ جوانترین شیعر بدۆزینەوە یان پێیبگەین؟ لە ڕێگای دابینکردنی پێورێکی بابەتیانە (ئۆبژێکتیو)، کە لەسەر دەستی ئەو پێوەرە دەتوانین بڵێین کام شیعر، ئەرەستوو گوتەنی خاوەن (هەقیقەت یان جیدییەتێکی باڵاترە)، یان شتێکی لەم بابەتەی وەدەسهێناوە. ئەمەیە ئەرکی ڕەخنەگر: «واژە و دەستەواژەی (شیعری) شاعیرانی گەورەی هەمیشە لە مێشکدا بێ و، وەک سەنگی محەک بۆ شیعری شاعیرانی تریشی بەکار بێنێ.» لە ڕێگای بەراوردکردن و هەڵسەنگاندنی نێوان دێڕی شیعری تازە نووسراوە و ئەو شیعرە کلاسیکیانەی خاوەنی ڕەگەزی (سابلایم)ن، ڕەخنەگر دەسبەجێ دەزانێ کام شیعر باشە و کام شیعر خراپە.

لە ڕەخنە بابەتێتییەکی وا ئاشکرا، بەکردەوە دەبێتە شتێکی سەرتاپا زەینی. بۆ نموونە دەبێ هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنی کێ ڕەچاو بکەین؟ ئایا دەشێ شیعری هۆمێر و دانتێ بەشیعری زۆر باش بزانین؟ ئەی سەبارەت بەسیدنێی یان تەنانەت ئاریستۆفان-ەوە چۆن؟ ئایا پێویستە ڕەخنەگر لە پێناوی دۆزینەوەی ئەو ڕاستییەی کێ شاعیرێکی گەورەیە و کێ نییە، سەرلەبەری شاعیرانی ڕابردوو پۆلێن بکا، (ئەویش) بۆ ئەوەی بناغەیەک بۆ (شێوەی) هەڵسەنگاندن و نرخاندنێکی لەم جۆرە دابمەزرێنێ؟ ئەی بەها ئەخلاقییەکانی کام شاعیر دەبێ ببێتە ئەو پێوەرە پێویستەی کە لەسەر دەستی بتوانین شاعیرانی تر هەڵسەنگێنین؟ ئایا هەر تەنیا ئارنۆڵد خۆی؟

تیۆرییەکی سەنگی محەک ئاسایانەی وا بابەتیانە، سەرلەنوێ ئەرکی ڕەخنەگری ئەدەبی پێناسە دەکاتەوە و، بۆچوونێکی زەین خوازانە بۆ ڕەخنەی ئەدەبی پێشنیار دەکا. (لێرەدایە) ڕاڤەکار و ڕەخنەگری کاری ئەدەبی چیتر وەک دەسەڵاتدارێک بۆ دەسنیشان کردنی بەها و کولتوور و چێژەکان دەور ناگێڕن. ئەم پارێزەرە ئەدەبییە تازەیە دەبێ ئەرکی پاراستن و بەرگریکردن لە کولتووری باڵا و ئەدەبەکەی وەعۆدە بگرێ و، لە هەمان کاتیشدا لە پێناوی



ئەو هەقیقەتە کە کولتووری باڵا و ئەدەب بەڕاستی چین، هەوڵ بدا. ئارنۆڵد کە حوکمی ئەوەی دەرکرد پاراستنی شیعر و بەها کۆمەڵایەتییەکان دەشێ بەگرینگترین (ئەرک) و چالاکی ڕەخنەگر بێتە ئەژمار، بوو بەدەمڕاستی ناسراوی ئینگلستانی سەردەمی ویکتۆریا و ئەدەبی ئەو سەردەمە. ئارنۆڵد لە ڕێگای وەرگرتنی ڕوانینی وردزورس بۆ شاعیر، هەنگاوێک زیاتر ڕەخنەگر و شاعیر لە کۆمەڵ جیا کردەوە، ئەویش (تەنیا) لە پێناوی ئەوەی جۆرە شیعر و ڕەخنەیەک بخولقێنێ کە گریمان بتوانێ کۆمەڵ لە چنگ بەها بێ بایەخەکان ڕزگار بکا و، تایبەتمەندییە هەرە باشەکانی بپارێزێ.

## **هێنری جیمز** (١٨٤٣-١٩١٦)(66)

هەر لەو سەردەمەی ئارنۆڵد باسی ئەوەی دەکرد شیعر دەبێ مرۆڤایەتی لە چنگ بەها بێ بایەخەکان ڕزگار بکا و، بەرەو ڕاستی ڕێمان پێنیشان بدا، لە ژانرەکانی دیکەشدا، بەتایبەت ڕۆمان، کاری ئەدەبی هەر دەکرا. بۆ نموونە، خەڵکی ئینگلستان و ئەمریکا، چ لە سەردەمی ڕۆمانتیک و چ لە سەردەمی ویکتۆریادا، ڕۆمانی لەم دەستەیان دەخوێندەوە: (بەرزاییی باگرەکان) (Wuthering Heights) (بازاڕی خۆفرۆشی) (Vanity Fair)، (The house of seven Gables) (ئاواتە مەزنەکان) (The Great Expecta-tion). سەرەڕای ئەوە، بەپێچەوانەی ئەو بەهایەی بۆ شیعریان دادەنا، زۆر بەدەگمەن هەڵدەکەوت ڕەخنەگران، چ بەتیۆری و چ ڕەخنە، چاوی سرنج ببڕنە نووسەر و خوێنەرانی ئەم ژانرە، واتە ڕۆمان. هێنری جیمز، ساڵی ١٨٨٤، لە وتارێکی ڕەخنەگرانەیدا بەناوی (هونەری چیرۆک) (67) دەڵێ: ڕۆمانی ئینگلیسی (هیچ چەشنە تیۆری و هەڵسەنگاندنێکی لەسەر نەبوو و، ئاگاداری و زانیارییەکی ئەوتۆی لە خۆی نەبوو - وەک بڵێی ڕۆمان دەربڕینی باوەڕێکی هونەری یاخود حاسڵ و بەرهەمی هەڵبژاردن و هەڵسەنگاندن بێ).

هێنری جیمز لە ساڵی ١٨٤٣ لە نیویۆرک لە دایک بوو. هەلی دەرس

(66) Henry James
(67) The Art of fiction

خوێندن و سەفەرکردنی باشی بۆ هەڵکەوت و خاوەن پوول و پارەیەکی زۆریش بوو. لە سەرەتای ژیانیدا خۆی و بنەماڵەکەی (براکەی ویلیام – یشیان لەگەڵ بوو کە بەباوکی فەلسەفەی پراگماتیکی ئەمریکایی دەناسرێ) بەرەو پێتەختی وڵاتە ئەوروپاییەکان سەفەریان کرد و، زۆر شوێنی گرینگ گەڕان و سەریان لە زۆر نووسەر و زانای پێشڕەوی ئەو کات هەڵێنا، ئەوین و باوەڕی هەموو شتێکی ئەوروپا هەر زوو ئاوێتەی ژیان و بیروباوەڕەکانی بوو. جیمز بڕیاری دا ببێتە وەکیل. هەربۆیە بوو بەقوتابیی قوتابخانەی قانوون لە هاروارد. هەر زوو هەستی بەم ڕاستییە کرد ئەوە (عەشقی) نووسینە، نەک قانوون، سەرتاپای گیانی تەنیوە. هەر بۆیە لە پێناوی کاری نووسین قوتابخانەی قانوونی جێهێشت. دەبوایە تا ساڵی ١٨٧٥ سەفەری زووی بۆ ئەوروپا کاردانەوەی خۆی هەبوایە و، ئیتر جیمزی هێشتا ڕەبەن لە ژیاندا بەیەکجاری لە ئەوروپا گیرسایەوە و زۆر جیدی دەستی کرد بەنووسین.

لەو شتانەی کە جیمز لە کۆمەڵە چیرۆکە کورتەکانی خۆی کە بریتین لە: (شتی ڕاستەقینە)، [68] (ئاژەڵ لە جەنگەڵدا)، (The Jolly Corner) [69] و، هەروەها لەسەر ڕۆمانەکانی: (ئەمریکایی)، [70] (وێنەی خاتوونێک)، [71] (The Bostonians) (بۆستۆنییەکان) و، (بادانی پێچ)، [72] نووسیونی دەردەکەوێ، ئەو بابەتەی ئەو بۆ باسکردن پەسندی دەکا ئەو کێشە و ململانێیەیە کە لە نێوان ئەوروپا و ئەمریکادا هەستی پێدەکا. زۆر جار کێشەی دەرەبەگایەتی کاتی، بەشەقڵ و شێوازێکی پاڵێودراوەوە لە ڕێگای (کەسایەتی) ئەو ئەمریکاییە ساکار و بێ غەلوغەشانەی کە بەڕواڵەت وێدەچێ خاوەن کولتوور و فیکر و فامێکی ئەوتۆ نەبن، لە چیرۆکەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە. جیمز جگە لەوەی بەنووسەرێکی بەکار

(68) The Real Thing
(69) The Beast in the Jungle
(70) The American
(71) The portrait of a Lady
(72) The Turn of the Screw



دەناسرێ، وەک کەسێکی خاوەن تیۆری نووسینیش، بەتایبەت لە ڕۆماندا، ناوی زڕاوە. جیمز لە وتارە ڕەخنەگرانەکەیدا بەناوی (هونەری چیرۆک) یەکەمین تیۆری پوخت و پاراوی ڕۆمانی ئەدەبی ئینگلیسی پێشکەش دەکا.

جیمز لە (هونەری چیرۆک)دا دەڵێ: (ڕۆمان بەپێناسە وردەکەی واتە کاریگەرێتییەکی تاکە کەسی و ڕاستەوخۆی ژیان. ئەم تایبەتمەندییە پیشاندەری بەها و پلە و پایەی ڕۆمانە، جا بەپێی ڕێژەی خەستی و خۆڵی ئەم کاریگەرێتییە بەهای ڕۆمانیش زۆر و کەم دەکا، هەروەها تەنیا شتێک کە پێویستە ڕۆمان پێشاوپێش دەروەستی بێ، بەبێ ئەوەی تۆمەتی (قەراردادی بوون)ی بخەینە پاڵ، ئەوەیە کە سەرنجڕاکێش بێ. ئەو ڕێگایانەی بۆ گەیشتن بەم ئامانجە هیچ سنوورێکیان بۆ نییە لە ڕادەبەدەرن). هەر لە سەرەتاوە، تیۆری جیمز حاشا لە ڕوانگەی ڕۆمانتیکی وردزورس یان کۆلریج دەکا، ئەو ڕوانگەیەی دەڵێ، خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی دەقێکدا دەبێ بێ باوەڕی وەلابنێ. بەباوەڕی جیمز دەق دەبێ سەرەتا واقیعگەرا بێ، واتە پیشاندەری ژیان بێ، ئەو جۆرەی کە هەیە و ئەو جۆرەی کە بۆ خوێنەران بەدی دەکرێ. جیمز دەڵێ: ڕۆمانی خراپ ئەو ڕۆمانەیە ڕۆمانتیک یان زانستیانە بێ، ڕۆمانی باش ژیان بەکردەوە نیشانی ئێمە دەدا و، لە سەرووی هەمووانەوە (دیاردەیەکی سەرنجڕاکێشیشە.

جیمز لەسەری دەڕوا و دەڵێ: ڕۆمانی خراپ بەقەڵەمی نووسەری خراپ دەنووسرێ و ڕۆمانی چاک بەقەڵەمی نووسەری چاک. بەپێچەوانەی ئەو نووسەرانەی دەقی لاواز بەرهەم دێنن، نووسەرانی باش ئەو بیریارە باشانەشن کە دەتوانن لە دەقەکانیاندا (کاروباری ژیان)[73] (ڕاستی و وێنە و واقیعەکانی) هەڵبژێرن، یان هەڵیان سەنگێنن یان بەشێوەیەکی خەیاڵاوی بەکاریان بێنن. ئەم نووسەرانە هەروەها بەم ڕاستییە دەزانن کە بەرهەمێکی هونەری دیاردەیەکی ئۆرگانیکە. وانییە بڵێین بەرهەمی هونەری خۆی کۆمەڵێک زانیاری ڕاستەقینەی ئەزموونەکانی ژیانی واقیع

(73) stuff of life

بێ، بەڵکو خۆی ژیانێکی تایبەت بەخۆی هەیە کە بەپێی زانیاری ناوەڕۆک و، چەمکەکانی خۆی دەژی. نووسەر دەبێ بەم هەقیقەتە بزانێ و، خۆی لە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بپارێزێ. جیمز کە لە بەکارهێنانی (بگێڕی هەموو شت زان)[74] بۆ گۆشە نیگای گێڕانەوەی چیرۆک خۆ دەپارێزێ، لەسەر ئەم ڕاستییە پێدادەگرێ کە بەکارهێنانی گۆشە نیگایەکی ناڕاستەوخۆتر پێویست و گرینگە تا نووسەر بتوانێ کەسایەتی و کار و کردەوە و هەستەکان پیشانی خوێنەر بدا، لە جیاتی ئەوەی (تەنیا) هەندێک شتمان لەو بابەتەوە پێبڵێ. جیمز لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئەگەر بتوانێ لە بری ئەوەی لە بابەت کەسایەتی و، کاری و ئاکاری بۆمان بدوێ، خودی ئەو کەسایەتییە و کار و ئاکارەکەیمان پێنیشان دا، دواجار توانایی ئەوەی دەبێ ڕوانگەیەکی بەرفراوانترمان لە واقیع بۆ بخوڵقێنێ لەچاو ئەوەی چیرۆکەکەی هەر لە یەک گۆشە نیگاوە، یان هەر لە زمانی تاکە یەک کەسایەتییەوە بگێڕدرێتەوە. بەم حاڵەشەوە، دواجار خوێنەر دەبێ لەسەر بەها و بایەخی دەقەکە بڕیار بدا و، (هەڵبەت هیچ شتێک بەدی ناکرێ جێگای ئەم ڕێبازە دێرین و باشە بگرێتەوە، ڕێبازی خۆشویستن یان خۆشنەویستنی کارێکی هونەری. ڕەخنەی هەرە باش ئەم سەرەتاییترین و دوایین سەنگی مەحەکە وەپشت گوێ ناخا.

لە سایەی سەری هێنری جیمزەوە ژانری ڕۆمان بوو بەبابەتێکی بەنرخ و خاوەن بەها بۆ ڕەخنەگرانی ئەدەبی. جیمز لە ڕێگای پێ داگریی لەسەر ڕیالیزم و (کاروباری ژیان) تیۆرییەکی بۆ ڕۆمان داڕشت کە هێشتا و لە ساتە وەختی هەنووکەشدا باسی هەر دەکرێ.

## ڕەخنەی ئەدەبی مۆدێرن

مەرگی ماتیۆ ئارنۆڵد لە ساڵی ١٨٨٨ و (تا ڕادەیەکیش مەرگی هێنری جیمز لە ساڵی ١٩١٦) بەقۆناغی تێپەڕین بۆ / لە ڕەخنەی ئەدەبی (دا) دێتە ئەژمار. ئارنۆڵدیش چەشنی درایدن و پۆپ و وردزورس، بەدەسەڵاتدار و ڕەخنەگرێکی ئەدەبی پێشەنگی ڕۆژگاری خۆی لە قەڵەم دەدرا. ئەوە

(74) omniscient narrator (راوی دانای کل).



تیۆری و ڕەخنەکانی ئارنۆڵد بوون کە زۆربەی هەرە زۆری باوەڕەکانی ئەو سەردەمی دەگرتنە خۆ، مەرگی ئارنۆڵد کۆتایی بەمەزنایەتی و زاڵبوونی خۆی و کۆمەڵێک باوەڕی خۆی هێنا کە ببوونە نوێنەری قۆناغێکی درێژخایەنی زەمانی یان بزووتنەوەیەکی ڕەخنەیی. پاش ئارنۆڵد، تیۆری و ڕەخنەی ئەدەبی، چەندین لقی جیاجیا و جۆراوجۆری لێبۆوە. ئەم تیۆری و بۆچوونانەش، هیچ کامیان لە هیچ قۆناغێکی زەمانی درێژخایەندا دەسەڵاتیان بەدەستەوە نەبوو. لە ئاخروئۆخری سەدەی نۆزدە، زۆر ڕەخنەگر لەسەر بۆچوونی ژیننامەیی یان مێژوویی بۆ دەق، پێیان دادەگرت. گەلێ ڕەخنەگر لە ڕێگای بەکارهێنانی هۆگرییە مێژووییەکانی تاین (Taine)ەوە بۆ دەق و، هەروەتر تیۆرییە تازە داڕێژراوەکانی هێنری جیمز بۆ ڕۆمان، بەجۆرێک لە دەقیان دەکۆڵییەوە وەک بڵێی دەق وێنەیەک بێ لە نووسەرەکەی، یاخود دەسکردێکی مێژوویی بێ. ئەمە جگە لەوەی بەدرێژایی ساڵەکانی دوای ئارنۆڵد و جیمز، دەنگێکی تاکی ناسراوی جیهانییش دەستی بەسەر مەیدانی ئەدەبیدا نەگرت، لە بری چەندین دەنگی ئەدەبی دیار و بەرچاو بوونە هۆی پێشکەوتی کۆمەڵێک شێوازی جیاواز و سەیر و سەرنجڕاکێش بۆ هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنی دەق.

پاشان لە سەدەی بیستەمدا، کۆمەڵێک (قوتابخانەی ڕەخنەیی) سەرهەڵدەدەن بەجۆرێک کە هەر کام لەم قوتابخانانە کۆمەڵێک پرسیاری ڕەوا و پڕ بەپێست، بەڵام جیاواز و جۆراوجۆر سەبارەت بەدەق دێننە ئاراوە. ئەم قوتابخانانە بۆ ئەوەی سرنجی خۆیان بدەنە تاقە لایەنێک یان لایەنە تایبەتترەکان، دێن و لە تێڕوانینی گشتی[75] بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی دەس هەڵدەگرن، ئەو جۆرە تێڕوانینەی کە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی خۆی بۆ سەرلەبەری پاژەکانی بارودۆخێکی ئەدەبی تەرخان دەکا. بۆ وێنە مۆدێرنیزم و «بەتایبەتی (ڕەخنەی نوێ)، یەکەمین بزوتنەوەی ڕەخنەیی سەدەی بیستەم» پێی خۆشە لە ڕابردوو داببڕدرێ و، بەڕواڵەت حاشا لە کاریگەرێتی کولتووری بەسەر کارێکی ئەدەبییەوە بکات. ئەم

(75) holistic approach

ڕەخنەگرانە دەڵێن دەق، دەق ڕاڤە دەکا. لە لایەکی ترەوە، مێژووگەری نوێ،(76) تازەترین قوتابخانەیەکی فیکری کە سەری هەڵدابێ، باسی ئەوە دەکا کە دەشێ خودئاگایی مێژوویی زۆربەی ڕەخنەگران بپووژێننەوە، چونکی ئەوەی ڕاستی بێ لە نێوان دەقێکی داستانی و ژینگە کولتووری و مێژووییەکەیدا بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەر وێکچوون دەبینرێ. بەڕای ئەم ڕەخنەگرانە، خوێنەر هەرگیز ناتوانێ بەتەواوی لە هەقیقەتی دەقێکی مێژوویی یا ئەدەبی بگا، چونکی هەقیقەت خۆی بەشێوەیەکی جیاواز لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر وەردەگیرێ. هەر بۆیە بۆ ئەم مێژووگەرە نوێیانە ڕەخنەی (تەنیا دەق)ی سەرەتای سەدەی بیستەم وێدەچێ بەڕەخنەیەکی ناتەواو و نیوەچڵ و لە ڕێ لادەر بێتە ئەژمار.

لە فەسڵەکانی داهاتووی ئەم کتێبەدا لە هەشت قوتابخانە (هەڵبەت لەم وەرگێڕانە کوردییەدا لە پێنج قوتابخانە) کە سەرەکیترین قوتابخانەکانی ڕاڤەی سەدەی بیستەمن دەکۆڵینەوە. لە هەر کام لەم قوتابخانە جیا جیایانە سەرنج دەدەینە ئەو بۆچوونە فەلسەفییانەی کە بناغەی تیۆرە ئەدەبییەکانیان دادەڕێژن. خۆ ئەگەر نەشڵێین هەموویان، لانی کەم زۆربەیان بۆچوون و ئەسڵ و مەبەستەکانی خۆیان لەو ڕەخنەگر و تیۆرییە ئەدەبییانەی پێشتر باسمان کردن وەرگرتووە. ئێمە بەوردی لەوە دەکۆڵینەوە ئەم قوتابخانانە چیان لە قوتابخانە ڕەخنەییەکانی پێش خۆیان وەرگرتووە، چیان ساغ کردۆتەوە و چ چەمکێکیان هەڵبژاردووە و پێیان زیاد کردوون. هەروەها لە ڕەوتی مێژوویی هەر کام لەم قوتابخانانە ورد دەبینەوە و لەوە دەکۆڵینەوە چۆن چۆنی قوتابخانە ڕەخنەییە تازەکان، زۆر جار وەک هەڵوێستێک لە بەرامبەر قوتابخانەیەکی بەر لە خۆیان سەرهەڵدەدەن...(*)

ئێمە لە ڕێگای ناسینی قوتابخانە ڕەخنەییە جۆراوجۆرەکانەوە دەتوانین تیۆری ڕاڤەکردنی خۆمان تاقی بکەینەوە و، هەروەها ئەسڵ و بنەماکانی

(76) New Historicism

(*) ئەم پەرەگرافە چونکی باسی بەشی پراکتیکی کتێبەکە دەکا، بەو هۆیەی لە (وتەیەکی وەرگێڕ)دا باسم کردووە وەرم نەگێڕاوە.



ڕەخنەی خۆمان دابهێنین. پاشان پەی بەم ڕاستییە دەبەین کە شتێک بەناوی خوێندنەوەی دەسبەسراوانەی دەق بوونی نییە، چونکی گشت خوێندنەوەکان هەڵگری خوێندنەوەیەکی ئاگادارانە یان نائاگادارانە، داهێنەرانە و بەپێی زانیاری باش، یان پارچە پارچە کراو و بێ زانیاری کارێکی ئەدەبین. دواجار هەڵبژاردنی خوێندنەوەیەکی زیرەکانە و پڕ لە زانیاری هەڵبژاردنێکی باشترە.

3

## ڕەخنەی نوێ

### پێشەکی

ڕەخنەی نوێ (New Criticism) کە لە سەرەتای سییەکانەوە (١٩٣٠) تا شەستەکان (١٩٦٠) دەستی بەسەر ڕەخنەی ئەدەبی ئەمریکایی داگرتبوو، چیتر ناکرێ بەنوێیی لە قەڵەم بدەین. بۆچوونە تیۆریک و دەستەواژە و ڕێبازە ڕەخنەییەکانی ئەم قوتابخانەیە بەردەوام لەسەر دەستی ئەم ڕەخنەگرە دواییانە، کە خۆیان سەبارەت بەتیۆری ئەدەبی بیروبۆچوونی نوێ پێشکەش دەکەن، لە برەو دەکەون. هەرچەند ئەم قوتابخانەیە ئێستاکە لە نێو ڕەخنەگراندا جێگایەکی ئەوتۆی پێنەدراوە، بەڵام بەدرێژایی زۆربەی ساڵانی سەدەی بیستەم مەیدانی تیۆری و پراکتیکی ئەدەبی داگیر کردبوو. هێشتاش ئەم قوتابخانەیە وەک یەکێک لە گرینگترین بەشدارە (قۆڵە) ئینگلیسییەکەی (ڕەوتی) لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی ئەدەبی چاو لێدەکرێ.

ناوی ڕەخنەی نوێ، ساڵی ١٩٤١ لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کتێبی (ڕەخنەی نوێ)ی (جان کراو ڕەنسۆم)(1) کەوتە سەر زاران. ئەم کتێبە پێناسەی ئەم ڕوانینە تازەیەی (واتە ڕەخنەی نوێ)ی دەکرد لەمەڕ تێگەیشتنی ئەدەب و، هەڵگری هێندێک لێکدانەوەی تاکە کەسی ڕەنسۆم بوو لەسەر تاقمێک لە تیۆریست و ڕەخنەگرانی هاوچەرخی خۆی. ڕەنسۆم خۆی شاعیر و ڕەخنەگر و یەکێک لە ڕێبەرانی پێشەنگی ئەم بزووتنەوە پێشکەوتخوازانەیەی باشوور بوو. لە (ڕەخنەی نوێ)دا ڕەنسۆم بانگەشەی ڕەخنەگری بوونناسی(2) (ئانتۆلۆژیکال) دەکا، ئەو ڕەخنەگرەی کە دەزانێ شیعر (شیعر لە ڕەخنەی نوێدا هاو واتای هەر جۆرە کارێکی ئەدەبییە) بوونێکی

(1) John Crowe Ransom
(2) ontological critic



کۆنکریتە (عەینییە)،(3) وەک تابلۆی (مۆنالیزا)ی لیئۆنارد داوینچی، یان تەسنیفی Messiah –ی هاندێل، یان تەنانەت هەر ڕەگەزێکی کیمیایی وەک ئاسن و زیو. هەروەک ئەم شتە کۆنکریت و بەرهەستانە، شیعریش دەکرێ لێکبدەینەوە، بۆ ئەوەی مانای ڕاست و دروستی بدۆزینەوە، دابڕاو لە مەبەست یان حاڵەتی عاتیفی داهێنەرەکەی، یان ئەو بەها و باوەڕانەی کە داهێنەر، یان خوێنەر (لە بابەت شیعرەکەوە) هەیانە. جا لەبەر ئەوەی ئەم بۆچوونە، کە سروشتی شیعر دەگرێتە خۆی، دەکەوێتە ناوەندی باوەڕە ڕەخنەییەکانی ئەم بزوتنەوەیە، نابێ پێمان سەیر بێ کە ناوی کتێبەکەی ڕەنسۆم دەسبەجێ بوو بەبانگەوازی ڕەسمی ئەم ڕوانینە لەسەر لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.

ڕەخنەی نوێ بەدرێژایی مێژووە درێژخایەن و پڕ لە سەرکەوتووییەکەی، چ بەمۆدێرنیزم ناوی بێنین، چ بەفۆرمالیزم، یان ڕەخنەی جوانیناسی، یان ڕەخنەی دەقی، یاخود ڕەخنەی بوونناسی، کۆمەڵێک تیۆری و ڕەوشتناسی ڕەخنەیی کە لە لایەن پەیڕەوانیشیەوە پشتیوانی لێبکرێ، ناخاتە بەردەست. بەلایەنە باشەکەیدا، ڕەخنەی نوێ و لایەنگرانی ڕەخنەی نوێ (کە پێیان دەڵێن ڕەخنەگرانی نوێ) تاقمێکن تێکەڵاوی یەک بوون و، دەستەواژە و تیۆری و پراکتیکەکانیان پێکەوە ئاڵوگۆڕ دەکەن و بەقەرز وەری دەگرن (یان دەیدەن) و گۆڕانکاری بەسەر دادێنن، لە هەمان کاتیشدا دان بەوە دادەنێن کە لە ناوەندێکی هاوبەشی بۆچوونە بنەڕەتییەکانیاندا یەک دەگرنەوە. دوا یەکێتی ئەم تاقمە لە دژایەتی کردنیان لەگەڵ ئەو ڕێبازە لێکۆڵینەوە ئەدەبییانەوە سەرچاوە دەگرێ کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بەسەر فەزای زانکۆکاندا زاڵ بوون.

### ڕەوتی مێژوویی

لە سەرەتای سەدەی بیستەم (کە زۆر جار بەدەسپێکی قۆناغی مۆدێرینست یا مۆدێرنیزمیش ناوی دێنن) خوێندنەوەی ژیننامەیی و

(3) concrete

مێژوویی بەسەر مەیدانی لیکۆڵینەوەی ئەدەبیدا زاڵ بوو. زۆر کەس پێیان وابوو ئەرکی ڕەخنە دۆزینەوەی زەمینەی مێژوویی دەق و پێزانین بەو ڕاستییەیە کە ژیانی داهێنەر چۆن چۆنی کار دەکاتە سەر نووسراوەکانی. ئەم چەشنە لێکدانەوە دەرەکییە[4] (تاوتوێکردنی ڕەگەزەکانی دەرەوەی دەق بۆ پەردە لادان لەسەر مانای دەق) لە بەشی ئینگلیسی زۆربەی زانستگا و زانکۆکانی ئەمریکادا بوو بەباو. زۆر جار چەشنەکانی تری ڕەخنە و ڕاڤە لەگەڵ ئەم پێداگرییە لەسەر ژیننامە و مێژووی (داهێنەر و دەق) ئاوێتە دەبوون. بۆ وێنە هەندێ ڕەخنەگر پێیان وابوو ئێمە دەشێ لە پێناوی جوانی دەقدا، دەق سەنگ و سووک بکەین. ئەوەی بەڕاستی بۆ ئەم ڕەخنەگرە ئیمپرسیو نیستیکانە(*) گرینگ ئەو شتەیە کە ئێمە چۆن هەستێکمان (لە بەرامبەر) دەقەکەدا هەیە و لە کارێکی هونەریدا چی دەبینین. ڕەخنەگرانی تر دیدێکی زیاتر فەلسەفییان بوو و، باسی گۆشەنیگایەکی سروشتخوازانەی ژیانیان هێنابووە گۆڕێ. ئەم گۆشەنیگایە لەسەر گرینگی بیری زانستی لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا پێ دادەگرێ. بەبڕوای لایەنگرانی سروشتخوازی، مرۆڤ (جۆرە) ئاژەڵێکە دەکەوێتەوە نێو جیهانێکەوە کە دەبێ بەپێی هێندێک ئەسڵی زانستییانەی دیاریکراودا بجووڵێتەوە و، تا ڕادەیەک بەشێوەیەکی غەریزی، دژکردەوەی خۆی لە بەرامبەر ژینگە و خواست و ویستە دەروونییەکانی بنوێنێ. لەولاوە دەستەیەک ڕەخنەگری تر، نوێ هیومانیستەکان (نوێ مرۆڤخوازەکان)، تایبەتمەندییە ئەخلاقییەکان دەنرخێنن. ئەوان ئەم مەسەلەیە ڕوون دەکەنەوە کە ئەزموونی مرۆڤ، لە بنەڕەتدا ئەزموونێکی ئەخلاقییە، بۆیە دەیانەوێ بناغەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لەسەر بەها ئەخلاقییەکانی نێو دەق دابمەزرێ. دواجار پاشماوەی ڕۆمانتیسیزمی سەدەی نۆزدە دێتە مەیدان. بۆ لێکۆڵەرێکی ڕۆمانتیک، خوێندنەوەی ئەدەبی خۆی بەهەست و هەڵوێستی

(4) extrinsic analysis

(*) (impresionistic) لە عامترین مانای خۆیدا واتە: بیرۆکەیەکی گشتی بەدەستەوەدان لە جیاتی واقعێکی تایبەت یا زانستێک بەوردەکارییەکانییەوە.



هونەرمەندەوە، کە لە بەرهەمەکەیدا ڕەنگ دەداتەوە خەریک دەکا. ئەم قوتابخانەیە کە بە(قوتابخانەی دەربڕینی)[5] ناسراوە، لە دیدی ڕۆمانتیکانەی خۆیدا ئەزموونی تاکە کەسی هونەرمەند وەک بەڵگەیەکی نێو دەق دەسەلمێنێ.

هەر لە ئیمپرسیونیزم و نوێ هیومانیزم و سروشتخوازییەوە تا دەگاتە ئەم دیدە ڕۆمانتیکانەیە بۆ ژیان و هونەر لە لایەن ڕەخنەی نوێوە حاشایان لێکرا. ڕەخنەگری نوێ بۆ سەلماندنی بوونی بابەتی شیعر لەسەر ئەم ڕاستییە پێ دادەگرن کە ئەوە تەنیا خودی شیعرە کە دەتوانین بەشێوەیەکی بابەتییانە هەڵی سەنگێنین، نەک هەست و هەڵوێست و بەها و باوەڕەکانی داهێنەر یاخود خوێنەر. جا لە سۆنگەی ئەوەی کە ڕەخنەگری نوێ کاری خۆیان زۆرتر بۆ تاوتوێکردنی بەرهەمی ئەدەبی خۆی، نەک زەمینە مێژوویی یان ڕەگەزە ژیننامەییەکانی تەرخان دەکەن، (دەکرێ بڵێین) ئەم ڕەخنەگرانە سەر بەدەستەیەکی گەورەی ڕەخنەی ئەدەبین بەناوی فۆرمالیزم[6]. ڕەخنەگرانی نوێ کە بەفۆرمالیستیان دەزانین پشتگیری ئەو شێوە ڕوانینە دەکەن کە زۆر کەس پێی دەڵێی ڕوانینی (دەق و تەنیا دەق) بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی. ڕوانینێکی لەم چەشنە بۆ ڕەخنەی ئەدەبی خود بەخود دەمانگەیەنێتە گەلێ بۆچوونی جیاواز کە بریتین لەو ڕەگەزانەی کە وەکو ڕەخنەگرانی نوێ دەڵێن، شیعر پێکدێنن. زۆربەی ڕەخنەگرانی ئەم جۆرە ڕەخنە فۆرمالیستیکییە لەگەڵ بۆچوونەکانی یەکتر تەبا و ڕەبا نین، وەک بۆ نموونە لەسەر ئەو ڕەگەزانەی کە پێکهێنەری شیعرن یەک ناگرنەوە، یان بۆچوونی جیا جیایان لەسەر لێکۆڵینەوەی دەقی هەیە، بۆیە ئەستەمە لیستەیەکی دیاریکراوی ناوی ئەو ڕەخنەگرانەی خۆیان بەڕەخنەگری نوێ دەزانن ئامادە بکەین. بەم حاڵەشەوە ئێمە دەتوانین ئەو ڕەخنەگرانە پۆلێن بکەین کە هێندێک گریمانەی ڕەخنەیی نوێی هاوبەش بەیەکیان دەبەستێتەوە، وەک لێکۆڵینەوەی شیعری. لە نێوان ئەم ڕەخنەگرانە

(5) expressive school
(6) Formalism

دەتوانین ئاماژە بکەین بەناوی، جان کراو رانسۆم، ڕێنێ وێلێک،[7] و.ک. ویمسەت،[8] ر.پ. بلاکمور،[9] ئای. ئێی. ڕیچاردز،[10] ڕۆبێرت پێن وارێرن،[11] کلینس بروکس[12]. سالّی ١٩٨٣ بەهۆی چاپ و بڵاوکردنەوەی دەقێکی زانکۆیی بەناوی (تێگەیشتن لە شیعر) لەلایەن بروکس و وارێرنەوە، ڕەخنەی نوێ لە ئاخروئۆخری سییەکانەوە (١٩٣٠) تا سەرەتای شەستەکان (١٩٦٠) وەک شێوەیەکی پێشڕەوی لێکۆڵینەوەی دەقی لە زانستگاکانی ئەمریکا سەری هەڵدا.

هەرچەند ڕەخنەی نوێ وەک دەسەڵاتێکی بەهێزی (ڕەخنەی ئەدەبی) لە ساڵی ١٩٤٠دا سەری هەڵدا، بەڵام ڕیشە و ڕەگەزەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەم (١٩٠٠). دوو ڕەخنەگر و نووسەری ئینگلیسی واتە ت.س. ئیلیۆت و ئای. ئێی. ڕیچاردز هەوڵیان دا بەردی بناغەی ئەم شێوە لێکۆڵینەوە فۆرمالیستییانە دابنێن. ڕەخنەی نوێ پێداگرتنی خۆی لەسەر ئەم ڕاستییە کە ڕەخنە دەبێ ڕووی لە شیعر بێ نەک شاعیرەکەی لە ئیلیۆت وەرگرت.

ئیلیۆت دەڵێ: شاعیر شیعرەکەی لە ڕێگای کەسایەتی و هەست و سۆزی خۆیەوە ئیلقا ناکا، بەڵکو بەشێوەیەک کەڵک لە زمان وەردەگرێ کە لە ڕێگای شیعرەکەیەوە بتوانێ هەست و سۆزە نا تاکەکەسی و هاوبەشەکانی هەموو مرۆڤەکان ئاوێتەی یەک بکا. کەوایە شیعر هەڵڕشتنی هەست و سۆزی شاعیر نییە، بەڵکو ڕزگاربوونە لە بەندی ئەو هەست و سۆزانە. جا چونکی شیعر پێکهاتەیەکی نا تاکەکەسی هەست و سۆزە هاوبەشەکانی مرۆڤە، هەست و باوەڕی شاعیر بەشێوەیەکی شاراوە لە یەک گرێ دەدا و، (دواجار) دەقێک دەخوڵقێ کە ناتوانین بڵێین ڕەنگدانەوەی ڕووتی هەستە شەخسییەکانی شاعیرە. هەروەها بۆچوونێکی

(7) Rene Wellek
(8) W.K. Wimsatt
(9) R.P. Blackmur
(10) I.A. Richards
(11) Robert pen Warren
(12) Cleanth Brooks



تری ڕەخنەی نوێ کە لە ئیلیۆتی وەرگرتووە ئەوەیە خوێنەری شیعر دەشێت فێری تەکنیکی ئەدەبی بێ. ئیلیۆت دەڵێ، خوێنەری باش بەشێوەیەکی پێکهاتەیی لە شیعر دەگا، بەجۆرێک کە (ئەم تێگەیشتنە) دەبێتە هۆی بەرهەم هاتنی ڕەخنەی باش. پێویستە خوێنەری لەم دەستە بۆ خوێندنەوەی شیعری باش پەروەردە بکرێ (بەتایبەت شیعری قۆناغی ئیلیزابێتی، وەک شیعری جان دان و شاعیرە میتافیزیکییەکانی تر) و بەباشی لەگەڵ سوننەتە شیعرییە سەقامگیرەکاندا ئاشنایەتی هەبێ. لە لایەکی ترەوە (خوێنەری دەسکورت)[13] هەر تەنیا دژ کردەوە و هەست و سۆزی شەخسی خۆی لە بەرامبەر دەق دەردەبڕێ. خوێنەرێکی لەم چەشنە لە تەکنیک و لێوەشاوەیی ئەدەبیدا خوێنەرێکی نەشارەزایە. دوا بەدوای ئەو ڕێچکەیەی ئیلیۆت گرتیەبەر، ڕەخنەگرانی نوێ باسی ئەوە دەکەن کە هەروەک چۆن خوێنەری باش و خراپ هەن، ڕەخنەی باش و خراپیش هەیە. بۆ نموونە ڕەنگە خوێنەرێکی خراپ و ڕەخنەیەکی خراپ؛ باس لەوە بکەن کە شیعرێک دەتوانێ هەر چەشنە مانایەک کە خوێنەر یان داهێنەرەکەی پێی خۆشبێ بەدەستەوە بدا. لە لایەکی دیکەوە ڕەخنەگرێکی باش و ڕەخنەیەکی باش بەوە دادەنێن کە تەنیا لە ڕێگای لێکۆڵینەوەیەکی پێکهاتەیی وردەکارانەوە دەتوانرێ بۆ شیعر ڕاڤەیەکی ڕاست و دروست بەدی بهێنرێ.

ئیلیۆت هەروەتر چەند واژە و دەستەواژەیەکی تەکنیکی دەخاتە بەردەست ڕەخنەی نوێ. بۆ نموونە، لەسەر دەستی ئیلیۆت، دەستەواژەی (هاوپێوەندی بابەتیانە)(14) لە زمانی شیعریدا بۆتە ئەسڵێکی گرینگ. بەگوێرەی گوتەی ئیلیۆت تەنیا ڕێگای دەربڕینی هەست و سۆز لە ڕێی هونەرەوە دۆزینەوەی هاوپێوەندییەکی بابەتییانەیە: (واتە) کۆمەڵێک شت (ئۆبژە)، بارودۆخ، زنجیرە ڕووداو یان دژ کردەوە گەلێک کە دەتوانن بەشێوەیەکی کاریگەر یارمەتیدەری (وەدیهاتنی) ئەو ڕاستییە بن کە ئەو هەڵوێستە

(13) poor reader
(14) objective corelative

عاتیفییانەی خوێنەر بورووژێنن کە نووسەر پێی خۆشە بەبێ گوتنی ڕاستەوخۆی؛ ئەو عاتیفەیە دەربڕدرێ. کاتێک هەقیقەتە دەرەکییەکان بەم شێوەیە پێشکەش بکرێن، سەرلەبەری ئەم هەقیقەتانە یەک دەگرن، و ئینجا هەست و سۆزی (خوێنەر) دەبزوێنن. ڕەخنەی نوێ بەرە بەرە تیۆرییەکی ناتاکە کەسی لەم دەستەی لەمەڕ بزواندن و ورووژاندنی هەست و عاتیفە لە شیعری ڕێکوپێک کرد و پەرەی پێدا.

ڕەخنەی نوێ دەستەواژەیەکی تری لە ئای. ئێی. ریچاردزی دەروونناس و ڕەخنەگری ئەدەبی و هاوچەرخی ئیلیۆتی بریتانی وەرگرتووە. ئەم دەستەواژەیە (هاوسەنگ) و هاو واتای ڕێبازی لێکۆڵینەوەیی ڕەخنەی نوێیە، واتە: (ڕەخنەی پراکتیکی). لە تاقیکارییەکی زانستگای کەمبریجدا، ریچاردز هات و نوسخەی چەند شیعرێکی بەنێو قوتابیاندا بڵاو کردەوە. ئەم شیعرانە هیچ چەشنە زانیارییەکیان لە بارەی شاعیر و مێژووی شیعر و خاڵە نائاساییەکانی شێوە نووسینەوە و ڕێزمانی شیعرەکانی تێدا نەبوو. ریچاردز داوای لە قوتابیان کرد وەڵامی خۆیانی بۆ بنووسنەوە. ریچاردز لە ڕێگای ئەم ئەزموونەوە پەی بەو گیروگرفتانە برد کە شیعر دەیخاتە سەر ڕێی خوێنەرانی: کێشەی ڕاڤە، تەکنیکە شیعرییەکان و ماناگەلی تایبەت. ریچاردز بەپشت بەستن بەم لێکۆڵینەوەیە سیستمێکی پڕ پێچوپەنای بۆ گەیشتن لە مانای شیعری داهێنا کە بریتییە لە لێکدانەوەیەکی وردبینانەی دەق. ئەوە لێکدانەوەی ورد یان (خوێندنەوەی ورد)ی دەقە؛ کە ماناکەی لەگەڵ مانای ڕەخنەی نوێ جووتە.

کەوایە ڕەخنەی نوێ بۆچوون و بابەتەکانی خۆی لە ئیلیۆت و ریچاردز و ڕەخنەگرانی تر وەردەگرێ و، لەسەر دەستی ئەوان پەرەیان پێدەدا و، کۆمەڵێک شتیان پێ زیاد دەکا. هەرچەند کۆمەڵێکی کەم لە ڕەخنەگرانی ئەم قوتابخانەیە لەسەر زۆرینەی ئەسڵ و پێناسە و تەکنیکەکان ڕایان یەک دەگرێتەوە، بەڵام وێدەچێ ناوکی بۆچوونەکانیان ڕێی ئەوەمان دەداتێ لایەنگرانی ئەم ڕوانگە ڕەخنەییە بۆ دەق پێناسە بکەین.



## گریمانەکان

ڕەخنەی نوێ کاری خۆی بەم بۆچوونەوە دەسپێکرد کە خوێندنەوەی ئەدەبی خەیاڵی خاوەن بەها و بایەخی خۆیەتی. خوێندنەوەی شیعر یان هەر چەشنە کارێکی ئەدەبی تر شەریک و برابەشکردنی خوێنەرەکەیەتی لە ئەزموونێکی جوانیناسانەدا (واتە ئەو کاریگەرێتییانەی لە کاتی بینین یان بیرکردنەوە لە کارێکی هونەری لە کەسێکدا بەدی دێ) کە دواجار بەگەیشتن بەهەقیقەت کۆتایی پێدێ. سەرەڕای ئەمە ئەو هەقیقەتەی کە دەگونجێ بدۆزرێتەوە و، لە ڕێگای ئەزموونێکی جوانیناسانەوە وەدەس دێ، لەگەڵ ئەو هەقیقەتەی کە زانست بۆمانی پێک دێنێ جیاوازی هەیە. زانست بەزمانی بەڵگە و حوکم قسە دەکا، بەپێی بەڵگە پێمان دەڵێ ئایا ئەم قسەیە ڕاستە یان ناڕاستە. (بۆ وێنە) زانست دەڵێ ئاوی خالیس لە ٣٢، ٣٠ یان ٣١ پلەی فارنهایتدا دەبێتە سەهۆڵ. لەو لاوە، هەقیقەتی شیعری بریتییە لە بەکارهێنانی خەیاڵ و شهوود و جۆرە هەقیقەتێکی شاراوەی دەروونی کە بەگوێرەی ڕەخنەی نوێ تەنیا لە شیعردا ئاشکرا دەبێ. ئێمە لە تەجرەبەی جوانیناسانەی ڕووتدا لەم جیهانە خاکییە و لە کاروباری پراکتیک و (ڕۆژانە) دادەبڕدرێین و، لە قسە و باسی پوخت و پاراو و حوکمدەرانە و پەروەردەیی ڕووت دادەماڵدرێین. ئێمە لە ڕێگای تاوتوێکردنی شیعرەوە ئەو هەقیقەتانە دەدۆزینەوە کە لە ڕێی زمان و مەنتقی زانستەوە پێیان ناگەین. کەوایە زانست و شیعر دوو سەرچاوەی جیاواز، بەڵام باوەڕپێکراو و هاوسەنگی مەعریفەمان دەخەنە بەردەست.

تیۆری ڕەخنەی نوێش، وەک زۆربەی تیۆرییە ڕەخنەییەکانی تر، کاری خۆی بەناساندنی بابەتی باسوخواسی خۆی، واتە شیعر دەسپێدەکا. ڕەخنەگرانی نوێ لەسەر ئەم ڕاستییە پێ دادەگرن کە شیعر حاڵەتێکی بوونناسانەی (ئانتۆلۆژیکال) هەیە، واتە ئەوەی خاوەنی بوونی خۆیەتی و وەک هەر شتێکی تر وجوودی تایبەت بەخۆی هەیە. ئەوەی ڕاستی بێ (لێرەدایە) شیعر دەبێتە دەسکرد، دەبێتە بوونێکی سەربەخۆ و سەربەست و ڕاستەقینە، بوونێک کە خاوەنی پێکهاتەی خۆیەتی.

پاش ئەو کێشەیەی کە دەڵێ شیعر ئۆبژەیەکە (بابەتێکە) خاوەن مافی خۆی، ڕەخنەگرانی نوێ هاتن (تیۆری ئۆبژێکتیوی هونەر)یان(15) هێنایە ئاراوە و پەرەیان پێدا. بەبڕوای ئەوان نابێ مانای شیعر بەشتێکی هاوسەنگ و هاوتای هەست یان مەبەستی گوتراو یان بەکاربراوی شاعیر لە قەڵەم بدەین. باوەڕ بەوەی مانای شیعر چ نییە جگە لە دەربڕینی تەجرەبە یان مەبەستی تایبەتی شاعیرەکەی سەلمێنەری ئەو باسەیە کە ڕەخنەگرانی نوێ بەباسی (هەڵەکاری مەبەست)(16) ناوی دێنن. ڕەخنەگرانی نوێ چونکی پێیان وایە شیعر خۆی ئۆبژەیە، دەڵێن شیعر هەروەتر دەبێ دەقێکی گشتیش بێ تا لە ڕێگای بەکارهێنانی پێوانە گشتییەکانی گوتارەوە تێی بگەین، کەوایە شیعر ناشێ هەر تەجرەبە و بابەت و واژەی تایبەتی شاعیر بێ.

ئەو ڕاستییەی کە شیعر تا ڕادەیەکیش پێوەندی بەشاعیرەکەیەوە هەیە حاشای لێناکرێ. ت.س. ئیلیۆت لە وتارێکدا بەناوی (سوننەت و مرخی تاکە کەسی)(17) لە بابەت پێوەندی نێوان نووسەر و بەرهەمەکەیدا باسی ئەم بۆچوونەی ڕەخنەی نوێ دەکا. بناغەی باسەکەی ئیلیۆت لەسەر (جۆرە) بەراوردکردنێک دامەزراوە. ئیلیۆت دەبێژێ، هەموومان دەزانین کاری کیمیایی بەهۆی ئامادە بوونی کاتالیزۆرێک ڕوو دەدا، ئەو کاتالیزۆرە شتێکە کە خۆی کاریگەرە، بەڵام کاریگەرێتی تاقیکردنەوەکەی بەسەرەوە نابێ. بۆ نموونە ئەگەر بێین پیرۆکسیدی هیدرۆژن، کە دەرمانێکی دژی پیساییە و لە نێو ماڵیش بەکاری دێنن، لە نێو قاپێکی خاوێنی بخەین و لە بەر تیشکی خۆری دابنێین، چیتر پیرۆکسیدی هیدرۆژن -مان لە بەردەست نابێ. (لێرەدا) تیشکی خۆر وەک کاتالیزۆرێک کاریگەر دەبێ و دەبێتە هۆی ڕوودانی کارێکی کیمیایی، واتە تیشکی خۆر ماکی پیرۆکسیدی هیدرۆژن تێکدەشکێنێ و پارچە پارچەی دەکا، کەچی لە هەمان کاتدا، خۆی بەبێ ئەوەی کاریگەرێتییەکی لەسەر بێ، وەک خۆی

(15) Objective theory of art
(16) intentional fallacy (فارسەکان (مغالطە نیت) بەکار دێنن.)
(17) Tradition and the individual Talent



(نەگۆڕ) دەمێنێتەوە.

هەر بەم شێوەیە زەینی شاعیریش کاتالیزۆرێکە بۆ ئەو کارەی کە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی شیعر. زەینی شاعیر لەو ماوەیەی ڕەوتی خوڵقێنەرانەی شیعر دەپێورێ چەشنی کاتالیزۆر دەکەوێتە کار و تەجرەبە شەخسییەکانی شاعیر (نەک خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی شاعیر) گرد و کۆ دەکاتەوە و دەیانکاتە بابەتێکی دەرەکی و خوڵقاندنێکی نوێ: واتە شیعر کەواتە ئەوە سیفەت و تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی شاعیر نین کە دەس دەدەنە دەستی یەک و شیعر پێکدێنن، بەڵکو ئەو شتە، تەجرەبەکانی کەسایەتی شاعیرە. ئیلیۆت بۆ لێک جیاکردنەوەی ئاشکرای نێوان کەسایەتی و زەینی شاعیر پێ لەسەر ئەو ڕاستییە دادەگرێ کە (بابەتی) بوونی خوڵقێندراو، واتە شیعر، سەبارەت بەتەجرەبەکانی نووسەرەکەی هەندێ وێکچوونی لەگەڵ تەجرەبەکانی هەمووماندا هەیە. لە ڕێگای پێکهێنان و هێنانە ئارای ئەم تەجرەبانەوە، شیعر ڕێگامان پێدەدا بەشێوەیەکی دیار و لەبەرچاو ئەم تەجرەبانە تاقی بکەینەوە. ڕەخنەگری نوێ بەهۆی حاشاکردن لە گوتە یان مەبەستە خوازراوەکانی شاعیر چەشنی کەرەسەیەک بۆ دۆزینەوەی مانای دەق، گرنگایەتییەکی کەم دەدەن بەمێژووی بوون یان بارودۆخی شیعر. ئەگەر (هەڵەکاری مەبەست) شتێکی ڕاست بێ، کەوایە بنکۆڵ کردنی زانیارە ژیننامەییەکانی (شاعیر) کەڵکێکی ئەوتۆیان بۆ دۆزینەوەی مانای شیعر نابێ. هەر بەم شێوەیە، هەوڵی ئەوەی شیعر بخەینە نێو زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی یان سیاسییەوە، زۆر شتی مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو ڕۆژگارەی کە شیعرەکەی تیا نووسراوە دەخاتە بەردەست، لە حاڵێکدا ئەم زانیارییانە هەرچەند لەوانەیە بەڕاستی بۆ تێگەیشتنی شیعرەکە یارمەتیدەر بن، بەڵام مانای ڕاستەقینەی شیعر لە وەها زانیارییەکی دەرەکی یان دەرەوەی دەقیدا جێ خۆش ناکا.

ئەو شتەی بۆ ڕەخنەگری نوێ گرنگی تایبەتی هەیە ڕیشەناسی تایبەتی واژەیە. لە سۆنگەی ئەوەی واژەگەلی شیعرێ زۆربەی جار مانای شیعرەکە

لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگۆڕن، ڕەخنەگر زۆر جار پێویستی بەوە هەیە سەر بەناخی لێکۆڵینەوەی مێژوویيدا شۆڕ بکاتەوە و بزانێ ئەو واژەگەلە تايبەتە لەو سەردەمەی شیعرەکە تیا نووسراوە هەڵگری کام مانان. هەر بۆیە قاموسی ئینگلیسی ئاکسفۆرد (قاموسێکە بەپێی زەمان ماناگەلی مێژوویی جۆراوجۆری واژەکانی لە دوتوێی خۆیدا کۆکردۆتەوە) یەکێکە لە باشترین هاوڕێ و یاریدەدەرەکانی ڕەخنەگر.

ڕەخنەی نوێ کە سەرنجێکی کەم دەداتە نووسەر و زەمینەی کۆمەڵایەتی یان بارودۆخی مێژوویی دەق وەک ژێدەرێک بۆ دۆزینەوەی مانای شیعر، لەسەر ئەوەش پێ دادەگرێ کە هەڵوێستی عاتیفی خوێنەر لە بەرامبەر دەق نەک هەر گرینگ، بگرە هاوسەنگی گرینگی ڕاڤە و تەئویلەکەشی نییە. هەڵەیەکی لەم دەستە لە هەڵسەنگاندندا، کە پێی دەڵێن (هەڵەی عاتیفی)[18] دەبێتە هۆی گرژی و ئاڵۆزی دوو مەسەلە: شیعر چییە (واتە ماناکەی) و شیعر چی دەکا (واتە ئەرکەکەی). ڕەخنەگرانی نوێ دەڵێن ئەگەر ئێمە پێوانەی ڕەخنەی خۆمان لە کاریگەرێتییە دەروونناسییەکانی شیعرەوە هەڵێنجین، کەوایە ئێمە دەمێنینەوە و ئیمپرسیونیزم، یان لەو خراپتر ڕێژەییخوازی (relativism) کە پێیان وایە شیعر چەندەها ڕاڤەی باوەڕپێکراوی لە ژمارە نەهاتووی هەیە.

ئەی کەوایە لە کوێدا مانای شیعر بدۆزینەوە؟ وەکو ڕەخنەگرانی نوێ دەڵێن مانای شیعر لە نێو زەینی شاعیر، یان لە نێو زەمینەی مێژوویی یان کۆمەڵایەتی شیعر، یان تەنانەت لە نێو مێشکی خوێنەریشدا نییە. چونکی شیعر خۆی دەسکرد یان بوونێکی ئۆبژێکتیوە (بابەتیانەیە) دەبێ ماناکەی لە نێو پێکهاتەی خۆی دابێ. شیعر و پێکهاتەکەشی وەک هەموو شتێکی تر دەتوانن بەشێوەیەکی زانستییانە بکەونە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەوە. بەم پێیە تۆژینەوەیەکی ورد ئەم ڕاستییە دەردەخا کە پێکهاتەی شیعر بەپێی کۆمەڵێک یاسای پڕ لە گرێوگۆڵ دەجوولێتەوە. ڕەخنەگرانی نوێ پێیان وایە لە ڕێگای لێکۆڵینەوەیەکی وردی پێکهاتەوە

(18) Affective Fallacy



توانیویانە ڕەوشتناسی (میتۆدۆلۆژی) و پێوەرێک بۆ سەرکەوتوویی (شیعر) دابهێنن، بەجۆرێک کە ئێمە دەتوانین بۆ دۆزینەوەی مانای دروستی هەر شیعرێک پێمان خۆشبێ، ئەم پێوەرە بەکار بێنین. (دواجار) ئەوان بەم ئاکام و ئەنجامە دەگەن کە ئەوە ئەرکی ڕەخنەگر، پێکهاتەی شیعر دەسنیشان بکا، بۆ ئەوەی بزانێ کە ئەو پێکهاتەیە بۆ وەدەسهێنانی یەکێتی خۆی چۆن دەجوولێتەوە، هەروەها دەبێ بزانێ مانا چۆن چۆنی ڕاستەوخۆ لە خودی شیعرەکەوە هەڵدەهێنجرێ.

بەباوەڕی ڕەخنەی نوێ شاعیر پێکهێنەر و ڕێکوپێککەری ناواخنی تەجرەبەی مرۆڤە. شاعیر بەکێشانی (جەغزی) شیعرەکەی بەدەوری تەجرەبە؛ زۆر جار شێوێنەر و جار جار دژ بەیەکەکانی ژیاندا، دەقی شیعرەکەی بەشێوەیەک دادەهێنێ کە هەست و سۆزی خوێنەر بورووژێنێ و ببێتە هۆی ئەوەی هەر ئەو خوێنەرە لە بەرامبەر ناواخنی شیعرەکەدا هەڵوێست بگرێ. شاعیر وەک وەستاکارێکی شارەزا زێتر لە پەرەئەستاندنی کاریگەرێتی شیعرەکەیدا دەستی هەیە، چونکی شاعیری لێزان ئەوە دەزانێ کە مانای دەق زۆرتر (هەر) لە پێکهاتەی ئەو دەقەدا وەدیار دەکەوێ. ڕەخنەگری نوێ دەڵێن کەڵکەڵەی سەرەکی شاعیر ئەوەیە کە مانا چۆن چۆنی لە ڕێگای ئەو ڕەگەزە جۆراوجۆرە و جاروبار دژ بەیەکانەوە، کە لە خودی شیعرەکەدا کاریگەرێتییان هەیە، وەدەس دێ. تایبەتمەندی سەرەکی شیعر و دوابەدوای ئەو تایبەتمەندی سەرەکی پێکهاتەی شیعر یەکێتی و پێوەندیی نێوان ڕەگەزەکانێتی. ڕەخنەگری نوێ کە وێدەچێ ئەم بۆچوونەیان لە نووسراوەکانی سامۆئیل تایلۆر کۆلریج وەرگرتبێ لەسەر (گرنگی) (یەکێتی ئۆرگانیکی)[19] شیعر پێ دادەگرن، واتە لەسەر ئەو چەمکە پێ دادەگرن کە پێی وایە سەرلەبەری پاژەکانی شیعر پێکەوە پێوەندیان هەیە و لێک گرێدراون، (بەجۆرێک کە) هەر پاژێک لە خزمەتی پاراستن و بەرگری کردن لەبیرۆکەی ناوەندی

(19) Organic unity

شیعرەکەدایە. یەکێتییەکی ئۆرگانیکی لەم دەستە ڕێی ئەوە دەدا بیرۆکە و هەست و بۆچوونە دژ بەیەکەکان پێکەوە بسازێن (و لەگەڵ یەک هەڵبکەن) و، دواجار یەکێتی و یەکدەستی شیعرەکە بەرهەم بێ. لە سۆنگەی ئەوەی یەکدەستی و یەک پارچەیی تایبەتمەندی سەرەکی شیعرن، ڕەخنەگری نوێ لەسەر ئەو باوەڕەن کە فۆرم و ناوەڕۆکی شیعر لێک جیانابنەوە. بەوتەیەکی تر، فۆرم یان تەکنیکی بەکاربراو بۆ داهێنانی شیعر، لە ناوەڕۆکی شیعر جیا نابێتەوە. بەدیدێکی دیکە جوانی شیعر (فۆرم) و هەقیقەتەکەی (ناوەڕۆک) لێک جیانابنەوە. ڕەخنەگرانی نوێ دەڵێن، کەوایە ئەوە باوەڕێکی هەڵەیە ئەگەر بێت و شیعر و ڕاڤە و شەرح و تەفسیری ئەو شیعرە، لە قەوارەی پەخشاندا، بەیەک بزانین. ڕەخنەگرانی نوێ کە ئەم بۆچوونە هەڵەیە بە(گومڕایی شەرح و تەفسیر)[20] پێناسە دەکەن. پێیان وایە شیعر تەنیا ڕستەیەک نییە بتوانین بڵێین ڕاستە یان هەڵەیە، بەڵکو کۆمەڵێک کێشەی خاوەن یەک (ئیقاع) و ئاهەنگ و تەوژمی بەپێی بڕیارە، کە زێتر لە سەما یان پارچە مۆسیقایەک دەچێ تا دێڕێک پەخشانی (ڕووت). هیچ چەشنە شەرح و تەفسیرێکی سادە و ساکاریش ناتوانێ هاوسەنگ و هاوتای مانای شیعرەکە بێ، چونکی شیعر خۆی لە ڕێگای کێشە و ململانێکانی ناو خۆیەوە، لە بەرامبەر هەر چەشنە دەربڕینێکی پەخشاناوی، کە هەوڵ بدا مانای شیعرەکە بەچڕوپڕی دەرببڕێ، خۆڕادەگرێ. بۆ تێگەیشتنێکی سەرەتایی شیعر لەوانەیە شەرح و تەفسیر دەستی خوێنەر بگرن، بەڵام (وا باشترە) دەربڕینێکی پەخشاناوی لەم جۆرە بەگریمانەیەکی بەکەڵکی بزانین کە ڕەنگبێ بەتێگەیشتنێکی ڕاست و دروستی مانای شیعرەکەمان بگەیەنێ یان نەگەیەنێ. ڕەخنەگری نوێ لەسەر ئەم بۆچوونە پێ دادەگرن کە نابێ بەهیچ کلۆجێک شەرح و تەفسیری شیعرێک و پێکهاتەی ئەو شیعرە بەیەک بزانین.

(20) the Heresy of Paraphrase



**ڕەوشتناسی**[21]

ڕەخنەگری نوێ کە باوەڕیان بەیەکێتی فۆرمی و پێکهاتەیی شیعرە، لە ڕێگای دۆزینەوەی ئەو کێشە و ململانێیانەی کە دواجار لە نێو گشێکی ڕێکوپێکدا جێگیر بووە، لێکۆڵینەوەی خۆیان لەسەر مانای شیعر دەس پێدەکەن. لێکۆڵینەوەیەکی لەم دەستە ڕاستەوخۆ ڕەخنەگران دەگەیەنێتە بەردەم (شێوە) دەربڕین (diction) یان وشەبژێری (word choice) شیعر. بەپێچەوانەی گوتاری زانستی کە خاوەن زاراوە ناسییەکی (terminology) ورد و دروستە، دەربڕینی شیعری زۆر جار چەندین مانای هەیە و، دەشتوانێ دەسبەجێ کۆمەڵێک کێشەی نێو شیعر قوت کاتەوە. بۆ نموونە زۆر وشە هەن هەم مانای قامووسییان[22] هەیە، هەمیش مانای دەقی[23] (یان زیمنی). مانای قامووسی وشەیەک ڕەنگبێ دژایەتییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ مانای دەقی هەمان واژە هەبێ کە زەمینە و (چوارچێوە) شیعرییەکە بۆی دابین دەکا. جگە لەمە ڕەنگە جیاوازی دانان لە نێوان مانا قامووسییە جۆراوجۆرەکانی واژەیەک کارێکی ئەستەم بێ. بۆ وێنە ئەگەر کەسێک بنووسێ: (a fat head enjoys the fat of the land) خوێنەر دەبێ لە جیاوازییە قامووسی و دەقییە جۆراوجۆرەکانی وشەی fat ورد بێتەوە. کەوایە لە دەسپێکی لێکۆڵینەوەی شیعریدا کێشە و ململانێکان لەسەر دەستی هەر ئەو زاتە دەربڕینە شیعرییە بەرهەم دێ. ڕەخنەگرانی نوێ ئەم کێشەیە ناو دەنێن تەمومژ[24] (ئیبهام). هەرچۆنێک بێت، لە ئاکامی خوێندنەوەی وردی دەقدا دەبێ ڕێگاچارەیەک بۆ سەرلەبەری ئەم کێشانە بدۆزرێتەوە.

(کەوایە) تەنانەت لە خوێندنەوەیەکی ڕووبەرانەشدا، شیعر (جۆرە) پێکەوە هەڵکردنێکی نێوان کێشەکان و مانا جیاوازەکان و ململانێکانە.

(21) Methodology
(22) denotation (dictionary meaning)
(23) connotation (implied meaning)
(24) ambiguity

ئەوە ئەرکی ڕەخنەگرە کە بێت و بۆ دەسنیشانکردنی ئەو ململانێیانە لە دەربڕینی شیعری، کە فۆرم و ناوەڕۆکێکی نادیاری هەیە، بکۆڵێتەوە. هەرچەند ڕەخنەگرە جۆراوجۆرەکانی ڕەخنەی نوێ ناوی جۆراوجۆر لەسەر ئەو ڕەگەزە شیعرییانە دادەنێن کە جلەوی پێکهاتەی شیعر دەگرن، بەڵام هەمووشیان لەسەر ئەم ڕایە کۆکن کە مانای شیعر لەو کێشە و ململانێ بزۆکانەوە سەرچاوە دەگرێ کە لە ڕێگای دەربڕینی شیعرییەوە کەوتوونەتە سەر ڕووبەری (ئەو شیعرە). بۆ نموونە، کلینس بروکس دەڵێ: ڕەگەزە سەرەکییەکانی شیعر دژوازی(25) و تەشەرن(26)، دوو زاراوەی تەواو لەیەک نیزیک کە پیشاندەری ئەو ڕاستییەن کە (مانای) واژە یان دەستەواژە لە نێو زەمینەکەیدا ئاشکرا دەبێ، یان تەنانەت دەکرێ بڵێین بەها و بایەخی ئەو واژانەمان لە نێو ئەو زەمینەیەدا دێتە دەست. ڕەخنەگرانی تر لە واژەی (کێشە) (tension) کەڵک وەردەگرن، ئەویش بۆ پێناسەکردنی ئەو دژایەتی یان کێشانەی کە لە نێو دەقدا بەکارن. بۆ ئەم ڕەخنەگرانە، کێشە پیشاندەری ململانێی نێوان مانای قاموسی و مانای دەقی وشە، نێوان پاژێکی لەفزی و پاژێکی تەمسیلی و، نێوان پاژێکی سەڵت و (ئەبستراکت) و پاژێکی بەرهەست و (کۆنکرێتە). لە سۆنگەی ئەوەی جلەوی پێکهاتەی شیعر لە دەس (ململانێ) و (تەمومژ) و (کێشە)دایە، مانای شیعر تەنیا لە ڕێگای لێکۆڵینەوەیەکی بەپێی زەمینەی ڕەگەزی شیعریی و شێوە دەربڕینی (ئەو دەقە) دەدۆزرێتەوە. چونکی زەمینە بەسەر مانادا زاڵە، کەوایە مانای واژە و دەستەواژە تایبەتییەکان بەپێی ئەو زەمینەیە پێکەوە پێوەندیان هەیە و، هەر تایبەت بەو شیعرە تایبەتەن کە تێیدا بەکاردێن. کەوایە ئەوە ئەرکی سەرشانی ڕەخنەگرە ئەو کێشە و ململانێ ئاشکرا و جۆراوجۆرانەی کە لە هەر شیعرێکدا بەدی دەکرێن ڕاڤە بکا و، ئەو ڕاستییە نیشان بدا کە دواجار شیعر یەکێتییەکی ئۆرگانیکە، واتە ئەوەی هەموو پاژەکانی شیعر لە

---

(25) paradox

(26) Irony



ناوەوە و پێکەوە پێوەندیان هەیە و پشتیوانی لە دژوازی سەرەکی شیعر دەکەن. ئەم دژوازییە زۆر جار هەر لە تاقە یەک ڕستەدا دەری دەبڕن، ڕستەیەک کە هەم هەڵگری ململانێی سەرەکییە، هەمیش ڕێگاچارەی ئەو ململانێیەیە. ئەوە دەبێ لە پێناوی (پێوەندی گرتن بە) ئەم بیرۆکە سەرەکییەدا بێ کە دەشێت گشت ڕەگەزەکانی شیعر پێکەوە پێوەندیان هەبێ. لە ڕێگای وردبوونەوە لە (جۆری) بەکارهێنانی تەشەر (irony)، دژوازی (paradox)، تەمومژ (ambiguity)، مانا قاموسییەکان، مانا دەقییەکان، زمانی واقیع و تەمسیل، تۆن (tone)، تێم (theme) و کێش لە نێو دەقدا، ڕەخنەگر دەتوانێ دژوازی ناوەندی شیعرەکە و دوا بەدوای ئەو لە ڕێگای بەکارهێنانی دەقەکە خۆی ڕاڤەی (پێویست) بدۆزێتەوە. بەپێی ئەسڵە سەرەکییەکانی ڕەخنەی نوێ، ڕەخنەگرێکی باش لە ڕێگای تۆژینەوە لە ڕەگەزە شیعرییەکان، دۆزینەوەی ڕەگوڕیشە و نیشاندانی کێشە ناوەکییەکانی شیعر و لێکدانەوەی ئەو ڕاستییەی کە شیعر چۆن چۆنی لە ڕێگای پێکەوەسازانی ئەم ململانێیانە لە نێو گشتێکی یەکگرتوودا پشتیوانی لە مانا گشتییەکەی خۆی دەکا، پێکهاتە شیعر (لێکدەداتەوە) و تاوتوێی دەکا. هەر بەم پێودانگە ڕەخنەگری خراپ کەسێکە سوورە لەسەر ئەوەی بۆ دۆزینەوەی مانای شیعر بەڵگەیەکی دەرەکی وەک زانیارییە مێژوویی و ژیننامەییەکان بەسەر دەقدا دەسەپێنێ. ئەم ڕەخنەگرانە لە تێگەیشتنی ئەم ڕاستییە دۆش دادەمێنن کە دەق خۆی مانای خۆی بەرهەم دێنێ. ئەوان لە قوڕ و لیتەی لێکۆڵینەوەکانیاندا دەچەقێن و زۆر جار پێیان وایە دەق دەتوانێ مانای فرەی هەبێ. هەرچەند لەوانەیە ڕەخنەگرانی نوێ سەرەتا لە ڕێگای شەرح و تەفسیرەوە لە دەق نیزیک ببنەوە (هەڵبەت دەبێ ئەوە بزانین کە شەرح و تەفسیر هاوتا و هاوسەنگی مانای شیعر نییە)، بەڵام بەگشتی ئەوان لێکۆڵینەوەکانیان بەلێکدانەوەی زمانی شیعرەکە خۆی دەسپێدەکەن. لێکۆڵینەوەیەکی لەم دەستە دەسبەجێ ڕووناکایی دەخاتە سەر هێندێک لە کێشەکانی شیعر و تەمومژ و دژوازییەکان ئاشکرا دەکا...

ڕەخنەگرانی نوێ لە هەمان کاتدا کە لە شێوە دەربڕینی شیعر دەکۆڵنەوە

بەدوای ئەو ڕەگەزە مەجازیانەش (figurative element)دا دەگەڕێن کە لە دەقەکەدا سەلمێندراون، وەک شوبهاندن(27) (بەراورد کردنی نێوان دوو شتی وێک نەچوو بەیارمەتی ئامرازی شوبهاندنی وەک: چەشنی، وێنەی، وەکو) و، خوازە(28) (ئیستیعارە) (بەراورد کردنی ڕاستەوخۆی نێوان دوو شتی وێک نەچوو بەجۆرێک کە تایبەتمەندی و سیفەتەکانی یەکیان بەئەوی تریان بدرێ)، کەسایەتی پێدان(29) (تەشخیس) (خەسڵەت و تایبەتمەندی مرۆڤ خستنە پاڵ ئاژەڵ، بیروبۆچوون یان هەر شتێکی بێ گیان) و، هەروەها کۆمەڵێک زاراوەی تر کە شێوەی بەکارهێنانی زمانی مەجازی لە ئاخاوتنی شیعریدا پێناسە دەکەن. سەرەتا هەڵسەنگاندنی زمانی مەجازی دەق لەوانەیە بەڕواڵەت ڕاڤەی دژواز بەرهەم بێنێ. سەرەڕای ئەوە، دوای لێکۆڵینەوەیەکی زیاتر، ڕەخنەگری نوێ ئەوەمان پێ نیشان دەدا کە چۆن چۆنی ئەم شتە بەڕواڵەت دژ بەیەکانە هەموو پێکەوە لە پێناوی بەرگریکردن لە دژوازی سەرەکی شیعرەکە و یەکێتی ئۆرگانیکی دەقەکەدا کۆدەبنەوە و یەکدەگرن. دوای ئەوەی کێشە جۆراوجۆرەکانی شیعر، لە ڕێگای لێکۆڵینەوەیەکی لەم چەشنە، ڕوون بۆوە، ئینجا ڕەخنەگرانی نوێ ڕەنگبێ ئاوڕ لە گرێچنی سەروا و کێش و لایەنە تەکنیکییەکانی دیکەی عەرووز(30) بدەنەوە. ڕەخنەگر لە ڕێگای لێکۆڵینەوەیەکی لەم دەستە نیشانمان دەدا کە چۆنا و چۆن ڕەگەزە تەکنیکییەکانی دەق یارمەتیمان دەدەن بۆ ئەوەی مانای زەمینەیی (contextual meaning) زمانی شیعر دابهێنن.

دواجار ڕەنگە ڕەخنەگری نوێ دەقەکە هەڵسەنگێنێ لە پێناوی (ڕوونکردنەوەی) تۆن (tone) «تۆن وشەیەکە لە بری (حاڵەت) (mood) کە بەرهەم و حاسڵی دەقە» یان هەر چەشنە ئیماژ و دژوازی و تەشەرێک کە وێبچێ لە یەکگرتنی سەرلەبەری شیعرەکەدا دەستیان هەیە و، لەم

(27) simile
(28) metaphore
(29) personification
(30) prosody



ڕێگایەوە مانا و یەکێتی ئۆرگانیک بدا بەشیعرەکە.

ڕەخنەگری نوێ دەڵێن ئەم چەشنە خوێندنەوە وردەی دەق ڕێ بەخوێنەری وریا دەدا مانای شیعرەکە بدۆزێتەوە و تێی بگا. خوێندنەوەی لەم جۆرە هەروەتر کۆمەڵێک نۆرم و (پێوانە) دەخاتە بەردەست خوێنەر کە بۆ داهێنانی ڕاڤە یارمەتی دەدەن. ئەوان پێیان وایە تۆژینەوەیەکی بابەتییانەی لەم چەشنە لەجیاتی ئەوەی بۆ وەدەسهێنانی مانای شیعر خوێنەر بخاتە سەر کوێرە ڕێی لێکۆڵینەوەیەکی سەر لێشێواو و نارێکوپێکەوە دەستی خوێنەر دەگرێ ڕاڤەی دروستی شیعر بدۆزێتەوە (ڕاڤەیەک کە سەلمێنەری یەکێتی ئۆرگانیکی دەق بێ). ڕەخنەگرانی نوێ لە ڕێگای ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییەوە کە شیعر شان و شکۆیەکی بووناسانەی هەیە لەسەر ئەم هەقیقەتە پێ دادەگرن کە شیعر خۆی مانای خۆی ئاشکرا دەکا.

# 4

## رەخنەی هەڵوێستی خوێنەر

### پێشەکی

چەند قـوتابیـێـک، لە وانەیەکی ئەدەبی سـەرەتایی زانسـتگا، ڕاڤـەی خۆیان لەسەر فەسڵی ٣١ ڕۆمانی (بەسەرهاتەکانی هاکلبری فین)ی مارک تواین دەردەبڕن، (هەر ئەو بەشـەی کە لە سـەرەتای فـەسـڵی یەکـەمی ئەم کتێبە پێشکەشمان کرد.). قوتابی A دەڵێ: ئاشکرایە کێشەی فین چییە، ئەو هەر کێشەی ئەوەی هەیە ئایا گوێ بداتە هەست و سۆزی خۆی و، ڕازی نیشانی جیم سەر بەمۆر بهێڵێتەوە یان نا، پێملی عەقڵ و ئاوەزی بێ کە زۆری لێدەکـا دەبێ نهـێنی شوێن و جـێگای جیم بۆ خـاتوون واتسـۆن، خاوەنی قـانوونی جیم، بدرکێنێ. قـوتابیی A بەپێ داگرییەوە دەڵێ: ئەم فـەسڵـە دەروونمایەی یەکـێـتی بەخشی ڕۆمـانەکـە ڕوون دەکـاتـەوە، ئەویش ئەوەیە: پەیڕەوی کردن لە هەست و سۆزی مرۆڤ دۆستانەی دەروونی، یان پەیڕەوی کردن لە یاسـا و ڕێسـای سـەڵتی سیـسـتـمێکی ڕەسمی بەناوی کۆمەڵگا. قـوتابیی A پێی وایە ئەو شتەی سەرلەبەری فەسڵەکانی دەقی ئەم ڕۆمـانە پێکەوە گـرێ دەدا و هەنووکـە لەم فـەسـڵـەدا زەق دەبێـتـەوە، بەلوتکەی خـۆی دەگـا، ئەم تێگەیشـتنەی هاکـە کـە هەست و سـۆز و عـاتیـفـەی خـۆی ڕاست و دروستن و عـەقڵ و ئاوەزی زاڵی کـۆمـەڵگا ناڕاست. بەم پێیە هاک ئەم ڕێگایە دەگرێتەبەر کە دان بەمرۆڤبوونی جیم دابنێ، هەر بۆیە ئەو نامەیەی دڕاند کە بۆ خاتوون واتسۆنی نووسیبوو.

قـوتابی B دژی ئەم بۆچوونە دەنگ هەڵدەبڕێ و ئەوە ڕوون دەکـاتەوە کە ڕاڤـەی قـوتابیی A بۆ نەوەدەکـان (١٩٩٠) ناگونجێ. قـوتابی B دەڵێ: قوتابی A ئەو کاتەی قسەکەی ڕاستە کە دەڵێ هاک ڕێگای پەیڕەوی کردن لە عـەقڵ و ئاوەزی خـۆی دەگـرێتـەبەر و حـاشـا لە بەدوادا ڕۆیشـتنی حوکمەکـانی کۆمەڵگا دەکا. ئەوەی ڕاسـتی بێ ئەمە مـەبەسـتی سـەرەکی



توانیە لـەم ڕۆمـانـەدا. بەڵام ئەوەی لەم ڕۆمـانـەدا گـرینگە ئەوەیە کـە ئەم مەبەستە لە ڕۆژگاری ئیمڕۆدا چۆن چۆنی بەکاردەبرێ. قـوتابیی B لەسەری دەڕوا و دەڵێ قیـرسیـچمەیی (تعصب) هێشـتـاش لە وڵاتی ئێمەدا هەیە. ئێمـەش دەبێ وەک هاک مرۆڤبوون لە (زاتی) هەمـوو هاووڵاتییـەکـانماندا بدۆزینەوە.

قـوتابیی C پێی وایە قـوتابی A و قـوتابی B هەردووک ڕەخنەی باشـیـان هێناوەتە ئاراوە. با ئەو حاڵەش ئەو شـتـەی ئەوان بازیان بەسـەردا دا ئەو گۆڕانـکارییەیە کە هەنووکە لە (ناخی) هاک خۆیدا بەسەردادێ. قـوتابی C دەڵێ ئێمە چیتر ئەو هاکەمان نایەتە بەرچاو کە فشەی بەجیم دەکرد، یان هەتا لە هەر ڕێگایەکـەوە بۆی بلوابا ئازاری دەدا. ئێـسـتـا هاکـێـک بەدی دەکەین کە دژی کـۆمـەڵگا ڕاوەسـتـاوە و (لەم هەڵـوێسـتـەشی) پاشەکـشێ ناکا. قـوتابی C ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە لە پاشماوەی ڕۆمانەکەدا ئێمە ئەم هاکە پوخت و پاراو و ڕاستە بەدی دەکەین. وەکو چۆن ئەو کاتەی وەڵامی داخوازییە تاکە کەسییەکانی جیم دەداتەوە.

قـوتابیی D بەدەنگێکی لەرزۆکەوە دەڵێ، هاک وەبیر جـۆرج -ی هاوڕێم دەخـاتـەوە. ڕۆژێک کـە من و جـۆرج لە گـردی قـوتابخـانـەکـەمـانـەوە بەرەو کـلاسی وانەی بیـۆلۆژی (ژیـنـناسی) پۆلی یازدەدا دەگـەڕاینەوە خـوارێ تووشی تاقـمێک قـوتابیی تر هاتین. دەسـتیـان کرد بەجنێـودانمان و، شانە هێلکەیان پێـدادایـن: (بگەڕێوە کـونـەکـەی خـۆت،) (USA all the way) و زۆر جنێـوی تریان حـەواڵە کـردین. بەڵام جـۆرج حـازر جـوابانە گـوتی: (هەتیـوینە، باشە چیـتری لێ مەڕێسن. پیـتی (pete)-یش(*) هەست و سۆزی هەیە. ئایا دەکرێ ئێـمـە ناو و ناتۆرەتـان لێـبنـێین و پێـتـان بلـێـین سەرچۆنەری کـەللەکەر تەنیا بەتاوانی ئەوەی ڕواڵەتتان جۆرێکە یان سەر فلانە نەوە و فیسارە نەتەوەن؟).

قــوتابی D دەڵێ: هاکـیش وەکـو جـۆرج ڕقی لە (خـۆ بەزل زانین) و قیـرسیـچـمەییـیـە، جا با لە هەر شـوێنێک تووشی بێ. هاک لایەنی زوڵم

(*) پیتی دەبێ هەمان قوتابیی D بێ.

لێکراوان دەگرێ و ڕێگای پاراستنی شەرەف و هەستی خۆ بەمرۆڤ زانینی هاواڵەکەی هەڵدەبژێرێ. هەر بۆیە ئەو نامەیەی کە بۆ خاتوون واتسۆنی نووسیبوو دەدڕێنێ و دواجار یارمەتی جیم دەدا ئازادی خۆی وەدەسبێنێ.

هەرکام لەم چوار قوتابییە شتەکان لەم ڕۆمانەی تواینا بەتۆزێک جیاوازییەوە دەبینن. سەرچاوەی ڕاڤەی هەرکامیان، ئاگادارانە یان نائاگادارانە، بۆ بۆچوونی تیۆرێکی جیاواز و ڕەوشتناسی ڕاڤەیی تایبەت بەخۆیان دەگەڕێتەوە. لە نێوان ئەم چوار ڕاڤەیەدا، ڕاڤەی قوتابی A جیاوازترین بۆچوونی تیۆرێکی بۆ دەقەکە هەیە. قوتابی A بەلەبەرچاوگرتنی یەکێتی دەقی گشتی ئەم ڕاستییە پێش فەرزی خۆی لە قەڵەم دەدا کە دەقەکە سەربەخۆیە، دەبێ خۆی خۆی ڕاڤە بکا، بەبێ لانی کەم تۆزێک یان هەر هیچ چەشنە یارمەتی خواستنێک لە هۆکاری مێژوویی، کۆمەڵایەتی، یان هەر جۆرە هۆکارێکی دەرەکی تر و، دەشێ سەرلەبەری پاژەکانی (دەقەکە) بگەڕێنەوە سەر ناوەڕۆکی ناوەندی ئەو دەقە خۆی. قوتابی A لە ڕێگای بەکارهێنانی ئەسڵ و باوەڕەکانی ڕەخنەی نوێ، لەسەر یەکێتی ئۆرگانیکی دەق پێ دادەگرێ. لای ئەم قوتابییە فێربوون و بەکارهێنانی زاراوەناسی ئەدەبی و گەڕان بەدوای ڕاڤەی دروستدا لە ڕادەبەدەر گرینگن.

بەپێچەوانەی قوتابیانی A کە لە پێناوی دۆزینەوەی مانای دەقەکە کۆمەڵێک کێشانە و پێوانە بەکار دێنێ، قوتابی D, C, B، بەشێوەیەکی چالاکانە، لە ڕێگای بەکارهێنانی تەجرەبەکانی خۆیان بۆ نیشاندانی مانای دەق، لە ڕەوتی ڕاڤەیی دەقەکەدا بەشدار دەبن. بۆ نموونە ڕاڤەی قوتابی B جیاوازی تیۆرێکی نێوان مانای دەقێک (مەبەستی داهێنەرەکەی) و گرینگی یان باوەڕمەندی (ئەو دەقە) بۆ خوێنەرانی ئەم سەردەمە دەسنیشان دەکا. بۆچوونی قوتابی C، لە ڕێگای ئەم تێڕوانینەوە کە هاک بەپێی بڕیاری ئەوەی ئەربابی جیم نانووسێ لەو لاپەڕانەی کە هێشتا نەخوێندراونەتەوە چۆن دەجوولێتەوە، دەسدەکا بەپڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کە لە دەقەکەدا هەن. دەرگای ئەم باسە کە ئایا بۆچوونی



قوتابی C ڕاستە یان نا و، ئایا قوتابی C دەبێ لە داهاتوو هەندێک لەو بۆچوونانەی کە لە بارەی جیمەوە هەیەتی بگۆڕێ، هەروا بەکراوەیی دەمێنێتەوە. چوارچێوەی تیۆرێکی قوتابیی D –ش لەسەر بناغەی تەجرەبە شەخسییەکانی خوێنەر و، تێکەڵ بەقیرسیچمەییەکەی، دەق و ماناکەی دەکەن بەبابەت (ئۆبژە). هەرچەند قوتابیی D, C, B لە بۆچوونە جۆراوجۆرەکانیاندا جیاوازن، بەڵام هیچ کامیان بەقەدەر قوتابیی A لە دەقەکە وەک بوونێکی (سەربەخۆی) بابەتییانە کە هەڵگری مانای خۆیەتی ناڕوانن. لای ئەم قوتابیانە دەق نە ڕاڤەی خۆی دەکا و، نەدەشتوانێ ڕاڤەی خۆی بکا. ئەم قوتابیانە پێیان وایە بۆ دەسنیشانکردنی مانا، دەبێ بینە خوێنەرێکی چالاک و لە ڕەوتی ڕاڤەیی (دەق)دا بەشدار بن. ئەو بۆچوونە تیۆرێک و ڕەوشتناسیانەی کە (ئەم قوتابییانە) بۆ دۆزینەوەی مانای دەق بەکاری دێنن نموونەی ڕەخنەی هەڵوێستی خوێنەرن.

### ڕەوتی مێژوویی

هەرچەند ڕەخنەی هەڵوێستی خوێنەر، لە (باسی) لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا، سەرەتای حەفتاکان (١٩٧٠) گرنگی خۆی وەدەسهێنا و، هەنووکەش لەسەر بەشێکی زۆری ڕەخنەی هاوچەرخ کاریگەرێتی خۆی هەیە، بەڵام ڕیشە مێژووییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بیستەکان و سییەکان. سەرەڕای ئەمە، ئەم پێناسە مێژووییییە چروپڕە تۆزێک دەسکرد دەنوێنێ، چونکی خوێنەران (بەعام) هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبەوە تا ئێستا لە ئاست ئەو بابەتانەی خوێندوویانەتەوە بەئاشکرایی هەڵوێستیان بووە. تەنانەت نووسەرانی کلاسیکی وەک ئەفلاتوون و ئەرەستوو ئاگاداری (کێشەی) دژکردەوەی (Reaction) خوێنەر (یان بینەر) (لە بەرامبەر) دەق بوون و پێوەشی خەریک بوون. بۆ وێنە ئەفلاتوون بەپێداگرییەوە دەڵێ: تواشا کردنی شانۆیەک دەیتوانی هێندە ئاگری هەست و سۆزی جەماوەر بگەشێنێتەوە کە لە بیریان بچێتەوە بوونەوەرێکی عەقڵانین و، ڕێگایان بۆ هەست و سۆز، نەک عەقڵ و ئاوەز، خۆش دەکرد بەسەر کار و کردەیاندا زاڵ بێ. هەر بەم جۆرە لە بوتیقادا (poetics) بۆچوونەکانی ئەرەستوو

پێوەندییان بەو کاریگەرێتییانەوە هەیە کە شانۆ بەسەر هەستی جەماوەرەوە دەیبێ. ئایا شانۆ هەستی بەزەیی یان ترس و دڵەڕاوکێی تواشاکەران دەوروژێنێ؟ ئایا ئەم هەست و سۆزانە (دڵ و دەروونی) بینەر لە غەلوغەش دادەماڵێ؟ ئایا وا هەیە ئەم کاریگەرێتییانە، تا دەگەینە دوایین بەشی شانۆ، بینەر لە هەرچی هەست و سۆزە بەتاڵ کاتەوە؟ هۆگری بەپێزانین بەهەڵوێستی جەماوەر لە بەرامبەر بەرهەمی هونەری، مەیدانێکی گەورەی کاری ڕەخنەی ئەدەبی داگیر کردووە.

لە پشت باسوخواسەکانی ئەفلاتوون سەبارەت بەهەڵوێستی جەماوەر و، هەڵوێستی زۆریەک لەو ڕەخنەگرانەی ڕێگای ئەوانیان گرتەبەر، ئەم بۆچوونە خۆی حەشار داوە کە جەماوەر یان (بینەر) پاسیڤن (passive)، یان (ناچالاکن). وەک ئەوەیە بڵێی چاولێکردنی شانۆ یاخود خوێندنەوەی کتێبێک گەمەی بینەر یان (خوێنەر) بێ. خوێنەر داهێزراوانە دادەنیشێ و بابەت و ناوەڕۆکی بەرهەمی هونەری دەجوێ و، ڕێگای ئەوەی پێدەدا بیر و کردەوەی داگیر بکا. لەم ڕوانگەیەوە (بینەر) یان خوێنەر بۆ (بینینی) شانۆ یان (خوێندنەوەی) دەق شتێکی ئەوتۆی بەدەستەوە نییە. دەق سەرلەبەری ئەو شتانە ئامادە دەکا کە بۆ ڕاڤەکردنی خۆی پێویستی پێیەتی.

هەر لە سەردەمی ئەفلاتوونەوە تا دەگەینە بزاڤی ڕۆمانتیک لە ئەدەبی بریتانیادا لە سەرەتای دەیەی یەکەمی سەدەی نۆزدە (١٨٨٠) بیروبۆچوونێکی لەم چەشنە کە وەک پاسیڤ دەیڕوانیە خوێنەر لە ئارادا بووە. خۆ ئەگەرچی زۆربەی ڕەخنەگران بەم هەقیقەتەیان زانی کە لە ڕاستیدا دەق کاریگەرێتی بەسەر خوێنەرانی خۆیەوە هەیە، بەڵام ڕەخنە زیاتر خۆی بەدەقەوەماندوو کرد. کە ڕۆمانتیسیزم سەری هەڵدا، پێداگرتن لەسەر نووسەر جێگای بەپێداگرتن لەسەر دەق لەق کرد. هەنووکە نووسەر ببووە مرۆڤێکی هەڵکەوتە کە دەیتوانی ئەو هەقیقەتانە بخولقێنێ کە خەڵکی ڕەشۆکی یان نەیان دەدیتن یان هیچیان لە بارەیەوە نەدەزانی. هەروا کە سەدەی نۆزدە دەچووە پێشێ، لەگەڵ ئەوەی (کێشەی) سەرنجدان



بەنووسەر درێژەی هەبوو، ڕەخنەی ئەدەبیش لەسەر گرینگی ژیانی نووسەر، سەردەم و زەمینەی کۆمەڵایەتی، وەک یارمەتیدەری سەرەکی بۆ لێکدانەوەی دەقی، پێی دادەگرت.

بەڵام لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا پێداگری لەسەر لێکدانەوەی دەقی بۆ جارێکی تر ڕووی لە دەق کردەوە. کە ڕەخنەی نوێ سەری هەڵدا، دەق سەربەخۆیی پێدرا و بوو بەبوونێکی بابەتیانە(1) کە دەکرا لێکبدرێتەوە و شی بکرێتەوە. ڕەخنەگری نوێ پێیان وابوو ئەگەر دەق بەوردی لێبکۆڵدرێتەوە مانای خۆی ئاشکرا دەکا. هۆکارە دەرەکییەکان وەک زەمینەی مێژوویی یان کۆمەڵایەتی بەها و بایەخێکی ئەوتۆیان نییە. دەق خۆی هەڵگری ئەو شتانەیە کە ئێمە بۆ دۆزینەوەی ماناکەی پێویستمان پێیانە. ئێمە تەنیا دەبێ بەسەر ئەو زمانە تەکنیکییە و ئەو تەکنیکانەدا زاڵ بین کە بۆ لێکالاکردنەوەی مانای دەقەکە پێویستمان پێیانە.

ڕەخنەگری نوێ کە سەربەخۆیی دەقیان مسۆگەر کرد، دان بەو کاریگەرێتیانە دادەنێن کە دەق دەتوانێ بەسەر خوێنەرانییەوە هەیبێ. جگە لەمە، ئەوان حوکمی ئەوە دەدەن کە لێکۆڵینەوە لە کاریگەرێتییەکانی بەرهەمی ئەدەبی و لێکۆڵینەوە لە دەق خۆی شتێکی یەکسان و وێکچوو نین. ئەم پێداگرتنە لەسەر سروشتی بابەتیانەی دەق جارێکی دیکە خوێنەرێکی ناچالاکی خولقاندەوە کە بۆ ئەوەی دەستێکی لە لێکدانەوەی دەقیدا هەبێ بۆی نەبوو ئەزموونە شەخسی و هەستە تایبەتی و تەجرەبە ئەدەبییەکانی ڕابردووی خۆی بێنێتە ئاراوە.

لە نێوەڕاستی سەرهەڵدانی ڕەخنەی نوێ بۆ دەست بەسەرداگرتنی لێکدانەوەی دەقی، کە زیاتر لە سی ساڵی خایاند، یەکێک لە پێشەنگە بناغە دانەرەکانی ئەم قوتابخانەیە، واتە ئای. ئێی ڕیچاردز بوو بەهۆگری پرۆسەی خوێندنەوە خۆی. ڕیچاردز هات و نوسخەی هەندێ شیعری بەنێو قوتابیانی خۆیدا بڵاو کردەوە. ناو و نازناوی شاعیرەکانی لێ سڕیبوونەوە

(1) objective entity

و، بەهەندێ دەسکارییەوە شێوە نووسین و دەربڕینی بابەتەکانی تازە کردبۆوە. ئینجا داوای لە قوتابیان کرد هەڵوێستی سەربەخۆی خۆیان لە بەرامبەر دەقەکان بنووسنەوە. دوای کۆکردنەوە و تاوتوێکردنی وەڵامەکان، ڕیچاردز لەو هەموو جوابە دژ بەیەکانە، ئەویش لە بەرامبەر چەند دەقی وەکو یەک، سەری سووڕما و بەو ڕاستییەی زانی کە نیوەی زەمینە (con-text) لە پرۆسەی ڕاڤەییدا دەور دەگێڕێ. ڕیچاردز باسی ئەوەی کرد کە قوتابیان (زۆر شتی وەک) هۆگری و فەلسەفە و زەمینە گەلێکیان تێکەڵ بەدەقەکە دەکرد کە هەر بەتەواوی هەڵە بوون. ڕیچاردز، کە ڕەخنەگرێکی نوێ بوو، دەیویست قوتابیەکانی بۆ گەیشتن بەزەمینە و بیروبۆچوونی دروست ڕێنوێنی بکا. سەرەڕای ئەمانە ڕیچاردز لە ڕاستیدا پەی بەسروشتی دەقیی خوێندنەوەی شیعری برد، واتە خوێنەر کۆمەڵێکی زۆر لەو بیرۆکانەی کە لە ڕێگای تەجرەبەکانی ژیانییەوە کۆی کردوونەتەوە، کە بریتین لە تەجرەبەکانی ئەدەبی ڕابردووی، تێکەڵ بەدەق دەکا و، ئەم زانیارییانە بۆ خوێندنەوەی دەق ئامادە دەکا. بەمجۆرە لە خوڵقاندنی مانای دەقدا، خوێنەر چیتر وەرگرێکی پاسیڤی (ناچالاک) زانستی (دەق) نییە، بەڵکو دەبێتە بەشدارێکی ئاکتیڤ (چالاک).

لە سییەکاندا (١٩٣٠)، لویز ڕۆزێنبلات پتر پەرەی بەبۆچوونەکانی پێشتری ڕیچاردز سەبارەت بەسروشتی زەمینەیی پرۆسەی خوێندنەوە دا. ڕۆزێنبلات لە دەقێکیدا بەناوی (ئەدەب وەک تاوتوێ کردن)(2) کە لە ساڵی ١٩٣٨دا بڵاوبۆوە، لەسەر ئەمە پێ دادەگرێ کە خوێنەر و دەق دەبێ پێکەوە و شانبەشانی یەک بۆ بەرهەم هێنانی مانا هەوڵ بدەن. بەپێچەوانەی ڕەخنەگرانی نوێ، ڕۆزێنبلات پێداگریی لێکدانەوەی دەقی بەتەنیا لەسەر دەق بەڕەوا نازانێ و، خوێنەر و دەق (هەردووک) بەشەریک و برا بەشی پرۆسەی ڕاڤەیی دەناسێنێ.

سەرەڕای ئەمانە لە کۆتایی سییەکاندا، وێدەچوو بیرۆکەکانی ڕۆزێنبلات شۆڕشگێڕانە و لە ڕادەبەدەر زەینی بێ و، بەڕێگایەکی سەخت و ئەستەمدا

(2) Literature as Exploration



تێپەڕیبێ. با ئەوەی کە ڕەخنەی نوێ نیزیکەی ٣٠ ساڵ باڵی بەسەر کاری ئەدەبیدا کێشا بوو، کەچی ڕۆزێنبلات لەسەر پەرەپێدانی بیرۆکەکانی خۆی بەردەوام بوو و، بەبڵاوکردنەوەی (خوێنەر، دەق، شیعر)،(3) لە ساڵی ١٩٧٨ کاری ڕەخنەیی خۆی گەیاندە چڵەپۆپە. لەم بەرهەمەدا ڕۆزێنبلات تیشک دەخاتە سەر بیرۆکەکانی پێشووی خۆی و، ئەو باسە پێشکەش دەکا کە بۆتە یەکێک لەو شوێنگە ڕەخنەییە هەرە سەرەکییانەی کە زۆربەی هەرە زۆری ڕەخنەگرە تیۆریست و پراکتیکەکانی بەخۆیەوە خەریک کردووە. بەوتەی ڕۆزێنبلات، پرۆسەی خوێندنەوە خوێنەر و دەق دەگرێتە خۆی. خوێنەر و دەق کار دەکەنە سەر یەکتری، یان لە (تەجرەبەی کردەیەکی هاوبەشدا)(4) شەریک دەبن: دەق وەک وروژێنەرێک (stimulus) بۆ هەڵێنجانی تەجرەبە و ئەندێشە و بیرۆکە جۆراوجۆرەکانی ڕابردوو لە (زەینی) خوێنەر دەور دەگێڕێ، ئەو تەجرەبە و ئەندێشە و بیرۆکانەی کە هەم لە ڕێگای ژیانی واقیع، هەمیش لە ڕێگای تەجرەبەکانی پێشووی خوێندنەوەوە دەست دەکەون. هاوکات دەقیش دەستێک بەتەجرەبەکانی خوێنەر دادێنێ و شکڵ و شێوەیەکیان پێدەبەخشێ و، بیرۆکەگەلێک هەڵدەبژێرێ و دەپاڵێوێ و ڕێکوپێک دەکا کە بەباشترین شێوە لەگەڵ دەق بخوێننەوە. لەسەر دەستی ئەم تەجرەبە کردەییە هاوبەشەدایە کە خوێنەر و دەق بەرهەمێکی نوێ دەخوڵقێنن، واتە شیعر. بەبڕوای ڕۆزێنبلات و زۆربەی ڕەخنەگرانی تری (قوتابخانەی) هەڵوێستی خوێنەر هەنووکە شیعر بۆتە ڕووداوێک کە بەدرێژایی پرۆسەی خوێندنەوە، یان ئەو شتەی ڕۆزێنبلات ناوی ناوە (کردەی هاوبەشی جوانی ناسانە)،(5) ڕوو دەدا. شیعر، کە چیتر ناشێ بەها و مانای وشەی دەق لە قەڵەم بدرێ، هەر جارە کە خوێنەرێک دەستی لەگەڵ دەق تێکەڵ کرد دەخوڵقێ، جا ئەو دەست تێکەڵییە ئی خوێندنەوەی یەکەمجار بێ، یان سەرلەنوێ خوێندنەوەی لە ژمارە نەهاتووی هەمان دەق بێ.

(3) The Reader, the text, the poem

(4) transactional experience

(5) aesthetic transaction

بەڕای ڕۆزێنبلات خوێنەر دەتوانێ و دەشێ لە دوو ڕێگاوە (دەق) بخوێنێتەوە: زانستخوازانە و جوانی ناسانە. کاتێک ئێمە بۆ (وەدەسهێنانی) زانیاری شت دەخوێنینەوە – بۆ وێنە کاتێک شتێک دەخوێنینەوە سەبارەت بەشێوەی گەرم کردنەوەی قابلەمەیەک سوپ – ئێمە خەریکی خوێندنەوەیەکی زانستخوازانەین.(6) بەدرێژایی ئەم جۆرە خوێندنەوەیە ئێمە تەنیا دڵمان لای ئەو زانیارییە تازە وەدەسهاتووانەوەیە، نەک خودی وشە ڕاستەقینەکان. کاتێک خەریکی خوێندنەوەیەکی جوانی ناسانە بین(7) خەریکی تەجرەبەکردنی دەقین، سەرنج دەدەینە وشە بەوشەی دەقەکە، دەنگەکانی، چوارچێوەکانی و زۆر شتی تری لەم دەستە. لە بنەڕەتدا ئێمە لە ڕێگای تەجرەبەی کردەی هاوبەشی خوڵقاندنی شیعرەوە دەژین.

کاتێک خەریکی خوێندنەوەیەکی جوانی ناسانەین وەک ئەوە وایە کەوتبێتینە ناو ململانێیەکی قورسی بێنەوبەرە لەگەڵ دەق. لە حاڵێکدا دەق لەوانەیە لە ڕێگای هەڵبژاردن و زەقکردنەوەی تەجرەبە جۆراوجۆرەکانی ڕابردووی خوێنەرەوە ڕێگە بدا زۆر ڕاڤە بەدەستەوە بدرێ، هاوکات سنوور بۆ ئەو مانا دروستانەش دادەنێ کە شیعرەکە دەتوانێ بەدەستی بێنێ. کەوایە لای ڕۆزێنبلات مانای شیعر چێشتی مجێوری (پێکهاتوو لە) ڕاڤەی بێ ئەژمار نییە، بەڵکو تەجرەبەی کردەیەکی هاوبەشە کە تێیدا چەندین مانای جۆراوجۆر و، لە هەمان کاتدا گونجاو، دێنە ئاراوە و، لەم ڕێگایەوە کۆمەڵێکی هەمە چەشنی (شیعرەکان) پێک دێنێ.

ئەو شتەی بۆتە هۆی جیاوازی نێوان ڕۆزێنبلات و گشت بۆچوونەکانی تری (قوتابخانەی) هەڵوێستی خوێنەر لەگەڵ قوتابخانە ڕەخنەییەکانی تر (بەتایبەتی فۆرمالیزم و یان ڕەخنەی نوێ) ڕووی پێداگری وەرگێڕانیانە لە دەقەوە، وەک تاکە (سەرچاوەی) دابینکەری مانا، بەرەو گرینگی خوێنەر، وەک بەشدارێکی پێویستی پرۆسەی خوێندنەوە لە خوڵقانی مانادا، ڕوو

(6) efferent reading

(7) aesthetic reading



وەرگێڕانێکی لەم جۆرە حاشا لەم بۆچوونەی فۆرمالیستەکان دەکا کە دەق (دیاردەیەکی) سەربەخۆیە و، دەتوانرێ بەشێوەیەکی زانستیانە، بۆ دۆزینەوەی ماناکەی لێک بدرێتەوە. دواجار خوێنەر چیتر پاسیڤ (ناچالاک) نییە کە هەر بێت و تەنیا سیاییەکی دوور و درێژی کەرەسە شیعرییە فێربووەکانی خۆی بۆ دەق بەکار بێنێ، بەهومێدی ئەوەی بەشکو چوارچێوەی پڕ لە گرێوگۆڵی دژوازی (paradox) و کینایەی (Irony) دەق بدۆزێتەوە، کە تازە ئەویش بەنۆبەی خۆی بەرەو ڕاڤەیەکی بەگومان دروستی ڕێنوێنی بکا. لای ڕەخنەگرانی (قوتابخانەی) هەڵوێستی خوێنەر، هەنووکە خوێنەر شان بەشانی دەق لە خوڵقانی مانادا بەشدارێکی چالاکە. ئەوان پێیان وایە لە تەجرەبەی ئەدەبییەوەیە (ڕووداوێک کە ئەو کاتەی خوێنەر و بەرهەم کار دەکەنە سەر یەکتری ڕوو دەدا) کە مانا خۆیا دەبێ.

## گریمانەکان

هەروەک زۆربەی ئەو ڕوانگانەی لە بابەت لێکۆڵینەوەی ئەدەبییەوە بەدی دەکرێن، ڕەخنەی هەڵوێستی خوێنەریش کۆمەڵێکی یەکگرتوو، یان تاقە یەک ڕوانگەی ڕەوشتناسانە بۆ لێکدانەوەی دەقی بەدەستەوە نادا، شتێک (یان ئەسڵێک) ئەگەر لە گۆڕێدا بێ و ئەو کەسانە بەیەکەوە گرێ بدا و خۆیان بەڕەخنەگریی هەڵوێستیی خوێنەر، ڕەخنەگریی خوێنەر، یان ڕەخنەگریی ڕووەو جەماوەر دەناسێنن، ئەوە خەریکبوونی ئەو کەسانەیە بەخوێنەرەوە. ئەم ڕەخنەگرانە کە پێیان وایە ڕاڤەی بەرهەمی ئەدەبی ئەو کاتە بەرهەم دێت کە خوێنەر و دەق کردەیەکی هاوبەش لە نێوان یەکتری، یان پێکەوە تەجرەبە دەکەن، لەسەر ئەم ڕاستییە پێدادەگرن کە خوێندنەوەی شیاوی لێکدانەوەی دەقی پێویستە هەم خوێنەر، هەمیش دەقی لەبەرچاو بێ، نەک هەر دەق تەنیا خۆی. بەڕای ئەم ڕەخنەگرانە خوێنەر + دەق = مانا. ئەوان حوکمی ئەوە دەدەن کە تەنیا لە چوارچێوەی زەمینەیەک و لەسەر دەستی خوێنەرێک کە چالاکانە لە پرۆسەی خوێندنەوەی دەقدا بەشداری دەکا دەتوانێ مانا بەرهەم بێ.

ڕەخنەگری هەڵوێستی خوێنەر دەڵێن مانا پشت ئەستوور بەزەمینەکەیەتی و، بەشێوەیەکی ئاڵۆز و تێکچڕژاو نیزیکایەتی لەگەڵ پڕۆسەی خوێندنەوە هەیە. چەشنی تیۆری ئەدەبی، چەند نموونەیەکی تیۆریک و کاربردە پراکتیکەکانیان بۆ شیکردنەوەی پڕۆسەی خوێندنەوە، یان ئەوەی ئێمە چۆن لە ماکی چاپکراو مانا هەڵدەکڕێنین، بەدەستەوەن.

ڕەخنەگریی هەڵوێستیی خوێنەر کە ئەم نموونە جۆراوجۆرانەیان بەکار بردووە سێ ڕوانگەیان بۆ تەجرەبەی ئەدەبی بەرهەم هێناوە. بۆ شیکردنەوەی ئەو شتە ئەم ڕەخنەگرە جۆراوجۆرانە پێیان وایە ئەو کاتەی خوێنەر و ماکی چاپکراو تێکەڵ بەکردەیەکی هاوبەش دەبن ڕوو دەدا، هەر کام لەم ڕوانگانە لەسەر فەلسەفە و بۆچوون و ڕەوشتناسی جیاوازی خۆیان پێ دادەگرن.

ئەگەرچی هەر نموونەیەک دەست بەسەر ڕوانگەیەکی جیاواز لە بابەت لێکدانەوەی دەقیی دادەگرێ، بەڵام هەموویان لە هەندێک پێش فەرز و هۆگری یەکساندا یەک دەگرنەوە و کۆمەڵێک پرسیاری وێکچووش دێننە گۆڕێ. بۆ وێنە هەموویان ڕاستەوخۆ لەسەر پڕۆسەی خوێندنەوە چەق دەبەستن. ئەوان دەپرسن باشە کاتێک کەسێک دەست دەداتە ماکی چاپکراو و دەیخوێنێتەوە چی ڕوو دەدا؟ بەزمانێکی دیکە هۆگری سەرەکیان بەوە هەیە کاتێک دەق و خوێنەر کار دەکەنە سەر یەکتری چی دەقەومێ؟ لە ماوە و بەدرێژایی ئەم کار لەسەریەک کردنە، ڕەخنەگری هەڵوێستی خوێنەر لەم بابەتە دەکۆڵنەوە و تیۆریزەی دەکەن کە ئایا ئەوە خوێنەرە یان دەقە، یان تێکەڵاوێکە لە هەردووکیان کە دواجار ڕاڤەی دەق دەسنیشان دەکەن. ئەوان بیر لەوە دەکەنەوە ئایا ئەوە خوێنەرە دەق دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، یان ئەوە دەقە بۆ بەرهەم هێنانی مانا؛ دەستی خوێنەر دەگرێ؟ ئایا واژە، زاراوە، یاخود وێنەیەک دەبێتە هۆی ئەوەی ڕاڤەیەکی تایبەت لە زەینی خوێنەردا بیچم بگرێ، یان ئایا ئەوە خوێنەرە، لە ڕێگای کۆمەڵێک ستراتیژی خوێندنەوە کە ئاگادارانە یان نائاگادارانە فێریان بووە خۆی لە دەق نیزیک دەکاتەوە و، (ئەمەش خۆی) بەشێوەیەکی سیستماتیک ڕاڤە یەکی (تایبەت) بەسەر دەقدا دادەسەپێنێ؟



کۆمەڵە پرسیارێکی لەم دەستە دواجار ڕەخنەگری هەڵوێستی خوێنەری زیاتر بەرەو نیزیک بوونەوە بۆ پەرەپێدان بەزاراوەناسی پەلکێش کرد. بۆ وێنە دەیان پرسی دەق چییە؟ ئایا دەق تەنیا هەر کۆمەڵێک وشەیە، یان نیشانەگەلێکی سەر قاقەزن؟ دەیان پرسی ئێمە چۆن دەتوانین جیاوازی دابنێین لە نێوان ئەو شتەی کە بەڕاستی لە دەقدا هەیە و ئەو شتەی کە (تەنیا ) لە زەینی خوێنەردایە؟ باشە هەرچۆنێک بێت ئەم خوێنەرە کێیە؟ ئایا هەمە جۆر خوێنەر هەیە؟ ئایا بۆمان هەیە بڵێین دەقی جۆراوجۆر خوێنەری جۆراوجۆری پێویستە؟

ئەی هەڵوێستی خوێنەر لە بەرامبەر دەقدا چییە؟ ئایا ئەو هەڵوێستانە هاوتای مانای دەقن؟ ئەوان لەم پرسیارە ڕادەمێنن ئایا وا هەیە هەڵوێستیی خوێنەرێک لە ئی خوێنەرێکی تر دروستتر بێ، یان هەموو هەڵوێستەکان بەقەدەر یەک بەها و بایەخیان هەیە؟ ئەوان دەپرسن ئەگەرچی خوێنەران بەشێوەگەلی جۆراوجۆر لە بەرامبەر دەقێکی یەکساندا هەڵوێست دەگرن، باشە بۆچی جاروبار خوێنەرانی جۆراوجۆری دەقێکی یەکسان، هەرکام بەجیا ، بەئاکام و ڕاڤەی وەکویەک دەگەن؟

ڕەخنەگری هەڵوێستیی خوێنەر هەروەتر شتگەلێک سەبارەت بەکەسێکی تر؛ واتە نووسەر، دەپرسن. ئەوان سەریان لەو پرسیارە سووڕماوە ئایا تێبینییەکانی نووسەر لە بابەت خوێنەر، بەڕاستی لەسەر مانای بەرهەم شوێن دادەنێ؟ ئایا ئەگەر هات و خوێنەر بەمەبەستی ئاشکرا و گوتراوی نووسەر سەبارەت بەدەقی زانی، وا هەیە ئەم زانیارییە ئەرکێک لە خولقانی مانای دەق وەئەستۆ بگرێ، یان پێویستە مەبەستی نووسەر لە بابەت بەرهەمێک هەر (لە بنەڕەتەوە) و بەسادەیی وەپشت گوێ بخرێ؟

دواجار (ویست) و کەڵکەڵەی ڕەخنەگری هەڵوێستی خوێنەر بەباشترین شێوە لە یەک پرسیاردا چڕ دەبێتەوە: پڕۆسەی خوێندنەوە چییە؟ بەگشتی ئەم ڕەخنەگرانە خۆیان بەهەموو لایەنێکی تەجرەبەی ئەدەبییەوە خەریک دەکەن، بەم حاڵەشەوە ڕوانگەیان لە بارەی تەجرەبە یان ڕووداوی خوێندنەوەوە زۆرن.

## ڕەوشتناسی

دەکرێ زۆربەی ڕەخنەگرانی هەڵوێستی خوێنەر بەسێ دەستە دابەش بکەین. ئەگەرچی ئەندامانی هەر دەستە، لەوانەیە چووکە جیاوازییەکیان پێکەوە هەبێ، بەڵام هەر دەستەیەک و خاوەن و هەڵگری کۆمەڵێک کەڵکەڵەی تیۆریک و ڕەوشتناسانەی وێکچوون. ڕاڤەی قوتابی B لە سەرەتای ئەم فەسڵەدا پیشاندەری ناوکی (بۆچوونەکانی) دەستەی یەکەمە. وەک هەموو ڕەخنەگرێکی هەڵوێستی خوێنەر، ئەم دەستەیەش پێیان وایە خوێنەر دەبێ لە خولقانی مانادا بەشدارێکی چالاک بێ. بەڵام بەڕای ئەم ڕەخنەگرانە دەق زیاتر لە خوێنەر، بەسەر پرۆسەی ڕاڤەییدا دەسەڵاتی چاوەدێریکردنی هەیە. هەندێک لەم ڕەخنەگرانە سەرنج دەدەنە تیۆری ڕەخنەگرانەی نوێ کە لەسەر ئەمە پێ دادەگرێ کە هەندێ ڕاڤە لەوانی دیکە بەهای زیاتریان هەیە. ئەوانی تر وەکو قوتابی B لە سەرەتای ئەم فەسڵەدا، لە نێوان مانای دەق و گرنگی دەق جیاوازی دادەنێن. بەباوەڕی ئەوان مانای دەق دەتوانێ هاوسەنگ و هاوتای مەبەستی نووسەرەکەی بێ، لە حاڵێکدا گرنگی دەق بۆی هەیە لە زەمینە یان قۆناغێکی مێژووییەوە بۆ زەمینە یان قۆناغێکی مێژوویی تر بگۆڕدرێ.

بەڵام زۆربەی ڕەخنەگرانی دەستەی یەکەم سەر بەقوتابخانەیەکن کە بە(قوتابخانەی) پێکهاتەخوازی(8) ناسراوە. هەندێ لێکۆڵەر ئەو باس و خواسەیان هێناوەتە گۆڕێ و (لەوانەشە تێیدا سەرکەوتوو بووبن) کە پێکهاتەخوازان نابێ بخرێنە ئەم خانەیەوە، چونکی دواجار لای ئەوان لە دەقدا بوونی نییە. بەڵام لەو سەرەوە کە ئەم ڕەخنەگرانە واتە (پێکهاتەخوازان) دەق دەکەنە سەرەتای کاری خۆیان و، لەبەر ئەوەی فەسڵی داهاتوو واتە (فەسڵی 5) بەتەنیا بۆ تیۆری و پراکتیکەکانی ئەوان تەرخان دەکرێ، بۆ ئاسانکردنەوەی کارەکەمان ئەم ڕەخنەگرانە دەخەینە نێوان (ڕەخنەگرانی دەق – تەوەر)(9) و ئەو کەسانەی دەڵێن مانا

(8) Structuralism
(9) text - oriented critics



هەر لە بنەڕەتەوە لە زەینی خوێنەردا پنجی داکوتاوە.

ئەم ڕەخنەگرانە کە کۆڵەکەی زۆربەی بیرۆکەکانی خۆیان لەسەر بناغەی نووسراوەکانی فێردینان دۆ سوسور باوکی زمانناسی نوێ؛ دامەزراندووە، زیاتر وەک زانست لە لێکدانەوەی دەقی دەڕوانن. پشتیوانانی ئەم قوتابخانەیە – ڕۆلان بارت، ژێرار ژێنێ، ڕۆمن یاکۆبسن، کلۆر لیڤی شتراوس، ژێرار پرینس و جاناتان کالێر – لە هەناوی دەقدا بەدوای ئەو ڕەمزە تایبەتانەدا دەگەڕێن کە ڕێگای ئەوە دەدەن مانا (وەک ڕووداوێک) ڕووبدا. ئەم ڕەمزە یان نیشانانە کە لە دەقدا شاردراونەتەوە پاژی سەر بەسیستمێکی گەورەترن کە ڕێگای ئەوە دەدا مانا لە گشت بوارەکانی کۆمەڵگادا کە ئەدەبیش دەگرێتەوە ڕووبدا. بۆ وێنە؛ کاتێک ئێمە ماشێنەکەمان لێدەخوڕین و تووشی چرای سووری سەر چوار ڕێیانێک دەبین، فێر بووین دەبێ ماشێنەکەمان ڕاگرین. ئەگەریش دەنگی ئاژیری ماشێنی ئاگرکوژێنەوە یان ئامبولانسمان بیست فێر بووین، خۆمان لادەین و بیدەینە قەراغ. لە کۆمەڵگای ئێمە چرای سوور و دەنگی ئاژیر نیشانە یان ڕەمزگەلێکن ڕێگای ڕاڤە و ڕێکوپێک کردنی دنیامان دەخاتە بەردەست.

بەوتەی ڕەخنەگری پێکهاتەخواز خوێنەر سیستمێکی لەوەپێش دابین کراو بۆ دیاریکردنی مانا دێنێتە نێو دەقەوە (سیستمێکی ئاڵۆزی پێکهاتوو لە نیشانە یان ڕەمزەکان، وەکو دەنگی ئاژیر و چرای سوور) و ئەم سیستمی نیشانەییە، ڕاستەوخۆ بۆ دەق بەکاردێنێ. ئینجا دەق دەبێتە شتێکی گرینگ، چونکی هەڵگری ئەو نیشانە و ئاماژانەیە بۆ خوێنەر، کە خاوەن ڕاڤەگەلێکی پەسندکراو و سەقامگرتوون. کەوایە زۆربەی پێکهاتەخوازان زیاتر لە لێکدانەوەی دەقی خۆی بەو سیستمە گشتییەی ماناوە خەریکن کە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو پەرەی پێداوە و هەوڵیان بۆ ئەوەیە کە تێبگەن خوێنەر بۆ پەی بردن بە(چلۆن) ڕاڤەکردنی هەر نیشانەیەک (چەشنی نیشانەی سەر شەقام، یان وشە) لە نێو زەمینەی پێوەرە باو و پەسندکراوەکانی کۆمەڵگادا پێویستی بەچی هەیە. لە

سۆنگەی ئەم پێ داگرییەوەیە کە وێدەچێ پێکهاتەخوازان هەم دەق، هەمیش خوێنەریان بەرەو پەراوێز پاڵپێوەناوە و، (لە بری ئەوان) تیۆرییەکی زمانناسییانەی پێوەندی و ڕاڤەیان زەق کردۆتەوە. جا لەبەر ئەوەی پێکهاتەخوازی بۆتە مەکۆی هەڵکشانی زۆربەی تیۆرییە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، لە فەسڵی دواتر لە بابەت گرنگی ئەم قوتابخانەیە بۆ تیۆری ئەدەبی و ڕەخنەی پراکتیکی بەتێر و تەسەلی دەدوێین.

قوتابی C دەبێتە دەمڕاستی دەستەی دووهەمی ڕەخنەگرانی هەڵوێستی خوێنەر. ئەم ڕەخنەگرانە زیاتر شوێن پێی بۆچوونەکەی ڕۆزێنبلات هەڵدەگرن کە خوێنەر کاتێک دەقێک ڕاڤە دەکا وەک ئەوە وایە لە تەجرەبەی کردەیەکی هاوبەشدا شەریک بێ. ئەوان دەڵێن، لە پرۆسەی ڕاڤەییدا دەق و خوێنەر تا ڕادەیەک بەیەک ڕێژە دەور دەگێڕن. بەباوەڕی ئەم ڕەخنەگرانە، خوێندنەوە ڕووداوێکە لە خولقانی شیعردا دەگاتە چلەپۆپەی خۆی.

زۆربەی لایەنگرانی ئەم ڕوانگەیە – ژۆرژ پولێ، ئۆڵفگانگ ئایزێر، هانس ڕۆبێرت یاس و لویز ڕۆزێنبلات – بەدیاردەناسییەوە خەریکن. دیاردەناسی[10] خواستێکی فەلسەفی نوێیە کە لەسەر وەرگر (perceiver) پێ دادەگرێ. دیاردەناسان دەڵێن: شتەکان تەنیا ئەو کاتە دەتوانن خاوەن مانا بن کە (نەستێکی چالاک)[11] (وەرگرێک) هەبێ لە بوونیان بگا، یان سەرنجیان پێبدا. بەوتەیەکی تر شتەکان تەنیا و تەنیا ئەو کاتە بوونیان هەیە کە ئێمە لەسەر (ڕووپەڕی) زەینی خۆمان بیاننووسینەوە. پێناسەی ڕۆزێنبلات بۆ شیعر، ڕاستەوخۆ، ئەم تیۆرییە بۆ شیعر بەکاردێنێ. شیعری ڕاستەقینە تەنیا بۆی هەیە لە نەستی خوێنەردا بوونی هەبێ، نەک لەسەر ڕووپەڕی قاقەز. کاتێک خوێنەر و دەق کار دەکەنە سەر یەکتری، شیعر و دوا بەدوای ئەو مانا دەخوڵقێن، ئەمانە تەنیا لە نەستی خوێنەردا بوونیان هەیە. هەنووکە خوێندنەوە و لێکدانەوەی دەقی دەبنە تەجرەبەیەکی جوانیناسانە کە لە سۆنگەیەوە خوێنەر و دەق لە نەستی

---

(10) Phenomenology

(11) active consciousness



خوێنەردا یەک دەگرن و شیعرەکە دەخوڵقێنن. وەک ڕاڤەی قوتابیی C لە بەرایی ئەم فەسڵەدا، دەبێ وزەی خەیاڵی خوێنەر بکەوێتە گەڕ، شوێنە بەتاڵەکانی دەق پڕ کاتەوە و کردەوە و تایبەتمەندی و کەسایەتی و مەبەستی کەسەکان هەڵسەنگێنێ.

قوتابی D نوێنەری (بۆچوونەکانی) دەستەی سێهەمی ڕەخنەگرانی هەڵوێستی خوێنەرە کە بەخەست و خۆڵی لەسەر (گرنگی) خوێنەر، لە پرۆسەی ڕاڤەییدا پێ دادەگرێ. لای ئەم ڕەخنەگرە دەروونشیکار یان سوبژێکتیوانە (زەینیانە)، ئەندێشە و بیروباوەڕ و ئەزموونەکانی خوێنەر لەچاو دەقی ڕاستەقینە خۆی دەورێکی زیاتر لە وێناکردنی مانادا دەگێڕن. بەڕێبەرایەتی نۆرمەن هۆلەند (Norman Holland) و دەیوید بلیچ (David Bleich) ئەم ڕەخنەگرانە بەپێداگرییەوە دەڵێن، لە پرۆسەی خوێندنەوەدا، ئێمە تایبەتمەندییەکانی خۆمان وێنا دەکەین و تێیان دەگەین. ئەوان پێیان وایە، ئێمە باوەڕ و بیرۆکەکانی خۆمان بەسەر دەق دادەسەپێنین و، خۆمان لە ئاوێنەی دەقدا دەبینینەوە. ئێمە لە ڕێگای ئاوێتەکردنی خەون و خەیاڵەکانی خۆمان بەهەندێک ڕەگەزی ناو دەق، ڕاڤەیەک بەرهەم دەهێنن کە ئەندامانی کولتووری ئێمە بۆیان هەیە قبووڵ و پەسندی بکەن.

قبووڵکردن لە لایەن گرووپی کۆمەڵایەتیمانەوە شاکلیلی باسەکەیە. ڕەخنەگرانی زەینخواز (سوبژێکتیو) دەڵێن: لە کاتی خوێندنەوەی دەقێکدا، خوێنەر لەوانەیە بەشێوەیەکی تاکە کەسی و بەمەیلی خۆی لە بەرامبەر شتێکی نێو دەقەکەدا هەڵوێست بگرێ، ئەم هەڵوێستە شەخسییانە لە ڕێگای باسوخواسەوە، لەسەر دەستی ئەندامانی گرووپی کۆمەڵایەتی ئەوانەوە بژار دەکرێ. دواجار ئەم گرووپە بڕیار دەدا کام ڕاڤەی دەق بۆ ئەوە دەبێ قبووڵ و پەسند بکرێ. هەر وەکو ڕاڤەی قوتابیی D، کە لە سەرەتای ئەم فەسڵەدا باسمان لێکرد، خوێنەر خۆی بەشێوەیەکی تاکە کەسی لە بەرامبەر هەندێک ڕەگەزی نێو دەق هەڵوێست دەگرێ و، پاشان بەدوای ئەوەدا دەگەڕێ کە ئەم هەڵوێستە شەخسییە بکاتە بابەت و دەربڕێ تا دواجار ببێتە ڕاڤەیەک بۆ دەقەکە خۆی.

ئەگەرچی ڕەخنەگری هەڵوێستی خوێنەر هەموو پێیان وایە، لە دۆزینەوەی

مانای دەقدا خوێنەر شتێکی پێدەبڕێ، بەڵام ئەوەی جێگای باسە ئەوەیە ئەم بەشە چۆن چۆنی بەبەشێکی گەورە یان بچووک لە قەڵەم دەدرێ. ئەم ڕەخنەگرانە کە خاوەنی کۆمەڵێک بۆچوونی هەمەچەشن دەشبێ بەسەرنجدان بە(کێشەی) لێکدانەوەی دەقی و بەپێی پێویست، ڕێگای ڕەوشتناسی جۆراوجۆر و جیاواز بگرنەبەر. سەرەڕای ئەمانە، بەوتەی ڕەخنەگری هاوچەرخ ستیون مایللۆکس (Steven mailloux)، سەرلەبەری ئەم ڕەوشتناسیانە لە بەستێنێکی دوو ڕەهەندیدا یەک دەگرنەوە، کە پاشان ڕەخنەگران (بۆ ئەوەی لەگەڵ بۆچوونەکانیان بیخوێنێتەوە) دەیهێننە ئاستی خۆیان. ئەم ڕەوشتناسییانە هەموو نیشان دەدەن.

(١) بەرهەمی ئەدەبی ئەرکێک دەخاتە ئەستۆی خوێنەر بۆ ئەوەی جێبەجێی بکا.

(٢) هەڵوێست یان وەڵامی خوێنەر بۆ ئەم ئەرکە. بۆ وێنە، قوتابی D، کە لە بەرایی ئەم فەسڵەدا باسی هاتە گۆڕێ، بەئاشکرایی شتێکی لە نێو دەقەکەدا بینی کە بووە هۆی ئەوەی وەبیر هاڤاڵەکەی، واتە جۆرج بکەوێتەوە. ئینجا هات و لە دەقەوە بەرەو ئەندێشە و بیرەوەری و ئەزموونەکانی ڕابردووی (خۆی) هەنگاوی نا. ئەم ئەزموونە تاکە کەسییانە بۆ چەند ساتێک سێبەر دەخەنە سەر دەق و (دایدەپۆشن)، بەڵام ئەو بەوە دەزانێ کە وەڵامە تاکە کەسییەکانی دەبێ بەشێوەیەک لە شێوەکان جێی پەسندی هاوڕێکانی بن و قبووڵی بکەن. هەر بۆیە دێت و جۆرج بە هاک و خۆی بەجیم دەشوبهێنێ و لەم ڕێگایەوە هەستە شەخسییەکانی خۆی دەبابەتێنێ[12] و، ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە هەمان کاتدا ڕاڤەی خۆی لە نێو (کۆمەڵگەی ڕاڤەیی) یان چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا، وەک بابەتێکی قبووڵکراو لە لایەن کۆمەڵەوە چاو لێدەکا.

لە سۆنگەی ئەوەی زاراوەی ڕەخنەی هەڵوێستی خوێنەر ڕێگا دەدا فرە چەشنی و (هەمە ڕەنگییەکی) زۆر لە بواری تیۆری و ڕەوشتەکاندا بێتە ئاراوە. زۆربەی قوتابخانە ڕەخنەیییەکانی سەدەی بیستەم، وەک پێکهاتە

(12) objectifies



هەڵوەشێنێ، فێمێنیزم، مارکسیزم و مێژووگەری نوێ ئەندام بوونی خۆیان لە نێو ئەم خانە بەرفراوانە ڕادەگەیەنن. هەر کام لەم ڕوانگانە بۆ لێکدانەوەی دەقی، بنەما ئایدیۆلۆژیکەکانی خۆیان بۆ تیۆری هەڵوێستی خوێنەر ئامادە دەکەن و، ڕەوشتە تایبەتییەکانی ڕەخنەی پراکتیکی خۆیان پەرە پێدەدەن. سەرەڕای ئەمانە، ئەندامێتییەکی لەم دەستە، تێکەڵاو و هەمە جۆر، پیشاندەری گەشەی هەمیشەیی و پەرەسەندنی بەردەوامی ڕەخنەی هەڵوێستی خوێنەرە.

# 5

## پێکهاتەخوازی

### پێشەکی

سەرپەرشتی فەرمانبەرانی ئیدارەیەکی گەورەی کۆمپیوتەر کە نامەی داخوازی دوو داواکاری بۆ کار، بەدەستەوە بوو، بەمونشییەکەی گوت: (لەم دوو کەسە بگێڕەوە تا وتوێژێکی پیشەییان لەگەڵدا ساز بکەین.). وێدەچوو هەردووکیان بۆ وەئەستۆ گرتنی کارەکە بەقەد یەک شایستە بن. داواکاری A کە لە زانستگایەکی ئیڤی لیگ (Ivy League) خوێندنی تەواو کردبوو بڕوانامەی B.S (لیسانسی زانست) لە لقی حسێبداری و بازرگانی پێدرابوو. دواکاری B-یش هەروەها تەواوبووی زانکۆی ئیڤی لیگ بوو، لە لقی بەڕێوەبەرایەتی بازرگانیدا بڕوانامەی B.S-ی پێدرابوو. هەردووکیش لە لایەن مامۆستا و ڕاوێژکارانی خۆیانەوە پێناسی زۆر باشیان پێدراوە. لە تاقیکاری تەواوبوونیشدا هەردووکیان لە(١٠٠ نمرە ٩٥)یان پێدراوە. شکی تیا نییە سەرپەرشتی فەرمانبەران بۆ هەڵبژاردنی یەک لەم دووانە ئەرکێکی ئەستەمی کەوتۆتە ئەستۆ.

ڕۆژی وتووێژێکە داواکاری A دێت. کۆت و شەڵوارێکی خۆڵەمێشی و کراسێکی سپی کردۆتە بەر، گراواتێکی سەرنجڕاکێش، بەڵام تا ڕادەیەک زەردی کاڵی لێداوە، جووتێک کەوشی ئاکسفۆردیی جوان و بۆیە لێدراوی لە پێدایە، بزەیەکی بەجێ لەسەر لێویەتی و مووی سەریشی تەواو کورت کردۆتەوە. داواکاری B دوای دەسپێکردنی وتوێژی داواکاری A دەگاتێ. ئارەقچنێکی سەوزی لەبەردا بوو کە یەخە کورت و زەردەکەی لەسەر ملی هاتبووە پێشێ، جووتێک کەوشی پەڕۆیی قاوەیی ڕەنگ کە سەر پەنجەکانی بەجوانی بۆیەی لێدرابوو کردبووە سەرپێ. داواکاری B کە خەریک بوو مووی درێژی سەری بەحاڵ شانە دەکرد پێی سەیر بوو بۆ دەبێ وتوێژی داواکاری یەکەم زیاتر لە سەعاتێک بخایەنێ. پاش ئەوەی پازدە



دەقەی دیکەشی بەسەر داهات، ئاخری داواکاری A لە درگای ژوورەکە هاتە دەرێ و مونشی داواکاری B بەرەو ژووری سەرپەرشتی ئیدارە ڕێنوێنی کرد. هەژدە دەقە دواتر، داواکاری B بەپەنا و مێزی مونشییەکەدا تێپەڕی و ئیدارەکەی جێهێشت، وا دیار بوو وتووێژەکەی تەواو ببوو.

پاش ماوەیەکی کەم، سەرپەرشتی فەرمانبەران بەگوێی مونشییەکەیدا چرپاندی بچێتە ژوورەکەی. کاتێک مونشییەکە وەژوور کەوت، سەرپەرشت پێی گوت:

«تکایە قەراردادە بۆ داواکاری A بنێرە. ئەو هەر بابەتی ئەم کارەی ئێمەیە. هەروەتر نامەیەکی (بەداخەوە... بەڵام)یش بۆ داواکاری B بنووسە و بۆی بنێرە. دیارە ئەو بەرنامە و پێوەر و بەهاکانی ئێمە ناناسێ. کەوشی پەڕۆ، بێ گراوات و مووی زۆر، ئەویش لەم ئیدارەیە و بۆ ئەم کۆمپانیە، هەرگیز!»

توانایی داواکاری A لە وەدەسهێنانی ئەو شتەی، سەرپەرشتی کاری داهاتووی دەینرخاند، بووە هۆی وەدەسهێنانی کارەکەی. لە ڕێگای (زمانی مۆدە)وە[1] (لێرەدا زمان لە مانا بەرفراوانەکەی خۆیدا هاتووە، بەواتای هەر چەشنە سیستمێکی نیشانە یان ڕەمز کە هەڵگری مانا بێ)، داواکاری A تێگەیشتنی خۆی لە خواست و ویستی ئەو ئیدارەیە سەبارەت بەجلوبەرگ و ڕواڵەتی فیزیکی گونجاو، بەسەرپەرشتی فەرمانبەران دەسەلمێنێ. لەولاوە، داواکاری B، بەبێدەنگی، تێنەگەیشتنی خۆی لە بەها و پێوەرەکانی ئیدارە و خواستی گشتی، بەهۆی بێ گراواتی و جلوبەرگی بەڕواڵەت شڕ و شپرزە و نەگونجاوییەوەی نیشان دەدا. لە حاڵێکدا وێدەچێ داواکاری B لە وەدەسهێنانی ڕەمزی ئەو مۆدانەی کە پیشاندەری تێگەیشتنی ئەو بن لە پێوەر و نۆرمەکانی ئەو ئیدارەیە دۆش دادەمێنێ یان لەوانەیە بڵێین (هەر خۆی لە ڕاستیدا ئەو کارەی نەدەویست، مەگەر ئەوەی بیتوانیبا هەر ئەو پیاوە قژ زۆر و بێ گراواتەبا)، داواکاری A زانیاری خۆی لە زمانی مۆد و توانایی زاتی خۆی بۆ فێربوونی سیستم و زمانە پڕ

(1) the language of fashion

لە گریوگۆڵەکانی تری وەک ئەوان دەسەلمێنێ، کە بەگشتی لە بواری ئابووری و پەروەردەکردن و زانست و ژیانی کۆمەلآیەتیدا بەکار دێن. داواکاری A، لە ڕێگای وەدەسهێنانی ئەم کۆدانە،[2] و توانایی خۆی (جا ئاگادارانە یان نائاگادارانە) بۆ لێکدانەوە و بەکارهێنانی دروستیان لە بارودۆخێکی پێدراودا، زانستی خۆی لە بابەت پێکهاتەخوازی سەلماند.

پێکهاتەخوازی (Structuralism) کە لە شەستەکاندا (١٩٦٠) گوڵی کرد، ڕوانگەیەکە بۆ لێکدانەوەی ئەدەبی کە لە نێو دڵی زمانناسی پێکهاتەخوازدا[3] واتە زانستی زمان ڕیشەی داکوتاوە. پێکهاتەخوازی، لە ڕێگای بەکارهێنانی تەکنیک و ڕەوشتناسی و واژەگەلی زمانناسییەوە ئەو تێڕوانینە زانستییە پێشنیار دەکا کە ئێمە چۆن چۆنی نەک هەر لە بەرهەمی ئەدەبی بەڵکو لە هەر چەشنە پێوەندی و ئاکارێکی کۆمەلآیەتی مانا وەدەسبێنین. بۆ تێگەیشتن لە پێکهاتەخوازی پێویستە شوێن پێی ڕیشە مێژوویییەکانی ئەم قوتابخانەیە بگەڕێنینەوە بۆ نووسراوە و تیۆرییە زمانناسییەکانی فێردینان دۆ سوسور، پرۆفیسۆر و زمانناسی سویسی ئاخر و ئۆخری سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست. ئەوە لێکۆڵینەوە زانستییەکانی سوسورە لەسەر زمان و تیۆری زمان کە بناغەی ڕوانگەی تاقانەی پێکهاتەخوازی بۆ لێکدانەوەی ئەدەبی دادەمەزرێنێ.

## ڕەوتی مێژوویی

بەدرێژایی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیست، فیلۆلۆژی[4] یان (زانستی واژە) نەک زمانناسی، زانستی زمان بوو. شارەزایانی ئەم بوارە، واتە فیلۆلۆژیستەکان[5] (واژەناسان) زمانەکانی (وڵاتانی) دنیایان، بۆ دۆزینەوەی وێکچوون و پێوەندییەکانیان شی دەکردەوە و بەراوردیان دەکردن و لێکیان دەداوە. ڕوانینیان بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر زمان ڕوانینێکی

(2) codes
(3) Structural linguistics
(4) Philology
(5) Philologists



ناو زەمانی[6] بوو، واتە ئەوان شوێن پێی گۆڕانکاری زمانیان لە ڕێگای پێداچوونەوە بەمەودایەکی دوور و درێژی زەمانی هەڵدەگرت، بۆ نموونە لەوەیان دەکۆڵییەوە کە چۆن چۆنی دیاردەیەکی تایبەت لە زمانێکدا، بەدرێژایی چەند سەدە، گۆڕانی بەسەر داهاتووە، تۆ بڵێی گۆڕانکارییەکی هەر لەم بابەتە لە کۆمەڵێک زمانی دیکەشدا بەسەردا نەهاتبێ. فیلۆلۆژیستەکان کە لە پێوەندی هۆ و هۆکار، وەک بنەمای لێکۆڵینەوەکانیان کەڵکیان وەردەگرت. پێداگری سەرەکییان لەسەر ڕەوتی مێژوویی تەواوی زمانەکان بوو.

پێداگرییەکی لەم چەشنە ڕەنگدانەوەی بۆچوونە تیۆریکەکانی فیلۆلۆژیستانی سەدەی نۆزدەهەم لە بابەت (گەوهەر و) سروشتی زمانەوەیە. ئەوان پێیان وابوو زمان ئاوێنەی باڵانوێنی پێکهاتە (struc-ture)ی جیهانە، کە لاسایی دەکاتەوە و، هەر بۆیە هیچ (جۆرە) پێکهاتەیەکی تایبەت بەخۆی نییە. ئەم گریمانەیە کە بەتیۆری لاسایی کردنەوەیی زمان[7] ناسراوە لەسەر ئەم ڕاستییە پێ دادەگرێ کە وشە نوێنەری شتەکانی ئەم جیهانەن، هەر وشەیەک ژێدەری[8] خۆی هەیە، واتە ئۆبژە (شت)، چەمک یان بیرۆکەیەک کە پیشاندەر و یان نوێنەری وشەیەکە.

لە یەکەم دەیەی سەدەی بیستەمدا، فیلۆلۆژیست و مامۆستایەکی سویسی بەناوی فێردینان دۆ سوسور[9] (١٨٥٧–١٩١٣)، لە بارەی ئەم بیرۆکە دێرینانەوە دەستی کرد بەپرسیار هێنانە گۆڕێ و لەم ڕێگایەوە بووە هۆی سەرلەنوێ ساغکردنەوە و چاککردنەوەی لێکۆڵینەوەی زمانی سوسور لە ڕێگای لێکۆڵینەوە و تیۆرییە تازە بابەتەکانی خۆیەوە گۆڕانکاری بەسەر بەستێن و بابەتەکانی لێکۆڵینەوەی زمانناسیدا هێنا. کۆرسی

(6) diachronic
(7) mimetic theory of language
(8) referent
(9) Ferdinand de Saussure

گشتی زمانناسی[10] کۆمەڵێک سەرنج و نووسراوە و وتارەکانی خۆی لە نێوان ساڵانی ١٩٠٦ تا ١٩١١، کە پاش مەرگی و بەدەستی قوتابیانی خۆی چاپ و بڵاو بۆوە، یەکێک لە بەرهەمە سەرەکییەکانی زمانناسی مۆدێرنە و بۆتە بەردی بناغەی زۆربەی هەرە زۆری تیۆرییە ئەدەبی و ڕەخنە پراکتیکییەکانی سەدەی بیست. بەهۆی هەوڵ و تەقالاکانی سوسور، کە بەباوکی زمانناسی مۆدێرن ناسراوە، فیلۆلۆژی سەدەی نۆزدەهەم پەرەی پێدرا و بوو بەزانستی فرە لایەنی زمانناسی سەدەی بیستەم.

ئەو کاتەی فیلۆلۆژیستەکانی سەدەی نۆزدە دانیان بەگرنگی پێویست بوون و بەها و بایەخی تێڕوانینی ناو زەمانی بۆ لێکۆڵینەوەی زمانی دادەنا، سوسور هات و ڕوانگەی هاوزەمانی[11] پێناسە و (پێشنیار) کرد، ڕوانگەیەک کە سرنجی خۆی دەداتە لێکۆڵینەوە لەسەر زمان لە زەمانێکی تایبەت و دەسنیشانکراوی گەشە و نەشەی ئەو زەمانەدا و، پێداگرتن لەسەر ئەو پرسیارە کە زمان چۆن چۆنی ئەرکی خۆی بەجێ دێنێ، نەک وردبوونەوە لە ڕەوتی مێژوویی زمان. سوسور لەبری ئەوەی لە ڕەوتی هەڵکشان و داکشانی زمان بکۆڵێتەوە، هات و لە ڕێگای زەقکردنەوەی چالاکی و (ئەرکی) زمانەوە، ئەوەی کە زمان چۆناوچۆن کاری خۆی بەڕێوە دەبا، سرنجی دایە گەوهەر و پەیکەر و پاژەکانی زمان. ئەم کەڵکەڵە تازەیە پێداویستی سەرلەنوێ بیرکردنەوە لە تیۆری زمان و هەڵسەنگاندنەوەی ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەی زمانی هێنایە ئاراوە و دواجار بووە هۆی ئەوەی سوسور ئەسڵە بنەڕەتییەکانی زمانناسی نوێ دابهێنێ.

سوسور بەپێچەوانەی زمانناسانی تری ڕۆژگاری خۆی، حاشای لە تیۆری لاسایی کردنەوەیی پێکهاتەی زمان کرد. لە شوێنی خۆی، سوسور پێی لەسەر ئەوە داگرت کە زمان لە بنەڕەتدا بەهۆی یاسا پێکهاتەییە ناوەکی و بەوردی سیستماتیزە بووەکانییەوە دەسنیشان دەکرێ. ئەم یاسایانە بەسەر تەواوی لایەنەکانی زماندا زاڵن، وەک ئەو دەنگانەی کە ئاخێوەرانی

(10) Course in General Linguistics.

(11) Synchronic.



(speakers) ئەو زمانە بەهەڵگری مانایان دێننە ئەژمار، یان ئاوێتەگەلێکی جۆراوجۆری ئەم دەنگانە کە دەبنە وشە و ئەوەی کە ئەم وشانە چۆن چۆنی، لەوانەیە لە پەنای یەک ڕیز بن و لە زمانێکی تایبەتیدا پێوەندییەکی مانادار پێک بێنن.

ئەسڵە ئاخێوەرانی[12] هەر زمانێک، لە تەمەنی پێنج یان شەش ساڵاندا، ئاگادارانە و نائاگادارانە، شارەزای سیستمی یاساکانی زمانی خۆیانن، ئەو کۆمەڵە یاسایەی کە توانای ئەوەیان پێدەدا لە پێوەندی زمانیدا[13] بەشداری بکەن. بۆ نموونە هەرچەند ئەسڵە ئاخێوەرانی زمانی ئینگلیسی لەوانەیە بەشێوەیەکی ئاشکرا لە لایەنە (ئەستەم) و پێشکەوتەکانی ڕێزمانەکەیاندا شارەزا نەبن، بەڵام دەسبەجێ دەزانن کە (بۆ وێنە) ڕستەی لەم دەستە (Alice looked up into the sky) ڕستەیەکی ئینگلیسی پەسندکراوە، بەڵام تێکەڵاوێک لەم وشانە (Alice up the book) تا ڕادەیەک نادروستە، یان (دەکرێ بڵێین) لە پێکهاتەی ڕستەی زمانی ئینگلیسی لایداوە(*). سوسور ئەو شتەی کە ئاخێوەر (لە بابەت زمانەوە) فێری بووە ناو دەنێ لانگ[14] (یان زمان) کە بریتییە لە پێکهاتەی ئەو زمانەی کە سەرلەبەری ئاخێوەران لێی شارەزان و تێیدا بەشدارن.

لە حاڵێکدا لانگ لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی زمان (بەگشتی) پێ دادەگرێ، سوسور بەدەربڕینێکی قسە ئاسایانەی ڕاستەقینەی تاکە کەسی دەڵێ پارۆڵ[15] (یان گفت). ئاخێوەر دەتوانێ نموونەگەلێکی لە ژمارە نەهاتووی دەربڕینی تاکە کەسی بەرهەم بێنێ، بەڵام سەرلەبەری ئەم

(12) native speakers.

(13) language communication.

(*) لە زمانی کوردیدا، بۆ وێنە، (ڕێبوار لە ئاسمانی ڕوانی) ڕستەیەکە لە باری ڕێزمانییەوە دروستە، بەڵام (ڕێبوار لە ڕوانی ئاسمان) لە پێکهاتەی ڕێزمانی کوردی لایداوە و نادروستە.

(14) langue.

(15) parole (لە دەستەواژەی (گفتولفت)ەوە وەرمگرتووە.)

دەربڕینانە لە ژێر دەسەڵاتی زمان دان، واتە لانگ. سوسور پێی وایە ئەوە ئەرکی زماننناسە لە ڕێگای لێکدانەوەی نموونە زۆر و زەوەندەکانی پارۆڵەوە پەی بەلانگی زمانێک ببات. بەوتەیەکی تر، لای سوسور، لێکۆڵینەوەی (شیاو) و گونجاوی زمان ئی سیستمە (لانگ)، نەک دەربڕینی تاکە کەسی بێژەران (پارۆڵ).

سوسور کە سەلماندی زمانەکان کۆمەڵێک سیستمن کە بەپێی هەندێ یاسای بگۆڕ دەجوولێنەوە و پێویستیان بەوە هەیە هەم بەشێوەی ناوزەمانی، هەمیش بەشێوەی هاوزەمانی بکەونە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەوە، پاشان هات و پێناسەی فیلۆلۆژی واژەی سەرلەنوێ تاوتوێ کردەوە. سوسور حاشای لەو باوەڕە کۆنە کرد کە هەر واژەیەک هێمایەکە (symbol) هاوسەنگی شتێک (ژێدەرەکەی)، هەر بۆیە ئەو باسەی هێنایە گۆڕێ کە واژە نیشانەیەکە لە دوو پاژ پێکدێ: دال[16] (نیشانەیەکی نووسراو یان گوتراو) و مەدلوول[17] (چەمکێک). بۆ وێنە، کاتێک گوێمان لە تێکەڵاوێک لە دەنگی (واژەی) (تۆپ) دەبێ، دەنگەکە دالە و چەمکی تۆپێک کە بەزەینماندا تێدەپەڕێ دەبێتە مەدلوول. نیشانەی زمانیش، وەک دوو بەری لاپەڕەیەک قاقەز، لە یەکێتی ئەم دوو ڕەگەزەوە پێک دێ. سوسور دەڵێ: هەروەک چۆن ئۆکسیژن و هیدرۆژن ئاوێتەی یەک دەبن بۆ ئەوەی ئاو بەرهەم بێنن، هەر بەم شێوەیەش دال لەگەڵ مەدلوول یەک دەگرنەوە تا نیشانەی (زمانی) کە (دواجار) خاوەن کۆمەڵێک تایبەتمەندییە کە لە ئی پاژە پێکهێنەرەکانی خۆی ناچێ پێک بێنن. بەم پێیە، لای سوسور واژە ئاماژە بەژێدەرێکی ئەم جیهانە بابەتییانەیە ناکا، بەڵکو ئاماژە بەچەمکێک دەکا لە زەینی ئێمەدا.

جگە لەمانە، وەکو سوسور باسی دەکا، نیشانەی زمانی شتێکی بەپێی بەڵێن و قەرارە: پێوەندی نێوان دال (تۆپ) و مەدلوولەکەی (چەمکی تۆپ) پێوەندییەکە بەپێی بڕیار و پەیمان. ئاخێوەرانی زمانێک لەسەر ئەوە

---

(16) signifier.

(17) signified.



پێکهاتوون کە دەنگ و نیشانەیەکی نووسراو یان گوتراو، کە واژەی تۆپ بەدەستەوەی دەدا، بەهاوسەنگ و هاوتای چەمکی تۆپ لە قەڵەم دەدرێ. سوسور ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە جگە لە هەندێ ئاوارتە (استثناء)، هیچ چەشنە پێوەندییەکی سروشتی لە نێوان دال و مەدلوول بەدی ناکرێ. هەروەتر هیچ چەشنە پێوەندییەک لە نێوان نیشانەی زمانی و ئەو شتەی پیشاندەرێتی بوونی نییە.

(لێرەدایە) سوسور دەڵێ: باشە ئەگەر هیچ پێوەندییەک لە نێوان نیشانەی زمانی و ئەو واقیعەی نیشانی دەدا بەدی ناکرێ، ئەی ئێمە چۆن بەجیاوازی نێوان نیشانەیەک و نیشانەیەکی تر دەزانین؟ بەوتەیەکی دیکە زمان چۆن چۆنی مانا دەخولقێنێ؟ سوسور دەڵێ: ئێمە بۆیە دەزانین نیشانەیەک چ مانایەکی هەیە چونکی ئەو نیشانەیە لەگەڵ نیشانەکانی تردا جیاوازی هەیە. بەتاوتوێکردن و لەبەر یەکڕادانانی نیشانەیەک لە بەرامبەر نیشانەکانی تر، فێر دەبین هەر نیشانەیەکی تایبەتی لەوانی تر جیاکەینەوە.

کەوایە لای سوسور، مانا شتێکی پێوەندیدارە و کێشەکەی کێشەی جیاوازییە. ئێمە لە ڕێگای سیستمی نیشانە دەنگییەکانەوە کە بریتییە لە زمانەکەمان، بۆ وێنە، تۆپ دەناسین، چونکە بەجیاوازی نێوان (تۆپ) لەگەڵ (حەوشە)، (کلک) یان (مۆدنە) دەزانین. هەر بەم شێوەیە، دەزانین چەمکی (داهۆڵ) چییە، چونکی لەگەڵ چەمکی (ماشێن)، (وێنجە) و (تیزانگ) جیاوازی هەیە. وەک سوسور دەڵێ: (ئەوەی لە زماندا هەیە تەنیا جیاوازییەکانە).

لە سۆنگەی ئەوەی کە نیشانەکان بەپێی قەرار و بەڵێن و جیاوازین، سوسور پێی وایە لێکۆڵینەوەی شیاوی زمان (بەتەنیا شیکردنەوە) و تاقیکردنەوەی پاژە جیاکانی زمان نییە، بەڵکو شیکردنەوەی سیستمی پێوەندی نێوان ئەو پاژانەیە، بۆ نموونە لەسەر ئەوە پێ دادەگرێ کە واژەی تاک و (جیا لەوانی تر) خۆی هیچ مانایەک بەدەستەوە نادا. جا لەبەر ئەوەی زمان سیستمێکە لەو یاسایانەی کە بەسەر دەنگ و واژە و

پاژەکانی تردا زاڵن، واژە تاکەکان مانای خۆیان تەنیا لە نێو دڵی ئەو سیستەمەدا وەدەسدێنن. سوسور دەڵێ: بۆ ئەوەی بزانین زمان چییە و چۆن ئەرکی خۆی بەجێ دێنێ، دەبێ لە سیستم یان (لانگ) بکۆڵینەوە، نەک لەو دەربڕینە تاکە کەسییانەی (پارۆڵ) کە (تەنیا) بەپێی یاساکانی زمان (لانگ) دەجووڵێنەوە.

لای سوسور زمان سیستمێکی نیشانەیی سەرەکییە کە لە ڕێگای ئەو سیستەمەوە بناغەی پێکهاتەی جیهانی خۆمان دادەڕێژین. سوسور لەسەر ئەو باوەڕەیە و دەڵێ: وا نییە بڵێین پێکهاتەی زمان جیاوازی هەبێ لەگەڵ پێکهاتەی سیستمی نیشانەیی تری ڕەفتاری کۆمەلایەتی وەک، (بۆ وێنە) مۆدی (جلوبەرگ لەبەرکردن) و داب و دەستووری نان خواردن.

(هەر ڕێک) وەک زمان سەرلەبەری ئەم شێوە هەڵسوکەوتانەی ڕەفتاری کۆمەلایەتی لە ڕێگای سیستمی نیشانەکانەوە مانا بەرهەم دێنن. بەم پێیە سوسور باسی زانستێکی نوێ دێنێتە ئاراوە بەناوی سیمیۆلۆژی (semi-ology) یان نیشانەناسی. نیشانەناسی لەوە دەکۆڵێتەوە ئێمە چۆناوچۆن لە ڕێگای نیشانەگەلی نێو سیستەمەکانی ڕەفتاری کۆمەلایەتیمانەوە مانا بەرهەم دێنین. سوسور دەڵێ: لەبەر ئەوەی زمان، لە نێوان سەرلەبەری ئەم سیستەمانەدا، سەرەکیترین و تایبەتمەندیترینیانە، پێویستیشە ببێتە لقی سەرەکی زانستی نیشانەناسی. لێکۆڵینەوە لەسەر هەرچی سیستمی نیشانەیی ترە دەبێ لە لێکۆڵینەوە لەسەر زمان پەیڕەوی بکا، چونکی وەک نیشانەکانی زمان، مانای گشت نیشانەکان بەپێی بەڵێن و قەرار و جیاوازییە. هەرچەند نیشانەناسی، بەپێچەوانەی ئەو شتەی سوسور پێشبینی بۆ کردبوو، هەرگیز نەبوو بەزانستێکی تازە بابەتی گرینگ، بەلام لە ئەمریکا و کەم و زۆر هەر لەو کاتەدا، لەسەر دەستی پرۆفیسۆر و مامۆستا چارلز ساندێرز پییرس[18] خەریک بوو زانستێکی وێکچوو لە زانستی نیشانەناسی دەهاتە گۆڕێ. ئەم زانستە سیمیۆتیکس،[19] یان

(18) Charles Sanders Peirce
(19) Semiotics



زانست نیشانەکانی پێدەڵێن ئەو ڕەوشتە زمانناسییانەی بەقەرز وەرگرت کە سوسور کەڵکی لێوەردەگرتن و، ئینجا ئەم ڕەوشتانەی بۆ هەموو چەشنە دیاردەیەکی فەرهەنگی مانادار بەکاردەهێنا. ئەم زانستە، کە بەزانستی نیشانەکان ناسراوە دەڵێ: دەکرێ لە کۆمەڵگادا بەشێوەیەکی سیستماتیک لە مانا بکۆڵدرێتەوە، هەم لەم گۆشەنیگایەوە کە ئەم مانایە چۆن چۆنی ڕوو دەدا، هەمیش لە گۆشەنیگای ئەو پێکهاتانەوە کە ڕێگا بەمانا دەدەن بکەوێتە گەڕ. سیمیۆتیکس، یان زانستی نیشانەکان، تا هەنووکەش لەسەر پێشکەوت و پەرەساندنی خۆی بەردەوام بووە. جا لە سۆنگەی ئەوەی ئەم زانستە ئەو ڕەوشتە پێکهاتەخوازییانە بەکاردێنێ کە لە سوسوری بەقەرز وەرگرتووە، زۆر جار زانستی نیشانەکان و پێکهاتەخوازی لە بری یەک بەکاردەبرێن، هەرچەند زانستی نیشانەکان پێشاندەری مەیدانێکی تایبەتی لێکۆڵینەوەیە، کەچی پێکهاتەخوازی پتر بۆچوون و ڕەوشتێکە بۆ لێکدانەوەی (دەق).

### گریمانەکان

پێکهاتەخوازان کە واژە و تیۆری و ڕەوشتە زمانناسییەکانی خۆیان لە سوسور و تاڕادەیەکی کەمتر لە پییرس بەقەرز وەردەگرن – و لێکۆڵینەوەکانیان ناوی جۆراوجۆریان هەیە وەک پێکهاتەخوازی، زانستی نیشانەکان، شێوازناسی،[20] یان گێڕانەوەناسی[21] – پێیان وایە ڕەمز و نیشانە و یاساکان بەسەر گشت کردەوە فەرهەنگی و کۆمەلایەتییەکانی مرۆڤدا زاڵە، کە یەک لەوان بریتییە لە پێوەندی (communication). جا چ ئەم پێوەندییە زمانی ئەو مۆدە بێ کە لە بەسەرهاتی سەرەتای ئەم فەسڵەدا نیشانمان دا، چ زمانی وەرزش، فێرکاری، دۆستایەتی یان ئەدەب بێ، هەر کام تێکەلاوێکی سیستماتیزەبووی ئەو ڕەمز یان نیشانانەن کە لە ژێر دەسەلاتی کۆمەڵێک یاسادا کار دەکەن. ئامانجی پێکهاتەخوازان ئەوەیە

(20) stylistics
(21) narratology

ئەم ڕەمزانە بدۆزنەوە، تومەز ئەوان پێیان وایە ئەم ڕەمزانە مانا دەدەن بەسەرلەبەری داب و دەستوور و خووخدەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییی. ئەوان سوورن لەسەر ئەوەی کە لێکۆڵینەوەی پڕ بەپێستی مانا و دوا بەدوای ئەو (لێکۆڵینەوەی) واقیع، شیکردنەوەی سیستمی ئەو دیوی ئەم کردەوانەیە، نەک شیکردنەوەی کردەوە تاکە کەسییەکان خۆیان. ئامانجی ئەوان دۆزینەوەی ئەم ڕاستییەیە کە چۆن چۆنی سەرلەبەری ئەم پاژانە (یەک دەگرن) و بۆ یەکتری لەبارن و ئەرکی خۆیان بەجێ دێنن.

پێکهاتەخوازان، ئینجا مانا لە پێوەندی نێوان پاژە جۆراوجۆرەکانی سیستمێکدا دەدۆزنەوە. ئەم ئەسڵە کاتێک بۆ ئەدەب بەکاری دێنن، دەبێتە ئەسڵێکی شۆڕشگێڕانە. لای پێکهاتەخوازان، هەنووکە لێکۆڵینەوەی شیاوی ئەدەب بریتییە لە وردبوونەوە لەو بارودۆخەی کە دەوراندەوری خودی کردەی ڕاڤەی تەنیوە (ئەدەب چۆنا و چۆن مانا دەگوازێتەوە)، نەک شیکردنەوەی وردی بەرهەمێکی (تایبەتی) و تاک، جا لەبەر ئەوەی کە بەرهەمێکی (تایبەتی) و تاک تەنیا دەتوانێ بەها و باوەڕی ئەو سیستمە دەرببڕێ، کە خۆی تەنیا هەر پاژێکە (لەو سیستمە) و بەس، پێکهاتەخوازان دێن و پێ لەسەر سیستم (یان لانگ) دادەگرن کە لە ڕێگایەوە دەقەکان پێکەوە پێوەندییان دەبێ، نەک شیکردنەوەی دەقێکی تەنیا و جیا لەوانی تر (پارۆڵ). ئەوان پێیان وایە لێکۆڵینەوە لە ڕێزمان (grammar)، یان سیستمی ئەو کۆمەڵە یاسایەی کە بەسەر ڕاڤەی ئەدەبیدا زاڵن، ئەرکی سەرەکی ڕەخنەگر دەسنیشان دەکا.

باوەڕێکی لەم چەشنە پێی وایە پێکهاتەی ئەدەب لە پێکهاتەی زمان دەچێ. پێکهاتەخوازان دەڵێن، ئەدەبیش وەک زمان سیستمی سەربەخۆی کۆمەڵێک یاسایە کە لە زمان پێکهاتووە. هەروەها ڕێک وەک زمان، یاسا دەسەڵاتدارەکانی خۆی نەبێ، ئەدەب پێویستی بەژێدەری دەرەکی نییە، بەڵام لە باری کۆمەڵایەتییەوە سیستمێکی سنووردارە.

پێکهاتەخوازی جگە لەوەی لەسەر سیستمی ئەدەب، نەک دەقە (تایبەتی) و تاکەکان پێدادەگرێ و، بانگەشەی ئەوەش دەکا کە (کێشەی)



ئەدەب ڕوون دەکاتەوە و لە بوونی ئەفسانەیی خۆی دایدەماڵێ. پێکهاتەخوازی دەڵێ: لە ڕێگای شیکردنەوەی ئەدەب وەک سیستمی نیشانەکان کە لە چوارچێوەیەکی فەرهەنگیدا جێی گرتووە و ئەم چوارچێوەیە ڕێگا بەو سیستمە دەدا وەکارکەوێ، چیتر ناتوانین بڵێین بەرهەمی ئەدەبی پیشاندەری پێوەندییەکی ئەفسانەیی یاخود جادوویی نێوان نووسەر و خوێنەرەکەیەتی، ئەو شوێنەی کە نووسەر و خوێنەر، لە هەست و بیرۆکە و هەقیقەتدا یەک دەگرنەوە و دەبنە شەریک و برابەش. لێکدانەوەیەکی بابەتییانە (ئۆبژێکتیو) لەسەر ئەوەی کە خوێنەر چۆن چۆنی دەق ڕاڤە دەکەن، هەڵبەت (ڕاڤە کردن) نەک هەڵوێست گرتنێکی وەهمی یان خەیاڵی لە بەرامبەر دەقدا، (دواجار) بەرەو مانا دەستمان دەگرێ و (ڕامان دەکێشێ). هەر بەم شێوەیە مەبەستی نووسەریش چیتر بەهاوسەنگی مانای گشتی دەق نایەتە ئەژمار، چونکی مانا لەسەر دەستی ئەو سیستمەی بەسەر نووسەردا زاڵە دابین دەکرێ، نەک بیرۆکە بگۆڕە شەخسییەکانی نووسەر خۆی. دەقیش چیتر سەربەخۆ لە قەڵەم نادرێ، وەک بڵێی بابەتێکە مانای خۆی هەر تەنیا لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە. پێکهاتەخوازان ئەوەمان لا ڕوون دەکەنەوە کە سەرومڕی دەقەکان پاژێکن لە سیستمێکی هاوبەشی پێکهاتوو لە مانا کە تایبەتمەندی نێوان دەقی، نەک دەقێکی تایبەتی هەیە، واتە سەرلەبەری دەقەکان خوێنەر دەگەڕێننەوە بۆ سەر دەقەکانی تر. پێکهاتەخوازان دەڵێن: کەوایە مانا تەنیا لە ڕێگای ئەم سیستمی هاوبەشی پێوەندییانەوە دەردەبڕدرێ. پێکهاتەخوازی کە دەڵێ، هەم دەقی بەتەنیا، هەمیش نووسەر، خاوەن گرینگییەکی ئەوتۆ نین هەوڵ دەدا ئەدەب لە بەرگی هێزە جادووییەکان، یان وەک دەڵێن، مانا شاراوەکانی دامالێ، ئەو مانایانەی کە هەر تەنیا بەدەستی تاقمێکی هەڵبژاردەی پسپۆرانی باڵادەست دەدۆزرێنەوە. پێکهاتەخوازی دەبێژێ: لە ڕێگای لێکدانەوەی ئەو سیستمی یاسایانەی کە ئەدەب خۆیشی دەگرێتەبەر، مانا دەدۆزرێتەوە.

### ڕەوشتناسی

پێکهاتەخوازیش وەکو هەموو ڕوانگەکانی تر بۆ لێکدانەوەی دەقی، نەچاوی لە دەستی تاقە یەک ستراتیژی ڕەوشتناسانەیە، نەلە تەنیا یەک کۆمەڵە بۆچوونی ئایدۆلۆژیکیش پەیڕەوی دەکا. ئەگەرچی زۆربەی پێکهاتەخوازان زۆرییەک لە بیرۆکەکانی سوسور بۆ شکڵ پێدان بەبۆچوونە تیۆریک و پێکهاتنی تیۆرییە ئەدەبییەکانیان بەکاردێنن، بەڵام ئەوەی کە ئەم بۆچوونانە، لە کاتی بەکارهێنانیان بۆ لێکدانەوەی دەقی، چۆن چۆنی ئەرکی خۆیان بەجێ دێنن گەلێ شێوەی جۆراوجۆری هەیە.

یەکێک لەو پسپۆر و لێکۆڵەرانەی بۆ یەکەمجار باوەڕەکانی سوسوری لە زمانناسییەوە بۆ گوتاری گێڕانەوەیی[22] ڕاگوێزا و بەکاری هێنا کلۆد لیڤی شتراوس-[23] مرۆناسە. لیڤی شتراوس کە سەرنجی بۆ لای هێماگەلی پڕوپاراوی نێو ئۆستوورەکان ڕاکێشرابوو، زۆرییەک لە ساڵانی تەمەنی خۆی تەرخانکرد بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر زۆربەی ئۆستوورەکانی دنیا. ئەو پێی وابوو، ئۆستوورە (Myth) پێکهاتەیەکی هەیە وەک پێکهاتەی زمان. بۆیە هەر ئۆستوورەیەک (خۆی) بەتەنیا نموونەیەکە لە گفت (پارۆڵ). ئەو شتەی شتراوس دەیویست بیدۆزێتەوە زمان یان لانگی ئۆستوورە بوو، یان ئەو پێکهاتە گشتییەی کە ڕێگا دەدا بەنموونە (تایبەتی) و تاکەکان (گفت یان پارۆڵ) ئەرکی خۆیان بەجێ بێنن و خاوەن مانای (خۆیان) بن.

لیڤی شتراوس دوای خوێندنەوەی ئۆستوورەگەلێکی بێ ژمار، ئەو دەروونمایە (theme) دووپاتکراوانەی دەسنیشان کرد کە لە سەرومڕی ئەو ئۆستوورانەدا لە گەڕیاندا بوون. ئەم پێکهاتە بنەڕەتییانە، کە لیڤی شتراوس بە(میسیم)[24] (یەکەی ئۆستوورەیی) ناوی دەبردن، لەو خشتە پێکهێنەرانەی ساختومانی زمان دەچوون، واتە ئەو دەنگە بەتەنیا

(22) narrative discourse
(23) Claude Levi Strauss
(24) Mytheme



ماناداراانەی پێکهێنەری زمان کە پێی دەڵێن (فۆنیم)[25]. وەکی فۆنیم، ئەم میسیمانە لە نێو و لە ڕێگای پێوەندییان لە هەناوی پێکهاتەی ئۆستوورەییدا مانا وەدەسدێنن. ئەو کۆمەڵە یاسایەی کە حوکمی ئەوە دەدەن ئەم میسیمانە (یەکە ئۆستوورەییانە) چۆنا و چۆن لەوانەیە تێکەڵ بەیەک بن، پێکهاتە یان ڕێزمانی ئۆستوورە پێک دێنێ. کەوایە مانای هەر ئۆستوورەیەکی تایبەت پابەندی کارلێک (تعامل) و شێوەی هەڵکەوتنی ئۆستوورەکانە لە نێو بەسەرهاتەکەدا. مانای ئۆستوورە لە نێو دڵی ئەم قاڵبە پێکهاتەییەوە چەکەرە دەکا.

ئێمە وەکی چۆن دەسەڵاتی نائاگادارانەمان هەیە بەسەر لانگی زمانەکەماندا، هەر بەهەمان شێوەش دەسەڵاتمان بەسەر پێکهاتەی ئۆستوورەدا دەبێ. لیڤی شتراوس دەڵێ: توانایی ئێمە بۆ دەس بەسەرداگرتنی ئەم پێکهاتەیە بابەتێکی دەروونییە و (پێوەندی بەناخی مرۆڤەوە هەیە). ئۆستوورەکانیش وەک زمان، تەنیا ڕێگایەکی دیکەن بۆ ئەوەی جیهان دەستەبەر بکەین و جۆرە ڕێکوپێکییەکی پێببەخشین.

تاقمێک پێکهاتەخواز کە بەگێڕانەوەناسان[26] ناسراون، زمانناسییەکەی لیڤی شتراوس -یان لەسەر ئۆستوورە زارەکییەکان پەرەپێدا و گوازتیانەوە بۆ بەستێنی کۆمەڵێک چیرۆکی نووسراوە و، لەم ڕێگایەوە بەردی بناغەی جۆرێکی تری پێکهاتەخوازییان دانا، واتە گێڕانەوەناسی، یان گێڕانەوەناسی پێکهاتەخواز،[27] یانی زانستی گێڕانەوە. هەر وەکو سوسور و لیڤی شتراوس، ئەم پێکهاتەخوازانەش زیاتر ئەوە شی دەکەنەوە کە مانای چیرۆکێک چۆن چۆنی لە پێکهاتە گشتییەکەیەوە، لە زمان و لانگەکەیەوە (دەسپێدەکا) و پەرە دەستێنێ، لە جیاتی ئەوەی کە خۆیان بەوە خەریک کەن ئەم مانایە چۆنا و چۆن لە دەروونمایەی جیاوازی چیرۆکێکی تایبەتییەوە سەرچاوە دەگرێ. بۆ نموونە،

(25) phoneme (فارسەکان بۆ ئەم واژەیە (تکواژ) دادەنێن.)
(26) narratologists
(27) Structuralist narratology

ولادیمیر پراپ (Vladimir propp)، زمانناسی ڕووسی لە چیرۆکی فۆلکلۆری یان پەرییان دەکۆڵێتەوە و گرێی ڕەمزی زمانەکەیان دەکاتەوە. بەگوێرەی لێکدانەوەی پراپ سەرلەبەری چیرۆکی فۆلکلۆری، یان پەرییان لەسەر بناغەی 31 ڕەگەزی نەگۆڕ داڕێژراون کە بەڕیز ڕوو دەدەن. هەر چیرۆکێک لەوانەیە ئەوەندەی پێویستی بێ لەم ڕەگەزانە بەکاربێنێ، بەڵام هەر ڕەگەزێک لە شوێنی گونجاوی خۆیدا دێ و (بەکار دەبرێ).

گێڕانەوە ناسێکی تر، تزوێتان تۆدۆرۆڤ-ی بۆلگاری، دەڵێ: چیرۆک لە یەکەگەلی ڕێزمانی (grammatical units) پێکهاتووە. ئەوەی بۆ تۆدۆرۆڤ گرینگ بێ نەحو یان سیسنتاکسی گێڕانەوەیە، واتە چۆنا و چۆن ڕەگەزە ڕێزمانییە جۆراوجۆرەکانی چیرۆک تێکەڵ بەیەک دەبن. تۆدۆرۆڤ پێی وایە لە ڕێگای بەکارهێنانی مۆدێلێکی ڕێزمانیی گێڕانەوەوە دەتوانێ زمانی گێڕانەوە بدۆزێتەوە. تۆدۆرۆڤ کە چوارچێوەیەکی بۆ ڕێزمانی گێڕانەوە داڕشت، ئینجا هات و حوکمی ئەوەی دا کە دەستەواژەی ڕێزمانی و بەنۆبەی خۆی... بکەر و کار، یەکەی ڕاڤەیی بنەڕەتی هەر ڕستەیەکن و، لە باری زمانناسییەوە دەکرێ لێک بدرێنەوە و لەوەش زیاتر، بۆ پیشاندانی ئەوەی چۆن چۆنی گێڕانەوەکان پێک دێن، دەکرێ بەچەند باسی ڕێزمانی جۆراوجۆر دابەش بکرێن.

گێڕانەوەناسانی تر، وەکو ڕۆلان بارت و ژێرار ژێنێ، هەروەتر پەرەیان داوە بەڕەوشتگەلی لێکدانەوەی پێکهاتەی چیرۆک بۆ دۆزینەوەی مانا. هەرکام لەم گێڕانەوەناسانە کاری خۆیان لەسەر بناغەی کاری گێڕانەوەناسێکی تر دامەزراندووە و یەک یان دوو ڕەگەزی دیکەیان بەکاری یەکتری زیاد کردووە. بۆ نموونە، ژێنێ پێی وایە دەستەواژەکانی (شێوە دەربڕین)، یان tropes پێویستییان بەوە هەیە خوێنەر رنجێکی تایبەتییان بداتێ. لەولاوە، بارت دەمانگەڕێنێتەوە بۆ لای تۆدۆرۆڤ و بۆ شیکردنەوەی چیرۆک، زاراوەناسی، زمانناسیی زیاترمان دەخاتە بەردەست. لە حاڵێکدا گێڕانەوەناسانی زیادی لەسەر سەکۆی خۆپیشاندان دێنە بەرچاو، هەرکامەیان پێیان وایە مۆدێلی زمانناسی ئەو، ئەگەر بێت



و لەسەر دەق بەکاری بێنین، دواجار ڕێگای ئەوەمان پێدەدا مانای چیرۆک بدۆزینەوە.

تا نیوەڕاستی حەفتاکان، جاناتان کالێر (Jonathan Culler) بوو بەدەنگی پێکهاتەخوازی لە ئەمریکا و پێکهاتەخوازی بەبەستنێکی دیکەدا تێپەڕاند. کالێر لە بەرهەمەکەیدا بەناوی بوتیقای پێکهاتەخواز(28)، باسی ئەوە دەکا، ئەو مۆدێلە زمانناسییە سەڵتانەی (ئەبستراکت) کە لەسەر دەستی گێڕانەوەناسان بەکاربراون ویستوویانە لەسەر ئاخافتن چەق ببەستن و، زۆربەی وەختیان بەلێکدانەوەی چیرۆک و شیعر و ڕۆمانە تایبەتییەکانەوە گوزەراندووە. ئەو پێی وابوو ئەو شتەی پێویستمان پێیەتی گەڕانەوەیە بۆ سەر لێکۆڵینەوەی زمان (لانگ)، واتە (هەمان) کێشە سەرەکییەکەی سوسور.

بەوتەی کالێر، ئەگەر خوێنەر دەرفەتی پێبدرێ، تەنانەت لە ناڕەسەنترین دەقیش تا ڕادەیەک هەر تێدەگا. کەم و زۆر خوێنەر خاوەن توانای ئەدەبین. کالێر دەڵێ، خوێنەر کۆمەڵێک یاسایان لە دەروونی خۆیاندا هەڵگرتووە کە بەسەر کردەی ڕاڤەیاندا زاڵە. کالێر بەپێداگرییەوە دەڵێ، لە جیاتی لێکدانەوەی ڕاڤەی تایبەتی بەرهەمێک، ئێمە دەبێ خۆمان بەلێکدانەوەی خودی کردەی ڕاڤەوە خەریک کەین. ئینجا دەبێ ناوەندی سەرنجمان لە دەق بگوازینەوە و، ڕووی لە خوێنەر بکەین. کالێر پرسیار دەکا: لە پلەی یەکەمدا ڕاڤە چۆنا و چۆن ڕوو دەدا؟ چ سیستمێک زەمینە بۆ کردەی ئەو خوێندنەوەیە خۆش دەکا کە ڕێگا بەهەر چەشنە سیستمێکی تر دەدا بکەوێتە کار؟

بەپێچەوانەی پێکهاتەخوازانی تر، کالێر تیۆرییەکی خوێندنەوە پێشکەش دەکا. ئەو دەپرسێ: ئەو سیستمە دەروونی بووە و ئەو تواناییە ئەدەبییە خوێنەر بۆ ڕاڤەکردنی دەقێک بەکاری دێنن چییە؟ بەوتەیەکی تر، خوێنەر چۆن (دەق) دەخوێننەوە؟ چ سیستمێک بەدرێژایی پڕۆسەی ڕاڤەکردنی بەرهەم و تێگەیشتنی وشەی نووسراو یان گوتراو (دەستیان

(28) Structuralist poetics

دەگرێ) و ڕێنوێنییان دەکا؟ کالێر لە (بوتیقای پێکهاتەخواز)دا بەپێ داگرییەوە دەڵێ: دەبێ سێ ڕەگەز لە هەر چەشنە خوێندنەوەیەکدا، بۆ نموونە شیعرێک، لەبەرچاو بگیرێ:

١) ئەوەی کە شیعر دەشێ خاوەن یەکێتی بێ.

٢) لە باری ناوەڕۆکەوە دەبێ بابەتێکی گرینگی بەدەستەوە بێ.

٣) ئەم گرینگییە فۆرمی ڕەنگدانەوەی شیعرەکەش بگرێتەوە. بەم پێیە، ئینجا کالێر هەوڵ دەدا باسی سیستەم، واتە زمان (لانگ) دامەزرێنێ کە جڵەوی پرۆسەی خوێندنەوەی بەدەستەوەیە.

جاناتان کالێر پێی وایە لە ڕێگای سەرنجدان بەخودی کردەی ڕاڤە بۆ دۆزینەوەی زمانی ئەدەب، خەریکە پێکهاتەخوازی دەگەڕێنێتەوە بۆ سەر ڕیشە سوسورییەکانی.

سەرلەبەری ڕەوشتناسیی پێکهاتەخوازانی تریش، وەک ڕوانگەی کالێر بۆ دەق، هەوڵی ئەوە دەدەن ئەو سیستەمە سرنجڕاکێشانە ئاشکرا بکەن کە لە نێو دەقدا دەکەونە کار. لە کاتێکدا هەندێ پێکهاتەخواز هەوڵ دەدەن گەڵاڵەی ئەو ناوەڕۆک، ڕووداو یان پێکهاتە ڕێزمانییانە دابڕێژن کە پێیان وایە ئەم سیستەمە سرنجڕاکێشە بنەڕەتییە ئاشکرا دەکەن، ئەوانی دیکە، وەکو (بۆ نموونە) کالێر، تەقالای ئەوە دەدەن ئەم سیستەمە، لە نێو خودی کردەی ڕاڤەدا بدۆزنەوە نەک لە دەقەکەدا.

(سەرەڕای ئەمانە) هێشتا ئەوانی تر پێیان وایە سیستەمی سرنجڕاکێشی سەرەکی، لە باشترین شێوەی خۆیدا، وەک کۆمەڵێک دوانەلێکدژ (Binary opposition) دەبینرێن کە خوێنەر ڕێکوپێکیان دەکا و بەهایان پێدەدا، ئینجا بۆ ڕاڤەکردنی دەق بەکاریان دێنێ. هەر دوانەلێکدژێک دەکرێ بەژمارەیەکی کەسری (عدد کسری) بشوبهێنین، بان کەسرەکە (صورت کسر) بەهای زیاتری بۆ دادەنرێ لەچاو بنی کەسرەکە (مخرج کسر). بەم پێیە، لە دوانەلێکدژی (ڕووناکی / تاریکایی)دا خوێنەر وا ڕاهاتووە لەچاو تاریکایی بەها زیاتر بەڕووناکایی بدا و لە دوانەلێکدژی (چاک / خراپ)دا هەر بەم شێوەیە خوێنەر بەها دەدا بەچاک تا بەخراپ. ئەوەی کە



چۆنا و چۆن خوێنەر ئەو دوانەلێکدژە جۆراوجۆرانە کە لە نێو دەقدا دەدۆزرێنەوە، کەچی پێشتر لە نێو زەینی خۆیدا بوون، ڕێکوپێک دەکا، بۆ ئەم خوێنەرە تایبەتە لە حوکمی دەسنیشانکردنی مانای دەقدایە.

ڕاڤەیەکی پێکهاتەخوازانە لەوانەیە، بۆ نموونە، دژوازی هەبێ لەگەڵ ڕێکوپێک کردنی ڕووداوەکان لە زمان بگێڕێکی (narrator) نێو چیرۆکێکدا، بۆ ڕێکوپێک کردنی ڕووداوەکان بەشێوەی هێڵی زەمانی، یان هۆ و هۆکار لە نێو چیرۆکەکە خۆیدا. یان لەوانەیە گەڵاڵە بۆ ئەو دوانەلێکدژانە دابڕێژێ کە پێکهاتەخواز پێی وایە ماناگەلی چیرۆک چاوەدێری دەکەن. ئەو ڕاڤەیەی بۆی هەیە، بۆ نموونە، کەسایەتییەک هاوسەنگی چاکە بزانێ، کەسایەتییەکی تر هاوسەنگی خراپە. ڕەنگە ڕووناکیی پێشاندەری چاک بێ، لە حاڵێکدا تاریکایی پێشاندەری خراپ.

هەر شتێک لە نێو چیرۆکدا، لەوانەیە بەئاشتی و هێمنایەتی لە قەڵەم بدرێ، لە کاتێکدا شتی سوور مانای مەترسی هەیە، پێکهاتەخوازان دەڵێن: لە ڕێگای گەڵاڵە دارشتن بۆ ئەم دوانەلێکدژانە کە لە هەناوی دەق دان، توانایی ئەوەیان دەبێ دوای ئەم ڕاستییە بکەون و (بزانن) مانای چیرۆک چۆن چۆنی خۆیا دەبێ. فەرقی بۆ ناکا بەکام ڕەوشتناسی، ئەوەی پێکهاتەخوازی پێی لەسەر دادەگرێ فۆرم و پێکهاتەیە، نەک ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی دەق. هەرچەند دەبێ دەقی تایبەتی لێک بدرێنەوە، بەڵام پێکهاتەخوازان لەچاو دەقەکان خۆیان زیاتر هۆگرییان بەو سیستەمی یاسا زاڵەوە هەیە کە بنەمای دەق پێک دێنێ. دەق چۆن مانا بەدەستەوە دەدەن کەڵکەڵەی سەرەکی پێکهاتەخوازانە، نەک مانایان چی بێ.

# 6

## پێکهاتە هەڵوەشێنی

### پێشەکی

پاش پێکهاتەخوازی[1] کە لە ئاخروئۆخری شەستەکان وەک ستراتیژییەکی تازە بۆ لێکدانەوەی دەقی و ڕوانگەیەکی دیکە بۆ ڕاڤە کردنی ئەدەب سەری هەڵدا، سرنجی تیۆریستە ڕەخنەگرەکانی ئەمریکایی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ئەم بزووتنەوە تازەیەش هەروەک قوتابخانەکەی بەر لە خۆی، واتە پێکهاتەخوازی لە باشترین پێناسەی خۆیدا وەک چالاکی یان ستراتیژییەکی خوێندنەوە لە قەڵەم دەدرێ، نەک فەلسەفەیەکی (تایبەت). بەپێچەوانەی قوتابخانەی قوتابخانە ڕەخنەییەکانی تر، پاش پێکهاتەخوازی نەخاوەنی کۆمەڵێکی پەسندکراوی ئەسڵ و باوەڕی (تایبەت) بەخۆیەتی، نەدارای ڕەوشتناسییەکی (ئەوتۆ). ئەم هەوڵە ڕەخنەگرانەیە لە جیاتی ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە لە بارەی مانای دەقەوە دەکرێن، دێت و پرسیار دێنێتە گۆڕێ و هەوڵ دەدا نیشان بدا کە ئەو شتەی دەق لافی بۆ لێدەدا و دەڵێ باسی دەکەم، لەگەڵ ئەو شتەی بەڕاستی باسی دەکا بەئاشکرایی جیاوازن. پاش پێکهاتەخوازی کە گومان لە زۆربەی تیۆرییە سەقامگرتووەکانی بەر لە خۆی دەکا، لەوە دەدوێ کە دەق بۆی هەیە خاوەن ژمارەیەکی لە دوانەهاتووی ڕاڤەی گونجاو بێ. پاش پێکهاتەخوازی دەبێژێ، ڕاڤە خۆی بارتەقای ئەو دەقەی ڕاڤە دەکرێ داهێنەرانە و گرینگە.

ئەگەرچی هەنووکە دەستەواژەی پاش پێکهاتەخوازی ئاماژە بەکۆمەڵێک تیۆری جۆراوجۆر دەکا. (وەک بۆ نموونە مێژووگەری نوێ) کە دوای پێکهاتەخوازی پەرەیان سەندووە، ئیمڕۆکە دوو دەستەواژەی پاش پێکهاتەخوازی و پێکهاتە هەڵوەشێنی[2] زۆرجار لە بری یەک

(1) poststructuralism

(2) deconstruction



بەکاردەبرێن. پێکهاتە هەڵوەشێنی کە زاراوەیەکە دەسکردی باوکی داهێنەری ئەم قوتابخانەیە، واتە ژاک دریدا[3]، سەرەتا لە قۆناغێکی ئەدەبی ئەمریکا، واتە لە ساڵی ١٩٦٦، سەری هەڵدا، ئەو کاتەی دریدای فەیلەسووف و مامۆستا، وتارێکی خۆی بەناوی (پێکهاتە، نیشانە و کایە)[4]، لە کۆبوونەوەیەکی زانکۆی هاپکینزدا پێشکەش کرد. دریدا کە لە ڕێگای پرسیارکردن و باسوخواس دامەزراندن لەم وتارەدا پێی وایە هەر لە سەردەمی ئەفلاتوونەوە (تا هەنووکە) بۆچوونە میتافیزیکییەکان لە لایەن فەلسەفەی ڕۆژاواییییەوە بەڕاست و دروست لە قەڵەم دراون، دێت و دەرگای ئەم باسە دەخاتە سەر گازەرەی پشت کە گەلێ ڕەخنەگر پێیان وایە ئەم بۆچوونانە پڕ لە گرێوگۆڵن و، لەگەڵ ئەو ڕەوشتە لێکدانەوە دەقییەی کە دەبێ خۆیا بێ کێشەیان هەیە.

سەرەڕای ئەمانە دریدا خۆی نەیدەویست پێکهاتە هەڵوەشێنی ناوی تیۆری ڕەخنەگرانە، قوتابخانەی ڕەخنەیی، ڕێباز یان ڕەوشتێکی ڕەخنەی ئەدەبی یان فەلسەفەی لەسەر دابنرێ. نە لە هیچ شوێنێکی نووسراوەکانی دریدا باسی ئەسڵە گشتگیرەکانی ڕوانگەی ڕەخنەگرانەی خۆی کردووە، نە چوارچێوەیەکی ڕێکوپێکی تیۆری یان ڕەوشتناسی پێکهاتە هەڵوەشێنی بەدەستەوە داوە. هەرچەند دریدا لە ڕێگای بەرهەمەکانییەوە، کەمەکێ لەمە و کەمەکێ لەوە، بۆچوونەکانی خۆی دەخاتە ڕوو، بەڵام باوەڕی وایە ناتوانێ شێوە دەربڕینێکی لە قاڵب دراوی (یاساکانی خۆی بۆ خوێندنەوە و ڕاڤەکردن و نووسین) ئاشکرا بکا. دریدا دەڵێ: بەپێچەوانەی گوتارێکی یەکدەست، ڕوانگەی ئەو بۆ خوێندنەوە و (لێکدانەوەی ئەدەبی) زیاتر لەوەی (خاوەن) ڕەوشتناسی بێ (گەلاڵەیەکی ستراتیژیک)ە و، زیاتر لەوەی قوتابخانە یان تیۆری ڕەخنە بێ، ستراتیژی یان ڕوانگەیەکە بۆ ئەدەب. دریدا پێی وایە وەها تیۆریگەلێکی ڕەخنە دەشێ بەکۆمەڵێک زانست پێناسە بکرێن، (بەشێوەیەک) کە ئەمانە حوکمی ڕاست بوون یان

(3) Jacgues Derrida

(4) Structure, Sign and Play

هەڵگری ڕاستی بوون دەدەن. ئەوە لە سۆنگەی ئەم پێداگرییەوەیە کە دریدا و پێکهاتە هەڵوەشێنی دەخوازن باسوخواس بکەن و پێکهاتە هەڵبوەشێننەوە. (پێداگرتن لەسەر ئەوەی کە هەقیقەت یان ناوکی کۆمەڵێک ئامانجی میتافیزیکانە، بێ سێ و دوو دەکرێ باوەڕی پێبهێنرێ و دابهێنرێ و پشتیوانی لێبکرێ.).

لە سۆنگەی ئەوەی پێکهاتە هەڵوەشێنی تیۆرییە داڕێژراوەکانی پێشووی قوتابخانەکانی تری ڕەخنە بەکاردێنێ و بۆ بیرۆکە تازە دامەزراوەکانی خۆی گەلێ وشەی نوێ دادەتاشێ و، لەگەڵ باوەڕە لەمێژینەکانی فەرهەنگ و کولتووری ڕۆژاوایی ململانێ دەکا، زۆربەی قوتابی و مامۆستا و هەتا ڕەخنەگرانیش لە خوێندنەوە و (دەسبردن بۆ) پێکهاتە هەڵوەشێنی خۆ دەبوێرن، وەکو بڵێی لە پێچوپەنای خەیاڵیی (ئەو ڕوانگەیە) سڵ بکەن. بەڵام ئەگەر لە جیاتی ئەوەی ڕاستەوخۆ نوقمی هەندێ زاراوەناسی (terminology) پڕ لە گرێوگۆڵی ئەم ڕوانگە بین، بێین پێکهاتە هەڵوەشێنی و بۆچوونەکانی بەسێ پاژی بچووکتری خوێندنەوە و (لێکۆڵینەوە) دابەش بکەین، دەتوانین ئەم ڕوانگەیە بۆ ئامێزی لێکدانەوەی دەقی بگوازینەوە. بۆ تێگەیشتن لە (کاکڵی) پێکهاتە هەڵوەشێنی و ڕوانگە ستراتیژییەکەی بۆ دەق، دەبێ سەرەتا زانیارییەکی تێروتەسەل لەسەر ڕیشە مێژوویی و فەلسەفییەکانی پێکهاتەخوازی وەدەس بێنین، ئەو پێکهاتەخوازییەی کە وەک ڕوانگەیەکی زمانناسانە بۆ لێکدانەوەی دەقی لە قەڵەم دەدرێ و لە پەنجاکان و شەستەکاندا سرنجی ڕەخنەگرانەی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و بەعام وەرگیرا. (بۆ لێکدانەوەی وردی پێکهاتەخوازی بڕوانە فەسڵی 5).

دریدا بنەما و خاڵی دەسپێکردنی ستراتیژیە پێکهاتە هەڵوەشێنییەکەی خۆی لەم قوتابخانە ڕەخنەییەوە هەڵێنجا. پاش (پێداچوونەوە) و تاوتوێ کردنی پێکهاتەخوازی، ئینجا دەبێ لەو گۆڕانکارییە بنەڕەتی و گریمانییانە بکۆڵینەوە کە دریدا بەسەر فەلسەفە و میتافیزیکی ڕۆژاوای داهێنا. دریدا بەساکاری ئەوە دەقەبڵێنی کە گۆڕانکاریگەلێکی لەم دەستە کەم و زۆر میتافیزیکی هەڵدەگەڕێنێتەوە. دواجار ئەگەر دەمانەوێ لە پێکهاتە هەڵوەشێنی بگەین و بۆ ڕاڤەکردنی دەق بەکاری بێنین، دەبێ بەسەر ئەو



کۆمەڵە زاراوەناسییە نوێیەدا زاڵ بین و (بیانزانین) کە لەگەڵ بۆچوونە فەلسەفییە تازەکان و ڕوانگە ڕەوشتناسییە ئاوەڵ دوانەکانیان بۆ لێکدانەوەی دەقی یەک دەگرنەوە.

### ڕەوتی مێژوویی

دریدا لە ڕێگای ڕەخنەگرتن لە (کۆرسی گشتی زمانناسی) یەکەی فێردینان دو سوسورەوە دەستدەکا بەداڕشتنی چوارچێوەی (ستراتیژی خوێندنەوە)کەی. سوسور کە بەباوکی زمانناسی نوێ ناسراوە، لە سەرەتاکانی سەدەی بیست ڕووی سەرنجی زانستی زمانناسی وەردەسووڕێنێ. بیرۆکەکانی سوسور سەبارەت بەزمان بەکاکڵی پێکهاتەخوازی دێتە ئەژمار، ئەو پێکهاتەخوازییەی کە وەک کۆمەڵێکی ڕەخنەگرانەی تیۆری ئەدەبی لێی دەڕوانن و، دریدا بەردی بناغەی یەکێک لە ڕوانگە فەلسەفییە سەرەکییەکانی پێکهاتە هەڵوەشێنی لێ وەردەگرێ.

بەگوێرەی بۆچوونی سوسور ژێرخانی زمانناسی پێکهاتەیی و (پێکهاتەخوازی خۆی) لەسەر چەند ئەسڵێکی بنەڕەتی دامەزراوە. یەکەم؛ زمان سیستمێکە (پێکهاتوو) لە یاساکان، ئەم یاسایانە بەسەر هەموو لایەنێکی زماندا زاڵن، کە (ئەم لایەنانە) بریتین لە: دەنگە جیاکان کە وشە پێکدێنن بۆ نموونە دەنگی (پ) لە واژەی «پشیلە»دا، یەکە بچووکەکان کە یەک دەگرن و واژەیەک ساز دەکەن (باخ + ە + وان = باخەوان)، پێوەندی ڕێزمانیی نێوان واژەکان (وەک ئەو یاسایەی کە دەبێژێ، بکەری تاک لەگەڵ کاری تاکدا دێ، بۆ وێنە لە ڕستەی(*) (ڕێبوار نان دەخوا)،(**) پێوەندییەکانی نێوان سەرلەبەری واژەکان لە نێو ڕستەیەکدا وەک پێوەندی نێوان دەستەواژەی (لە ژێر درەختێکدا) گەڵ

(*) لە دەقە ئینگلیسییەکەدا نموونەکە ئەمە بوو: (John eats ice cream.)

(**) هەڵبەت ئەوەمان لەبیر نەچێ لە زمانی کوردیدا بکەری تاک بۆی هەیە لەگەڵ کاری کۆشدا بێ، لەو جێیەی کە بکەری تاک نوێنەری ڕەگەزی گشتی خۆیەتی. وەک (باڵندە دەفڕن.).

گشت واژەکانی تری ڕستەی (مریەم لە ژێر درەختێکدا دادەنیشێ و نانی نیوەڕۆی دەخوا.). ئاخێوەری هەر زمانێک بەشێوەی ئاگادارانە و نائاگادارانە، فێری ئەم یاسایانە دەبێ و دەشزانێ چ کاتێ ئەم یاسایانە (لە بەرچاو ناگیرێن) و پێشێل دەکرێن. بۆ نموونە ئاخێوەرانی زمانی ئینگلیسی دەزانن کە ڕستەی بۆ نموونە (Simon grew up to be a brillant doctor) وێدەچێ دروست بێ، یان پەیڕەوی لە یاساکانی زمانی ئینگلیسی دەکا، بەڵام ڕستەی (Simon up grew a brillant doctor) لە لایەنێکە نادروستە، یان لە یاساکانی زمانی ئینگلیسی لایداوە. (لە زمانی کوردیدا، دەکرێ ڕستەی یەکەم بەم چەشنە وەربگێڕینەوە: (سیمۆن گەورە بوو تا ببێتە دکتۆرێکی بوێر) و، بڵێین ئەمە ڕستەیەکی دروستی کوردییە. بەڵام ڕستەی دووهەم کە دەبێتە: (سیمۆن بوو گەورە دکتۆرێکی بوێر) لە یاساکانی زمانی کوردی لایداوە و ڕستەیەکی نادروستە. سوسور ئەم یاسایانە کە (پێکهاتەی) زمان پێکدێنن ناو دەنێ لانگ. سوسور ئەم ڕاستییە ڕوون دەکاتەوە کە تاک تاکی ئاخێوەرانی هەر زمانێک لە دەربڕینی تاکە کەسیانەی قسەکانیاندا، کە ناوی دەنێ پارۆڵ (ئاخافتن)، هەڵگری لانگن (زمان). سوسور پێی وایە ئەوە ئەرکی زمانناسە کە بێت و لە لێکدانەوەی نموونەگەلێکی زۆری ئاخافتن (پارۆڵ) لانگی زمان هەڵێنجێ.

سوسور کە لەسەر سروشتی بەسیستم بووی زمان پێدادەگرێ، ئینجا باسی ئەوە دەکا کە سەرومڕی زمانەکان لە کۆمەڵێک یەکەی بنەڕەتی (ba-sic units) یان emes پێکهاتوون. پێناسەکردنی ئەم سەر نموونانە[5] (ئۆسلووبانە)[6] یان پێوەندیگەلی نێوان نیشانەکان بۆ وێنە (پیتەکانی ئەلف و بێ) لە زمانێکی گریمانەییدا، ئەرکی زمانناسە. ئەم ئەرکە بەتایبەتی ئەو کاتە گرانتر دەبێ کە یەکەگەلی بنەڕەتی (emes) زمانی زمانناسەکە خۆی لەگەڵ ئەو (emes) -انەی سەر بەو زمانەی نائاشنایەی

(5) Paradigms
(6) models



لێیدەکۆڵێتەوە جیاوازییان هەبێ. بەگشتی زمانناس دەبێ سەرەتا (emes) -ەکانی زمانی خۆی بناسێ و تێیان بگا. بۆ نموونە یەکەیەکی یان (emes) ێکی بنەڕەتی گشت زمانێک ئەو دەنگە تایبەتییانەیە کە واژە پێک دێنن. ژمارەی ئەو دەنگە دیار و گرینگانەی یان (فۆنیم)[7] کە زمانێک پێک دێنن لە سێزدە و چاردەوە دەسپێدەکا و تا شەست و سەرووتریش دەڕوا. بۆ وێنە زمانی ئینگلیسی نیزیکەی 45 فۆنیمی[*] هەیە. ئەوانە بەجێی خۆی، ئەی باشە چ کاتێک ئەو دەنگەی بتوانێ مانای دەستەیەک فۆنیم (وەک بۆ نموونە واژەیەک) یان مانای چەند جۆرە فۆنیمێک کە لە باری زمانناسییەوە گرینگ نین، بگۆڕێ بەفۆنیم لە قەڵەم دەدرێ؟ بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیسیدا پیتی (t) پیشاندەری دەنگی /t/یە. بەڵام تۆ بڵێی ئەم دەنگە، لە هەر کات و شوێنێک کە لە واژەیەکی ئینگلیسیدا خۆی نواند، هەر تاقە یەک شێوە دەربڕینی دیاریکراوی هەیە؟ ئایا (t) لە وشەیس بۆ نموونە(tip)دا وەک (t) لە واژەی (Stop)دا دەردەبڕدرێ؟ بەڕاشکاوییەوە دەڵێین نا، چونکی (t) یەکەم لەچاو (t) واژەی stop (aspirated)-ە، یان با بڵێین بەتەوژم و وزەیەکی زیاتری هەواوە دەردەبڕدرێ. سەرەڕای ئەمە، ئاخێوەری ئینگلیسی دەتوانێ /t/ (دەنگی «ت») لە هەردوو واژەکەدا، وەک فۆنیم یان دەنگێکی دیار (distinct sound) بناسێتەوە. ئینجا ئەگەر بێین لە بری (t، d) دابنێین، (tip) دەبێتە (dip). جیاوازی و فەرقی نێوان ئەم دوو واژەیە بەهۆی دوو دەنگی /t/ و /d/ -یەوەیە. ئێمە لە ڕێگای لێکۆڵینەوەوە دەزانین کە ئەم دەنگانە، هەردووکیان لە یەک شوێنی دم (mouth)دا دەردەبڕدرێن، بەڵام یەک جیاوازییان هەیە:

/d/ (یان دەنگی «د») voiced -ە، یان بڵێین ئەو کاتەی دەردەبڕدرێ

(7) phoneme

(*) فۆنیم چکۆلەترین یەکەی زمانییە کە دەبێتە هۆی دابینکردنی مانا و بەگۆڕینی فۆنیم ماناش دەگۆڕدرێ. بۆ نموونە ئەگەر فۆنیمی (ک) لە واژەی (کات)دا بکەین بەفۆنیمی (م)، (کات) دەبێ بە(مات) و ماناکەی دەگۆڕدرێ.

سیمە دەنگییەکانی[8] (ناو قورگ) دەجوولێنەوە، لە حالێکدا /t/ یان دەنگی «ت» unvoiced –ە، واتە سیمە دەنگییەکان هەر ئەسڵەن ناجوولێنەوە. ئەوە ئەم جیاوازییەی نێوان /t/ و /d/یە کە ڕێگامان پێدەدا بڵێین، لە زمانی ئینگلیسیدا /t/ و /d/ دوو فۆنیم، یان دوو دەنگی دیار و (دابینکەری مانا)ن. جا ئەوەی کە eme (هەر چەشنە گوتارێکی زماناسی وەکو فۆنیم (phoneme)) دەنگە، یاخود (یەکەی کەمینەی ڕێزمانی)یە[9] وەکو زیاد کردنی (S) –ێک لە ئینگلیسیدا بۆ دروستکردنی ناوی کۆ، یان هەر چەشنە گوتارێکی دیاریکراوی تری زمانە، (لە هەر حالەتێکدا) ئەم هاوکێشە بنەڕەتییەی سوسور بەکار دێ: لە هەر eme –ێکدا لێک جیایی (distinction) و (دابینکەر بوونی مانا) پابەندی جیاوازییەکانن (differences).

ئەم کێشەیە کە لێک جیایی یان مانا لە زماندا پابەندی جیاوازییەکانی نێو هەر eme –ێکن، هەر لە بناغەوە هەندێ چەمکی دێرینی زمانناسەکانی بەر لە سوسور تووشی گۆڕانکاری دەکا. بەر لە سوسور زمانناسان پێیان وابوو پێکهاتەی زمان لاساییکردنەوەیە[10]، تەنیا لاساییکردنەوەی جیهانی دەرەوە. هەر بۆیە زمان (لای ئەوان) خاوەن پێکهاتەیەک بۆ خۆی نەبوو. زمان پێکهاتەی خۆی هەروا بەسانایی لەو واقیعە پیشاندراوەی نێو جیهان کۆپی دەکرد کە تیا بەکار براوە. سوسور حاشا لەوە دەکا زمان شتێک بێ لە گەوهەری خۆیدا لاسایی کردنەوە بێ و، ئەوە شی دەکاتەوە کە زمان لە ئەسڵدا لەسەر دەستی یاسا ناوەکییەکانی خۆی دەسنیشان دەکرێ، (یاسای) وەک دەنگناسی (phonol-ogy) (دەنگە تایبەتی و جیا جیاکان)، ڕێزمان (grammar) (ئەسڵ و یاساکانی زمان) و سینتاکس یان نەحو (syntax) (چۆنێتی تێکەڵکردنی واژەکان لە نێو ڕستەیەکدا بۆ بەدەستەوەدانی مانا).

(8) vocal cords (لە فارسیدا «تارهای صوتی» بەکاردێن.)
(9) minimal unit of grammar
(10) mimetic



هەروەتر ئەم یاسایانە توند و تۆکمە (یەک دەگرن) و سیستماتیزە دەبن و، بناغەی پێکهاتەیان دادەڕێژرێ. بەڵام لە هەمووان گرینگتر ئەم باسەی سوسورە کە دەڵێ، نیشانەی زمانی[11] (دەنگی واژەکان و پیشاندەرەکانیان لە زماندا) کە زمان خۆی پێک دێنێ هەم بەپێی هەڵبژاردنێکی دڵخوازانەیە، هەمیش بەپێی قەرار و بەڵێنە. بۆ نموونە، زۆربەی زمانەکان بۆ چەمکێکی یەکسان واژەگەلی جیاوازیان هەیە. بۆ وێنە، واژەی ئینگلیسی man هاوتاکەی لە زمانی فەرەنسیدا دەبێتە homme. ئێمە دەزانین، ئەو ڕاستییەی کە (بۆ نموونە) واژەی pit لە ئینگلیسیدا مانا و ئەرکی تایبەتی خۆی هەیە لە سۆنگەی ئەوەوە نییە کە ئەم واژەیە خاوەنی هەندێ تایبەتمەندی ژنەوایی ناوەکییە، بەڵکو بەهۆی ئەوەوەیە کە (ئەم واژەیە) لەگەڵ واژەگەلی وەک lit, wit, hit دا جیاوازی هەیە.(*) بەوتەیەکی تر، نیشانەی زمانی لە دوو بەش پێک دێ: دال (signifer)، یان پاژی نووسراو و گوتراو وەک دەنگی (ت) /t/، و شێوە نووسراوەکەی (t) واتە پیتی «ت»، مەدلوول (signified)، ئەو چەمکەی کە لە ڕێگای دالەوە پێی دەگەین. جا بەهۆی ئەو پێوەندییەی نێوان دال وشەی (سەگ) بۆ نموونە و مەدلوولەوەیە (چەمک یان واقیعی ئەو دیوی واژەی سەگ) کە سوسور دەڵێ، (نیشانەی زمانی) بەپێی هەڵبژاردنێکی دڵخوازانە و قەرار و بەڵێنە. کەوایە، نیشانەی زمانی لەسەر دەستی هیچ چەشنە تایبەتمەندییەکی ناوەکی پێناسە ناکرێ، بەڵکو لە ڕێگای ئەو جیاوازییانەوە دەناسێندرێ کە خودی نیشانەی زمانی لە نیشانەکانی تر جیا دەکاتەوە.

سوسور کە پێی وایە زانستی ئێمە سەبارەت بەجیهان لە ڕێگای زمانەوە بەرهەم دێ، ئەو زمانەی کە خۆیشی جیهانمان پێنیشان دەدا، لەسەر پێوەندی بەپێی قەرار و بەڵێنی نێوان دال و مەدلوول پێ دادەگرێ. بەهۆی

(11) linguistic sign

(*) ئەگەر بمانەوێ نموونەی کوردی بێنینەوە دەڵێین مانای واژەی (شار) بەهۆی ئەو جیاوازییەیەتی کە لەگەڵ کۆمەڵێک واژەی وەک: کار، دار، پار، زار، مار هەیەتی.

ئەم بۆچوونەیە سوسور بناغەی ئەم باوەڕە لەمێژینەیە هەڵدەوەشێنێتەوە کە پێی وایە، هەندێ پێوەندی سروشتی لە نێوان واژە و ئەو شتەی واژە ئاماژەی پێدەکا بەدی دەکرێ. کەوایە، لای سوسور، مانا لە زماندا لە نێو تێکەڵاوییەکی بەسیستم بووی دەنگەکاندا جێگیر دەبێ کە (ئەم تێکەڵاوییە خۆی) بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەجیاوازی نێوان نیشانەکان دەبەستێ، نەک تایبەتمەندییە ناوەکییەکانی نێو ئەم نیشانانە خۆیان. دریدا هات و ئەو چەمکەی کە دەڵێ، مانا لە زماندا لە ڕێگای جیاوازییەکانی نێوان نیشانە زمانییەکانەوە دەسنیشان دەکرێ لە سوسور وەرگرت و وەک بەردی بناغەی بۆ داڕشتنی (ڕوانگەی) پێکهاتە هەڵوەشێنی لە کاری کرد.

پێکهاتە هەڵوەشێنی دریدایی بەم حوکمەی سوسور دەسپێدەکا، و بەپێداگرییەوە دەیسەلمێنێ، کە دەڵێ: زمان سیستمێکە لەسەر بناغەی جیاوازییەکان دامەزراوە. دریدا ئەم باوەڕەی سوسوری پێ ڕاستە کە ئێمە لە ڕێگا و بەهۆی پێوەندی و جیاوازی نێوان دالەکان خۆیان بەمانایان دەزانین. دریدا هەروەها ئەم بۆچوونە بۆ مەدلوولیش (یان چەمکیش) بۆی هەیە تەنیا بەهۆی پێوەندی و جیاوازییەکانی لەگەڵ مەدلوولەکانی تردا بناسرێ و بزانرێ.

دریدا دەڵێ: سەرەڕای ئەمانە مەدلوول ناتوانێ مانای دال هەتا هەتایی بکا و نەگۆڕی ڕابگرێ، چونکی پێوەندی نێوان دال و مەدلوول (پێوەندییەکی) دڵخوازانە و قەراردادییە و، هەر بەم پێیەش مەدلوول زۆرجار وەک دال دەجووڵێنەوە. بۆ نموونە لە ڕستەی: I filled the glass with milk. (لێوانەکەم لە شیر پڕ کرد)، واژەی گوتراو یان نووسراوی glass (لێوان) خۆی دالە، مەدلوولەکەی دەبێتە چەمکی container (هەڵگر، زەرف) کە دەکرێ (لە شتێک) پڕ بێ. بەڵام لە ڕستەی The container was filled with glass. (زەرفەکە پڕ بوو لە لێوان)، واژەی گوتراو یان نووسراوەی cotainer کە لە ڕستەی پێشوودا خۆی مەدلوول بوو، هەنووکە خۆی دالە و مەدلوولەکەی دەبێتە چەمکی شتێک کە دەکرێ لە شتێکی تر پڕ بێ.



**گریمانەکان**

دریدا کە پێی وابوو دەلالەت[12] (چۆنێتی گەیشتنی ئێمە بەمانا لە ڕێی نیشانەی زمانییەوە لە نێو زماندا) هەم دڵخوازە، هەمیش بەپێی بەڵێن و قەراردادە، لێرەوە پرۆسەی وەرسووڕانی فەلسەفەی ڕۆژاوایی دەسپێدەکا: دریدا ئازایانە لەسەر ئەم ڕاستییە پێ دادەگرێ کە سەرلەبەری مێژووی میتافیزیکی ڕۆژاوایی لە ئەفلاتوونەوە تا ساتەوەختی هەنووکە لەسەر بناغەی هەڵەیەکی کلاسیک و بنەڕەتی دامەزراوە: گەڕان بەدوای مەدلوولێکی باڵادەست،[13] واتە ژێدەرێکی[14] دەرەکی کە لەوانەیە لەسەر بناغەی چەمکێک یان فەلسەفەیەک دابمەزرێ. ئەم مەدلوولە باڵادەستە هەرکە سەرهەڵبدا دوا مانا بەرهەم دێنێ، وەک ڕیشەی ڕیشەکان خۆیا دەبێ و (خۆی دەنوێنێ). وەکو دریدا دەڵێ: (لە نیشانەیەکەوە بۆ نیشانەیەکی تر، کۆتاییەکی دڵنیایی بەخش بۆ ژێدەر) دێنێتە ئاراوە. مەدلوولی باڵادەست، هەر لە بنەڕەتەوە، دڵنیایی دەدا بەئەو کەسانەی کە پێیان وایە، ئەوان (واتە خۆیان) بوونیان هەیە و خاوەن مانان. بۆ نموونە، ئەگەر ئێمە ئەوە بەڕاست بزانین کە من (I)، یان خود (self) مەدلوولێکی باڵادەستە، دواجار چەمکی خود دەبێتە ئەسڵێکی یەکێتی بەخش کە لەسەر بناغەی ئەو خودە، من جیهانی خۆم پێک دێنم. بابەت و چەمک و بیرۆکەکان، یان هەتا خەڵک تەنیا ئەو کاتە لە جیهانی مندا مانایان دەبێ کە من لە ڕێگای دوا مەدلوولی یەکێتی بەخش واتە خود لە بێژنگم دابێتن.

بەپێچەوانەی مەدلوولەکانی تر، دەکرێ لە مەدلوولی باڵادەست تێبگەی بەبێ ئەوەی لەگەڵ مەدلوول یان دالەکانی تر بەراوردی بکەی. بەوتەیەکی تر، مانای مەدلوولی باڵادەست ڕاستەوخۆ لە (مەدلوولی باڵادەست) خۆی هەڵدەهێنجرێ، نەک بەپێی جیاوازی یان نیزیکایەتی (لە دال یان مەدلوولەکانی تر)، وەک سەر پاکی دال و مەدلوولەکانی تر کە بەپێی ئەم

(12) signification
(13) transcendental signified
(14) reference

دوو تایبەتمەندییە مانایان دەستەبەر دەکرێ. ئەم مەدلوولە باڵادەستانە دواجار (ناوەندی)[15] مانا پێک دێنن، بەم شێوەیە ڕێگا دەدەن بەو کەسانەی باوەڕیان بەم مەدلوولە باڵادەستانە هەیە، لە دەوروبەری ئەم (ناوەندی) هەقیقەتانەدا، بناغەی بیرۆکەکانی خۆیان سەبارەت بەواقیع دابمەزرێنن. ناوەندێکی مانایی لەم دەستە ناتوانێ بۆ لێکدانەوەی پێکهاتەیی مل بدا، چونکی ئەگەر بێت و مل بدا، وەک مەدلوولێکی باڵادەست لە بەرامبەر ناوەندێکی تردا، شانوشکۆی خۆی دەدۆڕێنێ. بۆ نموونە، ئەگەر بڵێم چەمکی خود (self) بۆ من مەدلوولی باڵادەستە و، دواتر بەو ڕاستییە بزانم کە زەینی من یان خودی من لە id (ناخود)، ego (خود) و superego (کەڵەخود) پێکهاتووە، چیتر ناتوانم self (خود)، یان I (من) بەمەدلوولی باڵادەستی خۆم بزانم. لە پرۆسەی دۆزینەوەی سێ پاژی زەینی خودئاگا و ناخودئاگای خۆمدا، من لە لایەکەوە لە باری پێکهاتەییەوە self (خود)م لێک داوەتەوە، لە لایەکی ترەوە ناوەندییێتیم لێساندۆتەوە، کەوایە حاشام لەوە کردووە کە خود (self) مەدلوولێکی باڵادەست بێ.

وەکو دریدا دەڵێ: میتافیزیکی ڕۆژاوایی کۆمەڵێک زاراوەی بەرهەم هێنانی کە وەک ناوەند (یان چەق) ئەرکی خۆیان وەئەستۆ گرتووە: خوا، عەقڵ، ڕەگەز، بوون، ڕۆح، هەقیقەت، مرۆڤایەتی، ئەزەل، ئەبەد، خود و چەندانی دیکەی لەم جۆرە. هەر کام لەمانە وەک زاراوە یان چەمکێک ڕەفتار دەکەن کە سەربەخۆن و لە خودی خۆیانەوە هەڵدەقوڵێن و، وەک مەدلوولێکی باڵادەست ئەرکی خۆیان بەڕێوە دەبەن. دریدا ئەم مەیلە ڕۆژاواییە بۆ خواستنی ناوەند یان چەقێک ناو دەنێ (ئاخافتن – عەقڵ تەوەری) (logocentrism): باوەڕ بەوەی کە دوا واقیع یان دوا ناوەندێکی هەقیقەت هەیە کە دەتوانێ وەک ژێرخانی سەرلەبەری ئەندێشە و کردەوەکانمان ئەرکی خۆی بەڕێوە ببات.

دریدا ئەم ڕاستییەی بەدڵ قبووڵە کە ئێمە هەرگیز ناتوانین بەگشتی

(15) center



خۆمان لە چنگ خوو و خدەی ئاخافتن – عەقڵ تەوەری ڕزگار بکەین، ئەو ئاخافتن – عەقڵ تەوەرییەی سەبارەت بەبیرکردنەوە و (شێوە ڕوانین) و چەمکی میراتی ئێمەیە بۆ جیهان: ناوەند لێسەندنەوە[16] (یان چەق سڕینەوە)ی هەر مەدلوولێکی باڵادەست، واتە خود بەخود توانەوە لە نێو ئەو زاراوە ناسییەی کە ڕێگا دەدا بەچەمکی ناوەندگەرێتی ئەرکی خۆی بەڕێوە ببات. بۆ نموونە، ئەگەر چەمکی خود وەک ناوەندی من ئەرکی خۆی وەئەستۆ گرتبێ و دواجار من خودی نەست یان ناخودئاگای خۆیشم دۆزیبێتەوە، ئەوا خود بەخود دەکەومە نێو بەستێنی یەک دوانەلێکدژ یان دوو چەمکی دژوازەوە: خود (self) و خودی نەست (unconscious self). لە ڕێگا ناوەند لێسەندنەوە و لێکۆڵینەوەوە لەوانەیە ببمە هۆی ئەوەی نەست (خۆی) ببێتە ناوەندێکی تازە. لە سۆنگەی شک کردن لە ناوەندێکی کۆن، لەوانەیە بناغەی ناوەندێکی تازە دامەزرێنم.

جا چونکی دامەزراندنی ناوەندێکی یەکێتی خود بەخود بەواتای ئەوەیە کە ئەویتر ناوەندی لێدەسێندرێتەوە، دریدا بەم ئاکامە دەگا کە میتافیزیکی ڕۆژاوایی لەسەر بناغەی (سیستمێکی دووکار کردە)[17] یان (دژوازییە چەمکییەکان)[18] دامەزراوە. بۆ هەر ناوەندێک ناوەندێکی دژواز بەدی دەکرێ (بۆ نموونە خوا / مرۆڤ). جگە لەمە، فەلسەفەی ڕۆژاوایی حوکمی ئەوە دەدا کە لە هەر کام لەم کارکردە دوو لایەن یان ناوەند دژوازانە چەمکێکیان بەرزترە و خۆی لە ڕێگای ناوەند نزمتر یان دژوازەکەیەوە پێناسە دەکا. بۆ وێنە، ئێمە هەقیقەت دەناسین، چونکی فریو دەناسین، دەزانین چاک چییە، چونکی دەزانین خراپ چییە. ئەو شتەی دریدا دەنگی بۆ هەڵدەبڕێ بەدیهێنانی ئەم دووانە زنجیرییانەیە کە وەک بناغەی میتافیزیکی ڕۆژاوایی لە قەڵەم دەدرێن.

(16) To decenter (مرکز زدایی)
(17) a system of binary operations
(18) conceptual oppositions

ئەو شتەی دریدا پێی خۆشە تێکی بڕووخێنێ بنەمایەکی سستی لەم دەستەیە بۆ ئەوەی بزانین بەڕاستی چی ڕاستە (و چی ڕاست نییە). دریدا دەڵێ: لە (کێشەی) دوانەلێکدژەکاندا کە میتافیزیکی ڕۆژاوایی خۆی لەسەر بناغەی دامەزراندووە، لایەنێک هەمیشە لە شوێنێکی بەرزتردا بووە یان (وەک دەڵێین) هەق[19] بووە، لە حاڵێکدا لایەنەکەی تر نزمتر بووە، یان ناهەق[20] لە قەڵەم دراوە. بەگوێرەی ئەم شێوە بیرکردنەوەیە لایەنی یەکەم یان لایەنی یەکەمی لیستەی دوانەلێکدژەکانی خوارەوە هەقن، بۆ نموونە: پیاو / ژن، مرۆڤ / ئاژەڵ، ڕۆح / لەش، چاک / خراپ. دریدا دەڵێ: لە هەمووان گرینگتر ئەوەیە کە بیری ڕۆژاوایی ئاخافتن لەچاو نووسین بەهەق دەزانێ. دریدا ئەم هەقدار بوونەی ئاخافتن لەچاو نووسین ناو دەنێ دەنگ تەوەری (phonocentrism).

کە ئاخافتن لە خانەی هەقدار دادەنرێ، دەنگ تەوەری لەگەڵ نووسین وەک دیاردەیەکی نزمتر ڕەفتار دەکا، دریدا دەڵێ: ئێمە بەقسەی ئاخێوەر بەهای زیاتر دەدەین تا نووسینەکەی، چونکی قسە ئامادە بوونی لەگەڵە. ئێمە لە ڕێگای قسە گوتراوەکانەوە، بەمەزەندە ئاگامان لەوە دەبێ ئاخێوەر هەوڵ دەدا بڵێ چی. لەم گۆشە نیگایەوە، نووسین دەبێتە کۆپییەکی ڕووتی ئاخافتن، هەوڵێک بۆ دەس بەسەرداگرتنی ئەو بیرۆکەیەی کە وەختی خۆی بەزمان داهاتووە. ئەگەر ئاخافتن ئامادە بوونی لەگەڵە، نووسین پیشاندەری ئامادە نەبوونە لەم ڕێگایەوە دەگەین بەدوانەلێکدژێکی تر: ئامادە بوون / ئامادە نەبوون[21].

جا چونکی دەنگ تەوەری لەسەر بنەمای ئەم گریمانەیە دامەزراوە کە ئاخافتن لەچاو نووسین (کۆپی ڕووتی ئاخافتن) هەڵگری مانا یان بیرۆکە ڕاستەوخۆکانی ئاخێوەرە. دەنگ تەوەری ڕێگایەکی ئاخافتن - عەقڵ تەوەری بیرکردنەوەی پێ شک دێ، ئەوەی کە (خود) ناوەندی مانایە و

(19) privileged
(20) unprivileged
(21) presence / absence



دەتوانێ بەباشترین شێوە لە ڕێگای قسەی گوتراوەوە بیرۆکەکان ڕاستەوخۆ لە (خودەکانی تر) هەڵێنجێ. لە ڕێگای قسەکردنەوە (خود) ئامادەبوون و گرینگایەتی و بوونی خۆی ڕادەگەیەنێ.

بەم پێیە، دریدا دەستەواژەی میتافیزیکی ئامادەبوون[22] دادەهێنێ کە هەڵگری بیرۆکەی وەک ئاخافتن - عەقڵ تەوەری، دەنگ تەوەری، کارکردی دوانەلێکدژەکان و بیرۆکەی تر. کە فیکری ڕۆژاوایی سەبارەت بەزمان و میتافیزیک لە کۆشی خۆیدا هەڵی گرتوون. ئامانجی دریدا شیکردنەوەی ئەو بنەما سست و ناقایمانە بوو کە باوەڕگەلێکی لەم دەستەیان لەسەر دامەزراوە. دریدا پێی وایە لە ڕێگای پێکهاتە هەڵوەشێنی کێشەی بنەڕەتی میتافیزیکی ئامادەبوونەوە ستراتیژییەکی خوێندنەوەمان دەخاتە بەردەست. ئەم ستراتیژییە دەرگای کۆمەڵێک ڕاڤەی نوێمان بۆ دەخاتە سەرپشت کە پێشەکی ئەو کەسانەی کە لەودیو پەرژینی پاشماوەی فیکری ڕۆژاواییدا دەمێننەوە ناتوانن ببینن.

**ڕەوشتناسی**

یەکەم قۆناغی خوێندنەوەیەکی پێکهاتە هەڵوەشێنیانە پێزانین بەبوون و کاری دوانەلێکدژەکانە لە بیری خۆماندا، یەکێک لە هەرە گرینگترین زنجیرە پێگە[23] گەلێ کە لە فیکری ئەفلاتوونی و ئەرەستوویییەوە هەڵێنجراوە (دوانەی) قسە / نووسین-ە[24]، کە لەم نێوانەدا قسە هەقدارە. لە ئاکامدا، ئامادە بوون دەخرێتە پاڵ قسەکردنەوە، بەڵام نووسین ئامادە نەبوونی پێدەبڕێ، نووسین کە لایەنە نزمەکەی ئەم دوانەیە لە قەڵەم دەدرێ هەروا بەسانایی بەهێما (symbol)ی قسە دێتە ئەژمار و وەک نوێنەری دەستەدووی بیرۆکەکان چاوی لێدەکرێ.

دریدا بەپێداگرییەوە دەڵێ: ئەگەر هات و زنجیرەپێگەی قسە / نووسین یان هەر زنجیرەپێگەیەکی دیکە کەوتە بەر سەرنج و هەوڵی ناسینی بۆ درا،

(22) metaphysics of presence
(23) heirarchies (لە کوردیدا «هیرارکییەت» و لە فارسیدا «زنجیرە مراتب»یان بەکارهێناوە)
(24) speech / writing

ئێمە دەتوانین دەسبەجێ ڕەگەزەکانی ئەم دوانەیە بەراوەژوو بکەینەوە. جا لەبەر ئەوەی هەقیقەت بابەتێکە هەمیشە ئاڵۆز و هەمیشە شاراوە، بەراوەژوو کردنەوەیەکی لەم دەستە شتێکی گونجاوە، بۆیە ئەگەر ناوەندێک بکەوێتە بەردەست ئێمە هەمیشە دەتوانین ناوەندێتی لێ بستێنینەوە. دریدا نایەوێ لە ڕێگای بەراوەژوو کردنەوەی زنجیرەپێگەیەکەوە بێت تەنیا زنجیرەپێگەیەک لە جیاتی زنجیرەپێگەیەکی تر دابنێ و خۆی بداتە دەست ئۆسلووبێکی مەنفییەوە. دریدا دەڵێ: کاتێک زنجیرەپێگەیەک بەراوەژوو دەکرێتەوە، ئێمە دەتوانین ئەو بەها و باوەڕانە تاقی بکەینەوە کە بەشانوشکۆی هەم زنجیرە پێگەیشتووەکە، هەمیش تازە داهاتووەکە زیاد دەکا. تاقی کردنەوەیەکی لەم جۆرە ئەوەمان لا ڕوون دەکاتەوە کە مانای زاراوەکان چۆن چۆنی بەهۆی کۆمەڵێک جیاوازی نێوان خۆیانەوە سەر دەردێنن.

دریدا لە (کتێبی) سەبارەت بەگراماتۆلۆژیدا[25] وەختێکی زۆر بۆ لێکدانەوەی ئەم بابەتە تەرخان دەکا کە باشە بۆچی زنجیرەپێگەی قسە / نووسین دەتوانێ و دەبێ بەراوەژوو بکرێتەوە؟ بەکورتی دریدا لەوە دەدوێ کە زمانی قسە (spoken language) جۆرە نووسینێکە کە خۆی ناوی دەنێ archi - ecriture، یان arche - writing (نووسینی ئەزەلی)(*). دریدا دەڵێ: زمانی قسە و زمانی نووسین تایبەتمەندی هاوبەشیان پێکەوە هەیە. بۆ نموونە، هەردوو لایەن خاوەن ڕەمز یان ئەلف و بێی خۆیانن. لە نووسیندا دیارە ئەم ڕەمزانە چین، چونکی نیشانەکانی نووسین پیشاندەری کۆمەڵێک دەنگی جۆراوجۆرن. لە زمان یان قسەشدا کۆمەڵێک ڕەمزی وێکچوو (لە ڕەمزی نووسین) دەبینرێ. وەک سوسور پێشتر نیشانی دابووین پێوەندییەکی دڵخوازانە لە نێوان دال و مەدلوولدا بەدی دەکرێ (لە نێوان واژەی گوتراوی پشیلە و چەمکی پشیلە خۆی). کەوایە هیچ چەشنە

(25) Of Grammatology

(*) (نووسینی ئەزەلی) بەبەراوردکردن لە گەڵ دەستەواژەی (نموونەی ئەزەلی) (Archetype) داڕێژراوە.



پێوەندییەکی ناوەکی لە نێوان واژەی گوتراو و ئەو چەمک و بابەت و بیرۆکەیەی ئەم واژەیە پیشانی دەدا بەدی ناکرێ. بەم حاڵەوە ئێستا لە زمانی ئینگلیسیدا پێوەندییەک لە نێوان واژەی پشیلە و چەمکەکەیدا بەدی دەکرێ، کە ئەمە بەمانای ئەوەیە جۆرە ڕووداوێک کە پێوەندی بەئەلف و بێ و ڕەمزە زمانییەکانەوە هەبێ لە ئارادایە.

کەوایە لە (نووسینی ئەزەلی) (Arche - writing) دریدادا، نووسین دەبێتە هەقدار، لە کاتێکدا قسە ناهەقە، چونکی قسە بەجۆرێک نووسین لە قەڵەم دەدرێ. ئەمە لە جێی خۆی، ئینجا دریدا ململانێی چەمکی فەلسەفەی ڕۆژاوایی دەکا کە خودئاگایی مرۆڤ پێشکەشی زمانی دەکا. دریدا باسی ئەوە دەکا کە بەبێ زمان (یان نووسینی ئەزەلی) هیچ خودئاگاییەک لە ئارادا نییە، چونکی خودئاگایی، زمان بەپێش گریمانەی خۆی دادەنێ. ئێمە لە ڕێگای (نووسینی ئەزەلی)یەوە خودئاگایی مرۆڤ بەسەر جیهاندا دادەسەپێنین.

سەرەڕای ئەمە پێوەندی نێوان هەر چەشنە زنجیرەپێگەیەکی دوانە پێوەندییەکی هەمیشە بگۆڕ و کێشەسازە. پێشنیاری دریدا تەنیا ئەوە نییە کە بێت و سەرلەبەری ئەو دوانەلێکدژانەی کە لە فیکری ڕۆژاواییدا بەدی دەکرێن بەراوەژوو کاتەوە، بەڵکو زیاتر دەیەوێ بناغەی سست و ناقایمی دامەزرانی زنجیرەپێگەگەلێکی لەم دەستە و، ئەگەری گۆڕینی ئەم زنجیرەپێگانە بۆ بەدەسهێنانی ڕوانگەی نوێ، سەبارەت بەزمان و ژیان، بخاتە بەرچاو. دریدا ئەو کاتەی دەیەوێ ئاماژە بەپێوەندی نێوان ڕەگەزەکانی دوانەلێکدژێک بکا، زاراوەی پەیوەست[26] (یان هاوپێچ) بەکاردێنێ. بۆ نموونە، لە دوانەلێکدژی قسە / نووسیندا، نووسین پەیوەستی قسەیە و، ئەوەی ڕاستی بێ شوێنی قسە (نووسینی ئەزەلی) دەگرێتەوە. لەسەر پاکی دوانەلێکدژەکاندا پەیوەست بوونی لەم جۆرە دەبینرێ. بۆ وێنە، لە زنجیرەپێگەی هەقیقەت / فریودا، فیکری ڕۆژاوایی لەسەر ئەوە پێی داگرتووە کە هەقیقەت باڵادەستترە لە فریو و پێی وابووە

(26) supplement

فریو دەوری پەیوەستێکی ڕووت دەگێڕێ. شێوە بیرکردنەوەی ئاخافتن – عەقڵ تەوەریی لەم دەستە پاک و بێ غەلوغەش بوونی هەقیقەت لەچاو فریو دەسەلمێنێ. بەپێی تاقی کردنەوە، فریو، هەرچەند ڕەنگ بێ زۆرجار نا، بەڵام لانی کەم هەندێ جار هەڵگری کەمەکێک هەقیقەت هەر هەیە. (لێرەدایە) دریدا دەپرسێ؛ باشە کاتێک هەقیقەتێک گوترابێت کێ دەبێ ئەو هەقیقەتە بەجێ بێنێ یان تەنانەت تێبگا. پاک و بێ غەلوغەش بوونی هەقیقەت هەر لەوانەیە بوونی نەبێ. کەوایە لە هەر چالاکییەکی مرۆڤدا پەیوەست بوون ئەرکی خۆی بەجێ دێنێ.

دریدا لە ڕێگای پێزانین بەم ڕاستییەوە کە پەیوەست بوون لە گشت دوانەلێکدژەکانی میتافیزیکی ڕۆژاواییدا ئەرکی خۆی بەڕێوە دەبا و، (هەروەها) لە ڕێگای جێگۆڕکێ کردن بەڕەگەزی هەق و ناهەقی (دوانەلێکدژەکان)، دەستی کرد بەپەرەپێدانی ستراتیژی خوێندنەوەی پێکهاتە هەڵوەشێنییەکەی. دریدا کە ڕووی میتافیزیکی ڕۆژاوایی تەواو وەردەسووڕێنێ، وەڵامی خۆی بۆ (ئەسڵی) ئاخافتن – عەقڵ تەوەری و ڕەگەزەکانی تری (فیکری) ڕۆژاوایی لە ڕێگای داهێنانی واژە و چەمکێکی تازەوە دەسەلمێنێ: différance. واژەکە خۆی لە واژەی فەرەنسەیی differer –وە وەرگیراوە، بەمانای (١) وەخراندن، وەدواخستن، وەپاش خستن، (٢) جیاواز بوون، جیاواز بوون لەگەڵ شتێک. دریدا بەئەنقەست جۆرێک واژەکەی داتاشیوە پەردەی تەمێکی بەسەردا بکێشرێ و هاوکات هەردوو ماناکە بگەیەنێ. لە زمانی فەرەنسەییشدا، واژەکە جیناسی (pun) هەیە، جا چونکی ئەم واژەیە تەنیا لە نووسیندا بەدی دەکرێ، لە ئاخافتندا هیچ ڕێگایەک بۆ ئاشکرا کردنی جیاوازی نێوان وشەی فەرەنسەیی différence و وشە داتاشراوەکەی دریدادا بەدی ناکرێ.

تێگەیشتن لەو مەبەستەی دریدا لە واژەی différance–ی هەیە یەکێک لە شاکلیلەکانی تێگەیشتن لە پێکهاتە هەڵوەشێنییە. هەر لە بنەڕەتەوە، différance پرسیاری (چی دەبێ ئەگەر؟)ی دریدایە. چی دەبێ ئەگەر هیچ مەدلوولێکی باڵادەست بوونی نەبێ؟ چی دەبێ ئەگەر هیچ ئامادە بوونێک کە تێیدا دەتوانین دوا هەقیقەت بدۆزینەوە لە ئارادا نەبێ؟ چی دەبێ ئەگەر



سەرپاکی زانست و (زانیاریمان) لە خود – پێناسەییەوە هەڵنەقولابا؟ چی دەبێ ئەگەر ژیان، بوون، یان هەر چەشنە ڕەگەزێکی یەکێتی بەخشی نەگۆڕ لە جیهاندا نەبا؟

بوونی مەدلوولێکی باڵادەستی لەم چەشنە دەسبەجێ بناغەی دوانەلێکدژی ئامادەبوون / ئامادەنەبوون دادەمەزرێنێ. جا لە سۆنگەی ئەوەی کە میتافیزیکی ڕۆژاوایی پێی وایە ئامادەبوون لایەنی بەرزترە، یان هەقدارە و ئامادە نەبوون ناهەقە، دریدا دێت و پێشنیاری ئەوە دەدا کە ئێمە بەشێوەی کاتی، ئەم زنجیرەپێگەیە بەراوەژوو دەکەینەوە و، هەنووکە دەیکەینە ئامادە نەبوون / ئامادە بوون. لە ڕێگای بەراوەژوو کردنەوەیەکی لەم چەشنە ئیتر ناتوانین (باسی) مەدلوولێکی باڵادەست بێنینە گۆڕێ. چیتر پێوانەیەکی قەتعی، یان یەکێتییەکی ڕێکوپێک کە لەسەر دەستیان سەرلەبەری زانست پەرەبستێنێ و پێشکەوێ لە ئارادا نییە. سەرپاکی زانستی مرۆڤ و هەموو (جۆرە) خود – پێناسەیەک(27) ئێستا دەبێ لە جیاوازییەوە(28) سەرچاوە بگرن، نەک لە وێکچوون(29)، لە ئامادە نەبوونەوە سەرچاوە بگرن، نەک لە ئامادە بوون.

کاتێک بەراوەژوو کردنەوەیەکی لەم دەستە بەسەر دوانەلێکدژی تەوەرەیی میتافیزیکی ڕۆژاوایی دادێ، دوو ئاکامی دراماتیکی بەدوا دادێ. یەکەم: سەرومڕی زانستی مرۆڤ دەبێتە (شتێکی) ئیرجاعی (ref-ferential)، واتە ئێمە بۆیە شتێک دەزانین، چونکی ئەم شتە لەگەڵ زانستێکی تردا جیاوازی هەیە، نەک لەبەر ئەوەی دەتوانین ئەم زانستە لەگەڵ هەر چەشنە یەکێتییەکی قەتعی یان ڕێکوپێک (مەدلوولێکی باڵادەست) هەڵبسەنگێنین و (بەراوردی بکەین). دواجار زانستی مرۆڤ هەنووکە دەبێ لەسەر بناغەی جیاوازی دابمەزرێ. ئێمە بۆیە شتێک دەزانین، چونکی ئەم شتە لەگەڵ شتێکی تردا کە پێکەوە پێوەندییان هەیە جیاوازە. ئێستاکە هیچ شتێک ناکرێ بەجیا و بەتاقی تەنیا لێی

(27) self - identity
(28) difference
(29) sameness

بکۆڵدرێتەوە و فێر بکرێ، چونکی سەرلەبەری زانست بۆتە زەمینەیەکی تێکەڵاو و (لێکگرێدراو). دووهەم: ئێمە دەبێ هەروەتر لە کۆڵ کۆتایی و (ئاکام) ببینەوە، واتە لە سۆنگەی ئەوەی هیچ چەشنە مەدلوولێکی باڵادەست بوونی نییە، هەر ڕاڤەیەکی سەبارەت بەژیان و خود - پێناسەیی و زانست ڕاڤەیەکی مومکین و گونجاو و ڕەوا و ڕێپێدراوە.

بەڵام گرینگایەتی différance بۆ خوێندنەوەی دەق لە چیدایە؟ ئەگەر ئێمە، وەکو دریدا، حوکمی ئەوە بدەین کە différance لە زمان و کەوایە هەروەتر لە نووسیندا بەکار دێ (دریدا جاروبار différance بەهاوتای نووسینی ئەزەلی (arch - writing) دادەنێ)، کارکردەکانی بۆ لێکدانەوەی دەقی کامانەن؟ ڕوونترین وەڵام ئەوەیە (بڵێین) دەق ئامادە بوونی تیا نییە. کاتێک ئێمە حاشا لە مەدلوولی باڵادەست دەکەین و دوانەلێکدژی ئامادە بوون / ئامادە نەبوون بەراوەژوو دەکەینەوە، دەق چیتر ناتوانن ئامادە بوونیان بێ، واتە دەق بەجیا و بەتەنیا ناتوانن خاوەن مانا بن. جا بەهۆی ئەوەی کە سەرلەبەری مانا و زانست هەنووکە لەسەر بناغەی جیاوازییەکان دامەزراوە، هیچ دەقێک بۆی نییە هەروا بەسانایی تەنیا یەک مانا بدا بەدەستەوە، دەق دەبنە نێوان دەقی[30] . مانا لەکۆپێوەندی نێوان دەق و زۆربەی دەقەکانی ترەوە خۆیا دەبێ. وەکی زمان خۆی، دەقیش دەکەونە نێو کۆگۆڕانکارییەکی دینامیک و زەمینە تێکەڵاو و (لێکگرێدراو). ئێمە هەرگیز ناتوانین باسی مانایەکی تایبەت و دیاریکراوی دەق بکەین، چونکی دەق مانای وای هەر نییە. ئێمە چیتر ناتوانین بڵێین ئەم ڕاڤەیە ڕاستە و ئەویتر ناڕاست، چونکی مانای دەق (شتێکی) هەمیشە ئاڵۆز و هەمیشە دینامیک و هەمیشە بگۆڕە.

دواجار گەڕان بەدوای مانای دروستی دەق، یان بەناو مەبەستی نووسەر شتێکی بێ مانایە. لە سۆنگەی ئەوەی مانا لە هەناوی جیاوازییەکانی نێو پرۆسەیەکی دینامیک و خاوەن زەمینەیەکی پێوەندار و بەردەوامەوە هەڵدەهێنجرێ، هەرچی دەقە فرە مانا و فرە ڕاڤەن. ئەگەر ئێمە ئەم وتەیە

(30) intertextual



بسەلمێنین، وەکو دریدا دەیسەلمێنێ، کە هیچ چەشنە مەدلوولێکی باڵادەست بوونی نییە، دواجار هیچ مانایەکی قەتعی و کاملیش لە ئارادا نییە کە گریمان لەسەر دەستی مەبەستێکی نووسەرانە یان نییەتێکی پیشەییانە بگوازرێتەوە. مانای دەق ئەو کاتە خۆیا دەبێ کە ئێمەی خوێنەر کارلێکمان لەگەڵ دەق دەبێ، هاوکات هەم خوێنەر، هەمیش دەق زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووری (بۆ خوێندنەوە) پێک دێنن.

کەوایە (ڕەخنەگری) پێکهاتە هەڵوەشێن (کاری) لێکدانەوەی دەقی بەم گریمانەیەوە دەسپێدەکا کە دەق فرە ڕاڤەیە، ئەم تایبەتمەندییەش ڕێ بەدەق دەدا بەڕادەیەکی لە ژمارە بەدەر سەرلەنوێ بخوێندرێتەوە و سەرلەنوێ ڕاڤە بکرێتەوە. جا لەو ڕووەوە کە هیچ چەشنە ڕاڤەیەکی دروستی دەق لە گۆڕێدا نییە، چێژی لێکدانەوەی دەقی لەوەدایە کە هەرچەند جار دەق بخوێندرێتەوە، یان سەرلەنوێ بخوێندرێتەوە، ئەوەندە جار ڕاڤەی تازە دەدۆزرێتەوە. دواجار مانای دەق شتێکە بڕیاری لەسەر نادرێ، چونکی هەر خوێندنەوە، یان سەرلەنوێ خوێندنەوەیەک کۆمەڵێک ڕاڤەی تازە بەرهەم دێنێ.

(ڕەخنەگری) پێکهاتە هەڵوەشێن کاتێک دەیەوێ پرۆسە ڕاڤەییەکەی دەسپێبکا بەدوای ئەوەدا دەگەڕێ شێوەی ئاخافتن - عەقڵ تەوەری و ڕەوشتی میراتیی خۆی بۆ ڕوانینی دەق بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی. بیرکردنەوەیەکی (بەناو) شۆڕشگێڕانەی لەم چەشنە بەمانای ئەوەیە کە (ڕەخنەگری) پێکهاتە هەڵوەشێن (سەرەتا) دوانەلێکدژە چالاکەکانی نێو دەق دەدۆزنەوە. ئەوان پێیان وایە ئەم دوانەلێکدژانە پیشاندەری ئەو ئایدیالۆژیا پەسندکراو و سەقامگرتووانەن کە گەلێ جار بوونی مەدلوولە باڵادەستەکان مسۆگەر دەکەن. دواجار ئەم دوانەلێکدژانە مانا پاوان دەکەن، چونکی پێشەکی، گریمانەیان ڕاڤەیەکی نەگۆڕە بۆ واقیع و بۆ جیهان. بۆ نموونە بوونی هەقیقەت و ناهەقیقەت، عەقڵ و شێتی و چاک و خراپ لە بەرامبەر یەک دادەنێن. (ڕەخنەگری) پێکهاتە هەڵوەشێن کە دەزانن ئەم زنجیرەپێگانە (واتە ئەم مەدلوولە باڵادەستانە) خاوەن

شێوازێکی نەگۆڕ و قیرسیچمەیین بۆ ڕوانینی جیهان. دێن و بەدوای دوانەلێکدژەکانی دەقدا دەگەڕێن و بەراوەژوویان دەکەنەوە. (ڕەخنەگری) پێکهاتە هەڵوەشێن لە ڕێگای بەراوەژوو کردنەوەی ئەم زنجیرەپێگانەوە دەیەوێ لەگەڵ ئەم ڕوانگە نەگۆڕانە ململانێ بکا، ئەو ڕوانگە نەگۆڕانەی کە لە لایەن زنجیرەپێگەیەکی لەم دەستە و (هەروەها لە لایەن) ئەو بەها و بایەخانەی کە کۆمەڵێک باوەڕی ڕەقوتەق و ویشکوبرینگی لەم چەشنەیان بەدواوەوەیە گریمان دەکرێن.

(ڕەخنەگری) پێکهاتە هەڵوەشێن لە ڕێگای دەسنیشانکردنی ئەو دوانەلێکدژانەی کە لە نێو دەقدا بەدی دەکرێن، دواجار دەتوانێ ئەو گریمانە لەوەو پێش زانراوانەمان پێنیشان دا کە زۆربەمان ڕاڤەکانمانیان لەسەر دادەمەزرێنین. بۆ وێنە، ئێمە هەموومان دەڵێین هەندێ کار، بوون، یان شت چاکن یان خراپن، بەبایەخن یان بێ کەڵکن، گرینگن یان گرینگ نین. بەها و بیرۆکەی لەم دەستە، کاتێک دەقێک دەخوێنینەوە یان دەینووسین، خود بەخود دەکەونە کار. (ڕەخنەگری) پێکهاتە هەڵوەشێن لە ڕێگای ئاوەژوو کردنەوەی ئەو زنجیرەپێگانەی کە ئێمە ڕاڤەکانمان لەسەر دامەزراندوون دەیانەوێ لە بەندی بەرتەسکی باوەڕە (نەگۆڕ) و قیرسیچمەییەکانمان ئازادمان بکەن. ئەوان هیوادارن ئەم ئازادییە ڕێگای ئەوەمان پێبدا لە گۆشە نیگایەکی تازە و چێژ بەخش، یان لە ئاستێکەوە لە دەق بڕوانین کە هەرگیز پێشتر پێمان نەزانیبوو.

خوێنەر یان تەنانەت نووسەری دەق وانییە لە یەک کاتدا پێکەوە لەم ئاستە جۆراوجۆرانەی دەق بگەن. بۆ نموونە لە چیرۆکی (گود من براونی لاو)ی[31] ناتانیەل هاوسۆرن[32]، زۆربەی خوێنەران پێیان وایە ئەو کەسایەتییە 50 ساڵەیەی دەستی گود من براون دەگرێ و لە سەفەری ئەو شەوەی و بەنێو دارستاندا ڕێنوێنی دەکا شەیتانە و، هەر بۆیە بەپێی پێویست بەکەسایەتییەکی خراپ دێتە ئەژمار. ڕاڤەی براون خۆی بۆ ئەم

(31) Young Good man Brown
(32) Nathaniel Hawthorne



کەسایەتییە وێدەچێ پشتی ئەم بۆچوونە بگرێ. بەپێی بیرۆکەکانی (ڕەخنەگری) پێکهاتە هەڵوەشێن، لێرەدا لانی کەم دوو دوانەلێکدژ بەکارن: چاک / خراپ، خوا / شەیتان. بەڵام چی دەبێ ئەگەر ئێمە ئەم دوانەلێکدژە بەراوەژوو بکەینەوە؟ کەوایە لەوانەیە ئەم کەسایەتییە دەسەڵاتدارە شەیتان نەبێ و، هەر بەم پێیە لەوانەیە خراپیش نەبێ. ڕوانینێکی نوێی لەم چەشنە ڕەنگبێ بەشێوەیەکی بەرچاو ڕاڤەی ئێمە بۆ دەق بگۆڕێ.

بەگوێرەی وتەی (ڕەخنەگری) پێکهاتە هەڵوەشێن، ئێمە پێکەوە و هاوکات لە هەردووی ئەم ڕوانگە، یان ئاستانەی چیرۆکەکە بگەین. بۆ ئەوەی بزانین زنجیرە پێگەی تازەی شەیتان / خوا و خراپ / چاک لە ڕاڤەکانماندا بەکوێمان دەگەیەنێ، دەبێ (سەرەتا) لە ئاستی یەکەمی ڕاڤەکەمان دەست ڕاگرتن. سەرەڕای ئەمە نابێ ڕاڤەی یەکەم لە بیر بکەین، ئەو ڕاڤەیەی کە بوونی، زەینمانی داگیر کردووە. ئێمە تەنیا، سووک و سانا، پابەندبوونی خۆمان (بەدەق) بۆ ئاستێکی دیکە دەگوازینەوە.

ئەم هاتوچۆیەی نێوان ڕاڤە و ئاست و ماناکان ڕێگامان پێدەدا لە نامومکین بوونی هەڵبژاردنی هەتا هەتایی ڕاڤەیەکی دروست بگەین، چونکی مانا چالاکییەکی بەردەوامە کە هەمیشە لە پێشکەوتندایە و، هەمیشە لەسەر بناغەی (چەمکی) différance دادەمەزرێ. ئێمە لە ڕێگای پرسیارکردن لەوەی کە ئەگەر بێت و ئەو زنجیرەپێگانە بەراوەژوو بکەینەوە کە چوارچێوەی شێوە بیر کردنەوە لەوە پێش زانراوەکانمان دادەڕێژن، ئەوە وەکوو ئەوە وایە درگای پرۆسەیەکی بێ کۆتایی ڕاڤە بەڕووی خۆماندا کردبێتەوە، پرۆسەیەک کە حوکمی ئەوە دەدا کە هیچ زنجیرە پێگە، یان دوانەلێکدژێک ڕاست و ئەوانیتر ناڕاست نین.

کەوایە (ڕەخنەگری) پێکهاتە هەڵوەشێن نایانەوێ بناغەی فەلسەفەیەکی نوێ، تیۆری ئەدەبییەکی نوێی لێکدانەوە، یان قوتابخانەیەکی نوێی ڕەخنەی ئەدەبی دابمەزرێنن. لە بری ئەمانە، ئەوان ستراتیژییەکی خوێندنەوە دەدەن بەدەستەوە کە ڕێگامان پێدەدا، ئەو شتانە هەڵبژێرین کە پێوەندیان

بەو ئاستە جۆراوجۆرانەی ڕاڤەوە هەیە کە دەزانین لە نێو دەقدا بەکارن. ئەوان دەڵێن گشت ئاستەکان بەها و بایەخی خۆی هەیە. هەروەها پێیان وایە ئەو ڕوانگەیەی ئەوان بۆ خوێندنەوە هەیانە، خۆیان و ئێمە لە چنگ ئەو چەشنە پابەندبوونە ئایدیۆژیکە ڕزگار دەکا کە مانا دۆزینەوەی ئێمەی خوێنەر لە نێو دەقێک پاوان دەکا. ئەوان لەسەر ئەم باوەڕەن چونکی مانا لە ڕاڤەوە هەڵدەهێنجرێ، تەنانەت نووسەریش ڕاڤەی دەقی بۆ کۆنترۆڵ ناکرێ. هەرچەند نووسەر لەوانەیە لە بارەی دەقی خۆیانەوە ئاشکرا باسی مەبەستی (تایبەتی) خۆیان کردبێ، بەڵام باسکردنێکی لەم جۆرە نابێ زۆر پشتی پێببەسترێ. دەقیش وەکو زمان خۆی (ژێدەری لە دەرەوە)[33] (یان مەدلوولی باڵادەستی) نییە. ئەو شتەی نووسەر پێی وایە لە نێو دەقدا باسی دەکا یان مەبەستێتی لەوانەیە تەواو جیاواز بێ لەگەڵ ئەو شتەی بەڕاستی نووسراوە. هەر بۆیە (ڕەخنەگری) پێکهاتە هەڵوەشێن بەدوای ئەو جێگا و شوێنانەی دەقدا دەگەڕێ کە نووسەر جڵەوی زمانی لە دەست دەرچووە و شتگەلێ دەڵێ کە وێدەچێ مەبەستی نەبووە بگوترێن. ئەم (خلیسکانی زمانییە)یانە[34] زۆرجار لە پرسیارکردن و زمانی ڕەمزی و گێڕانەوە (یان وتووێژە) بەهێزەکاندا بەسەردا دێ. (ڕەخنەگری) پێکهاتە هەڵوەشێن لە ڕێگای تاوتوێکردنی ئەم خلیسکانانە و ئەو دوانەلێکدژانەی کە بەسەریاندا زاڵن، نیشانمان دەدەن کە مانای دەق بۆ ئەوە نابێ (دوا) بڕیاری لەسەر بدرێ.

لە یەکەم ڕوانیندا، ستراتیژی خوێندنەوەی پێکهاتە هەڵوەشێن لەوانەیە (بەشێوەی) هێڵی بکەوێتە بەرچاو، واتە دەسپێک و نێوەڕاست و کۆتاییەکی دیاریکراو و ئاشکرای هەبێ. جا کەوایە، دواجار بۆ ئامادەکردنی ستراتیژییەکی لەم دەستە بۆ (خوێندنەوەی) دەق، ئێمە دەبێ:

١) ئەو دوانەلێکدژانە بدۆزینەوە کە بەسەر دەقدا زاڵن.
٢) لەسەر بەها و چەمک و بیرۆکەکانی ئەو دیوی ئەم دوانەلێکدژانە

(33) outside referents
(34) The slips of language



بدوێن و باسوخواس بکەین.
٣) ئەم دوانەلێکدژە حازر بەدەستانە بەراوەژوو بکەینەوە.
٤) جیهانڕوانییەکانی پێشوو تێکبڕووخێنین.
٥) دان بەئەگەر و گونجاو بوونی ئەو ئاستە جۆراوجۆرانەی دەق دابنێین کە لەسەر بناغەی دوانە بەراوەژوو کراوە تازەکاندا دامەزراوە.
٦) ڕێگا بدەین مانای دەق بڕیاری لەسەر نەدرێ.

ئەگەرچی سەرومڕی ئەم خاڵانەی سەرەوە لە خوێندنەوەی (ڕەخنەگری) پێکهاتە هەڵوەشێندا بەکار دێن، بەڵام ئەم خاڵانە لەوانەیە هەمیشە ڕێک و ڕاست بەم نەزمە لە کار نەکرێن. جا لە سۆنگەی ئەوەی کە ئێمە هەموومان لە کاتی خوێندنەوەدا مەیل و ویستمان بەرەو لای ئاخافتن – عەقڵ تەوەری دەشکێتەوە. بۆ نموونە، لەوانەیە سرنجێکی ئەوتۆ نەدەینە ئەو دوانەلێکدژە ئاخافتن – عەقڵ تەوەرییانەی کە لە دەقدا ئەرکی خۆیان وەئەستۆ دەگرن تا ئەو کاتەی هەندێ دوانەلێکدژی ئاشکرای (نێو دەق) بەراوەژوو دەکەینەوە و، دەق بەپێی چەندین ئاست ڕاڤە دەکەین. جگە لەمە، ئێمە هەرگیز ناڵێین خوێندنەوەیەکی لەم دەستە پڕ بەپێستە، یان تەواوە و بڕاوە، چونکی پرۆسەی مانا پرۆسەیەکی بەردەوامە و، هەرگیز ڕێگامان پێنادا تاقە بەیەک ڕوانگەوە بنووسێین.

ستراتیژی خوێندنەوەیەکی لەم جۆرە زۆربەی خوێنەران و ڕەخنەگران دەشڵەژێنێ، چونکی ئەم چەشنە خوێندنەوەیە چوارچێوەیەکی کامڵ و ڕێکوپێکی نییە کە ئەگەر بێت و شوێن پێی A هەڵگرین بۆ ئەوەی بە Z بگەین، (دواجار) خوێندنەوەی دەق بەرهەم بێ. جا لەبەر ئەوەی کە دەق ژێدەری دەرەکیان نییە، ماناکەیان پشت ئەستوورە بەکارلێکی نێوان دەق و خوێنەر و کۆمەڵگا و ڕەگەزە کولتوورییەکان، وەکو چۆن هەر چەشنە پرۆسەیەکی خوێندنەوە، یان ڕاڤەش هەروایە. (ڕەخنەگری) پێکهاتە هەڵوەشێن کە حاشا لە یەکێتی ئۆرگانیکی دەق دەکەن، باسی کایەی سەربەخۆی زمان لە نێو دەقدا دێننە گۆڕێ. جا چونکی زمان خۆی (دیاردەیەکە) دەنگەکان دەگەڕێنێتەوە، نەک لاساییان بکاتەوە، ئێمە هەرگیز ناتوانین دەست لە کاری دۆزینەوەی مانای دەق هەڵبگرین، جا با

ئەو دەقەمان جارێک خوێندبێتەوە، یان سەد جار.

بەگشتی ئامانجی (ڕەخنەگری) پێکهاتە هەڵوەشێن پێوەندی بەردەوامی نێوان ڕاڤەکار (ڕەخنەگر) و دەقە. (ڕەخنەگری) پێکهاتە هەڵوەشێن لە ڕێگای تاوتوێکردنی بەتەنیا دەق، دەیەوێ کۆمەڵێک پرسیار بێنێتە ئاراوە کە بەردەوام لەگەڵ بارودۆخە ئایدیۆلۆژیکەکانی هێز و دەسەڵات کە دەستیان بەسەر ڕەخنەی ئەدەبی داگرتووە، ململانێ بکا. (هەروەها) ئەوان دەڵێن لە پرۆسەی دۆزینەوەی مانای دەقدا ڕەخنە خۆی هاوسەنگی ئەو نووسراوە داهێنەرانەی کە دەخوێندرێتەوە خاوەن بەها و بایەخە و، هەر بۆیە زنجیرەپێگە (یان دوانەلێکدژی) نووسراوەی داهێنەرانە / ڕەخنە هەڵدەگێڕنەوە.



# 7

## ڕەخنەی دەروونشیکاری

### پێشەکی

ئەو کاتەی خاتوون سکیتس (skeets) خەریک بوو مەشقی ئەو ڕۆژەی لەسەر تەختەڕەشە دەنووسی، فرێد (Fred) ڕووی کردە قوتابییانی پەنا دەستی خۆی و گوتی: (کوڕینە دوێ شەو خەونێکی ناخۆشم دی).

کەڕین (Karen) پرسی: (خەونەکەت چ بوو؟)

(لە خەونمدا من قارەمانی شانۆیەکی تەلەفزیۆنی بووم و، تازە شەش مانگ بوو دەزگیرانێتی خۆم و ئەو سەرۆکە جوان و بەدەمارەی بانکم هەڵوەشاندبۆوە. ئەو کاتەی دەمویست بۆ هەمیشە بانک جێ بهێڵم، چاوم بەئەو کچە حسێبدارە جوانە کەوت. نیگامان لێک گرێدرا و هەستم کرد ئاشقی بووم. بەڵام، بەڵام...)

پیتر (peter) بەپێداگرییەوە گوتی: (بەڵام چی؟)

(بەڵام کچە حسێبداری بانک هەر ڕاست وەکو خاتوون سکیتس چاوی لێدەکردم.

پاش ئەوەی کورگەل کۆڵێک پێکەنین و زرتیان داهێشت و قاقایان کێشا، کەڕین بەتەوسەوە گوتی: «هەنووکە هەقیقەت خۆی نواند. تۆ و خاتوون سکیتس. ئەوە بۆیە تۆ (هەمیشە) سەرلەبەری مەشقەکانت تەواوەن دەنووسی.»

زۆربەی ئێمەش، وەکو کەڕین، جاروبار تێدەکۆشین خەونی خۆمان یان خەونی خەڵکانی تر (لێکبدەینەوە) و ڕاڤە بکەین. وێدەچێ مەیلێکی سەیر و سەمەرە بۆ زانینی چارەنووس و، کار و کردەوەی ترسێنەر و دڕندانە و، زۆر جار ناوەڕۆکی سێکسییانەی خەونەکانمان سەرنجی ئێمە بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن. جا بۆیە وەکو کەڕین، ئێمەش سەرمان سووڕ دەمێنێ

کاتێک دەبینین هەست و هۆگری و کار و کردەوەکانمان بەڕاستی لە
تەجرەبەی خەونەکانماندا ڕەنگ دەدەنەوە. پرسیار دەکەین باشە بڵێی خەون
هەڵگری ڕێژەیەک لە ڕاستی بێ، یان ئەرکێکی بەکەڵک وەئەستۆ بگرێ؟

فریدریک ئۆگست کێکولێ-ی(1) کیمیازان جوابی (ئەرێ)ی بەم پرسیارە دەداتەوە. ساڵەها بوو کێکولێ لە پێکهاتەی مۆلوکولی (mo-lecular) بەنزینی دەکۆڵییەوە. شەوێک خەونی بەزنجیرە ئەتۆمێکەوە، لە قەوارەی مارێکدا، بینی کە خەریک بوو کلکی خۆی قوت دەدا. هەرکە خەبەری بۆوە، ئەم شکڵەی لە دەفتەرەکەیدا کێشاوە و هەر زوو زانی ئەو شکڵە، پێکهاتەی گرافیکی بازنەی بەنزین بوو، ئەو شتەی ئەو هەوڵی بۆ دەدا بیدۆزێتەوە. ساڵی ١٨٩٠ کاتێک لە کۆڕێکی زانستییانەدا باسی ئەم دۆزینەوەیەی کرد، گوتی: (برایان با فێر بین خەون ببینین، دواجار لەوانەیە هەقیقەت بدۆزینەوە.)

ویالۆن ژەنێکی ئیتاڵیایی سەدەی هەژدەش، بەناوی جۆزێپێ تارتینی(2)، بەبەها و بایەخی خەونی زانی. شەوێک خەونی دی شەیتان هاتۆتە نێو جێگاکەیەوە و، پێی دەڵێ: ئایا ئامادەیە لە بری ئەوەی دەستی بگرێ و سۆناتایەکی زۆر ئەستەمی بۆ تەواو بکا ڕۆحی لێ بستێنێ. تارتینی دەڵێ: باشە (ئامادەم). شەیتان دەست دەداتە ویالۆنەکەی تارتینی و بەرهەمە نیوە چڵەکەی بۆ تەواو دەکا. تارتینی کە لە خەو هەڵدەستێ، ئەوەی لە خەونەکەیدا بیستبووی و لە بیری مابۆوە دەینووسێتەوە. ئەم پارچە مۆسیقایە بەناوی سۆناتای...(*) شەیتان ناسراوترین و (بەناوبانگترین) پارچە ئاهەنگی تارتینییە.

هەروەکو پسپۆڕانی زانست و مۆسیقا، نووسەرانیش زۆرجار دەڵێن، هەندێ لە هەرە باشترین بیرۆکەکانی خۆیان لە خەونەوە دەسکەوتووە. بۆ نموونە ڕۆبێرت لویس ستیوێنسۆن(3) باسی ئەوە دەکا زۆربەی بیرۆکەکانی

(1) Friedrich August Kekule

(*) بەداخەوە بەهۆی فۆتۆی خراپ، ئەم وشەیەم لە دەقی سەرەکیدا بۆ ساغ نەبۆوە چییە.

(2) Giuseppe Tartini

(3) Robert Louis Stevenson



بۆ (دوکتۆر جێکیل و ئاغای هاید)(4) ڕاستەوخۆ لە خەونە ئاڵۆزەکانی خۆی وەری گرتوون. هەر بەم شێوەیە دانتێ و گۆتێ و بلێیک و بونیان (Bunyan) و کۆمەڵێک نووسەری تر دەڵێن، لە بابەت کارەکانیانەوە قەرزدار و منەتباری جیهانی خەونەکانیانن. هەندێکی تر وەکو پۆ و...(*) کۆلریج، ناوەڕۆکی هەندێ بەرهەمی هەرە ناسراویان لە خەونە drug - in-duced – کانیان وەرگرتووە. ئەوەی کە خەونی خۆمان و خەڵکانی تر سەرنجمان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن شتێکە حاشای لێ ناکرێ. خەون، جا بەهۆی ناوەڕۆکی هەوەسهێنەرانە و ئاشقانە بێ، یان تەنانەت بەهۆی بەڕواڵەت دەسەڵاتی پێغەمبەر ئاسایانەی دنەمان دەدا لە بابەت ئەو پاژەی زەینمان پرسیار بێنینە گۆڕێ و لێی بکۆڵینەوە کە وێدەچێ کۆنترۆڵێکی کەممان بەسەریدا هەبێ – واتە ناخودئاگا.

یەکێک لە لێکۆڵەرانی پێشەنگی (بابەتی) ناخودئاگا و چالاکییەکانی، دەمارناس (neurologist) و دەروونناسی ویەنییە (viennese) بەناوی زیگمۆند فرۆید(5) فرۆید کە کاری خۆی بەبڵاو کردنەوەی (ڕاڤەی خەون)(6) لە ساڵی ١٩٠٠ دەسپێکرد، بەردی بناغەی ڕێبازێکی نوێی، بۆ بابەتی چۆنێتی کاری زەین، دانا. فرۆید پێی وایە ناخودئاگا کە لە نێو کارەکانی زەینی خودئاگادا ونە، دەورێکی بەرچاو لە چۆنێتی هەڵسوکەوت و بیرکردنەوە و هەستکردنماندا دەگێڕێ. فرۆید دەڵێ: باشترین بەستێن بۆ دۆزینەوەی ناوەڕۆک و چالاکییەکانی ناخودئاگا بەستێنی خەونەکانمانن. بەڵام بەگوێرەی بۆچوونی فرۆید ئەوە کارلێکی نێوان خودئاگا و ناخودئاگایە، نەک تەنیا کاری یەک لایەن بەجیا، کە لە ڕێگایەوە ئێمە (چوارچێوەی) خۆمان و جیهانی خۆمان پێک دێنن.

فرۆید کە بۆ زانستی زەین ڕێگای پەرەپێدانی بواری تیۆری و ڕەوشتی پراکتیکی گرتەبەر، بوو بەباوکی زانستی دەروونناسی، ڕەوشتێک بۆ

(4) Dr Jekyll and Mr Hyde

(*) بەداخەوە بەهۆی فۆتۆی خراپ، ئەم وشەیەم لە دەقی سەرەکیدا بۆ ساغ نەبۆوە چییە.

(5) Sigmund Freud

(6) The Interpretation of Dreams

ڕووبەڕوو بوونەوە و تێهەڵچوون لەگەڵ ناکۆکییە عاتیفی و دەروونییەکان لە ڕێگای وە قسە هێنانی نەخۆش بەویستی خۆی، وەقسە هێنان سەبارەت بەخەون و تەجرەبەکانی سەردەمی منالّی، ئەویش لە دانیشتنێکی (دوو قۆڵی) نێوان نەخۆش و لێکۆڵەردا. جا ئەگەر ئێمە بێین هەر ئەم ڕەوشتانە بۆ ڕاڤەی بەرهەمی ئەدەبی بەکار بێنین دەکەوینە خانەی (ڕەخنەی دەروونشیکاری)یەوە.(7)

بەپێچەوانەی هەندێ قوتابخانەی تری ڕەخنە، ڕەخنەی دەروونشیکاری دەتوانێ شان بەشانی هەر چەشنە ڕەوشتێکی ڕەخنەگرانەی ڕاڤەیی دیکە لە مەیداندا بێ. لە سۆنگەی ئەوەی کە ئەم ڕوانگەیە هەوڵ دەدا چۆنێتی و بۆچێتی کردەوەی مرۆڤ شی بکاتەوە بێ ئەوەی پەرە بەتیۆرییەکی جوانی ناسانە بدا (کۆمەڵێک باوەڕی سیستماتیک و فەلسەفی کە باسی ئەوە دەکەن مانا لە ئەدەبدا چۆن دەردەکەوێ). بۆ نموونە (هەتا) مارکسیست و فیمینیست و مێژووگەرە نوێیەکان ڕەوشتە دەروونشیکارییەکان بۆ ڕاڤەی خۆیان بەکاردێنن، بەبێ ئەوەی سنووری هێرمێنۆتیکی خۆیان ببەزێنن. کەوایە لەوانەیە باشتر وا بێ ڕەخنەی دەروونشیکار زیاتر بەڕوانگەیەکی ڕاڤەی ئەدەبی لە قەڵەم بدەین تا قوتابخانەیەکی تایبەتی ڕەخنە.

ئەگەرچی فرۆید بێگومان باوکی ئەم ڕوانگەیەیە بۆ لێکدانەوەی ئەدەبی، بەڵام ڕەخنەی دەروونشیکار بەدرێژایی سەدەی بیستەم لەسەر پەرەپێدان و بەرفراوانکردنی سنووری تیۆری و پراکتیکی خۆی بەردەوام بووە. کارل یۆنگ،(8) قوتابی شۆڕشگێڕی فرۆید، هەندێ لە بیرۆکەکانی فرۆیدی وەرگرت، هەرچەند حاشای لە هەندێکی تری کردن و، (لەم ڕێگایەوە) پەرەی بەچەند تیۆری و بابەتی تازە دا و بەردی بناغەی بابەتی (دەروونشیکاری لێکدانەوەیی)(9) دانا. نۆرترۆپ فرای،(10) مامۆستای ئینگلیسی و تیۆریستی ئەدەبی، لە نێوەڕاستی پەنجاکان (١٩٥٠) لە

(7) psychoanalytic criticism
(8) Carl Yung
(9) analytical psychology
(10) Northrop Frye



ڕێگای بەکارهێنانی هەندێ لە بیرۆکەکانی یۆنگ، ڕەخنەی هێماخوازانەیان نموونەی ئەزەلییانە پەرەپێدا و یارمەتی دا بەستێنی لێکدانەوەی ئەدەبی سەدەی بیستەم بگۆڕدرێ. لە شەستەکانیش (١٩٦٠)، دەروونشیکاری نوێ - فرۆیدی خەڵکی فەرەنسە، ژاک لاکان(11)، لەژێر تیشکی کۆمەڵێک تیۆری ئەدەبی و زمانناسی تازەدا بەتیۆرییەکانی فرۆیددا چووەوە پەرەی پێدان و لەم ڕێگایەوە سەرلەنوێ ڕەخنەی دەروونشیکاری ژیاندەوە و کاریگەری بەردەوامی (ئەم ڕەخنەیەی) لەسەر تیۆری و پراکتیکی ئەدەبی مسۆگەر کرد.

### ڕەوتی مێژوویی

تیۆری و پراکتیکەکانی زیگمۆند فرۆید بەردی بناغەی ڕەخنەی دەروونشیکاری پێک دێنن. فرۆید کە بەو نەخۆشانەوە خەریک بوو کە تووشی نەخۆشی هیستری (hysterics) هاتبوون، تیۆرییەکەی ئەوە بوو کە ڕەگوڕیشەی کێشەی ئەم نەخۆشانە شتێکە پێوەندی بەدەروونەوە هەیە نەک لەش. فرۆید پێی وابوو ئەم نەخۆشانە مەیلی نێر و مێ بازی لەگەڵ نیزیکانی خۆیان لە خۆیاندا کوشتبوو و، ناخودئاگا حاشایان لە باسکردنی ئەم مەیلە کردبوو. فرۆید یەکەم کەس بوو باسی ئەوەی کرد کە مەکۆی ئەم مەیلانە ناخودئاگایە(12)، ئەو ناوەی کە هەڵیبژاردبوو بۆ ناودێرکردنی ئەو بەشە لە دەروون یان ئەو پاژە لە زەین کە مەیل و حەز و هەستە شاراوەکەمان و، هەروەها فیکرە ناعەقڵانییەکانمان وەردەگرێ و (وەک تۆشەی پاشەڕۆژ) هەڵیدەگرێ. فرۆید دەڵێ: ئێمە کە بەئامادە بوونی ناخودئاگامان نازانین، خودئاگایانە دەجووڵێینەوە و، پێمان وایە عەقڵانییەت و لێوەشاییە لێکدانەوەییەکانمان تەنیا بەرپرسی ڕەفتاری ئێمەن. کەچی فرۆید پێی وایە ئەوە ناخودئاگایە کە لە ڕێگای لە زمان ترازان و خەون و هونەر و ڕەفتارە ناعەقڵانییەکانمانەوە، کە بۆ زۆر کار دنەمان دەدەن، خۆی دەنوێنێ.

(11) Jacques Lacan
(12) unconscious

سەرەتا فرۆید دەیگوت زەینی ئێمە جیاکارییەکی دوو لایەنەی تێدایە کە بریتین لە خودئاگا (عەقڵانی) و ناخودئاگا (ناعەقڵانی). پاشان بەتیۆرییەکەی داچووەوە و ساغی کردەوە و (ئەمجار) پێی وابوو، ناکرێ بڵێین فیکرێک کتومت خودئاگایانەیە، یان کتومت ناخودئاگایانەیە و، زیاتر باسی شێوازەکانی خودئاگایی یان ناخودئاگایی دەکرد. فرۆید ئەو پاژە ناعەقڵانی و زاتی و شاراوە و ناخودئاگایەی بە id (ناخود) ناودێر کرد و بەپاژە عەقڵانی و مەنتیقی و ئاگادارەکەی گوت ego (خود) و، بەپاژی سێهەم superego (کەڵەخود) کە وەک سانسۆرچییەکی ناوەکی دەجوولێتەوە و دنەمان دەدا، بەهۆی زەخت و گوشاری کۆمەڵایەتی، داوەری ئەخلاقی بکەین. ئەرکی ego ئەوەیە کە لە نێوان مەیلە سروشتییەکانی id (بەتایبەت مەیلی سێکس) و داواکانی گوشاری کۆمەڵایەتی کە دەیکا حاڵەتێکی مام ناوەندی ساز بکا. ئەو شتەی ego بەناپەسندی دەزانێ سەرکوتی دەکا و دەیسپێرێتە دەست id (ناخودئاگا). ئەو شتەی کە گەلێ جار و بەردەوام لە دەروونی هەمووماندا دەکەوێتە ژێر زەخت و فشارەوە مەیلە جنسییەکانی سەردەمی منالّیمانە.

بەگوێرەی وتەی فرۆید سەردەمی منالّی هەموومان بەسەر سێ قۆناغی هاوبەشدا تێدەپەڕێ: قۆناغی زمانی (oral)، قۆناغی پاشەوەیی (anal) و قۆناغی پێشەوەیی (phallic). ئێمە ئەو کاتەی زارۆکین قۆناغی زمانی لە ڕێگای مژینی مەمکی دایکەوە، بۆ خۆ تێر کردن، تەجرەبە دەکەین، بەم جۆرە مەیلی سێکسمان (یان لیبیدۆ - libido -) دەکەوێتە کار. دمان دەبێتە شوێنێکی هەوەسهێنەر کە دواجار دەبێتە هۆی ئەوەی لە مژینی زمانی خۆمان و هەروەتر ماچکردن چێژ وەربگرین. لە قۆناغی دووهەم، یان قۆناغی پاشەوەییدا، پاشەوە دەبێتە بابەتی چێژ وەرگرتن و هاوکاتیش منداڵ فێری چێژ و لەزەتی خۆ پیسکردن دەبێ. بەدرێژایی ئەم ماوەیە، پاشەوە دەبێتە شوێنێکی هەوەسهێنەر، چونکی منداڵ دەبێتە کەسێکی سادیستیک (sadistic) و لە ڕێگای خۆپیسکردنەوە پیسایی لە خۆی دوور دەکاتەوە و وڵات پیس دەکا. لە دوایین قۆناغ، یان قۆناغی پێشەوەییدا،



مەیلە سێکسییەکان یان لیبیدۆی منداڵ ڕاستەوخۆ ڕووی لە (ئەندامی سێکسی)(13) منالّە.

فرۆید ئەوە دەسەلمێنێ کە لەم شوێنە ڕەوتی گەورە بوون و باڵاکردنمان ئەسڵی چێژ بەشێوەیەکی بنەڕەتی منداڵ دەخاتە ژێر کۆنترۆڵ و چاوەدێری خۆی. منداڵ (کە لەم قۆناغانەدا) پشتی بەخۆی ئەستوورە و سادیستیکە و، لەسەر حەز و ویستی خۆی پێ دادەگرێ ئەوەی سەرنجی پێدەدا تەنیا چێژ و لەزەتی خۆیەتی و هیچی تر، (تەنانەت) بەنێر و مێیەتی خۆیشی نازانێ. سەرەڕای ئەمە، ئەگەر منداڵ (دوارۆژ) وەک لاوێکی ئاسایی گەورە بێ، دەبێ هەست و مەیلی سێکسی و هەستی نێر یان مێ بوونی خۆی پەرەپێبدا. فرۆید دەڵێ: ئەم ئاگادار بوونە لە ڕێگای گرێی ئۆدیپ-ەوە(14) دەردەبڕدرێ.

لە ئاخر و ئۆخری قۆناغی زارۆکیدا (شتێک لە نێوان ٣ تا ٦ ساڵیدا) هەم کچ، هەمیش کوڕ دەیانەوێ ببنە خاوەنی دایکیان. کوڕ، بەشێوەیەکی ناخودئاگا، دەیەوێ لەگەڵ دایکی بەیەکێتی سێکسی بگا، ئەوە لە حاڵێکدا، وەکو فرۆید دەیسەلمێنێ، کچ پەرە بەمەیلی هاوسێکسخوازی خۆی لەگەڵ دایکی دەدا. بەڵام هەنووکە منداڵ لە بەرامبەر ئەوین و خۆشەویستی دایکیدا (ناحەز) و ڕەقیبێک بۆ خۆی دەناسێ، ئەویش کەس نییە جگە لە باوک. منداڵ پێشەکی لە قۆناغی پێشەوەییدا و، هەر بۆیە لە باری سێکسییەوە ئاگادار لە ئەندامی سێکسی خۆی، سەرنجی باوکی سەبارەت بەدایک، لە لایەنی سێکسەوە، ڕاڤە دەکا.

فرۆید دەڵێ: ئەگەر مەیلی سێکسی منداڵ بەشێوەیەکی ئاسایی پەرەبستێنێ و بچێتە پێشێ، دەبێ (سەرەتا) لە گرێی خەساندن(15) تێپەڕ بن. کوڕانی مێرمنداڵ کاتێک سەیری خۆیان و دایک و (تەنانەت) ڕەنگە خوشکیشیان دەکەن بەم ڕاستییە دەزانن کە ئەوان وەکو باوکیان ئەندامی

(13) genitals
(14) Oedipus complex
(15) castration complex

نێرینەیان هەیە، لە حاڵێکدا دایک و خوشکیان نیانە. ئەو شتەی ڕێگا لە کوڕ دەگرێ کە شوێن پێی ویست و مەیلی دەس تێکەڵکردن لەگەڵ دایکی هەڵگرێ ترس و خۆفی خەساندنێتی بەدەستی باوکی. کەوایە منداڵ مەیلە سێکسییەکەی دادەمرکێنێ، خۆی دێنێتە ڕیزی باوکی و، ئاواتی ئەوە دەخوازێ ڕۆژێک ببێتە خاوەن ژن، وەکو چۆن هەنووکە باوکی خاوەنی دایکێتی. دواجار کوڕ بەشێوەیەکی ناخودئاگا و سەرکەوتووانە بەرەو (قۆناغی) پیاوەتی ڕێگا دەگرێتەبەر. لە لایەکی ترەوە، کچی مێرمنداڵ ناخودئاگا بەوە دەزانێ کە ئەو پێشەکی دەخەسێ وەکو چۆن دایکی خەساوە، جا لە سۆنگەی ئەوەی کە دەزانێ باوکی خاوەنی شتێکە کە ئەو ئارەزوویەتی ببێتە خاوەنی، واتە ئەندامی نێرینە، ڕووی مەیلی بەرەو باوکی وەردەسووڕێ و پشت لە دایکی دەکا. دوای ئەوەی دەستێکەڵییەکەی لەگەڵ باوکی تووشی شکست دەبێ، کچی مێرمنداڵ دەگەڕێتەوە بۆ لای دایکی و دێتەوە ڕیزی ئەو. هەنووکە کە گواستنەوەی کچی مێرمنداڵ بەرەو (قۆناغی) ژنایەتی کامڵ بووە، بەو ڕاستییەی زانیوە کە ئەویش ڕۆژێک، هەروەک دایکی، دەبێتە خاوەن پیاوی خۆی. مەیلی دانەمرکاوی کچی مێرمنداڵ بۆ (ئەندامی نێرینە) (حەسرەتی ئەندامی نێرینە) لە ڕێگای پێوەندی ئەو لەگەڵ پیاو دادەسەکنێ و هەست بەکەمایەسی کردنی تاڕادەیەک کەمتر دەبێتەوە.

فرۆید دەڵێ: پرۆسەی گەیشتن بە(قۆناغی) پیاوەتی یان ژنایەتی لەوانەیە درێژخایەن و ئەستەم بێ، بەڵام پێویستیشە، چونکی بەدرێژایی ئەم پرۆسەیە، منداڵ بەرێگای دامەزراندنی بناغەی ژیانی خۆی لەسەر ئەسڵی چێژدا تێدەپەڕێ (ئەو شوێنەی کە هەرچی بڕیار و ئیرادەیە، لەسەر بنەمای «حەزی دەستاو بەجێی چێژ» دادەمەزرێ) تا دەگاتە ئەسڵی واقیع (شوێنێک کە پێداویستە کۆمەڵایەتییەکان و کاری کەڵەخود (superego) وەگەڕ دەکەون). فرۆید پێی وایە لە ڕەوتی ئەم قۆناغەدا پێشکەوتی ئەخلاق و خودئاگای منداڵ، بۆ یەکەمجار، دەبینرێ.

ئەگەرچی بە(قۆناغی) پیاوەتی یان ژنایەتی گەیشتن لەوانەیە



سەرکەوتووانە وەدی هاتبێ، بەڵام بەپێی گوتەی فرۆید منداڵ زۆر بیرەوەری ناخۆشی لە مەیلە سێکسییە دانەمرکاوەکان و، لە تووڕەیی و ڕق و قین و لە تاوانی ناخودئاگای (لە ناخیدا) هەڵگرتووە. لە سۆنگەی ئەوەی کە خودئاگا و ناخودئاگا هەردووک سەر بەیەک دەروونن، ناخودئاگا بەوزەی مەیلە شاراوە و ئارەزووە دانەمرکاوەکانی هەروا بەردەوام کار دەکاتە سەر خودئاگا، ئەویش لە قاڵب و قەوارەی کۆمەڵێک هەست و ویستی هیچ و پووچ، تاوان و هەست و هزرە ناعەقڵانی و خەون و مۆتەکەکاندا.

فرۆید دەڵێ: لە خەوندا، ناخودئاگا ویست و حەز و مەیلە سەرکوتکراوەکانی (خۆی) دەردەبڕێ. لە سۆنگەی ئەوەی کە مەیل و ویستی وا لەوانەیە بۆ زەینی خودئاگا گەلێ ئەستەمتر لەوەبێ کە بتوانێ بەبێ دەربڕینی هەستی خۆ بێزاری، یان ڕق و قین چاوەدێری بکرێ، کەچی ناخودئاگا ویستە شاراوەکانمان لە ڕێگای هێماکانەوە نیشان دەدا و (بەم چەشنە) مەیلەکانمان دادەمرکێنێ. بۆ نموونە، لە ڕێگای پرۆسەی جێگۆڕکێ پێکردنەوە[16]، ناخودئاگا لەوانەیە بێزاری کەسێک لە کەسێکی تر (بۆ وێنە ڕق لە ئاغای ئەپلبای - Appleby - هەڵگیرێ) بەبۆنەی سێوێکی (Apple) ڕزیوی نێو خەونێک، یان لە ڕێگای چڕ کردنەوەوە، ناخودئاگا لەوانەیە تووڕەبوونی کەسێک لە کۆمەڵێک کەس و شت لە ڕستەیەکدا کۆبکاتەوە. بابەتەکە هەرچییەک بێ، ناخودئاگا لە ڕێگای هێماکان و، زۆرجار ناڕاستەوخۆ، بەردەوام کاریگەرێتی خۆی لەسەر مەبەست و ڕەفتارمان دەسەلمێنێ.

کاتێک هەندێ هەست و بیرۆکەی دانەمرکاوی تایبەت ناتوانن بەئەندازەی پێویست لە ڕێگای خەون و گاڵتە، یان شێوەکانی دیکە وەک لە زمان ترازانەوە دەربېڕدرێن، خود (ego) دەبێ ڕاستەوە بێ و پێش بەهەر چەشنە جوابێکی دەرەکی بگرێ. بەم چەشنە خود (ego) و ناخود (id) دەکەونە (ململانێ) و شەڕێکی نێو خۆیی کە فرۆید ناوی دەنێ پەرێشانی (neurosis) لە ترس لە بەرزاییەوە بیگرە تا دەگەیە سەرئێشەیەکی تاقەت

(16) displacement

پڕووکێن، پەرێشانی لە زۆر بابەتی نائاساییدا، کە پێوەندیان بەلەش و دەروونەوە هەیە، خۆ دەنوێنێ. وەکی فرۆید دەڵێ: ئەوە ئەرکی دەروونناسە کە ئەم ململانێ نائیرادەیییانە کە پەرێشانی نەخۆش زیاتر دەکەن پێناسە بکا و لە ڕێگای دەرمانی دەروونشیکارانەوە، واتە (شیکردنە) و لێکدانەوەی خەون نەخۆشەکە ساغ بکاتەوە.

لای فرۆید ئەو ململانێ نائیرادەییانەی پەرێشانی (نەخۆش) زیاتر دەکەن دەبنە بەردی بناغەی بابەتی ئەدەبی. فرۆید پێی وابوو، بەرهەمی ئەدەب دەربڕینی دەرەکی و (دیاری) زەینی ناخودئاگای داهێنەرەکەیەتی. بەم پێیە، دەبێ، لەگەڵ خەونێک چۆن ڕووبەڕوو دەبینەوە، هەر بەهەمان شێوەش لەگەڵ بەرهەمێکی ئەدەبی ڕووبەڕوو ببینەوە و، بۆ دۆزینەوەی ویست و مەبەست و مەیلە دانەمرکاوەکانی داهێنەر تەکنیکە دەروونشیکارییەکان لەسەر دەق دابەزێنین.

بەڵام (کارل گۆستاو یونگ)[17] بەناوبانگترین قوتابی فرۆید و پزیشکی دەروونی و دەروونناس و فیکزیکزانی سویسی دژی ئەم بۆچوونە بوو. ئەگەرچی یونگ ئەم گریمانەیەی فرۆیدی قبووڵ بوو کە ناخودئاگا لە بڕیاردانی خودئاگای ئێمەدا ئامادە بوونی هەیە و دەورێکی سەرەکی تێدا دەگێڕێ، بەڵام ئەو، لێکدانەوەی فرۆیدی سەبارەت بەناوەڕۆکی ناخودئاگا ڕەت دەکردەوە و خۆی چوارچێوەی ڕوانگەیەکی تازەی سەبارەت بەتێگەیشتنی بەرهەمی ئەدەبی داڕشت.

بەپێی گوتەی یونگ، دەروونی مرۆڤ لە سێ بەش پێکدێ: خودئاگا، ناخودئاگای تاک و ناخودئاگای کۆ (collective unconscious). خودئاگا یان حاڵەتی بێداری، ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەرێتی ناخودئاگاوە، ئینجا ناخودئاگا خۆی لە دوو بەش پێک دێ. بەشی یەکەم، یان ناخودئاگای تاک، ڕاستەوخۆ لە ژێر توێژی خودئاگاوە ئامادە بوونی هەیە و هەڵگری ڕەگەزەکانی سەرلەبەری ئەو کێشە تایبەتیانەیە کە هەموو ڕۆژێک لە

(17) Carl Gustav yung



ژیانماندا ڕوو دەدەن. ئەو شتەی ڕەنگە لە ناخودئاگای تاکی کەسێکدا هەیە لەوانەیە لە ئی کەسێکی تردا دەرنەکەوێ.

بەڵام لە قووڵایی دەروون و جیا لە خودئاگایی مر، ناخودئاگای کۆ -مان هەیە، کە زانست و ئەزموون و وێنەی کۆی سەرومڕی ڕەگەزی مرۆڤ لە خۆیدا جێ دەکاتەوە. بەو جۆرەی یونگ باسی دەکا، خەڵکی سەرتاسەری دنیا بەشێوەیەکی یەکسان لە بەرامبەر ئەفسانە، یان کۆمەڵێک چیرۆکی تایبەت هەڵوێست دەگرن، نەک لە سۆنگەی ئەوەی هەموویان هەر چیرۆکێک دەزانن، یان هەر سەرنج بەچیرۆکێک دەدەن، بەڵکو بەهۆی ئەوەیە کە لە قووڵایی ناخودئاگای کۆماندا بیرەوەرییەکانی قەومیی ڕابردووی مرۆڤایەتی خۆیان حەشار داوە. ئەم بیرەوەرییانە لە قەوارەی نموونەی ئەزەلی (Archtypes)دا ئامادە بوونیان هەیە، نموونەی ئەزەلی بریتییە لەو سەرمەشق یان وێنە بەردەوامانەی ئەزموونی مرۆڤ (وەکی لە دایکبوون، مەرگ، لە دایکبوونەوە، چوار وەرزی ساڵ و دایکایەتی و چەندانی تر) کە خۆیان لە چیرۆک و خەون و ئایین و فانتازییەکانماندا دەنوێنن. ئەم ئەزموونە ئەزەلییانە کە لە ئەدەبدا لە بەرگی کۆمەڵێک سەرمەشق و وێنە و نموونەی کەسایەتی گەلاڵەداری دووبارەوەبوو دێنە ئاراوە، هەستی قووڵی خوێنەر دەبزوێنن، چونکە ئەوان، ئەو وێنانە دەبووژێننەوە کە لە ناخودئاگای کۆماندا (وەک گەنجینەیەک) هەڵگیراوە و، لەم ڕێگایەوە ئەو هەست و سۆزەی خوێنەر دەوروژێنن کە لە سەرەتاوە خوێنەر چاوەدێرییەکی کەمی کردووە.

یونگ یەکەم کەس بوو باسی ئەوەی هێنایە گۆڕێ کە نموونەی ئەزەلیی لەم دەستە ڕاستەوخۆ لەسەر شێوەی هەڵوێستی ئێمە لە بەرامبەر ڕەگەزە دەرەکییەکاندا شوێن دادەنێ. بۆ نموونە، ئێمە کاتێک زارۆکێکی لە پەڕۆوەپێچراو دەبینین، یان شتێکی دەربارە دەخوێنینەوە کە چەند تووڵەسەگێک دەوریان داوە و دەموچاوی دەلێسنەوە، هەستی خۆشی و گەرمی و ئەوین وێدەچێ لە هەناوی زۆربەماندا بوروژێ. یونگ دەیگوت، ئەم هەستانە کە تاڕادەیەک چاوەدێری ناکرێن، بەرهەمی وروژانی

نموونەیەکی ئەزەلییە، (ئەویش) لە ڕێگای یەکێک لە ئیحساسەکانی ناخودئاگای کۆمانەوە.

یونگ لە ساڵی ١٩٢٠-ەوە تا ئەو ساڵەی کۆچی دوایی دەکا، واتە ساڵی ١٩٦١، لەسەر پەرەپێدانی ڕەوشتەکانی شیکارانە بەردەوام بوو. جا ئەگەر بێت و ئێمە تیۆری و ڕەوشتەکانی یونگ بۆ ئەدەب بەکاربێنین، ئەوە دەکەوینەوە نێوخانەی ڕەخنەی نموونەی ئەزەلییەوە.(18) گومانی تێدا نییە پێشەنگی ڕەخنەگرانی نموونەی ئەزەلیی سەدەی بیستەم نۆرترۆپ فرایییە (Nortrop Frye).

فرای بەبڵاو کردنەوەی بەرهەمەکەی خۆی بەناوی ئاناتۆمی ڕەخنە (Anat-omy of criticism) لە ساڵی ١٩٥٧ بوو بەدەمڕاستی سەرەکی ئەسڵ و باوەڕەکانی ڕەخنەی نموونەی ئەزەلی لە تیۆری ئەدەبیدا. ئەگەرچی فرای هیچ کات دانی بەوە دانەنا کە چاوی لە دەستی یونگ و چەمکی ناخودئاگای کۆ -یەکەی بووە، بەڵام هەندێ شتی وەرگرت، وەکو گەلاڵەی هێماکانی یونگ و ئەوەی کە چۆن چۆنی ئەم هێمایانە لەوانەیە لە دەقێکی ئەدەبیدا بەکارببرێن.

فرای لەو باوەڕەدایە سەرلەبەری ئەدەب بریتییە لە چیرۆکێکی کامڵ و تەواو بەناوی (monomyth) (تاک ئۆستوورە). ئەم (مۆنۆمیسە) دەتوانێ لە باشترین شێوەی خۆیدا وەک بازنەیەک وێنا بکرێ کە هەڵگری چوار قۆناغی جیا بێ، کە هەر قۆناغێک بەیەکێک لە وەرزەکانی ساڵ و بەدەورەگەلێکی تایبەتی ئەزموونی مرۆڤ بێتە ئەژمار. قۆناغی ڕۆمانس (romance)، کە دەکەوێتە سەرووی بازنەکەوە، هاوینی چیرۆکەکەمانە. لەم جۆرە چیرۆکەدا، هەرچی ویست و مەیلمان بێ تێر و تەسەل دەبێ و دەتوانین خۆشی تەواو وەدەسبێنین. لە خوارەوەی بازنەکە زستانییان قۆناغی دژە ڕۆمانسە. ئەم قۆناغە کە پێچەوانەی هاوینە، چیرۆکی کۆیلایەتی و کەوتنە بەندیخانە و دڵشکان و ترسمان بۆ دەگێڕێتەوە. لە نیوە ڕێی نێوان قۆناغی ڕۆمانس و قۆناغی دژە ڕۆمانس و بەلای ڕاستی

(18) archetypal criticism



بازنەکەدا (وەرزی) بەهار یان کۆمیدییە. ئەم قۆناغە بەسەرهاتی هەڵکشانی ئێمە لە دژە ڕۆمانس و دڵشکانەوە بەرەو ئازادی و خۆشی دەگێڕێتەوە. هەر بەم پێودانگە، پاژەکەی تری بازنەکە تراژێدی، یان پایزە کە باسی داکشانی ئێمە دەکا لە قۆناغی ڕۆمانس و خۆشی و ئازادییەوە بەرەو کارەسات. بەپێی گوتەی فرای، سەرلەبەری ئەم چیرۆکانە بۆیان هەیە لە شوێنێکی ئەم خشتەیەدا نیشتەجێ بن.

ئەو شتەی فرای بۆ ئێمەی ئامادە دەکا گەلاڵەیەکە بۆ سەرلەبەری چەشنە گونجاوەکانی چیرۆک. چوارچێوەیەکی پێکهاتەیی لەم دەستە ئەو زەمینەیە تازە دەکاتەوە کە لە ڕێگای ئەوەوە ئێمە دەتوانین چیرۆکەکان بەپێی ژانری تایبەتی و جۆری هێماسازی و بابەت و گۆشەنیگا و ڕەگەزەکانی ئەدەبی تریان پێناسە بکەین. گەلاڵەی فرای مەیدان و زەمینە بۆ شێوەی ڕەخنە ئەدەبییەکەی خۆی خۆش دەکا و ڕێگا دەدا بەئێمە چیرۆک، بەپێی پێوەندی نێوان خۆیان، سەنگ و سووک بکەین.

لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕەخنەی نموونەی ئەزەلی و (هاتنە ئارای) گەلاڵەکەی فرای لە پەنجاکان (١٩٥٠)، ئیتر کۆمەڵێکی کەم لە ڕەخنەگران، لێکدانەوەی فرۆیدییان لە ڕەخنە پراکتیکییەکانیاندا بەکارهێنا. بەڵام لە شەستەکاندا، دەروونشیکاری نوێ - فرۆیدی فەرەنسەیی، ژاک لاکان (Jacques Lacan) هەوڵی دا و ڕەخنەی فرۆیدی ژیاندەوە و، وەک ڕوانگەیەکی دەروونشیکاری پێشڕەو بۆ ئیمڕۆی ئەدەب جێگای بۆ کردەوە.

لاکانیش وەکو هاوڕێیانی ڕەخنەگری پێکهاتەخواز و پاش پێکهاتەخوازی، هەندێ تیۆری لە باوکی زمانناسی نوێ، واتە فێردینان دوسوسور وەردەگرێ و، لە هەمان کاتدا لەگەڵ هەندێکیشیان کێشەی دەبێ و (لە ململانێدایە). بەپێچەوانەی فرۆید کە دەیگوت، ناخودئاگا (دیاردەیەکی) پڕ پێچ و پەنا و بێ پێکهاتەیە، لاکان حوکمی ئەوەی دەرکرد (ناخودئاگا هەروەک زمان پێکدێ و دروست دەبێ). لێرەدا بوو کە لاکان بۆ دۆزینەوەی پێکهاتەی زمان ئاوڕی لە سوسور دایەوە. لاکان، لەسەر دەستی هەندێ لێکدانەوەی زمانناسانەوە، بۆچوونی دژ بەم ئەسڵە

بنەڕەتییەی سوسور دەردەبڕێ کە دەڵێ: زمان دیاردەیەکی نەگۆڕە، واتە، واژە یان هێما نوێنەری تاقە یەک (جۆر) بوون (entity)–ە. لای لاکان، زمان لە بنەڕەتدا دەبێتە (بابەتێکی) ڕەمزی (figurative) و تاقە ئامرازێک کە لە ڕێگایەوە کەسان خۆیان پێناسە دەکەن. لە دیدی لاکانەوە لە دەرەوەی زمان خۆی هیچ چەشنە موتڵەق بوونێک بەدی ناکرێ.

لاکانیش وەکی فرۆید سرنجی سەرەکی دەداتە خەون، بەڵام دەڵێ: خەون، وەکو زمان خۆی، لەسەر بناغەی ئەسڵە زمانناسییەکان پێک دێن و، هەر بۆیە بۆیان هەیە بەشێوەیەکی زانستییانە لێک بدرێنەوە.

تیۆری لاکان هەر دەستاوبەجێ لە لایەن زۆربەی ڕەخنەگرانی پاش پێکهاتەخوازییەوە وەرگیرا، ئەو ڕەخنەگرانەی کە دەیانگوت تیۆرییەکانی فرۆید لە (جنسی مێ) خافڵ دەبن و لە شیکردنەوەی (ڕەوتی) خۆیا کردنی دەروونی ژن تووشی شکست دێن. تیۆری لاکان هەروەتر ڕەخنەی دەروونشیکاریان ژیاندۆتەوە و، وەک بووژێنەرەوەی کەڵکەڵەیەکی تازەوەبووی ڕەخنەی فرۆیدی، ئەرکی خۆی بەجێ هێناوە.

**گریمانەکان**

گومانی تێدا نییە بەردی بناغەی سەرلەبەری شێوەکانی ڕەخنەی دەروونشیکاری تیۆرییەکانی فرۆیدە و، (هەروەها) ئەو تەکنیکانەی کە لە ڕەوتی کاری دەروونشیکاری خۆیدا ئاشکرای کردن. ئەو ڕەخنەگرە دەروونشیکارەی دەیەوێ پراکتیک بکا، چ بیرۆکەی یونگ بەکاربێنێ، چ ئی فرای، یان ئی لاکان، دەبێ فرۆید بەباوکی بناغەدانەر و تێگەیشتووی ئەم شێوە ڕەخنەیە بزانێ.

گریمانەی ناوەندی ڕەخنەی دەروونشیکاری ئەم گریمانەیەی فرۆیدە کە دەڵێ: ئەوەی هونەرمەندە، کە نووسەریش دەگرێتەوە... دەروون نەخۆشە. سەرەڕای ئەمە بەپێچەوانەی زۆربەی دەروون نەخۆشەکانی تر، هونەرمەند لە چنگ زۆربەی نیشانەکانی دەرکەوتنی (ئەم نەخۆشینەیە) ڕزگاری دەبێ و لە سۆنگەی ئەوەی کە لە داهێنانی هونەری خۆیدا ڕێگای گەڕانەوە بۆ لەشساغی و تەندروستی خۆی دەدۆزێتەوە، (ئاکام) و بەرهەمەکانی



دەروون نەخۆشی (وەکو شێتی، یان دەست لەخۆوەشاندن) بنبڕ دەکا.

بەپێی گوتەی فرۆید، دامرکاندنی هەندێ مەیلی شاراوە، (یان) هەندێ ئارەزووی کپکراو، کە لەوانەیە بەدرێژایی سەردەمی منالی نووسەر پەرەیان ئەستاندبێ و دەسبەجێ سەرکوت کرابێتن و کەوتبێتنە (نێو توێژەکانی) ناخودئاگاوە، وروژێنەری سەرەکی نووسەر بۆ نووسینی هەر چەشنە چیرۆکێکە. نیشانەی دەرکەوتنی ئەم ئارەزووە کپکراوە دەبێتە بەرهەمی ئەدەبی خۆی. لە ڕاستیدا فرۆید دەڵێ: بەرهەمی ئەدەبی خەون یان فانتازیای نووسەرەکەیەتی. ڕەخنەگری دەروونشیکار لەسەر ئەو باوەڕەن کە لە ڕێگای بەکارهێنانی ئەو تەکنیکە دەروونشیکارییانەی فرۆید کە لە خەون – دەرمانیدا بەکاردێن، ئێمە دەتوانین گرێی ئەو مانا شاراوانەی نێو هێماکانی چیرۆک بکەینەوە و بەڕاڤەیەکی دروستی دەق بگەین.

جا لە سۆنگەی ئەوەی کە فرۆید پێی وایە دەقی ئەدەبی، لە ڕاستیدا، خەون یان فانتازیای داهێنەرەکەیەتی، دەق بۆی هەیە و دەشێ وەک خەونێک لێک بدرێتەوە. لای فرۆید، ئەمە بەمانای ئەوەیە ئێمە دەبێ خەون بەئارەزوویەکی شاراوە بزانین. فرۆید لەسەر ئەم باوەڕەیە سەرومڕ ئارەزووەکانی هەنووکەمان، هەریەک بەجۆرێک. ڕەگیان لە سەردەمی منالیمان داکوتاوە. ئێمە وەک منال تامەزرۆ بووین هەم لە باری خوایشتی نەفسەوە، هەمیش لە باری عاتیفییەوە دابمرکێین. ئەوە بیرەوەری ئەو ئارەزوو یان مەیلە منالانە و دامرکاوانەیە کە زەمینەیەکی خۆش و لەبار پێک دێن، بۆ ئەوەی (لەم زەمینەیەدا) ئارەزووە هەنووکەییەکانمان بێنە ئاراوە. هەر بۆیە سەرلەبەری ئارەزووە هەنووکەییەکانمان سەرلەنوێ خولقاندنەوەی بیرەوەرییەکی منالانەی ڕابردوومانن (بەتایبەتی ڕەگەزەکانی قۆناغی ئۆدیپی) کە لە ڕێگای هەست و سۆز و عاتیفە و بارودۆخە ڕۆحییەکانی ئێستامانەوە دەگەنە ڕووبەری حاڵەتی ناخودئاگا و خودئاگامان.

بەڵام زۆرجار ئارەزووی ڕاستەقینە زۆر بەهێزتر و پاوانکراوتر لەوەیە کە سانسۆر چی زەین، واتە خود (ego) توانای ناسینی هەبێ. بەم پێیە، خود،

ئارەزوو یان ناوەڕۆکی شاراوەی[19] خەون هەڵدەگەڕێنێتەوە و دەیشارێتەوە و، لەم ڕێگایەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کەسی خەون دیتوو، خەونێکی تاڕادەیەک گۆڕاو و لە بنەڕەتدا زۆرجار جیاوازی لە بیر بێ. جا ئەوە ئەم خەونە گۆڕان بەسەرداهاتووە یان ئەم ناوەڕۆکی ئاشکرایەی[20] خەونە کە کەسی خەون دیتوو بۆ لێکۆڵەرەوەی خەونەکەی دەگێڕێتەوە و لێکۆڵەرەوەکەی خەونەکەش دەبێ بەنۆبەی خۆی، وتووێژی نێوان خۆی و نەخۆشەکەی شی بکاتەوە و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەونەکە بەوردی لێک بداتەوە. ئەم کارە زۆرتر وەک کاری کەوناراناسێک دەچێ کە شوێنێکی مێژوویی پڕ بایەخ توێژ بەتوێژ دەپشکنێ. هەروەکو ئەم کەوناراناسە لێکۆڵەرەوەی خەونیش دەبێ پێست لە توێژە جۆراوجۆرەکانی خەونەکە داماڵێ تا (مەیل) و ئارەزووی ڕاستەقینەی (نەخۆشەکە) ئاشکرا دەبێ.

هەروەکو لێکۆڵەرەوەی خەون، ڕەخنەگری دەروونشیکاریش پێی وایە چیرۆکی نووسەر لە حوکمی خەونێکدایە کە لە ڕووبەری خۆیدا تەنیا ناوەڕۆکی ئاشکرای بەسەرهاتەکە ڕوون دەکاتەوە. ناوەڕۆکی شاراوە یان هەمان مانا و ڕاڤەی ڕاستەقینەی چیرۆک، لە نێو (توێژ) و ئاستە جۆراوجۆرەکانی چیرۆکدا شاردوونەتەوە و سانسۆر کراون. زۆرجار ئەم ناوەڕۆکە شاراوەیە ڕاستەوخۆ پێوەندی هەیە بەو چەند ڕەگەز و بیرەوەرییانەی قۆناغی ئۆدیپی ڕەوتی باڵاکردنمان – ئەو قۆناغەی ڕەوتی باڵاکردنی مناڵ (نێوان تەمەنی سێ تا شەش ساڵان) کە مناڵ خەریکە مەیلێکی جنسی (لە دەروونیدا) بۆ گەیشتن بەجنسی بەرامبەر پەرە پێدەدا (بڕوانە گرێی ئۆدیپ). ڕەخنەگری دەروونشیکار، لە ڕێگای ڕاستەوخۆ بەکارهێنانی ئەو تەکنیکانەی لە لێکدانەوەی فرۆیدی خەوندا لە کارکراون، پێی وایە ئارەزووی ڕاستەقینە و سانسۆر نەکراوی (نووسەر) بۆی هەیە بگاتە ڕووبەر و لەم ڕێگایەوە مانای دروستی چیرۆک ئاشکرا بێ.

---

(19) Latent content

(20) manifest content



**ڕەوشتناسی**

ڕەخنەی دەروونشیکاری فرۆید، کە سەرەتا لە بیستەکان (١٩٢٠) و سییەکاندا (١٩٣٠) هاتە نێو مەیدانی خوێندنەوەی ئەدەبییەوە، تا ئیمڕۆ دەوامی هێناوە. ئەگەرچی ڕەوشتەکانی ئەم ڕێبازە ڕەخنەییە، لەسەر دەستی پەیڕەوانی دڵسۆز، بەڵام تا ڕادەیەک توند و تیژی، وەک یونگ و فرای و لاکان، ململانێی لەسەر کراوە و ساغ کراوەتەوە و، شتی تری پێ زیاد کراوە، بەڵام ڕەخنەی دەروونشیکار جۆرە ڕوانینێکی بووژێنەرەوە و پڕ لە وزەی بۆ لێکدانەوەی ئەدەبی هێناوەتە ئاراوە کە دەڵێ ئێمەی مرۆڤ بوونەوەرێکی پڕ پێچ و پەنا و تاڕادەیەک شایانی تێگەیشتنین کە زۆرجار لە سرنجدان بەکاریگەرێتی ناخودئاگا، هەم لەسەر ئامانج و مەبەستمان، هەمیش لەسەر کردە و ئاکاری ڕۆژانەمان کەمتەرخەمی دەکەین.

ڕەخنەی دەروونشیکار، بۆ چەندین دەیەی پاش سەرهەڵدانی، کاری خۆی زیاتر لەسەر (بابەتی) نووسەر گردوکۆ کردەوە. ڕەخنەگرانی دەروونشیکار بەکۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ژیانی نووسەر، لە ڕێگای ژیاننامە، نامە شەخسی، وتار و هەر چەشنە بەڵگەیەکی نووسراوەی تر، هەروەها شێوە و شێوازی (نووسینی) نووسەر، پێیان وابوو دەتوانن بەشێوەیەکی تیۆریک کەسایەتی نووسەر بەهەموو حاڵەتە تایبەتی و ململانێ ناوەکی و دەرەکی و لە هەمووان گرینگتر دەروون نەخۆشییەکانییەوە بخولقێنن. بەنۆبەی خۆی، ئەوان پێیان وابوو، تیۆرییەکی داهێنەرانەی لەم دەستە دەتوانێ تیشک بخاتە سەر بەرهەمە تاکە کەسییەکانی نووسەر و مانای نهێنی یان ناوەڕۆکی شاراوەی دەقە جۆراوجۆرەکانی نووسەر ئاشکرا بکا. ئەم ڕەخنەگرانە وای بۆ دەچوون کە لە ڕێگای وەدەسهێنانی تێگەیشتنی قووڵی نووسەرەوە دەتوانن شێوازی نووسەر باشتر ڕاڤە بکەن.

ڕەخنەگرانی دەروونشیکار لە پەنجاکاندا (١٩٥٠) چیتر چاویان لە پەرەپێدانی تیۆرییەک لەسەر بناغەی کەسایەتی نووسەر نەبوو، بەڵکو ڕوویان کردە (لێکۆڵینەوە) و تاوتوێکردنی زەینی ئەو کەسانەی لە (چوارچێوەی) شێوازی نووسەردا بەدی دەکرێن. ڕوانگەیەکی لەم چەشنە

تێگەیشتن و لێکدانەوەیەکی پڕ پێچ و پەناتری ئاراستەی بەرهەمی ئەدەبی کرد. هەنووکە کەسە تاکەکانی نێو دەق دەکەونە ناوەندی سەرنجەوە. ڕەخنەگران کە دەیانزانی دیارە نووسەر بۆ کەسانی نێو بەرهەمەکەی خۆی کەسایەتییەکی تایبەتی لە نێو مێشکدایە، هەروەتر لەم مەسەلەیەش ورد بوونەوە کە خوێنەرانیش چوارچێوەی چەمکەکانی خۆیان سەبارەت بەکەسایەتی کەسانی نێو بەرهەم گەورەتر دەکەنەوە. دواجار شیکردنەوەی ئامانج و ئاکاری کەسی نێو بەرهەم زۆر لەوە بەپێچ و پەناترە بکرێ هەروا سووک و سانا بیان خەینە پاڵ بیرۆکەکانی نووسەر. ئەوەی کە خوێنەر کەسە جۆراوجۆرەکان چۆن ڕاڤە دەکەن ئێستا دەبێتە بەشی تەواوکەری ڕاڤەی دەق. لە حاڵێکدا نووسەر کەس دەخوڵقێنێ، خوێنەر هەمان کەس سەرلەنوێ دەخوڵقێنێتەوە و، سەرومڕی زانست و ئەزموونی ڕابردووی خۆی دێنێتەوە بۆ نێو دەق و کەسی تایبەتی (نێو دەق). دواجار ئەو کەسە تایبەتە بەشێک لە کەسایەتییەکەی لەسەر دەستی نووسەر دەخوڵقێ و، بەشێکی لەسەر دەستی خوێنەر، کەوایە بۆ ڕاڤەکردنی چیرۆک، لێکۆڵینەوەیەکی دەروونشیکاری هەم لەسەر نووسەر، هەمیش لەسەر خوێنەر پێویستە.

ئەم ڕوانگەیە دەمانگەیەنێتە بەربڵاوترین و پڕ بەپێستترین (جۆری) لێکدانەوەی دەروونشیکاری بەرهەم. زۆرینەی ڕەخنەگرانی دەروونشیکار بەو ڕاستییە دەزانن کە خوێنەر دەورێکی سەرەکی لە ڕاڤەکردنی بەرهەمدا دەگێڕێ. کەوایە ئەگەر ئێمە بمانەوێ کۆی بەرهەمەکانی کەسێکی تر ڕاڤە بکەین، تێگەیشتنی خۆمان لە گۆشەنیگای فرۆیدی و لەو زەمینەیەی تێیدا دەژین زۆر گرینگ و پێویستە.

بەگشتی ڕەخنەی دەروونشیکار هێشتاش زۆرتر لەسەر بناغەی تیۆری و پێناسەکانی فرۆید سەبارەت بەکامڵبوونی کەسایەتی و ئامانجە بنەڕەتییەکانی پێوەندیدار بەکار و کردەوەمان دامەزراوە. ڕەخنەگرانی دەروونشیکار دەڵێن: لە ڕێگای ڕاستەوخۆ بەکارهێنانی ئەو تەکنیکە دەروونشیکارانەی فرۆید لەسەر لێکدانەوەی خەون و کامڵبوونی



کەسایەتی و، تیۆرییە دەروونییەکانەوە دەتوانن خۆیان بەناو ژوورە ناوەکییەکانی دەقدا بکەن و مانا دروستەکەی دەسنیشان کەن. ئەگەرچی ئەم پرۆسەیە پێویستی بەڕەخنەگرێک هەیە کە زاڵ بێ بەسەر تیۆری فرۆید و ئەسڵەکانی یونگ و تەنانەت ڕوانگەی لاکان کە بنەمایەکی زمانناسانەی هەیە، بەڵام ئەم ڕەخنەگرانە دەڵێن: شێوازێکی لەم چەشنە دەتوانێ دەستمان بگرێ و ئەو هەقیقەتەی لە دەروونی هەموومان دایە بیدۆزینەوە.

## پێڕست


**ڕۆشنبیری کوردی و سازدانی گوتاری ناوین:** ڕەهبەر مەحموود زادە ... 5

**وتەی وەرگێڕ** ... 16

**(١) ڕەخنە و تیۆری و ئەدەب** ... 18

ڕەخنەی ئەدەبی چییە؟ ... 21

تیۆری ئەدەبی چییە؟ ... 23

ئەدەب چییە؟ ... 31

**(٢) پێداچوونەوەیەکی مێژوویی بەسەر ڕەخنەی ئەدەبیدا** ... 37

ئەفلاتوون (٤٢٧- ٣٤٧ پ.ز) ... 38

ئەرەستوو (٣٨٤- ٣٢٢ پ.ز) ... 42

هۆراس (٦٠-٨ پ.ز) ... 48

لانگینیوس (سەدەی یەکەمی زایینی) ... 50

دانتێ ئالیجییری (١٢٦٥-١٣٢١) ... 52

سێرفیلیپ سیدنێی (١٥٥٤-١٥٨٦) ... 54

جان درایدن (١٦٣١-١٧٠٠) ... 55

ئەلیکساندر پاپ (١٦٨٨-١٧٤٤) ... 58

ویلیام وردزورس (١٧٧٠-١٨٥٠) ... 60

هیپۆلیت ئادۆلف تاین (١٨٢٨-١٨٩٣) ... 65

ماتیو ئارنۆلد (١٨٢٢-١٨٨٨) ... 68

هێنری جیمز (١٨٤٣-١٩١٦) ... 72

ڕەخنەی ئەدەبی مۆدێرن ... 75

**(٣) ڕەخنەی نوێ** ... 79

پێشەکی ... 79

ڕەوتی مێژوویی ... 80

گریمانەکان ... 86

ڕەوشتناسی ... 92

**(٤) ڕەخنەی هەڵوێستی خوێنەر** ... 97

پێشەکی ... 97





ڕەوتی مێژوویی ... 100

گریمانەکان ... 106

ڕەوشتناسی ... 109

**(٥) پێکهاتەخوازی** ... 115

پێشەکی ... 115

ڕەوتی مێژوویی ... 117

گریمانەکان ... 124

ڕەوشتناسی ... 127

**(٦) پێکهاتە هەڵوەشێنی** ... 133

پێشەکی ... 133

ڕەوتی مێژوویی ... 136

گریمانەکان ... 142

ڕەوشتناسی ... 146

**(٧) ڕەخنەی دەروونشیکاری** ... 158

پێشەکی ... 158

ڕەوتی مێژوویی ... 162

گریمانەکان ... 171

ڕەوشتناسی ... 174